حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان
بەشی کوردی

# پارامێتەر لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا

تێزێکە

**هەژار حسێن والی**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی
پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ. د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف**

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)ی زایینی

ئەم تێزە، کە بە ناونیشانی **(پارامیتەر لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا)**یەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە.

پ. د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف

سەرپەرشت

٢٠٢٣/٨/١

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

٢٠٢٣/٨/ ٣٠

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆکو لایەنەکانی دیکەی کردو بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ. د. فەرەیدون عەبدول محمد

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٥/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. د. حاتم ولیا محمد

ئەندام

ڕێکەوت: ٥/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. ی. د. پەروین عوسمان مستەفا

ئەندام

ڕێکەوت: ٥/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. ی. د. تارا عبدالله سعید

ئەندام

ڕێکەوت: ٥/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. ی. د. سۆزان سعدالله عبدالغنی

ئەندام

ڕێکەوت: ٥/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ. د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف

ئەندامو سەرپەرشت

ڕێکەوت: ٥/ ١٠/ ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ. د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

ڕاگری کۆلێژی زمان

١٥/ ١١/ ٢٠٢٣

# پێشکەشکردن

پێشکەشە بە:

- "**دایکم**"، کە گەیشتنم بە ئێرە، بەرهەمی ڕەنجو قوربانیدانەکانی ئەوە.

# سوپاسو پێزانین


سوپاسو پێزانینم بۆ:

- خێزانەکەم (دایکو باوکو خوشکو براکانم)، کە هەمیشە پاڵپشتیانکردوومو پەرۆشی سەرکەوتنم بوون.
- مامۆستای ئازیزم (پ. د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف)، کە بە دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تێزەکەی لەئەستۆگرتو بەردەوام ڕێنمایی زانستی پێداومو هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵمدا ڕۆیشتووە، پشوودرێژیی بەڕێزیان بەرزدەنرخێنم.
- سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی، کە لە ڕاییکردنی کاروبارەکاندا هاوکارو یارمەتیدەرم بوون.
- هەر کەسێکو بە هەر شێوەیەک بێت، کە لە دەستپێکی نووسینی تێزەکەوە، تا تەواوبوونی، دەستگیرۆییکردووم.

## هێماو کورتکراوەکان

| هێماو کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| ن. ڕ. | نیشانەی ڕێککەوتن |
| * | نارێزمانی/ ئاماژەدان بە پەراوێز |
| ؟ | واتاناڕاست/ لەڕووی واتاوە گومانی لەسەرە |
| { } | فرێز |
| [ ] | نیشانەی واتایی |
| j i | هاونیشانەیی |
| ⟵ | دەبێت بە |
| Ø | مۆرفیمی ڕێککەوتنی سفر |
| ó | برگە |
| Sub. | بکەر |
| UG | ڕێزمانی جیهانی |
| GB | تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە |
| P&P | تیۆری بنەماو پارامێتەر |
| $X^{-1}$ | مۆرفیمی داڕشتن |
| $X^0$/ X | توخمی پرۆژەسازدەر/ توخمی بەدەسەڵات/ سەری ڕێزمانیی فەرهەنگی |
| $X^-$ | پرۆژەی ناوەندی |
| XP/ $X^=$ | پرۆژەی گەورە/ مەزن |
| Y | تەواوکەر/ تەواوکەری فەرهەنگی |
| YP | تەواوکەری سینتاکسی |
| Comp. | تەواوکەر |
| Spec. | دیاریکەر |
| $N^0$ | ناو |
| $N^-$/ NP | فرێزی ناوی |
| $D^0$ | دیارخەر |

| | |
|---|---|
| فرێزی دیارخەری | $D^{-}$ / DP |
| ئاوەڵناو | $A^{0}$ |
| فرێزی ئاوەڵناوی | $A^{-}$ / AP |
| پێشناو | $P^{0}$ |
| فرێزی پێشناوی | $P^{-}$ / PP |
| ڕەگی کردار/ کرداری فەرهەنگی | $V^{0}$ |
| فرێزی کرداری/ کرداری سینتاکسی | $V^{-}$/VP |
| تاف | $T^{0}$ |
| فرێزی تاف | $T^{-}$ / TP |
| ڕێککەوتن | $Agr^{0}$ |
| فرێزی ڕێککەوتن | $Agr^{-}$ / AgrP |
| واژەگۆکەر | $C^{0}$ |
| فرێزی تەواوکەری ڕستەیی | $C^{-}$ / CP |
| فرێزی ئاوەڵکرداری | AdvP |
| فرێزی هەڵواسراو | ZP |
| کاتو کەس/ شکانەوە | INFL |
| فرێزی کاتو کەس | IP |
| جووڵەی دووەمی کردار | V2 |

## لیستی زاراوەکان

| | ئـ |
|---|---|
| Inflected adjective | ئاوەڵناوی شکاوە |
| Schema | ئەسکەلە |
| | ب |
| Expletives | بکەرە هێزدەربڕە بۆشەکان |
| Principle | بنەما |
| Projection principle | بنەمای پڕۆژەسازدان |
| Extended projection principle | بنەمای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو |
| Binarity principle | بنەمای دووپەلکی |
| Headedness principle | بنەمای هەبوونی سەر |
| Null object | بەرکارخراو |
| Predicate | بەشەکردار/ پریدیکات |
| | پ |
| Parameter | پارامێتەر |
| Free parameter | پارامێتەری ئازاد |
| Null subject parameter/ pro-drop parameter | پارامێتەری بکەرخراو |
| Agreement parameter | پارامێتەری ڕێککەوتن |
| Head parameter | پارامێتەری سەر |
| Word order parameter | پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە |
| Wh-parameter | پارامێتەری فریزی پرس |
| Adjacency parameter | پارامێتەری هاوسێیەتی |
| Sub-categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکردن |
| Morphological sub-categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانە |
| Pre_sentence | پێش_ڕستە |
| Semantic component | پێکهاتەی واتایی |
| Inflectional paradigm | پەرادیگمای شکاندنەوە |
| | ت |
| Null tense | تافی دەرنەبڕراو |
| Performance | توانا |
| Competence | توانست |
| Focus | تیشکۆ |

| | |
|---|---|
| Input | تێکردە |
| Theory of core grammar | تیۆری کرۆکە ڕێزمان |
| Copy theory | تیۆری کۆپی |
| Copy theory of movement | تیۆری کۆپیی جوڵە |
| Theory of markedness | تیۆری مارکە |
| Complement | تەواوکەر |
| | ج |
| Wh-movement | جوڵەی فریزی پرس |
| Free head/ Split parameter | جووت_پارامێتەر |
| Syntactic position | جێکەوتەی سینتاکسی |
| A¯_position | جێکەوتەی نائارگۆمێنت |
| | چ |
| Sub-categorization frame | چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن |
| | د |
| Syntactic structures | دروستە سینتاکسییەکان |
| Structure-dependency | دروستەی پاڵپشتی/ وابەستەگێتی |
| Information structure | دروستەی زانیاری |
| Abstract case | دۆخی ئەبستراکت |
| Nominative | دۆخی بکەری |
| Accusative | دۆخی بەرکاری |
| Morphological case | دۆخی مۆرفۆلۆژی |
| Determiner | دیارخەر |
| Null determiner/ Null $D^0$ | دیارخەری دەرنەبڕراو |
| Specifier | دیاریکەر |
| Output | دەرکردە |
| | ڕ |
| Quantifier | ڕادە |
| Sentence | ڕستە |
| Universal grammar | ڕێزمانی جیهانی |
| Head parameter setting | ڕێکخستنی پارامێتەری سەر |
| | ز |
| Internal language | زمانی ناوەکی |
| Non-null-subject languages /Non-pro-drop languages | زمانە بکەرنەخراوەکان |

| | |
|---|---|
| Null-subject languages/ pro-drop languages | زمانە بکەرخراوەکان |
| | ژ |
| Numeral | ژمارە |
| | س |
| Topic | سەرتۆپ |
| Head-first | سەرسەرەتا |
| Head-last | سەرکۆتا |
| Rhyme | سەروا |
| Head | سەری ڕێزمانی |
| Onset | سەرەتای بڕگە |
| | ش |
| Inflection | شکانەوە |
| Trace | شوێنپێ |
| | ف |
| Language faculty | فاکەڵتیی زمان |
| Phrase | فرێز |
| Adverb phrase | فرێزی ئاوەڵکرداری |
| Adjective phrase | فرێزی ئاوەڵناوی |
| Functional phrase | فرێزی ئەرکی |
| Prepositional phrase | فرێزی پێشناوی |
| Tense phrase | فرێزی تاف |
| Complementizer phrase | فرێزی تەواوکەری ڕستەیی |
| Determiner phrase | فرێزی دیارخەری |
| Agreement phrase | فرێزی ڕێککەوتن |
| Lexical phrase | فرێزی فەرهەنگی |
| Verb phrase | فرێزی کرداری |
| Noun phrase | فرێزی ناوی |
| Adjunct phrase | فرێزی هەڵواسراو |
| Lexicon/ Mental lexicon | فەرهەنگ/ فەرهەنگی ئاوەزی |
| | ق |
| Stress | قورساییخستنەسەر |
| Primary stress | قورساییی سەرەکی |
| Initial state | قۆناغی بەرایی |
| Steady state | قۆناغی جێگیر |

| | |
|---|---|
| Zero state | قۆناغی سفر |
| Stem | قەد/ بناغە |
| | ک |
| Lexical verb | کرداری فەرهەنگی |
| Finite verb | کرداری کاتو کەسدار |
| Nucleus | کرۆکی بڕگە |
| Core grammar | کرۆکە ڕێزمان |
| Coda | کۆتاییی بڕگە |
| Comment | کۆمێنت |
| Empty category | کەتیگۆریی بەتاڵ |
| | گ |
| Linear correspondence axiom | گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو |
| | م |
| Syllable constituent model | مۆدێلی وەچەپێکهاتەی بڕگە |
| Morphosyntax | مۆرفۆسینتاکس |
| Mood morpheme | مۆرفیمی ڕێژە |
| | ن |
| Verbal noun | ناوی کرداری |
| Representation | نواندن |
| Node | نۆد/ فرێز |
| | هـ |
| Tree diagram | هێڵکاریی درەختی |
| | و |
| Complementizer | واژەگۆکەر |
| Null complementizer | واژەگۆکەری دەرنەبڕراو |
| Sub-word | وشیلە |
| Demonstrative | وشەی نیشانە |
| Sub-constituent | وەچەپێکهاتە |
| | ی |
| Phrase-structure rules | یاساکانی دروستەی فرێز |

# پێڕستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەکی** |
| ١ | ١/٠) ناونیشانو بواری لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە |
| ١ | ٣/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٤/٠) ڕێبازو تیۆری لێکۆڵینەوەکە |
| ٢-١ | ٥/٠) ناوەڕۆکو بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| | **بەشی یەکەم: لایەنی تیۆریو گریمانەکاریی پێویست** |
| ١١-٤ | ١/١) فەرهەنگو زانیاریی فەرهەنگی |
| ١٢-١١ | ٢/١) تیۆری بنەماو پارامێتەر |
| ١٩-١٣ | ١-٢/١) بنەما لە زمانە سروشتییەکاندا |
| ١٩ | ٢-٢/١) پارامێتەر وەک تەواوکەری بنەما |
| ٢٢-٢٠ | ١-٢-٢/١) پارامێتەر، چەمکو تێڕوانین |
| ٢٦-٢٢ | ٢-٢-٢/١) پارامێتەر لە نێوان فەرهەنگو ڕێزماندا |
| ٢٦ | ٣/١) پڕۆژە سینتاکسییەکانو چۆنیەتیی بونیاتنانیان |
| ٣٢-٢٦ | ١-٣/١) پڕۆژە سینتاکسییەکان پەیوەست بە فەرهەنگو پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە |
| ٤٣-٣٣ | ٢-٣/١) پڕۆژە سینتاکسییەکان پەیوەست بە تیۆری (X-Bar)ەوە |
| | **بەشی دووەم: پارامێتەرو پڕۆژە سینتاکسییە فرێزییەکان** |
| ٤٥ | ١/٢) پارامێتەری سەرو پڕۆژە سینتاکسییە فرێزییەکان |
| ٤٧-٤٥ | ١-١/٢) پارامێتەری سەر، پەسنکردنو لێکدانەوە |
| ٤٨-٤٧ | ٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە چەشنو جۆرەکانی فرێزدا |
| ٤٩-٤٨ | ١-٢-١/٢) پارامێتەری سەرو پڕۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکان |
| ٥٩-٤٩ | ١-١-٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی ناویدا |
| ٦٤-٥٩ | ٢-١-٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی دیارخەریدا |
| ٦٧-٦٥ | ٣-١-٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی ئاوەڵناویدا |

| | |
|---|---|
| ١/٢-٢-١-٤) پارامێتەری سەر لە فریزی پێشناویدا | ٧٠-٦٧ |
| ١/٢-٢-١-٥) پارامێتەری سەر لە فریزی کرداریدا | ٧٧-٧٠ |
| ١/٢-٢-٢) پارامێتەری سەرو پرۆژەی فریزە ئەرکییەکان | ٧٨-٧٧ |
| ١/٢-٢-٢-١) پارامێتەری سەر لە فریزی تافدا | ٨١-٧٨ |
| ١/٢-٢-٢-٢) پارامێتەری سەر لە فریزی ڕێککەوتندا | ٨٧-٨١ |
| ١/٢-٢-٢-٣) پارامێتەری سەر لە فریزی تەواوکەری ڕستەییدا | ٩٢-٨٧ |
| ١/٢-٢-٣) پارامێتەری سەرو پرۆژەی فریزە هەڵواسراوەکان | ٩٦-٩٢ |
| ٢/٢) پارامێتەری هاوسێیەتیو پرۆژە سینتاکسییە فریزییەکان | ١٠٠-٩٦ |
| **بەشی سێیەم: پارامێتەرو پرۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکانو نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکان** | |
| ١/٣) پارامێتەرو پرۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکان | ١٠٢ |
| ١/٣-١) پارامێتەری ڕێککەوتن | ١٠٤-١٠٢ |
| ١/٣-٢) پارامێتەری بکەرخراو | ١١٤-١٠٤ |
| ١/٣-٣) پارامێتەری فریزی پرس | ١١٨-١١٤ |
| ١/٣-٤) پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە | ١٢١-١١٨ |
| ٢/٣) پارامێتەرو نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکان | ١٢٢ |
| ٢/٣-١) مۆرفۆسینتاکس لە مۆدێلی ڕێزماندا | ١٢٣-١٢٢ |
| ٢/٣-١-١) مۆرفۆسینتاکس وەک ڕووبەری بەیەکگەیشتنی نێوان مۆرفۆلۆژیو سینتاکس | ١٢٥-١٢٣ |
| ٢/٣-١-٢) مۆرفۆسینتاکس وەک پێڕەوێکی سەربەخۆ | ١٢٩-١٢٥ |
| ٢/٣-١-٣) مۆرفۆسینتاکس وەک پرۆژەیەکی پاش_ڕستەیی | ١٣١-١٢٩ |
| ٢/٣-٢) مۆرفۆسینتاکسو سەگمێنتەکانی | ١٤١-١٣٢ |
| ٢/٣-٣) پارامێتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا | ١٤٢-١٤١ |
| ٢/٣-٣-١) پارامێتەری سەر | ١٤٣-١٤٢ |
| ٢/٣-٣-٢) پارامێتەری هاوسێیەتی | ١٤٤-١٤٣ |
| ٢/٣-٣-٣) پارامێتەری ڕێککەوتن | ١٤٦-١٤٤ |
| ٢/٣-٣-٤) پارامێتەری بکەرو بەرکارخراو | ١٤٩-١٤٦ |
| ٢/٣-٣-٥) پارامێتەری فریزی پرس | ١٤٩ |
| ٢/٣-٣-٦) پارامێتەری سەرەوڕیزبوون | ١٥٠ |
| ٢/٣-٣-٦-١) پارامێتەری سەرەوڕیزبوونو فۆڕمە ستانداردەکانی مۆرفۆسینتاکس | ١٥٣-١٥٠ |
| ٢/٣-٣-٦-٢) پارامێتەری سەرەوڕیزبوونو فۆڕمە ئەلتەرناتیڤەکانی مۆرفۆسینتاکس | ١٥٦-١٥٣ |

| | |
|---|---|
| ئەنجام | ١٥٩-١٥٧ |
| سەرچاوە | ١٧٢-١٦٠ |
| الملخص | ١٧٣ |
| Abstract | ١٧٤ |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان‌و بواری لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بە ناونیشانی (پارامێتەر لە سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا)یە، هەوڵێکەو لە میانەیدا، بەپێی ئاستی پرۆژەکان (پرۆژەی سینتاکسیی فرێز، پرۆژەی سینتاکسیی ڕستە، پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس) گەنگەشەی چەشنەکانی پارامێتەر لە زماندا بە گشتی‌و لە زمانی کوردییشدا بە تایبەتی، کراوە.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە

لەگەڵئەوەی ناونیشانی تێزەکە پەیوەستە بە بابەتێکی گرنگی سینتاکسییەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا بەدەر لە پارامێتەری سەری ڕێزمانی، کە توێژینەوەیەکی بچووک لەبارەیەوە هەیە، هیچ کارێکی سەربەخۆی دیکە دەربارەی چەمکی پارامێتەرو جۆرەکانی لە سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا ئەنجامنەدراوە. ئەمەش هۆو پاساوێکی بەجێیە بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل بۆ ناونیشانێکی لەو جۆرە تەرخانبکرێت.

## ٣/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

کەرەستەو داتاکانی لێکۆڵینەوەکە لە (زاری کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانی)یەوە وەرگیراون، بەڵام پێویستیی کارەکە وایکردووە، کە هەم سوود لە نموونەی شێوەزاری گەرمیان‌و زاری کرمانجیی ژووروو ببینرێت‌و هەم نموونە لە زمانەکانی وەک (ئینگلیزی، چینی، ژاپۆنی، بولگاری)یەوە بهێنرێتەوە.

## ٤/٠) ڕێبازو تیۆری لێکۆڵینەوەکە

لە لێکۆڵینەوەکەدا لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی تیۆری (X-bar) لە چوارچێوەی تیۆری بنەماو پارامێتەر، ڕێبازی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکراوە.

## ٥/٠) ناوەڕۆک‌و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

تێزەکە جگە لە پێشەکی‌و ئەنجام‌و لیستی سەرچاوەکان‌و (الملخص)و (Abstract)، لە سێ بەش پێکهاتووە، کە ئەوانیش وەک لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەییپێدەدرێت، بەسەر چەند پارو وەچەپارێکدا دابەشکراون.

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە سەرناوی (لایەنی تیۆری‌و گریمانەکاریی پێویست)ی لێنراوەو تیایدا لەو ڕوانگەیەوە، کە نواندنە ڕێزمانییەکان لە هەر پێکهاتەو ئاستێکدا بن، بەرهەم‌و پرۆژەی فەرهەنگن‌و لە فەرهەنگەوە سەرچاوەدەگرن، (١/١)ی بەشەکە بۆ فەرهەنگ‌و زانیاریی فەرهەنگی دانراوە. پاشان لە چێوەی تیۆری بنەماو پارامێتەردا، هەردوو چەمکی بنەماو پارامێتەر وەک دوو چەمکی تەواوکەرو وابەستە لە زماندا، بە تەواوەتی ڕوونکراونەتەوە. دواتر بە وردی باس لە پرۆژە سینتاکسییەکان‌و چۆنیەتیی بونیاتنانیان پەیوەست بە فەرهەنگ‌و پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە لە لایەکەوەو پەیوەست بە تیۆری (X-Bar)یشەوە لە لایەکی دیکەوە، کراوە.

**بەشی دووەم:** لە بۆتەی ئەم بەشەدا، کە سەرناوەکەی (پارامێتەرو پرۆژە سینتاکسییە فرێزییەکان)ە، گفتوگۆ لەبارەی پارامێتەری سەرو پارامێتەری هاوسێیەتییەوە لە پرۆژە سینتاکسییەکانی فرێزدا کراوە. پەیوەست بە پارامێتەری سەرەوە، دوای پەسنکردنی پارامێتەرەکە، بەهای پارامێتەری سەر لە چەشن‌و جۆرە جیاوازەکانی فرێزدا (فرێزە فەرهەنگییەکان، فرێزە ئەرکییەکان، فرێزە هەڵواسراوەکان) دەستنیشانکراوە. لەم ڕووەوە هەوڵدراوە، لە ڕێگەی هێنانەوەی بەڵگەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە ئاخۆ زمانی کوردی بە ڕەهایی زمانێکی سەرکۆتایە (وەک ئەوەی زۆربەی لێکۆڵەران پێیانوایە)، یاخود زیاتر زمانێکی جووت_پارامێتەرییە؟

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە، کە بۆ سەرناوی (پارامێتەرو پرۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکان‌و نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکان) تەرخانکراوە، لە دوو پاری سەرەکی پێکدێت. لە پاری یەکەمدا پەیوەست بە پرۆژەی سینتاکسیی ڕستەوە، قسە لەسەر (پارامێتەری ڕێککەوتن، پارامێتەری بکەرخراو، پارامێتەری فرێزی پرس، پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە) کراوە. لە پاری دووەمدا، کە تایبەتە بە پارامێتەرو نواندنی مۆرفۆسینتاکسی، پاش دیاریکردنی جێگەو جێکەوتەی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس لەنێو مۆدێلی ڕێزمانداو جیاکردنەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی پرۆژەکە، پەیوەند بە وەچەپاری "پارامێتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا" لەبارەی (پارامێتەری سەر، پارامێتەری هاوسێیەتی، پارامێتەری ڕێککەوتن، پارامێتەری بکەرو بەرکارخراو، پارامێتەری فرێزی پرس، پارامێتەری سەرەوڕیزبوون)ەوە دواوین.

# بەشی یەکەم

## لایەنی تیۆریو گریمانەکاریی پێویست

### ١/١) فەرهەنگو زانیاریی فەرهەنگی

فەرهەنگ/ فەرهەنگی ئاوەزی (Lexicon/ Mental Lexicon)، کە پێشیدەگوترێت وشەنامەی ئاوەزیی مرۆڤ، یان کۆگای وشەکانی مێشکی مرۆڤ، پێکهاتەیەکی زمانە، کە هەموو زانیارییە فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسیو سیمانتیکییەکان لەخۆدەگرێت، کە ئاخێوەران دەربارەی تاکە وشەو مۆرفێمەکان هەیانەو دەیزانن. بڕوانە: (Emmorey, K. & Fromkin, V., 1989: 124)، (Sripada, P. N., 2008: 181-182). کەواتە فەرهەنگ کانگاو سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانیی مرۆڤە[*]، کە لەناو توخمە تیاهەڵگیراوەکانیدا، زانیارییەکان هەنو گەنجکراون.


بەرمەبنای پێناسەکەی سەرەوە دەکرێت بگوترێت: (ا) فەرهەنگ پێکهاتەیە، (ب) زانیارییە زمانییەکان لەناو توخمە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراون، (پ) ئاخێوەرانی زمان زانیارییەکانیان لەلا هەیە. لە (ا)دا فەرهەنگ بە پێکهاتە هەژمارکراوە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە فەرهەنگ لە لایەکەوە خاوەنی کەرەستەی تایبەت بە خۆییەتی (فۆنێم، مۆرفێم، وشە)و لە لایەکی دیکەشەوە یاسای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم دوو لایەنەیش مەرجی بەپێکهاتەبوونی فەرهەنگ/ هەر پێکهاتەیەک دەستەبەردەکەن. "کەرەستە فەرهەنگیەکان دروستەی ناوەکیی خۆیانیان هەیە، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگیەکانەوە دەنوێنرێن". (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢: ١٠٥). لەم بارەیەوە (دانانی فەرهەنگ بە پێکهاتە)، زانیاریی زیاتر لە (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٣-٣١)دا دەستدەخرێت. شایەنی باسە ڕیزبوونی کەرەستەکان لە فەرهەنگدا، پەیکاڵی نواندنیان لە ڕێزماندا نییەو لە یەکتر جیاوازن. (دواتر _هەر لەم وەچەپارەدا_ پەیوەست بە نواندنی مۆرفۆلۆژیو سینتاکسیی توخمە فەرهەنگییەکانەوە، بە نموونەوە ئەم بابەتە ڕووندەکرێتەوە).

لە خاڵی (ب)دا هاتووە، کە زانیارییە زمانییەکان لەناو توخمە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراون. بەمپێیە هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگی دەروازەی زانیاریی تایبەت بە خۆی دەبێت، بەڵام بەپێی جۆری کەرەستەکە، جۆری زانیارییە زمانییەکەیش دەگۆڕێت. بۆ نموونە "دەروازەی زانیاریی هەر وشەیەک، کە بریتیین لە پۆلەڕەگەز/ کاتەگۆریەکەی، توخمەکەی، جۆری دەربڕینەکەی، چەشنەکانی واتا_سەرەکیەکەی، _لاوەکیەکەی، _لەگەڵدابوەکەی و _پراگماتیکیە فەرهەنگیەکەی، بەکارهێنانەکەی لە ڕستەو دەربڕاودا، هاوواتاو واتادژەکانی، لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو پارێزراوە". (مەحویی، محەمەد، ب-٢٠١٦: ٩٣).

---

[*] لە فەرهەنگدا کۆزانیاریی نازمانییش، کە ئەزموونو دونیابینیی مرۆڤەکانو جۆری بیرکردنەوەو هەستو سۆزو دابونەریتە کەلتووریو کۆمەڵایەتییەکانو . . . تاد دەگرێتەوە، تۆمارکراون، بەڵام ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ ئێمە جێی بایەخ بێتو بمانەوێت قسەی لەسەر بکەین، تەنها کۆزانیاریی زمانییە.


زانیارییە زمانییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان، زانیاریی ئەبستراکتن‌و لەناو پێکهاتەکانی ڕێزماندا، کە فۆنۆلۆژی‌و مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس دەگرێتەوە، بەرجەستەدەبن. کەواتە ڕێزمان شوێنی نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانە. بڕوانە هێڵکاریی (١).




هێڵکاریی (١)

فەرهەنگ‌و ڕێزمان تەواوکەری یەکترن‌و هەریەک لە توخمە فەرهەنگییەکان دەبن بە تێکردە بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراوی ڕێزمان‌و دەرکردەکەشیان یەکەیەکی ئەو پێکهاتەیە دەبێت. فۆنیمەکان بەپێی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانی ناواخنیان، کە بریتییە لە نیشانە جیاکەرەوەکانی وەک (سازگەی دروستبوون، گڕی‌و کپی، سووکی‌و قەڵەوی، . . . تاد) لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیدا بڕگە دروستدەکەن. پێکەوەگونجان‌و لەگەڵیەکداهاتنی فۆنیمەکان لە دروستەی بڕگەی زمانێکدا، وابەستەی فۆنۆتاکتیکی زمانەکەیە، چونکە "دوو زمان یان زۆرتر دەشێت گەنجی فۆنیمی لەیەکچوو یان تەنانەت وەکیەکیشیان هەبێت، بەڵام ئەو یاسایانەیان جیاوازبێت، کە لەناو مۆڕفیمەکان و وشەکان و بڕگەکاندا تەحەکوم بە دابەشبوونی فۆنیمەکانیانەوە دەکەن". (مەحویی، محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٥٨). بەمپێیە فۆنۆتاکتیک ئەو یاسایانەن، کە پەیوەست بە زانیارییە تیاهەڵگیراوەکانیانەوە، چۆنیەتیی ڕیزبوونی فۆنیمەکان لەنێو مۆدێلی بڕگەی زمانێکدا، دەستنیشاندەکەن.

بەپێی مۆدێلی وەچەپێکهاتەی بڕگە (Syllable Constituent Model)، بڕگە (ó) دروستەیەکی هەڕەمیی هەیەو پەیڕەوی لە بنەمای دووپەلکی دەکات. دروستەی بڕگە بە مۆدێلەکە، لە وەچەپێکهاتەکانی سەرەتای بڕگە (Onset)و سەروا (Rhyme) پێکدێت. سەروایش کرۆکی بڕگە (Nucleus)و کۆتاییی بڕگە (Coda) لەخۆدەگرێت. بڕوانە: (Radford, A. & et al, 2009: 79). لە هێڵکاریی (٢)دا وەچەپێکهاتەکانی بڕگەی /کات/ بەپێی مۆدێلی وەچەپێکهاتەی بڕگە جیاکراونەتەوەو خراونەتەڕوو.




هێڵکاریی (٢)

بڕگە پڕۆژەی دەنگە ڤاوڵەکانە. ڤاوڵەکان وەچەپێکهاتەی کرۆک دروستدەکەنو کرۆکیش بڕگە بەرهەمدەهێنێت، بەڵام وەچەپێکهاتەکانی سەرەتاو کۆتاییی بڕگە، جێکەوتەی دەنگە کۆنسۆنانتەکانە. لە زمانی کوردیدا ڤاوڵەکان بە هیچ جۆرێک لە سەرەتای بڕگەوە نایەن، کۆنسۆنانتەکانیش ناتوانن کرۆکی بڕگە پێکبهێنن. بە سەرنجخستنەسەر هێڵکارییەکەی سەرەوە، کە بڕگەی /کات/ دەنوێنێت، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ڤاوڵەکان لە یەکەم پۆلکردنی دووپەلکیی دروستەی بڕگەدا، دەکەونە وەچەپێکهاتەی دووەمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە دووەم پۆلکردنی دووپەلکیدا، وەچەپێکهاتەی یەکەمنو ناکەونە کۆتاییەوە، ئەمە ئەو بۆچوونەی هێناوەتەئاراوە، کە پڕۆژەی بڕگە لە زمانی کوردیدا سەرکۆتایی نەبێت. لەم ڕووەوە (محەمەدی مەحویی) دەڵێت: ڕژێمی فۆنۆلۆژیی کوردی، دروستەو پێکهاتەی بڕگەکانی، سەرکۆتایی نین. ئەمەش وایکردووە، کە ڕێزمانی کوردی، ڕژێمە فۆنۆلۆژییەکەی بۆ شیکردنەوەو پەسنکردنو زمانپژانو فێربوونی بۆ بێگانە، ئاڵۆزترو گرانتر بێت، وەک لە ڕژێمەکانی دیکەی ڕێزمانەکەی. بڕوانە: (مەحویی، محەمەد، ا-٢٠٠١: ٤٨). ئەوەی بۆ ئەم بۆچوونە جێی تێبینییە، ئەوەیە

دەشێت بڕگە تەنها لە سەرەتاو کرۆک پێکبێتو جێکەوتەی کۆتاییی بڕگە بەتاڵ بێت، وەک لە بڕگەکانی /با/، /دۆ/، /پێ/، . . . دا دەبینرێت.

ئەو توخمەی، کە تایبەتە بە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی، مۆرفیمی داڕشتنە*، کە ئاستی ($X^{-1}$)ی هەیە. بڕوانە: (Scalise, S., 1986: 188)، (Ackema, P. & Neeleman, A., 2007: 339). ئاستی کەتیگۆری بەگوێرەی باڕەکانی سەر (X)ەکە دیاریدەکرێت. لەم ڕووەوە (Scalise, S., 1986: 188) چەند ئاستێکی جیاوازی مۆرفۆلۆژیی جیاکردووەتەوە. بڕوانە (٣).

(3) Level 1 فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە ناسادەکان

Level 0 وشە سادەکان

Level -1 مۆرفیمەکانی داڕشتن

---

* وەک ئاشکرایە، مۆرفیمی داڕشتن تەنها فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی داڕێژراو/ وشەی داڕێژراو ڕۆدەنێت، واتە تایبەتە بە مۆرفۆلۆژیی داڕشتن، نەک داڕشتنو لێکدان هەردووکیان. مۆرفۆلۆژیی لێکدان، کە تەرزی دروستکردنی وشەی لێکدراوە، گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە لە سینتاکسەوە نەخشەی بۆ بکێشرێت. ئەم گریمانەیەیش لەوێوە دێت، کە لە لایەکەوە یاساو بنەما سینتاکسییەکان لە بەرهەمهێنانی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە لێکدراوەکاندا ڕۆڵیان هەیە. لە لایەکی دیکەوە وشە لێکدراوەکان وەک پرۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکان، لەلایەن سەرە ڕێزمانییە_فەرهەنگییەکانەوە (هەموویان نا) سازدەکرێن. بڕوانە (١)و (٢).

(١) ا. داری وشک، جلی سوور، گوڵی ڕەش، . . . ⟵ فرێزی ئاوەڵناوی

ب. کارێزەوشک، مێرگەسوور، کێوەڕەش، . . . ⟵ وشەی لێکدراو

(٢) ا. دار بڕ، چەرەس فرۆش، حەوشە ماڵ، . . . ⟵ فرێزی کرداری

ب. قۆڵبڕ، سەوزەفرۆش، بەفرماڵ، . . . ⟵ وشەی لێکدراو

لە نموونەکانەوە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی لێکدراوو فۆڕمێکی سینتاکسی هەمان نواندنی پاش فەرهەنگییان/ پۆلەڕەگەزدیاریکردنیان هەبێت. بە دەربڕینێکی دیکە، وایدەبینین، کە ویستی سەرە ڕێزمانییەکان لە هەڵاوێرکردنی تەواوکەر بۆ بونیاتنانی وشەی لێکدراوو پرۆژەی فرێز، کە بەپێی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن دەبێت، هەمان چشت بێت، بەڵام دواتر، کە قۆناغی دەستنیشانکردنی سەرەوڕیزبوونی سەرو تەواوکەرەکان لە ڕێگەی تیۆری (X-bar)ەوە دەستپێدەکات، دروستەکە یان دەبێت بە وشەی لێکدراو، یان دەبێت بە فرێز. کەواتە دەبێت بەو جۆرە بێت، کە وشەیەکی لێکدراوو فرێزێکی فەرهەنگی لە هەمان زانیاریی فەرهەنگییەوە بێن/ لە هەمان ($X^0$)ەوە سەرچاوەبگرن، بەڵام لە دوا نواندندا، دروستەکە ببێت بە یەکێکیان. بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا–٢٠٢٠: ١٧٣–١٧٨).

ئێمە پێمانوایە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە ناسادەکانیش ئاستی ($X^0$)یان هەیە، نەک ($X^1$)، چونکە دواجار ئەوانیش لە مۆرفۆلۆژییەوە دەگەڕێنەوە بۆ فەرهەنگو هاوشێوەی وشە سادەکان دەبن بە توخمێکی فەرهەنگی. هەرچی مۆرفیمەکانی داڕشتنە، لەبەرئەوەی دروستکەری لێکسیمی نوێن، ئاستی ($X^{-1}$)یان پێدراوە.

مۆرفیمەکانی داڕشتن هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژینو ئاخێوەرانی زمانیش بەپێی سەلیقەو ئاگاییی مۆرفۆلۆژییانەیان، زانیارییەکان بۆ دروستکردنی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی ناسادەی دروست بەکاردەهێنن. "توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێک لە سەلیقەی زمانییان لەبارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و دروستداڕشتیاندا دەردەکەوێت". (ئەحمەد، نەرمین عومەر، ٢٠١٠: ٥). بەمپێیە مۆرفیمەکانی داڕشتن وەک سەری ڕێزمانیو توخمی پڕۆژەسازدەر، بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە تیایاندا گەنجکراوە، کەتیگۆریی جیاواز وەک تەواوکەر هەڵاوێردەکەن. بڕوانە نموونەکانی (٧)و ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە لەبارەیانەوە پێشکەشکراوە.

هەروەک پێشتر ئاماژەپێیدرا، فەرهەنگ یاسای تایبەت بە خۆی هەیەو سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان لە فەرهەنگدا، پەیکاڵی نواندنی ڕێزمانییان نییە. لەم ڕوانگەیەوە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانە (Morphological Sub-Categorization)، کە قۆناغی پێش دروستکردنی وشەکان دەگرێتەوە، جیاوازە لە بەرجەستەکردنی مۆرفۆلۆژییانەی مۆرفیمەکانو بناغەکانیان، واتە ڕیزبوونی فەرهەنگییانەی سەرە ڕێزمانییەکانو تەواوکەرەکانیان هاوشێوەی ڕیزبوونە مۆرفۆلۆژییەکەیان نییە، بەڵکو وەک لە (٤)دا خراوەتەڕوو، پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە لە فەرهەنگدا مۆرفیمەکانی داڕشتن لە پێش بناغەکانیانەوە بێنو لە مۆرفۆلۆژییشدا بکەونە دوایانەوەو کۆتایی بگرن. بڕوانە:(مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ٨-٩).

| | مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی/ ڕیزبوونی فەرهەنگی | | نواندنی مۆرفۆلۆژی/ ڕیزبوونی مۆرفۆلۆژی | | دەرکردەی نواندنی مۆرفۆلۆژی/ ڕیزبوونی مۆرفۆلۆژی |
|---|---|---|---|---|---|
| (٤) | ا. /_ستان/ + دار | ← | دار + /_ستان/ | ← | دارستان |
| | ب. /_گەر/ + ئاسن | ← | ئاسن + /_گەر/ | ← | ئاسنگەر |
| | پ. /_چە/ + باخ | ← | باخ + /_چە/ | ← | باخچە |

توخمە فەرهەنگییەکانی پێکهاتەی سینتاکس، مۆرفیمە سینتاکسییەکان(مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان)و وشەکانن[*]. ئەم توخمانە بەپێی زانیارییە سینتاکسییە تیاهەڵگیراوەکانیان، پڕۆژەی سینتاکسیی فرێز $(\bar{X} / XP)$ بونیاتدەنێن. نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو مۆرفیمە سینتاکسییەکانو وشەکان، لە دوو دیوی ناوەکی (فەرهەنگی)و دەرەکی (سینتاکسی)دا دەبێت. بۆ نواندنە ناوەکییەکە، پێویستمان بە وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن (Sub-Categorization)ە. ئەم وەچەتیۆرە پێویستیی خورتیی توخمەکان/ سەرە ڕێزمانییەکان لە وەرگرتنی جۆری کەتیگۆریی جیاواز وەک تەواوکەر، دیاریدەکات. بڕوانە: (Aarts, B., 2001: 123-124)، (Borsley, R., 2003: 66). ویستی توخمە پڕۆژەسازدەرەکان پەیوەستی کەتیگۆرییەکی دیاریکراو نییە، چونکە زانیارییە سینتاکسییەکانی ناواخنیان ئەبستراکتنو لە بەرجەستەکردنیاندا دەردەکەوێت، کە توخمەکان چ جۆرێکی کەتیگۆری داوادەکەن. بەم شێوەیە وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن ئەوە دەردەخات، کە هەریەک لە توخمە فەرهەنگییەکانی پێکهاتەی سینتاکس، بۆ بەرهەمهێنانی پڕۆژەی فرێز، کام کەتیگۆرییەیان پێویستە. هەرچی نواندنی دیوی دەرەکیی زانیارییە سینتاکسییەکانە، لە ڕێگەی تیۆری (X-bar)ەوە دەبێت. جێی باسە نواندنی زانیارییەکان لە دیوی ناوەکیو دەرەکیدا وەکیەک نییە، بەڵکو وەک لە (٥)دا پیشاندراوە، ڕیزبوونی فەرهەنگیی سەرو تەواوکەرەکان جیاوازە لەو ڕیزبوونەی، کە لە سینتاکسدا هەیانە. بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١٠٣-١٢٥).

| | ڕیزبوونی فەرهەنگی | | ڕیزبوونی سینتاکسی |
|---|---|---|---|
| (٥) ا. | $D^0$ + [Y] | ⟵ | YP + $D^0$ |
| ب. | $A^0$ + [Y] | ⟵ | YP + $A^0$ |
| پ. | $V^0$ + [Y] | ⟵ | YP + $V^0$ |

---

[*] ا. لەگەڵئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی لەو بۆچوونە دەکرێت، کە کرداری فەرهەنگی تەنها ڕەگەو ڕەگیش لەڕووی دروستەوە وشیلەیە، نەک وشە، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە وشە، سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکانە، بە کرداریشەوە.

ب. وشیلە (Sub-word) دروستەیەکە لە نێوان مۆرفیمو وشەدایە، واتە ئاستی مۆرفیمی تێپەڕاندووە، بەڵام نەبووە بە وشەش، (هەندێک لە ڕەگەکان، وەک: خەو، ترس، لەرز، . . . تاد بە پرۆسەی بەلێکسیمبووندا ڕۆیشتوونو بوونە بە وشە). بشڕوانە: (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ٦٢)، کە لەوێدا زاراوەی <وشیلە> بۆ وشەیەکی سادەی یەک مۆرفیمی بەکارهێنراوە.

گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە (٥) تەنها وەک بنەمایەک بۆ خستنەڕووی جیاوازیی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە فەرهەنگو سینتاکسدا هێنراوەتەوە، ئەگینا وەک لە بەشی دووەمدا، پەیوەست بە پارامێتەری سەرو پرۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکانەوە بە تێروتەسەلی لەبارەیانەوە دەدوێین، توخمە پرۆژەسازدەرە فەرهەنگییەکان لە سینتاکسدا بە ڕەهایی پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرکۆتا ناکەن، بەڵکو هەندێکیان پارامێتەری سەرسەرەتا جێبەجێدەکەن.

ئەگەرچی ڕێزمان پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکس دەگرێتەوە، بەڵام سیمانتیک، کە سروشتێکی سرکی هەیە، لە هەموو پێکهاتەو ئاستەکاندا ئامادەیە. (مەحویی، محەمەد، ب-٢٠١٦: ١٠٥). بەمپێیە کەرەستە فەرهەنگییەکان لەپاڵ زانیارییە زمانییەکانی دیکەدا، زانیاریی سیمانتیکیشیان تێدایە. زانیاریی سیمانتیکی لە (ا) پەیوەندییە سیمانتیکییە پێڕەوبەندو ڕێکوپێکەکانی نێوان هەر لێکسیمێکو باقی گەنجی وشەکە (نیشانە واتاییەکان)، (ب) لە "نیشانە ئیدۆسینکراسییەکان"، کە پێڕەوبەندو ڕێکوپێک نین (جیاکەرەوە)، (پ) لە "نیشانە هەڵاوێرکەرەکان" پێکهاتووە. بڕوانە: (مەحویی، محەمەد، ٢٠٠٦: ٤). توخمە بەدەسەڵاتەکان بەپێی زانیارییە سیمانتیکییەکانی ناواخنیان، کۆتوبەندی واتاییان بۆ ئەو تەواوکەرانە هەیە، کە وەریاندەگرن. بۆ نموونە لێکسیمی /مردن/ داوای تەواوکەرێک دەکات، کە نیشانەی واتایی [+ مرۆڤ]ی هەبێت، بەڵام بەوپێیەی زۆرێک لە توخمەکان زانیاریی واتاییان پەیوەست بە هەڵبژاردنی تەواوکەرەوە فراوانبووە، بۆیە دەبینین /مردن/ هەڵاوێری تەواوکەر بە نیشانەی واتایی [- مرۆڤ]یشەوە دەکات. بڕوانە (٦). بەمەش فراوانبوونی واتای لێکسیمەکان/ پریدیکاتەکان دەبێتە ئەلتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژییانەو جێگەی فۆرمداڕشتنی نوێ دەگرێتەوە. بڕوانە: (محەمەد، بژوێن یەحیا، ٢٠١٦: ٩٠-٩٧).

(٦) ا. پیاوەکە مردووە.

ب. بازاڕ مردووە.

نموونەکانی (٦)، ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە پشتڕاستدەکەنەوەو ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، کە لێکسیمی /مردن/ بەهۆی فراوانبوونی واتاکەیەوە، دەتوانێت تەواوکەر بە نیشانەی [ $\pm$ مرۆڤ]ەوە وەربگرێت. ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو لێکسیمە واتایەکی پێکهاتەییو واتایەکی ناپێکهاتەییشی هەیە.

لەو خاڵانەی، کە لە پێناسەکەی فەرهەنگەوە هەڵهێنجرانو ماوەتەوە قسەی لەسەر بکەین، خاڵی (پ)یە. ئەم خاڵە ئاماژە بەوە دەدات، زانیارییە زمانییەکان لەلای ئاخێوەران هەن، کە لە کاتی زمانپژاندا

لە زمانی دایکیانەوە وەریدەگرن. ئەمەش وادەکات، کە بتوانن دروستەی فۆڕم_دروستو واتاڕاستو پێچەوانەکانیان بناسنەوە. بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ٣٦). با لەم نموونانەی خوارەوە بڕوانین.

(٧) ا. * /دارتر/، * /ژنتر/، * /ئاسنتر/، . . .

ب. /باشتر/، /جوانتر/، /زیرەکتر/، . . .

(٨) ا. ؟ دۆڵەکە بەرزە

ب. شاخەکە بەرزە.

لە نموونەکانی (٧-ا)دا، هاتنی لاگری سینتاکسیی /_تر/ لەگەڵ کەتیگۆریی ناودا، دروستەی فۆڕم_نادروستی بەرهەمهێناوە، لەبەرئەوەی وەک لە دروستە فۆڕم_دروستەکانی (٧-ب)وە دەردەکەوێت، لاگرەکە تایبەتە بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی ئاوەڵناو، نەک ناو، هەربۆیە دەرکەوتنی لەگەڵ پۆلەڕەگەزی ناودا، ڕێگەپێنەدراو دەبێت. لە نموونەی (٨-ا)یشدا هاتنی ئارگۆمێنتی /دۆڵەکە/ لەگەڵ دروستەی کرداربەندیی {بەرزە}دا، ڕستەیەکی واتاناڕاستی لێکەوتووەتەوە، چونکە پریدیکاتی {بەرزە} کەتیگۆرییەکی دەوێت، کە لەڕووی واتاوە نیشانەی [+ بەرزایی] هەبێت، (وەک ٨-ب)، نەک [- بەرزایی]، هەربۆیە (٨-ا) دروستەیەکی واتاڕاست نییە، بەمەش ڕێگەپێدانی بۆ دەستەبەرناکرێت. ئاخێوەرانی کورد بەهۆی ئەو زانیارییە زمانییانەی، کە لە فەرهەنگی ئاوەزییاندایە، بە سەلیقە دەتوانن دروستە فۆڕم_دروستو واتاڕاستەکانی (٧)و (٨) لەوانەی دیکە (فۆڕم_نادروستو واتاناڕاستەکان) جیابکەنەوە. کەواتە "ئەگەر بەکارهێنەرانی زمانێک هەر چشتێک بزانن، ئەوا تایبەتمەندییەکانی توخمە فەرهەنگییەکانە". (O’Grady, W., 2005: 191).

ڕوونکردنەوەکان لەسەر فەرهەنگی ئاوەزیو زانیارییە فەرهەنگییەکان ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە نواندنە ڕێزمانییەکان لە هەر پێکهاتەو ئاستێکدا بن، بەرهەمو پڕۆژەی فەرهەنگنو لە فەرهەنگەوە سەرچاوەدەگرن.

### ٢/١) تیۆری بنەماو پارامێتەر

تیۆری بنەماو پارامێتەر، کە وادادەنرێت ناوێکی دیکەی تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە بێت، "ڕێبازێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆزانیاریی مرۆڤ لەبارەی زمانەوە، کە لە کارەکانی چۆمسکییەوە لە ساڵانی (١٩٧٠)کاندا پەرەیسەندووە". (Lasnik, H. & Lohndal, T., 2009: 40). ئەم تیۆرە بە پێچەوانەی

پرۆپۆزڵەکانی پێشترەوە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە هەموو یاسا زمانەوانییەکانی زمانێک لە ڕێگەی فێربوونەوە دەستبخرێن، بەڵکو ئەو گریمانەیە دەخاتەڕوو، کە بنەمای جیهانیی ڕێزمان هەن، زمانەکان تیایاندا هاوبەشن. بڕوانە: (Webelhuth, G., 1992: 8). لەم ڕوانگەیەوە تیۆرەکە دوو چەمکی سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش بنەما (Principle)و پارامێتەر (Parameter)ن. سەرەتای ناساندنی ئەم دوو چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ (Chomsky, 1981a)، دواتر بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرهەمی (Knowledge of Language)ی (Chomsky, 1986a)دا قسەیان لەسەر کراوەو خراونەتەڕوو. هەرچەندە ناوی تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە ناوێکی دیارو ناسراوە بۆ ئەو مۆدێلە سینتاکسییەی، کە لە (Chomsky, 1981a)دا پێشکەشکرا، بەڵام چۆمسکی خۆی پێیوایە، کە ناوی تیۆرەکە ناوێکی هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە لە ناوی تیۆرەکەدا تەنها تیشکخراوەتەسەر دوو لەو تیۆرانەی، کە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە پێکدەهێنن*، لەبەرئەوە ناوی تیۆری بنەماو پارامێتەر وەک ناوێکی گونجاوتر بۆ مۆدێلە سینتاکسییەکە پێشنیازکرا، ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی دیکەوە ناوە نوێیەکە پێداچوونەوەکانی چۆمسکی بەسەر تیۆرەکەدا، کە لە (Chomsky, 1993)و (Chomsky, 1995b)دا پێشکەشکرانو لەژێر ناوی مینیماڵ پرۆگرام (Minimalist Program)دا خرانەڕوو، دەگرێتەوە. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 1997: 41). هەڵبەت گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە، تەنها لە چوارچێوەی تیۆری حوکمکردنو بەستنەوەدا دەبێتو ناچێتە سنووری ئەو مۆدێلە سینتاکسییەوە، کە بە مینیماڵ پرۆگرام ناسراوە.

لە تیۆری بنەماو پارامێتەردا بەشە جیهانییەکانی (Universal Grammar) پێیاندەگوترێت بنەماکانو ئەو بەشانەیش، کە زمانەکان لەڕووی سینتاکسییەوە تیایاندا جیاوازن، بە پارامێتەرەکان ناودەبرێن. کەواتە دەکرێت بگوترێت، بیرۆکەی سەرەکیی تیۆری بنەماو پارامێتەرەکان ئەوەیە، کە کۆزانیاریی سینتاکسیی هەر تاکێک، لە دوو لایەن پێکدێت:

١- سێتێکی دیاریکراوی ئەو بنەمایانەی، کە لە هەموو زمانەکاندا وەکیەکن.

٢- سێتێکی دیاریکراوی ئەو پارامێتەرانەی، کە هەمەچەشنییە سینتاکسییەکانی نێوان زمانەکان دیاریدەکەن. بڕوانە: (Lasnik, H. & Lohndal, T., 2009: 43)، (Amin, W., 2012: 10).

* تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە لە حەوت تیۆر پێکدێت، کە ئەوانیش بریتین لە: تیۆری حوکمکردن، تیۆری بەستنەوە، تیۆری دۆخی ڕێزمانی، تیۆری سیتا، تیۆری ئێکس_بار، تیۆری کۆنترۆڵ، تیۆری بەندێتی/ سنووردارکردن. بۆ زانیاری دەربارەی ئەم تیۆرانە، بڕوانە: (Horrocks, G., 1993)، (Ouhalla, J., 1994)، (Cook, V. & Newson, M., 1997)، (Culicover, P., 1997)، (Haegeman, L., 1998).

## ١-٢/١) بنەما لە زمانە سروشتییەکاندا

ئەو زمانە سروشتییانەی[*]، کە لە جیهاندا هەن‌و قسەیانپێدەکرێت، لە یەکتر جیاوازن‌و ژمارەیان بە چەند هەزارێک دادەنرێت، بەڵام لە نێوانیاندا ناوکۆیی هەیەو لە گەلێک چشتدا لەیەکتردەچن. تیۆری بنەماو پارامێتەر لە ڕێگەی خستنەڕووی هەردوو چەمکی بنەماو پارامێتەرەوە، مەبەستێتی لایەنە هاوبەش‌و جیاوازەکانی نێوان زمانە سروشتییەکان/ زمانەکانی مرۆڤ دەربخات‌و ڕوونیانبکاتەوە. بنەماکان ئەو ئەدگارە گشتییانەن، کە بە شێوەیەکی باو لە هەموو زمانەکاندا هەن، کە ئەمەش بەهۆی بوونی ڕێزمانی جیهانییەوەیە. بڕوانە: (Ouhalla, J., 1991: 154)، (Trask, R., 1993: 218). بۆ نموونە بنەمای دروستەی پاڵپشتی‌و بنەمای پرۆژەسازدان (وەک دواتر لەبارەیانەوە دەدوێین)، ئەو لایەنانەی ڕێزمان/ سینتاکس دەردەبڕن، کە لە نێوان زمانەکاندا ناگۆڕێن.

ڕێزمانی بەرهەمهێنان، بە تایبەت تیۆری بنەماو پارامێتەر، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا (ا) زمان توانستێکی بایلۆژییە، (ب) منداڵ دەزگایەکی زمانوەرگرتنی هەیە، کە بریتییە لە بنەماو یاساو بە ڕێزمانی جیهانی ناسراوە. بڕوانە: (Chomsky, N., 1986a: 22)، (Katamba, F., 1993: 8)، (مەحویی، محەمەد، ب-٢٠٠١: ١٦). کەواتە کۆزانیاریی مرۆڤ لەبارەی زمانەکەیەوە زگماکییەو بە بۆماوەیی بۆی دەگوازرێتەوە. سەرچاوەی کۆزانیارییە زمانییەکە ڕێزمانی جیهانییە، کە ئەمیش وەک چۆمسکی خۆی دەڵێت: "ڕێزمانی جیهانی دەکرێت وەک سیستەمی بنەماکان سەیربکرێت/ بیریلێبکرێتەوە، کە لە نێوان پۆلە زمانە جیاوازەکاندا هاوبەشەو پێش قۆناغی ئەزموونکردن، لە هەر تاکێکدا بەردەستە". (Haegeman, L., 1998: 13).

بنەماکان پەیوەستن بە نەخشەی بۆماوەیی زمانەوە، منداڵ لە لەدایکبوونییەوە پێیبەخشراوەو پێویست بەوە ناکات، کە لە ژینگەو دەوروبەرەوە وەریبگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، منداڵ پێشوەختە بە کۆزانیارییەکی بنچینەیی زمان (ڕێزمانی جیهانی) پرۆگرامکراوە، کە سیستەمێکی ئاوەزیی دیاریکراوی جێنەتیکییەو بە شێوەیەکی بایلۆژی لە مێشکی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەر زمانێکی سروشتی/ ڕێزمانی ئاڵۆزی هەر زمانێک، وەربگرێت‌و فێرببێت. بڕوانە: (Radford, A., 1998: 11)، (Aitchison, J., 1999: 28)، (Fromkin, V. & et al, 2000: 718). لە بەڵگە بەهێزەکانی بایلۆژیبوونی زمان ئەوەیە، کە: (ا) منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی

---

[*] شایەنی گوتنە لێرەدا مەبەست لە زمانی سروشتی تەنها زمانی مرۆڤە، چونکە زمانە سروشتییەکان زمانی مرۆڤ‌و زمانی سیماو دەست‌و دەموچاوبەکارهێنان‌و زمانی هەنگ‌و هەندێک زمانی تر دەگرێتەوە. بڕوانە: (مەحویی، محەمەد، ب-٢٠٠١: ٨).

ژیانیدا لەباریدایەو لە توانایدایە ئەو دەربڕاوانە بەرهەمبهێنێت، کە لەوەپێش بە هیچ جۆرێک نەیبیستوون. بڕوانە: (مەحویی، محەمەد، ب-٢٠٠١: ٤٠). (ب) منداڵان لە سەرانسەری جیهاندا تارادەیەکی زۆر بە هەمان شێوەو ڕێگە زمان وەردەگرن، سەرەڕای ئەوەی ژینگەو بارودۆخی زمانییان جیاوازە. چاودێریکردنی منداڵان لە قۆناغەکانی وەرگرتنی زمانە جیاوازەکان لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، ئەوە دەردەخات، کە قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لەلای منداڵان، هاوشێوەن‌و بە ئەگەرێکی زۆرەوە جیهانین. بڕوانە: (Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams, N., 2011: 329-330). (پ) سنووردارییی زەمەنی زمانوەرگرتن لەلای منداڵ، (لینبێرگ) لە کتێبەکەیدا (بنەما سروشتییەکانی زمان) بەڵگەیەکی زۆر دەخاتەڕوو، کە دەریدەخەن قۆناغی زمانوەرگرتن لە نێوان (٢-١٢)ساڵیدا سنوورداربووە، واتە منداڵ پێش دوو ساڵی، ناتوانێت لایەنە سەرەکییەکانی زمان فێرببێت، ئەگەر بە هەر هۆکارێکیش تاوەکو دوانزە ساڵی زمان فێرنەبێت، ئەوا بۆ هەتاهەتایە ئەگەری فێربوونی زمان لەدەستدەدات. وادیارە ئەم سنووردارببوونە پەیوەندیی بە پێکهاتەو گەشەی مێشکەوە هەبێت[*]. بڕوانە: (باتنی، محەمەد ڕەزا، ٢٠١٥: ١٦٩).

بەپێی ئەوەی لە سەرەوە گوترا، بنەماکان بەشێکن لە پێکهاتەی ئاوەزی مرۆڤ، کە لە زمانەکاندا هەمەچەشن نین‌و ناگۆڕێن، بەڵکو جیهانین‌و بە شێوەیەکی بایلۆژی لە مێشکی مرۆڤدا هەن‌و پەیوەستن بە فاکەڵتیی زمان (Language Faculty)ەوە. مرۆڤ بەهۆی ئەو فاکەڵتییەی، کە لە مێشکیدایە (بە مەرجێک گرفتو کەموکوڕیی نەبێت)، دەتوانێت فێری هەر زمانێک ببێت، چونکە توانستی زمانی، بە تەنها بۆ زمانێکی دیاریکراو نییەو بەبێ جیاوازی، هی هەموو زمانەکانە. لەم ڕوانگەیەوە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکییانە نییە، ئەگەر وادابنرێت، کە هەندێک لە تاکەکان (بۆ نموونە ئەوانەی دەبن بە قسەکەری ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی) بە ڕێزمانێکی تایبەتی زمانی ئینگلیزییەوە لەدایکبووبێتن، کە

---

[*] سنووردارییی زەمەنی زمانوەرگرتن ئەگەر لە لایەکەوە بەڵگەی بایلۆژییبوونی زمان بێت، بەوەی ئەگەر زمان بە تەواوەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بووایە، ئەوە دەبوو مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدا بووایە، بە مەرجی بوونی لە کۆمەڵدا، بیتوانیایە زمان وەربگرێت، بەڵام وەک سەڵمێنراوە بەو جۆرە نییە، لە لایەکی دیکەوە دەرخەری ڕۆڵو گرنگیی ژینگەو کۆمەڵە لە فێربوون‌و وەرگرتنی زماندا، چونکە ئەگەرچی زمان لە بنەڕەتدا بایلۆژییەو بە بۆماوەیی بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە، بەڵام کارابوونی ئەم لایەنە بایلۆژییەی زمان، لە کۆمەڵدا دەبێت. چەندین منداڵ لە دارستان‌و شوێنە پەنهان‌و دوورەدەستەکان دۆزراونەتەوە، کە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، لە مرۆڤ دابڕاون‌و تا تەمەنی (١٢) ساڵی، یان زیاتر، دوور لە خەڵکو کۆمەڵ ژیاون، ئەمانە هەوڵی زۆریان لەگەڵ دراوە (هەندێک لەو هەوڵانە لە ڕێگەی بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتیشەوە بوون)، بۆئەوەی فێری زمان بکرێن، بەڵام ئەنجامی هیچ کام لەو هەوڵانە دڵخۆشکەر نەبوون. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams, N., 2011: 22-24)، (باتنی، محەمەد ڕەزا، ٢٠١٥: ١٥٠-١٧٧).

پێشوەختە لە مێشکیاندا گەنجکرابێت. بڕوانە: (Haegeman, L., 1998: 12). هەڵبەت ئەمە بۆ زمانەکانی دیکەیش هەمان چشتە. ئەی کەواتە بۆچی زمانەکان خاوەنی ڕێزمانی جیاوازن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، بڕوانە پارو وەچەپارەکانی دواتری ئەم بەشە.

گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە توانستە زمانییە زگماکییەکە (UG) تایبەتە بە مرۆڤ، پێڕەوەکانی دیکە (بۆ نموونە پێڕەوی زمانی سەگ) ئەم توانستەیان پێنەدراوە، هەربۆیە ناتوانن زمانی مرۆڤ فێرببن. بڕوانە: (Haegeman, L., 1998: 13)، (Cook, V. & Newson, M., 2007: 47). چۆمسکی پێیوایە توانای قسەکردنو وەرگرتنی زمان تەنها هی مرۆڤەو لەنێو زمانە سروشتییەکاندا، بنەماکان تایبەتن بە زمانی مرۆڤو ڕەنگدانەوەی سروشتیی مێشکی مرۆڤن. وەرگرتنی زمان توانایەکە هەموو مرۆڤەکان هەیانە، بەبێ ڕەچاوکردنو گەڕاندنەوە بۆ ئاستی زیرەکیی گشتییان. لەم بارەیەوە زانیاریی زیاتر لە (Radford, A., 2009: 7)دا دەبینرێت.

سەرباری لایەنی بایلۆژیی زمان، بنەماکان ئەو لایەنانەی ڕێزمانیش دەگرنەوە، کە لە هەموو زمانەکاندا وەکیەکن، وەک دروستەی پاڵپشتی/ وابەستەگێتی (Structure-dependency)و بنەمای پرۆژەسازدان (The Projection Principle). دروستەی پاڵپشتی، کە بنەمایەکی سینتاکسیی هاوبەشی زمانەکانە، بە لایەنی کەمەوە لە (Chomsky, 1971)ەوە بۆ ناساندنی بیرۆکەی بنەماکان بەکارهاتووە. بەپێی ئەم بنەمایە، کۆزانیاریی زمانی زیاتر پشت بە پەیوەندییە دروستەییەکانی ناو ڕستە دەبەستێت، وەک لە سەرەوڕیزبوونی زنجیرەییی وشەکان. بۆ تێگەیشتن لە بنەمای دروستەی پاڵپشتی، سەرەتا پێویستە قسە لەسەر چەمکی دروستەی فرێز بکرێت، کە لە ناویدا پەیوەندییە دروستەییەکان ڕوودەدەن. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 1997: 3-4).

بیرۆکەیەکی سەرەکیی زمانەوانی لە سالآنی (١٩٣٠)یەکانەوە ئەوە بووە، کە ڕستە لە فرێز پێکدێت. بڕوانە (٩).

(٩) کچەکە کێکێکی دروستکرد.

ڕستەکەی سەرەوە لە دوو فرێز پێکهاتووە، کە ئەوانیش فرێزی ناویی {کچەکە}و فرێزی کرداریی {کێکێکی دروستکرد}ن. هەریەک لەو فرێزانەیش بۆ پارچەی بچووکتر دابەشدەبن. فرێزە ناوییەکە بۆ ناوی /کچ/و دیارخەری /ـەکە/، فرێزە کردارییەکەیش بۆ کرداری /دروستکرد/و فرێزی ناویی {کێکێک} شیدەکرێنەوە. فرێزی ناویی {کێکێک}یش دیسان بۆ ناوی /کێک/و دیارخەری /ـێک/ وردەکرێتەوە. بەم شێوەیە یاساکانی دروستەی فرێز، ڕستە بۆ سەگمێنتی بچووکو بچووکتر

دابەشدەکەن[*]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕستە تەنها لێکەوتەی ڕیزە وشەیەکی بەدواییەکداهاتوو نییە، بەڵکو لە چەند فرێزێک بەرهەمهاتووە، کە بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی تەواوو بێکەموکوڕی، پێکەوە لە پەیوەندیدان.

لە لایەکی دیکەوە بنەمای دروستەی پاڵپشتی، کاریگەریی لەسەر گەیاندنی واتای ڕستەکان هەیە. بڕوانە (١٠)و (١١).

(١٠) کاروان گوتی، کە بەڕێوەبەرەکە ئەو بۆ ئەنجامدانی کارەکە ڕادەسپێرێت.

(١١) کاروان گوتی، کە بەڕێوەبەرەکە خۆی بۆ ئەنجامدانی کارەکە ڕادەسپێرێت.

ئاخێوەرانی زمانی کوردی ئەوە دەزانن، کە لە (١٠)دا جێناوی سەربەخۆی /ئەو/ بۆ /کاروان/ دەگەڕێتەوە، نەک /بەڕێوەبەرەکە/، بەڵام لە (١١)دا جێناوی خۆییی /خۆی/ بۆ /بەڕێوەبەرەکە/ دەگەڕێتەوە (هەرچەندە لەڕووی واتاوە نامۆ دەبێت)، نەک /کاروان/. جێناوی خۆییی /خۆی/ پێویستە بۆ کەسێک بگەڕێتەوە، کە لە هەمان بەشی ڕستەکەدا ئاماژەی بۆ کرابێت، بەڵام جێناوی سەربەخۆی /ئەو/ دەبێت بۆ کەسێک بگەڕێتەوە، کە لە بەشەکەی دیکەی ڕستەکەدا بوونی هەبێت، یان لە هیچ کام لە بەشەکانی ڕستەکەدا ئامادەیی نەبێت (کەسێکی نادیار). ئەو واتایەی، کە هەریەک لە جێناوی سەربەخۆی /ئەو/و جێناوی خۆییی /خۆی/ دەیگەیەنن، بەوەی، کە بۆ کێ دەگەڕێنەوە، واتە زانینی ئەوەی، کە /ئەو/و /خۆی/ کامەیان بەشە پەیوەستەکەی ڕستیلەکەیە/ ڕستە شوێنکەوتووەکەیەو

---

[*] پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە:

ا- بەپێی یاساکانی دروستەی فرێز، ئەو فرێزانەی، کە لە ناوێکو دیارخەرێک پێکهاتوون، ناوەکە سەری فرێزەکەیە، نەک دیارخەرەکە، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لە ڕێگەی تیۆری (X-bar)ەوە ئەنجامدراون، دیارخەرەکە دەبێتە سەری پرۆژەسازدەرو هەڵگری ناوی فرێزەکە. بڕوانە:

١/٢-٢-١-١) پارامێتەری سەر لە فرێزی ناویدا

١/٢-٢-١-٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی دیارخەریدا

ب- بەپێی یاساکانی دروستەی فرێز، ڕستە لە فرێزێکی ناویو فرێزێکی کرداری دروستبووە، کە ئەوانیش یەکەی زمانیی بچووکتر لەخۆدەگرن، بەڵام وەک ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە، بەپێی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنو تیۆری (X-bar)، بونیاتنانی پرۆژەی ڕستە هەنگاو بە هەنگاو _لە (VP)یەوە بۆ (TP)و لەویشەوە بۆ (AgrP)_ بەڕێوەدەچێت. بڕوانە:

٣/١) پرۆژە سینتاکسییەکانو چۆنیەتیی بونیاتنانیان

١/٢-٢-٢-٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی ڕێککەوتندا

کامەشیان بەشە پەیوەستەکەی نییە، پشت بە کۆزانیاریمان دەربارەی دروستەی ڕستیلەی ڕستەکە دەبەستێت.

هەموو ئەو چەمکو لێکدانەوانەی، کە دروستەی پاڵپشتی لەخۆیاندەگرێتو لێرەدا بە کورتی لەبارەی هەندێکیانەوە دواین*، تێکڕای زمانەکان تیایاندا هاوبەشن. بەمپێیە دروستەی پاڵپشتی تایبەتمەندییەکی سینتاکسیی سەرجەم زمانەکانە (بنەمایەکی ڕێزمانی جیهانییە)و ئاخێوەری هەر زمانێک لەناو کۆزانیارییە زمانییەکەیدا، ئەم بنەمایە هەیە. دەربارەی بنەمای دروستەی پاڵپشتی، زانیاریی زیاتر لە (Cook, V. & Newson, M., 1997: 3-13)دا دەستدەخرێت.

ئەوەی پەیوەندیی بە بنەمای پرۆژەسازدانەوە هەبێت، "پێواژۆی یەکگرتنی یەکلەدواییەکی زنجیرە دووپەلکییەکانە، تێیدا مەرجی یەکگرتنی جووتە توخمە پێکهێنەرەکان بۆ بونیاتنانی دروستەی گەورەتر، لە دوو هەنگاودا جێبەجێدەکرێت: (ا) دروستکردنی پرۆژەی ناوەندیی $\bar{X}$ لە سنوری VP دا، (ب) ئاڕاستەکردنی پرۆژە ناوەندییەکە وەک بنەمای بونیاتنانی پرۆژەی مەزن XP". (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٦٤). پرۆژەسازدان بنەمایەکی دیکەی ڕێزمانی جیهانییەو لە ڕێگەیەوە پرۆژە سینتاکسییەکانی فرێز لە هەموو زمانەکاندا، بە هەمان ڕێوشوێنو میکانیزم، کە پابەندبوونە بە دوو بنەماوە (بڕوانە خوارەوە)، بەرهەمدەهێنرێن**.

**١. بنەمای هەبوونی سەر Headedness Principle:** هەموو دروستەیەکی سینتاکسیی فرێز پرۆژەی سەرێکی ڕێزمانییە.

**٢. بنەمای دووپەلکی Binarity Principle:** هەموو دروستەیەکی سینتاکسیی فرێز بەهۆی یەکگرتنی دووپەلکییانەی سەرو تەواوکەرەوە دروستدەبێت. بڕوانە: (Radford, A., 2009: 61)، (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٦٦). هەروەها بشڕوانە (٣/١-٢)ی ئەم بەشە.

لە ڕاستیدا ئەو دوو بنەمایە تەنها تایبەت نین بە دروستەی سینتاکسیی فرێزەوە، بەڵکو پێویستیی خورتیی بونیاتنانی تێکڕای دروستە سینتاکسییەکانن، بەڵام بنەمای پرۆژەسازدان تەنها قۆناغی

---

* بنەمای دروستەی پاڵپشتی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە جوڵانو گواستنەوەی فرێزەکان بۆ بەرهەمهێنانی (دروستەی بکەرنادیار، دروستەی پرسیاری، . . . تاد) لە ڕستەدا، پشتبەست بە پەیوەندییە دروستەیییەکانی ناو ڕستەوە جێبەجێدەبێت، نەک ڕیزبەندیو بەدواییەکداهاتنی وشەکان.

** جێی باسە لە لایەکی دیکەوە بنەمای پرۆژەسازدان بە تیۆری ڕۆڵی بابەتانە (سیتا)وە پەیوەستدەکرێت. لەم ڕووەوە بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 1997: 163-173)، (Haegeman, L., 1998: 49-73)، (حسەین، شیلان عومەر، ٢٠١٢: ١١٤-١٣٠).

بەرهەمهێنانی پڕۆژەی فرێزە، واتە ناگاتە ئاستی ڕستە، پڕۆژەی ڕستە لە ڕێگەی فرێزی تافەوە لە چوارچێوەی بنەمای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو (The Extended Projection Principle)دا سازدەکرێت. "بەپێی بنەمای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو، هەموو ڕستەیەک دەبێت بکەری هەبێت"، (Haegeman, L., 1998: 68)، (Crystal, D., 2008: 390-391)، بۆیە فرێزی تاف بە بکەرەوە لەناو فرێزی ڕێککەوتندا دەشکێتەوەو ڕستەیەکی سادە بەرهەمدێت. بڕوانە (١٢)و (١٣).

(١٢) [نامەکە نار]$^{VP}$ ← (پڕۆژەسازدان)

(١٣) ا. [[نامەکە نار]$^{VP}$ د]$^{TP}$ من (پێکهاتەی واتایی/ دروستەی قووڵ)

↓

ب. من نامەکە ناردم (قۆناغی پێش_ڕستەیی) ← (پڕۆژەسازدانی فراوانکراو)

↓

پ. من نامەکەم نارد. (ڕستە)

لە (١٢)دا ڕەگی کردارەکە ($V^0$)، کە سەرێکی ڕێزمانی_فەرهەنگییە*، بەپێی بنەمای پڕۆژەسازدان تەواوکەرێکی لە جۆری فرێزی دیارخەری هەڵاوێرکردووەو فرێزێکی کرداری (VP)ی بەرهەمهێناوە. لە (١٣–ا)دا فرێزە کردارییەکە بووە بە تەواوکەرێکی سینتاکسی بۆ سەری ڕێزمانی_ئەرکیی تاف ($T^0$)و پێکەوە (فرێزە کردارییەکەو تافەکە)، کە فرێزی تاف (TP) پێکدەهێنن، لەڕێی پڕۆژەسازدانی فراوانکراوەوە، بکەرێکیان داواکردووە. ڕیزبوونی کەرەستەکان لەم قۆناغەدا (قۆناغی پێکهاتەی واتایی) لەسەر بنەمای واتایە، هەربۆیە ڕیزبوونێکی جیهانییەو بۆ ڕستەی هەموو زمانە سروشتییەکان هەر بەو جۆرەیە. دوای ئەم قۆناغە نواندنی سینتاکسی دەستپێدەکات، کە بۆ زمانی کوردی بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی تەواوو بێکەموکوڕی، دوو قۆناغی دیکە/ دوو گواستنەوەی بەخورتی (بڕوانە: ١٣–ب، ١٣–پ)، بەخۆوە دەبینێت. لە بەشی دووەمو لە بابەتی "پارامێتەری سەر لە فرێزی ڕێککەوتندا"، بە وردی لەبارەی چۆنیەتیی بونیاتنانی ڕستەیەکی تیۆرەتەسەل لە قۆناغی پێکهاتەی واتاییەوە بۆ قۆناغی

* ئەگەرچی ڕەگی کردار لێکسیمێکی ناسەربەخۆیە/ لێکسیمێکە، کە بەکارهێنانی سەربەخۆی نییە (جگە لەو ڕەگانەی، کە بە پرۆسەی بەلێکسیمبووندا ڕۆیشتوونو بوونە بە وشە/ ناو)و فۆرمی ناوی کردارەکان لێکسیمی سەربەخۆی ناو فەرهەنگن، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی لەو بۆچوونە دەکرێت، کە ڕەگی کردار فۆرمی فەرهەنگیی کردارە، نەک ناوی کرداری.

ڕستەیی، دەدوێین. لێرەدا هێنانەوەی نموونەکانی (١٢، ١٣) تەنها بۆ ئەوەیە، ڕوونبکرێتەوە، کە دروستە سینتاکسییەکانی فرێزو ڕستە لە هەر زمانێکدا بن، پەیوەست بە بنەمای پڕۆژەسازدانو پڕۆژەسازدانی فراوانکراوەوە، بە ڕەچاوکردنی بنەمای دووپەلکی، لەلایەن سەرێکی ڕێزمانییەوە بەرهەمدەهێنرێن. ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە، کە پڕۆژەسازدانو پڕۆژەسازدانی فراوانکراو بنەمای گشتیو جیهانین.

هەموو ئەوانەی، کە دەربارەی بنەما لە زمانە سروشتییەکاندا/ زمانەکانی مرۆڤدا گوتران، دەکرێت لەوەدا کورتبکرێنەوە، کە بنەماکان: (ا) لایەنی بایلۆژیی زمان، (ب) لایەنە ناوکۆیییەکانی سینتاکس/ ڕێزمان لە نێوان زمانەکاندا، دەگرنەوە.

## ٢-٢/١) پارامێتەر وەک تەواوکەری بنەما


وەک لە (١-٢/١)دا قسەی لەسەر کرا، مرۆڤ کۆزانیارییەکی زگماکیی هەیە، کە لایەنی بایلۆژیی زمان دەگەیەنێتو بە بنەما ناودەبرێت، بەڵام بنەما بۆ وەرگرتنی زمان بە تەنها بەس نییە، چونکە ئەگەر وەرگرتنو فێربوونی زمان تەنها پەیوەست بووایە بە بنەماوە، ئەوە دەبوو مرۆڤ لە هەر شوێنێکو لە هەر کاتێکدا لەدایکببوایەو لە هەر بارودۆخێکیشدا بژیایە، بیتوانیایە بە هەر زمانێک، کە خۆی بیەوێت، قسەبکات. دروستتر بڵێین لە جیهاندا ئەو هەموو زمانە جیاوازانە نەدەبوون، هەموو مرۆڤەکان بە یەک زمان قسەیاندەکرد، ئەوکاتیش پێویستی بەوە نەدەکرد، مرۆڤ هەوڵی دروستکردنی زمانی دەستکردی جیهانی بدات.

لە کاتێکدا چەند بنەمایەکی ڕێزمانی، جیهانینو دروستەی بنچینەیی ڕێزمانیی زمان دیاریدەکەن، ژمارەیەکی زۆر جیاوازیو هەمەچەشنییش (پارامێتەر) هەن، کە منداڵ دەبێت لە پڕۆسەی زمانوەرگرتندا فێریانببێت. کە دەگوترێت بنەماکان دروستەی ڕێزمانیی زمان دەستنیشاندەکەن، ئەمە بەو مانایە نایەت، کە هەموو لایەنەکانی دروستەی ڕێزمانیی زمان، لەلایەن بنەماکانەوە دیارییبکرێن، چونکە ئەگەر وابووایە، ئەوە دەبوو هەموو زمانەکان هەمان دروستەی ڕێزمانییان هەبوایەو فێربوونی زمانیش تەنها پێویستی بە فێربوونی وشە دەبوو، بەبێ ئەوەی فێربوونی دروستەیی، بەشێک بووایە لە پڕۆسەی فێربوونی زمانەکە. بڕوانە: (Radford, A., 2004: 16). بۆ نموونە وەچەپێکهێنەرە خورتییەکانی ڕستە لە هەر زمانێکدا بێت، بریتین لە (بکەر، بەرکار، کردار). ئەمە بنەمایە، بەڵام چۆنیەتیی ڕیزبوونیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازەو دەگۆڕێت. ئەمەیان پارامێتەرە، کە بە پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە (Word-order parameter) ناودەبرێت.

### ١-٢-٢/١) پارامێتەر، چەمکو تێڕوانین

تیۆری بنەماو پارامێتەر تەنها ئەو بنەمایانە ناگرێتەوە، کە لە نێوان زمانەکاندا هاوبەشن، بەڵکو ئەو تایبەتمەندییە سینتاکسییانەیش/ ڕێزمانییانەیش لەخۆدەگرێت، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێنو بە پارامێتەر ناودەبرێن. بەمپێیە پارامێتەر لە تیۆری (GB/ P&P)دا ئاماژە بۆ ئەو جۆرانەی هەمەچەشنی دەکات، کە لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا هەن. بڕوانە: (Crystal, D., 2008: 349). لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە: "پارامێتەرەکان سێتێک لە بژاردەی تایبەتیی زمانن، کە وادانراوە لەگەڵ بنەما جیهانییەکاندا بۆ پێکهێنانی ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراو، یەکدەگرن/ کارلێکدەکەن". (Jaeggli, O. & Safir, K., 1989: 2).

پارامێتەر پەیوەستە بەو ئەزموونانەوە، کە مرۆڤەکان لە ژینگەی کەلتووریو کۆمەڵایەتیی جیاوازدا هەیانە. ئەزموونی زمانیی مرۆڤەکان بەپێی زمانە جیاوازەکان دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بەرکەوتنی لەگەڵ داردەو داتای زمانیی جیاوازدا دەبێت. ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ڕێزمانی جیاواز دروستبێت. بڕوانە: (Smith, N., 2004: 157). فاکەڵتیی زمان لەسەر بنەمای ئەو تێکردە ئاخاوتنییەی، کە منداڵ (مرۆڤ) لە ژینگەو دەوروبەرەوە وەریدەگرێت/ لەسەر بنەمای ئەزموونی زمانی، ڕێزمانی زمانێک/ ڕێزمانێکی دیاریکراو بە منداڵ دەبەخشێت. دەکرێت پرۆسەکە وەک ئەم هێڵکارییەی خوارەوە وێنابکرێت.




هێڵکاریی (٣)*

منداڵ لە قۆناغی زمانوەرگرتندا، سەرنجی بەکارهێنانی زمان لەلایەن کەسانی دەوروبەرییەوە دەدات، ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە دەیانبیستێت، ئەزموونی زمانیی منداڵەکە پێکدەهێنن. ئەم ئەزموونە زمانییە دەبێت بە تێکردە (Input) بۆ فاکەڵتیی زمانی منداڵەکەو دەرکردە (Output)ی پرۆسەکەیش، ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراو دەبێت. بڕوانە: (Radford, A., 2009: 6-7). کەواتە جیاوازییەکانی نێوان ڕێزمانی زمانە جیاوازەکان، بۆ ئەو ئەزموونە زمانییە دەگەڕێتەوە، کە منداڵان لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا، بەرکەوتنیان لەگەڵیدا دەبێت. ئەوە ئەزموونە زمانییەکەیە، کە

* ئەم هێڵکارییە بە دەستکارییەکی کەمەوە لە (Radford, A., 2009: 7)ەوە وەرگیراوە.

ڕێزمانێکی دیاریکراو، لەو سنوورەی، کە ڕێزمانی جیهانی ڕێگەپێیداوە، بۆ زمانێکی دیاریکراو دەستنیشاندەکات.

پارامێتەرەکان خاوەنی تایبەتمەندییەکی گشتین، کە ئەویش تایبەتمەندیی (دووانەیی/ دوولایەنی)یە. ئەم تایبەتمەندییە چەندێتیی ئەو هەمەچەشنییە دروستەییەی، کە لە نیوان زمانەکاندا هەن، سنووردادەکات. لەم ڕووەوە هەر پارامێتەرێک دوو بژاردەی لەبەردەستدا دەبێت، کە ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا. بەپێی ئەم تایبەتمەندییە، هەر پارامێتەرێک دوو بەها لەخۆدەگرێت، زمانێک دەتوانێت یەکێک لەو دوو بەهایە هەڵبژێرێت، نەک هەردووکیان. بەمپێیە دەکرێت بگوترێت، سنووردارکردنێکی جیهانی بۆ هەمەچەشنیی پارامێتەرەکان هەیە. ڕێزمانی جیهانی بۆ هەر پارامێتەرێک بژاردەی دوولایەنیی بەهاکان دیاریدەکات، زمانەکان دەبێت یەکێک لەو بژاردانە هەڵبژێرن، کە ڕێزمانی جیهانی ڕێگەیپێیداون. بۆ نموونە لە پارامێتەری سەردا زمانێک دەبێت، یان سەرسەرەتا بێت، یان سەرکۆتا. لە پارامێتەری بکەرخراودا زمانێک دەبێت، یان لەو زمانانە بێت، کە ڕێگە بە دەرنەبڕینی بکەر دەدەن، یان بە پێچەوانەوە. بڕوانە: (Radford, A., 1998: 17)، (White, L., 2003: 9)، (Radford, A., 2004: 20). پێویستە ئەوە بگوترێت، کە ئەگەرچی تایبەتمەندیی دووانەیی/دوولایەنی وەک تایبەتمەندییەکی گشتیو جیهانی بۆ پارامێتەرەکان دانراوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە هەموو چەشنەکانی پارامێتەردا، مەرج نییە ئەم تایبەتمەندییە وەکخۆی/ بە تەواوەتی لە زمانێکدا جێبەجێبێت.

ئەوەی، کە لە (٢/١-١)و (٢/١-٢)و (٢/١-٢-١)دا خرایەڕوو، بەوەمان دەگەیەنێت، کە بڵێین: زمان لە بنەڕەتدا بریتییە لە بنەماو پارامێتەر. ئەمەش لە ڕاستیدا دیدو تێڕوانینی چۆمسکی خۆیەتی لەبارەی زمانەوە، کە لە (Chomsky, 1981)و (Chomsky, 1986a)و (Chomsky, 1986b)دا بانگەشەی بۆ کردووە. لەو بەرهەمانەدا چۆمسکی وایدادەنێت، کە بنچینەی زمانی مرۆڤ دەبێت هەردوو پێکهاتەی بنەماو پارامێتەر لەخۆبگرێت. بنەما پێشنیازکراوەکانی چۆمسکی هەمەچەشن نینو بەسەر هەموو زمانە سروشتییەکاندا جێبەجێدەبن. لە بەرانبەردا پارامێتەرەکان ژمارەیەکی دیاریکراو بەهای کراوەیان هەیە، کە جیاوازیی نێوان زمانەکان پیشاندەدەن. بڕوانە: (Mitchell, R. & Myles, F. & Marsden, E., 2013: 62). ئەو هاوبەشیو جیاوازییانەی، کە لە نێوان زمانەکاندا هەن، بیری چۆمسکییان بۆ ئەوە بردووە، کە زمان بە مرۆڤ بەراورد بکات. لەم ڕووەوە دەڵێت: "زمانەکان لە مرۆڤەکان دەچن، بەوەی کە هەرچەندە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە، کە لەوانی دیکە جیایاندەکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێک کوالیتی لە هەموویاندا هاوبەشە". (Chomsky, N., 1965: 5).

ئەگەرچی ئاماژەدان بە هەردوو چەمکی بنەماو پارامێتەر وەک دوو بەشی سەرەکیی زمان لەلایەن چۆمسکییەوە، بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی (Lectures on Government and Binding,

1981)، پاشانیش لە بەرهەمەکانی دواتریدا زیاتر لەسەریان دواوە، بەڵام دەکرێت بگوترێت ئەم دوو چەمکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە دوو تێرمی دیکەوە هەیە، کە چۆمسکی لە ساڵی (١٩٦٥) لە بەرهەمی (Aspects of The Theory of Syntax)دا، کە بە تیۆری ستاندارد (Standard Theory) ناسراوە، ئاماژەیپێداون، کە ئەوانیش توانست (Competence)و توانا (Performance)ن. لەبارەی ئەم دوو زاراوەیەوە چۆمسکی دەڵێت: توانست کۆزانیاریی قسەکەرو گوێگرە لەسەر زمانەکەیان. تواناییش بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانە لە بارودۆخە بەرجەستەکاندا/ کۆنکرێتییەکاندا. (Chomsky, N., 1965: 4). بەم شێوەیە دەبینین توانست هەر لایەنە بایلۆژییەکەی زمان دەگرێتەوە، کە وەک یاساو بنەما بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە ئاوەزی هەر مرۆڤێکدا هەیەو بەهۆیەوە دەتوانێت بێسنوور ڕستە بەرهەمبهێنێتو لێیانتێبگات، تەنانەت لەو ڕستانەیش بگات، کە پێشتر بەکارینەهێناون‌و نەیبیستوون. هەرچی توانایە بەرجەستەکەری توانستە، واتە بەرهەمهێنانی ڕستەو دەربڕاوە زمانییەکانە بە شێوەیەکی کارەکی‌و ڕاستەقینە، لەسەر بناغەی توانستە زگماکییەکە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە توانا ڕەنگدانەوەی تەواوی توانست بێت، لە ڕاستیدا هیچ کات توانستو توانا بە تەواوەتی پەیکاڵی یەکتر نابن، بەڵام بۆئەوەی توانا لە توانست نزیکبکەینەوە، دەبێت: (ا) ڕستەی بێگەردو بێکەموکوڕی وەک داتا وەربگرین، (ب) وەرگرتنی داتاکە لە کەسی ڕەسەنی زمانەکە بێت، کە توانایەکی زۆری بۆ زاڵبوون‌و دەسەڵاتشکاندنەوە بەسەر زمانەکەدا هەبێت، کە چۆمسکی خۆی بە (کەسی نموونەیی) ناویدەبات. لەگەڵئەمەشدا لەبەرئەوەی توانست ناوەکییەو بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە مێشکدایە، بۆیە ڕستە بێگەردو کەسە نموونەییەکانیش ناتوانن گوزارشتی تەواو لە توانست بکەن. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی (توانست)و (توانا)، بڕوانە: (Chomsky, N., 1965). بەم جۆرە زاراوەکانی بنەما لەگەڵ توانستو پارامێتەر لەگەڵ توانا، لێکنزیکییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئەو واتاو چەمکەی، کە بنەما لەڕووی بۆماوەییی زمانەوە دەیگەیەنێت، بۆ توانستیش هەمان چشتە. ئەوەی پەیوەندیی بە پارامێتەرو تواناشەوە هەبێت، پارامێتەر بە واتایەکی سادە بریتییە لە جیاوازیی نێوان زمانەکان، تواناش بەکارهێنانی زمانە لە بارودۆخە دەروونی‌و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەگەیەنێت، کە جیاوازیی نێوان زمانەکان لە هەر پێکهاتەو ئاستێکدا بێت، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بەکارهێنانی زمانەوە هەیە.

### ٢-٢-٢/١) پارامێتەر لە نێوان فەرهەنگو ڕێزماندا

زانیارییە زمانییەکان لەناو توخمە فەرهەنگییەکاندا بە شێوەی ئەبستراکت هەڵگیراون‌و لە ڕێزماندا دەنوێنرێن. هەریەک لە توخمە فەرهەنگییەکان هەڵگری جۆرێکی جیاوازی زانیاریی زمانین، فۆنێمەکان

زانیاریی فۆنۆلۆژیو مۆرفیمەکانی دارشتن زانیاریی مۆرفۆلۆژیو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانو وشەکان زانیاریی سینتاکسییان تیادا گەنجکراوە. بڕوانە: (١/١). لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوەیە، گرنگە بپرسرێت: ئایا هاوشێوەی زانیارییە زمانییەکانی دیکە، پارامێتەر زانیارییەکی فەرهەنگییەو نواندنەکەی لە ڕێزماندایە؟ ئەگەر وەهایە، ئایا تایبەتە بە توخمێکی دیاریکراوی فەرهەنگی، یان زانیارییەکی زمانیی هاوبەشە لە نێوانیاندا؟

بۆ زانینی وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە ئاخۆ پارامێتەر زانیارییەکی فەرهەنگییە، یاخود نا، وەها پێویست دەکات، کە لە دیدو تێڕوانینی چۆمسکییەوەو پەیوەست بە بنەماو پارامێتەرەوە، باس لە پێواژۆی زمانپژان بکەین. چۆمسکی کاتێک قسە لەسەر زمانپژانی منداڵ دەکات، تیۆری مارکە (Theory of Markedness)و تیۆری کرۆکە ڕێزمان (Theory of Core Grammar) دەهێنێتەناو تیۆری زمانپژانەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە منداڵ دەبێت دەزگایەکی/ پرۆگرامێکی تایبەتی هەبێت، بۆئەوەی یارمەتیبدات، ئەو یاسا مارکەلێنەدراوانە بدۆزێتەوە، کە لە زمانە سروشتییەکاندا هەن. یاسا مارکەلێنەدراوەکان >کرۆکە ڕێزمان< پێکدەهێنن. بە یارمەتیی ئەو دەزگایە (ڕێزمانی جیهانی) منداڵ کرۆکە ڕێزمان فێردەبێتو بە خێراییەکی زۆر یاسا مارکەلێنەدراوەکان وەردەگرێت. بۆ یاسا مارکەلێدراوەکان (یاسا ناوازەکان) سەرچاوەیەکی یارمەتیدانی لەو جۆرە نییە، بۆیە منداڵ درەنگتر وەریاندەگرێتو فێریاندەبێت. بڕوانە: (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ٢).

ڕێزمانی جیهانی، کە بە قۆناغی بەرایی (Initial State)، یان قۆناغی سفر (Zero State) دەناسرێت، لە مێشکی منداڵدا وەک سیستەمی بنەماو پارامێتەرەکان بوونی هەیە، کە زانیاریی زمانیی منداڵە لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە. "بەپێی تیۆری ڕێزمانی جیهانی، هەموو مرۆڤێک لە لەدایکبوونییەوە سێتێک بنەماو پارامێتەری ئەبستراکتی پێبەخشراوە، کە شێوەی زمانەکان سنووردارەکەن/ دیاریدەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی زمانەکانی مرۆڤ لەیەکتر بچن". (Mitchell, R. & Myles, F. & Marsden, E., 2013: 62). ئەمە ئەو قۆناغەیە، کە هێشتا منداڵ ڕووبەڕووی زمانێکی دیاریکراو نەبووەتەوە، زانیارییەکانی ئەم قۆناغەی منداڵ بنەماو پارامێتەرەکانە. لەم قۆناغەدا پارامێتەرەکان هێشتا بەهایان دیارینەکراوە، منداڵ بەهای پارامێتەرەکان لەسەر بنەمای ئەزموون (هەبوونی زمانێک، کە لە دەوروبەری منداڵەکە قسەیپێدەکرێت) دیاریدەکات، واتە منداڵ بەپێی ئەو ژینگەیەی، کە تێیدایە، بەها بە پارامێتەرەکان دەداتو جێگیریاندەکات. ئەمەش قۆناغی پێکهێنانی کرۆکە ڕێزمان (Core Grammar)ە/ زمانی ناوەکی (The Internal Language)یە، کە بە قۆناغی جێگیر (Steady State) ناسراوە. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 2007: 49-50). پەیوەست بە دیاریکردنی بەها بۆ پارامێتەرەکان، بۆ نموونە

ئەگەر منداڵێک ئەزموونەکەی زمانی ئینگلیزی بێت، لە پارامێتەری سەردا یاسای (سەر + تەواوکەر) پەیڕەودەکات، نەک پێچەوانەکەی[*].


مێشکی منداڵ سەرەتا بە ڕووی هەر زمانێکی سروشتی (هەر زمانێکی مرۆڤ)دا کراوەیە، ئەم کراوەیییەی مێشک بە وەرگرتنی زمانێکی دیاریکراو نامێنێت. ئەوەی منداڵ پێویستە بیکات، ئەوەیە، کە لەسەر بنەمای ئەزموونە زمانییەکەی، ئەوە بدۆزێتەوە، کە زمانەکەی لە هەموو خاڵێکی هەڵبژاردندا، چ بژاردەیەکی هەڵبژاردووە. مەبەست لەوەیە، کە منداڵ لە کاتی زمانپژاندا، بەگوێرەی ئەزموونە زمانییەکەی/ بەپێی زمانی دایکی، بەهای پارامێتەرەکان دەستنیشاندەکات، چونکە وەرگرتنی زمانێک بە واتای ڕێکخستنی هەموو پارامێتەرەکانی ڕێزمانی جیهانی دێت، بە شێوەیەکی گونجاو. پارامێتەرەکان لە ژمارەدا سنووردارن، بەڵام لە وەرگرتنی زماندا کاریگەرییەکی گەورەو بەهێزیان هەیە. بە جۆرێک، کە دەتوانرێت بگوترێت، وەرگرتنی هەر زمانێکی دیاریکراو، لەسەر دەستنیشانکردنی بەهای پارامێتەرەکانی ئەو زمانە وەستاوە. بڕوانە: (Kemenade, A. & Vincent, N., 1997: 3)، (Fischer, O. & et al, 2004: 10)، (Cook, V. & Newson, M., 2007: 59).

لە دوای ئەوەی، کە منداڵ بەهای پارامێتەرەکان دیاریدەکاتو کرۆکە ڕێزمان پێکدێت، قۆناغی وەرگرتنو فێربوونی یاسا مارکەلێدراوەکان دەستپێدەکات. یاسا مارکەلێدراوەکان ئەوانەن، کە لەگەڵ مەیلی گشتیدا نارۆن، واتە پەیڕەوی لە یاسای گشتیی زمانەکە ناکەن. بۆ نموونە ڕێژەی فەرمانیی کرداری /هات/، کە /وەرە/یە[**]، یاسابەند نییە، چونکە فۆڕمێکی ناوازەی هەیەو وەک کردارە فەرمانییەکانی دیکەی زمانی کوردی، بە هەمان یاسا دروستنەبووە. کەواتە بە پێچەوانەی یاسا مارکەلێنەدراوەکانەوە، یاسای مارکەلێدراو کرۆکە یاسا نییە، بەڵکو لەیاسابەدەرەو دەچێتە چوارچێوەی تیۆری مارکەوە. بڕوانە: (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ٧-٨). هەروەها بشڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 2007: 49-59)، (مقدم، محمد دبیر، ١٣٩٣/ ٢٠١٤: ٤٢٤-٤٢٥). لە ڕوانگەی ئەو زانیارییانەوە، کە خرانەڕوو، پێواژۆی زمانپژان پەیوەست بە بنەماو پارامێتەرەکانەوە، لە هێڵکاریی (٤)دا پیشاندەدرێت.

---

[*] وەک زانیاریی سەربارو زیادە، دەربارەی ڕێکخستنی پارامێتەری سەر (Head Parameter Setting) لە فرێزە فەرهەنگییەکانی زمانی تورکیدا، بەپێی قۆناغەکانی زمانپژانی منداڵ لە تەمەنی (١٦) مانگییەوە، دەتوانیت بڕوانیتە ئەم توێژینەوەیە: (Ekmekci, F. & Can, C., 2000).

[**] "/بێ/ فۆرمی بنەڕەتیی ستانداردەکەیە، /وەرە/ ڕێزمانیی و ئیدیۆسینکراسییە و ڕونکردنەوەی نییە". (عەزیز، ئاریان سدیق، ٢٠٢٠: ١٤٠).




هێڵکاریی (٤)*

پێواژۆی زمانپژان بەو شێوەیەیە، کە منداڵ لە لەدایکبوونییەوە بە خۆڕسکی دەزگای زمانیی هەیەو خاوەنی یاساو ڕێسای گشتیی زمانە، پاشان بە زمانی دایکی، کە دەکاتە زمانێکی تایبەتو دیاریکراو، پڕیدەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زمانپژان پێواژۆیەکە، تێیدا ڕێزمانی تایبەتی (کرۆکە ڕێزمان) لەبەر ڕێزمانی گشتی (ڕێزمانی جیهانی) پڕدەبێتەوە. بۆ نموونە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، لە ئەنجامی ئەوەی، کە کەرەستەو داتاکانی زمانی کوردی دەبن بە تێکردە بۆ ڕێزمانە گشتییەکە، منداڵی کورد زانیارییە فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسیو سیمانتیکییەکانی زمانی کوردی وەردەگرێت، لە دوای وەرگرتنەکە ئاوەزو بیرکردنەوەو دونیابینیو زمانی منداڵەکە دەبن بە کوردی. بەمپێیە پەیوەست بە هێڵکاریی (٤)ەوە، بنەماکان بە پارامێتەری زمانی کوردی دەنەخشێنرێن، واتە پارامێتەرەکان دەبن بە کوردی. بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ٨٢-٨٨).

ڕوونکردنەوەکان ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە پارامێتەر زانیارییەکی فەرهەنگییە، بەڵام بەهاکەی لە ڕێزماندا دەردەکەوێت. ئێستا وەها پێویست دەکات، کە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بچین، ئاخۆ پارامێتەر زانیارییەکی زمانیی دیاریکراوە، یان زانیارییەکی گشتییەو پەیوەستە بە هەموو توخمە فەرهەنگییەکانەوە؟

ئەگەرچی هەریەک لە پێکهاتەکانی ڕێزمان پارامێتەری تایبەت بە خۆیانیان هەیەو لەم ڕووەوە پارامێتەری فۆنۆلۆژییانەو پارامێتەری مۆرفۆلۆژییانەو پارامێتەری سینتاکسییانە لە یەکتر جیاکراونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا پارامێتەر ئەدگارێکە زیاتر تایبەتە بە پێکهاتەی سینتاکس، چونکە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان بە گشتیو لە تیۆری بنەماو پارامێتەر بە تایبەتی، سینتاکس بە سەنتەر دانراوە، واتە

* بیرۆکەی ئەم هێڵکارییە لە (Cook, V. & Newson, M., 2007: 50)، (مقدم، محمد دبیر، ١٣٩٣/ ٢٠١٤: ٤٢٥)ەوە وەرگیراوە.

بەپێی ڕێزمانەکە/ تیۆرەکە سینتاکس دڵی زمان پێکدەهێنێت. زیاتر لەوەش نواندنی دیوی دەرەوەی زانیارییە زمانییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان بۆ بونیاتنانی دروستەی بڕگەو فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی ناسادەو فرێز، لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسدا، لە ڕێگەی تیۆری (X-bar)ەوە دەبێت. تیۆری (X-bar)یش لە بنەڕەتدا تیۆرێکی ڕێزمانییە بۆ دروستەی فرێز، کە توخمە پێکهێنەرەکانی فرێز لە نواندنێکی هەڕەمیدا بۆ گشت زمانە سروشتییەکان دەخاتەڕوو، بەڵام لەبەرئەوەی بڕگەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە ناسادەکانیش پڕۆژەی سەرە ڕێزمانییەکانن، واتە ئەوانیش وەک فرێز بە ڕەچاوکردنی بنەمای دووپەلکی لە سەرو تەواوکەر پێکدێن، بۆیە سنووری کارکردنی تیۆرەکە بە جۆرێک فراوانکرا، کە فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیش بگرێتەوە. بۆ چۆنیەتیی چالاککردنی تیۆرەکە بۆ پێکهاتەی فۆنۆلۆژی، بڕوانە: (Ritter, N., 2006: 106-113). بۆ کاراکردنی بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیش، بڕوانە: (Scalise, S., 1986: 186-191). بەرمەبنای ئەوەی، کە گوترا، دەکرێت بڵێین: پارامیتەر لە بنەڕەتدا زانیارییەکی دیاریکراوی پێکهاتەی سینتاکسە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی بۆ پێکهاتەکانی دیکەی ڕێزمانیش، لە زانیارییەکی زمانیی دیاریکراوەوە/ لە زانیارییەکی سینتاکسییەوە، بوو بە زانیارییەکی زمانیی هاوبەش لە نێوان توخمە فەرهەنگییەکاندا.


## ٣/١) پڕۆژە سینتاکسییەکانو چۆنیەتیی بونیاتنانیان

### ٣/١-١) پڕۆژە سینتاکسییەکان پەیوەست بە فەرهەنگو پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە

فەرهەنگ بە وشەنامەی ناو مێشکی مرۆڤ، یان کۆگای وشەو یەکە زمانییەکان پێناسەکراوە. بڕوانە: (Aitchison, J., 1990: 9)، (Carnie, A., 2013: 241)، (Estivalet, G., 2016: 45). هەروەها بشڕوانە (١/١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فەرهەنگ مەڵبەندی هەموو ئەو زانیارییە زمانییانەیە، کە لە ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکاندا هەن، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئێمە بمانەوێت قسەی لەسەر بکەین، تەنها زانیاریی سینتاکسییە، کە بۆ دەرهێنانو بەرجەستەکردنی لەناو توخمە فەرهەنگییەکاندا، پێویستمان بەو وەچەتیۆرو تیۆرانەیە، کە لە نێوان فەرهەنگو سینتاکسدا کاردەکەن، یەکێک لەوانەیش وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن (Sub-Categorization)ە. ئەم وەچەتیۆرە "بەفۆرمکردنی ئەو زانیارییانەن، کە توخمێکی فەرهەنگیی لە خۆیدا هەڵیگرتوون، لەوەشەوە هەنگاوی یەکەمی دروستەی سینتاکسیی دەنرێت". (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١٠٨).

پێواژۆی بونیاتنانی دروستە سینتاکسییەکان، لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە فەرهەنگییە بەدەسەڵاتەکانەوە دەستپێدەکات، چونکە "نواندنەکان لە هەر ئاستێکی سینتاکسی (دروستەی قووڵ،

دروستەی ڕووکەش، فۆڕمی لۆژیکی)دا بن، پڕۆژەی فەرهەنگن‌و پابەندی تایبەتمەندییەکانی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکانن". (Chomsky, N., 1988: 29). داواکاریی توخمە فەرهەنگییەکان/ سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکان بۆ هەڵاوێرکردنی تەواوکەری فەرهەنگی، بە مەبەستی نەخشەکێشانی پڕۆژەی سینتاکسیی فرێز، لە یەکتر جیاوازە. سەرە ڕێزمانییەکان بە وردی تەواوکەرەکانیان هەڵدەبژێرن. ئەمەش وایکردووە، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان سەرەکان‌و تەواوکەرەکانیاندا هەبێت. پەیوەندییەکە بە جۆرێکە، کە سەرە ڕێزمانییە جیاوازەکان بۆ تەواوکەرە جیاوازەکان پۆلدەکرێن. بڕوانە هێڵکاریی (٥). ئەم پڕۆسەیەش بە چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن (Sub-Categorization Frame) ناودەبرێت. کەواتە چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن کردەیەکە، گوزارشت لە وەرگرتنی کەتیگۆرییەکی فەرهەنگی دەکات، کە لەلایەن سەرێکی ڕێزمانیی فەرهەنگییەوە داوادەکرێت. بڕوانە: (Aarts, B., 2001: 121).




هێڵکاریی (٥)*

کردارەکان وەک یەکێک لە سەرە ڕێزمانییەکان، پۆلەڕەگەزدیاریکردنی جیاوازیان هەیە، چونکە بەپێی سروشت‌و چەشنەکەیان، تواناو ویستیان لە وەرگرتن‌و هەڵاوێرکردنی ژمارەو جۆری تەواوکەر دەگۆڕێت. (Van Valin) ئەو بنەما نافەرمییەی، کە دەرکەوتنی کردارەکان سنووردراردەکات، بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: "کردارێک، یان سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکانی دیکە، دەکرێت تەنها لەو ژینگە سینتاکسییەدا دەربکەون، کە لەگەڵ چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەیاندا دەگونجێت". (Van Valin, R., 2004: 158). لەم ڕوانگەیەوە، لە خوارەوە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی کردارەکانی زمانی کوردی لە چەند یاسایەکدا دەخەینەڕوو.

* ئەم هێڵکارییە بە دەستکارییەوە لە (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٨١)ەوە وەرگیراوە.

(١٤) $[...] + V^0$

(١٥) ا. $[Y] + V^0$

ب. $[Y] + V^0$

(١٦) ا. $[Y] + [\ [Y] + V^0]$

ب. $[Y] + [\ [Y] + V^0]$

(١٧) $[Y] + [\ [Y] + [\ [Y] + V^0]\ ]$

کردارەکانی یاسای (١٤)، کە کردارەکانی وەک (مر، فڕ، خەو، . . . ) دەگرێتەوە، لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەیاندا هیچ تەواوکەرێک داواناکەن. ئەمانە کردارە تێنەپەڕەکانی زمانی کوردین‌و بۆ دروستکردنی پرۆژەی فرێزی کرداری، پێویستیان بە تەواوکەر نییە.

کردارەکانی وەک (نووس، کێڵ، بین، . . . )، کە نموونەن بۆ کردارەکانی یاسای (١٥-ا)، لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیاندا تەواوکەرێک هەڵاوێردەکەن، کە لە سینتاکسدا فۆڕمەکەی (DP/ AP) دەبێت. هەرچی کردارەکانی وەک (تێگەیش/ تێگە، پێزان، لێکۆڵ_ەوە، . . . )ن، کە دەچنە چوارچێوەی یاسای (١٥-ب)وە، ئەمانیش لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەیاندا تەنها یەک تەواوکەر وەردەگرن، بەڵام جیاواز لە کردارەکانی یاسای (١٥-ا)، تەواوکەری سینتاکسیی کردارەکانی یاسای (١٥-ب)، لە فۆڕمی (PP)دا دەردەکەوێت. کەواتە لەبەر جیاوازیی فۆڕمی سینتاکسیی ئەو تەواوکەرەی، کە کردارەکە هەڵیدەبژێرێت، یاسای (١٥) بە (ا)و (ب) نوێنراوە.

کردارەکانی یاسای (١٦) لە فۆڕمداڕشتنەکەیاندا دوو تەواوکەر ئامادەدەبێت. تەواوکەرێکیان لە مەودای پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیدا لەلایەن ($V^0$)ەوە وەردەگیرێت‌و تەواوکەرەکەی دیکەش لە سنووری پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیدا، ($V^-$) داوایدەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەبوونی دوو تەواوکەر لە چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی کردارەکانی یاسای (١٦)دا، لەسەر بنەمای دووپەلکی دەبێت، چونکە سەرەتا کردارە فەرهەنگییەکە ($V^0$) تەواوکەری یەکەم هەڵاوێردەکات‌و دواتر لەگەڵیدا، واتە کردارە فەرهەنگییەکەو تەواوکەری یەکەم پێکەوە، کردارێکی سینتاکسی ($V^-$) پێکدەهێنن، کە ئەمیان (کردارە سینتاکسییەکە) تەواوکەری دووەم هەڵدەبژێرێت. لە سینتاکسدا تەواوکەری یەکەم‌و


تەواوکەری دووەم، یان دروستەی جیاواز، یان دروستەی هاوشێوە لەخۆدەگرن. ئەو دوو تەواوکەرەی، کە کردارەکانی وەک (لێکر/ لێکە، تێخس/ تێخە، تێگر، . . . )، کە سەر بە یاسای (١٦-ا)ن، وەریدەگرن، یەکێکیان لە فۆڕمی (PP)دا دەردەکەوێتو ئەوەی دیکەشیان فۆڕمەکەی (DP/ AP) دەبێت. هاوکات تەواوکەرەکانی کردارێکی دیاریکراوی وەک (فێرکر/ فێرکە)یش، کە یاسای (١٦-ب)ی بۆ تەرخانکراوە، هەردووکیان (DP/ AP) دەبن. بۆ پۆلەڕەگەزدیاریکردنی کرداری یاساکانی (١٤-١٦)، سوود لە (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفاو قادر، کاروان عومەر، ٢٠١١)، (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١٠٣-١٢٥)، (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١٤٩-١٧٠) وەرگیراوە.

کردارەکانی وەک (پێلێکر_ەوە/ پێلێکە_ەوە، پێتێخس/ پێتێخە، پێتێکر/ پێتێکە، . . . )، کە یاسای (١٧)یان بۆ دانراوە، لە فۆڕمداڕشتنەکەیاندا سێ تەواوکەر لەئارادادەبێت. تەواوکەری یەکەمو دووەم، کە هەردووکیان دروستەی (PP)یان دەبێت، بە هەمان ڕێوشوێنی دوو تەواوکەرەکەی کردارەکانی یاسای (١٦) هەڵاوێردەکرێن. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە تەواوکەری یەکەم لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنێکی فەرهەنگیدا لەلایەن ($V^0$)ەوەو تەواوکەری دووەمیش لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنێکی سینتاکسیدا لەلایەن ($\bar{V}$)ەوە وەردەگیرێن. هەرچی تەواوکەری سێیەمە، کە دروستە سینتاکسییەکەی (DP/ AP) دەبێت، لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیی دووەمدا، لەلایەن ($\bar{V}$)ێکی دیکەوە داوادەکرێت. بەمپێیە پرۆژەی ئەو فرێزانەی، کە کردارەکانی یاسای (١٧) بەرهەمیاندەهێنن، سێ ئاستی ($\bar{V}$) لەخۆدەگرن. کەواتە بۆ تێرکردنی دروستەی چەشنێک لە فرێزی کرداری (دروستەی ئەو چەشنەی، کە لێکەوتەی کردارەکانی یاسای -١٧-ن)، دەبێت سێ ($\bar{V}$) لەناو یەکتردا بشکێنەوە، ئینجا پرۆژە گەورەکە/ مەزنەکە (VP) دروستدەبێت*.

پاش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی کردارەکانی زمانی کوردیو جیاکردنەوەیان لە چەند یاسایەکدا، بەو ئەنجامە دەگەین، کە پۆلەڕەگەزدیاریکردن تەنها کردەیەکی فەرهەنگی نییە، بەڵکو فەرهەنگیو سینتاکسییشە، چونکە لەپاڵ پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیدا، پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسییشمان هەیە. کەواتە پێویستە بەو پێناسەیەدا بچینەوە، کە پێشتر بۆ چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن کردمانو بەم شێوەیە: "چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن کردەیەکە، گوزارشت لە وەرگرتنی کەتیگۆرییەکی

* لە بەشی دووەمو لە وەچەپاری "پارامێتەری سەر لە فرێزی کرداریدا"، بە نموونەو هێڵکارییەوە، نواندنی سینتاکسییانەی چەشنە جیاوازەکانی کردار، کە بەرهەمهێنی پرۆژەی فرێزی کرداریی جیاوازن، دەخەینەڕوو. لەوێدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاخۆ کردارەکانی زمانی کوردی، پەیڕەوی لە هەمان پارامێتەری سەر دەکەن، یاخود پارامێتەری جیاواز جێبەجێدەکەن.

فەرهەنگی/ سینتاکسی دەکات، کە لەلایەن سەرێکی ڕێزمانیی فەرهەنگییەوە/ سینتاکسییەوە داوادەکرێت،" هەموارییبکەینەوە. هاوکات دەبێت هێڵکاریی (٥)، کە تەنها پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی لەخۆدەگرت، بە جۆرێک دابڕێژینەوە، کە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیو سینتاکسییش بگرێتەوە. بڕوانە هێڵکاریی (٦).




هێڵکاریی (٦)

کردارەکان تاکە توخمی فەرهەنگیی بەدەسەڵات نین، کە کردەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنیان بۆ ئەنجامدەدرێت، بەڵکو دیارخەرەکانو ئاوەڵناوەکانو پێشناوەکانیش بە هەمانشێوەی کردارەکان، لە چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردندا دەردەکەون. لە خوارەوە لە چەند یاسایەکدا، فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگیی ئەو توخمانە پیشاندەدەین.

(١٨) $[Y] + D^0$

(١٩) $[Y] + A^0$

(٢٠) $[Y] + P^0$

بە سەرنجدان لەو یاسایانەی، کە بۆ پۆلەڕەگەزدیاریکردنی کردارو توخمە فەرهەنگییەکانی دیکە هێنرانەوە، دەردەکەوێت، کە سەرەوڕیزبوونی سەرو تەواوکەرەکان لە قۆناغی پاش_فەرهەنگیدا/ پێش_سینتاکسیدا[*] بە جۆرێکە، کە تەواوکەرەکان لای چەپی سەرە ڕێزمانییەکانیان دەگرن، بەڵام لە

[*] لە (١/١)دا ڕیزبوونی سەرە ڕێزمانییەکانو تەواوکەرەکانیان لە قۆناغی پاش_فەرهەنگیدا/ پێش_سینتاکسیدا، بە ڕیزبوونی فەرهەنگی ناوبراوە.

سەرەوڕیزبوونە سینتاکسییەکەدا، وەک بۆ کردارەکان لە یاسای (٢١-٢٤)و بۆ دیارخەرو ئاوەڵناوو پێشناوەکانیش لە یاسای (٢٥-٢٧)دا خراوەتەڕوو، گواستنەوە ڕوودەدات‌و تەواوکەرەکان (جگە لە تەواوکەری پێشناوەکان) بۆ لای ڕاستی سەرەکانیان دەگوازرێنەوە*. هاوکات فۆڕمی تەواوکەرەکان لە فەرهەنگییەوە (Y) بۆ سینتاکسی (YP) دەگۆڕێن**، چونکە "سەرە ڕێزمانییەکان دۆخ بە فرێزەکان دەدەن نەک وشەکان". (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١١٣).

(٢١) $VP \longleftarrow \bar{V} \longleftarrow V^0$

(٢٢) ا. $VP \longleftarrow \bar{V} \longleftarrow V^0 + DP/AP$

ب. $/VP \longleftarrow \bar{V} \longleftarrow V^0 + PP$

$VP \longleftarrow \bar{V} \longleftarrow PP + V^0$

(٢٣) ا. $/\ VP \longleftarrow {}^{\bar{V}}[\ {}^{\bar{V}}[V^0 + PP] + DP/AP]$

$VP \longleftarrow {}^{\bar{V}}[\ {}^{\bar{V}}[PP + V^0] + DP/AP]$

ب. $VP \longleftarrow {}^{\bar{V}}[\ {}^{\bar{V}}[V^0 + DP/AP] + DP/AP]$

---

* ئەمە بەو واتایە نایەت، کە سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکان (جگە لە پێشناوەکان) بە ڕەهایی پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرکۆتا بکەن، بەڵکو ئەم گواستنەوەیە بنەمایەکی گشتییەو بۆ پیشاندان‌و خستنەڕووی جیاوازیی ڕیزبوونی سەرو تەواوکەرەکانە لە قۆناغی پێش_سینتاکس‌و سینتاکسدا. لە بەشی دووەمدا ماناو مەبەستی ئەم پەراوێزە زیاتر ڕووندەبێتەوە.

** لەم لێکۆڵینەوەیەدا، [Y] وەک هێمای تەواوکەرێکی فەرهەنگیی دیارینەکراوو [YP]یش وەک هێمای تەواوکەرێکی سینتاکسیی دیارینەکراو (فرێزێک) بەکارهێنراون. ئەمە لە کاتێکدایە، کە لە قۆناغە بەرایییەکانی تیۆری (GB/ P&P)دا، لەبەرئەوەی دۆخی ڕێزمانی تەنها بە تایبەتمەندییەکی فرێزە ناوییەکان دانرابوو، [N]و [NP] ببوونە هێمای تەواوکەری فەرهەنگی‌و سینتاکسیی سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکان. بڕوانە: (Chomsky, N., 1981)، (Chomsky, N., 1986a). ئێمە لەو ڕوانگەیەوە، کە ئەو تەواوکەرە سینتاکسییەی دۆخ وەردەگرێت، دەشێت دروستەکەی [NP/ DP, AP, PP] بێت، [Y]مان لەبری [N] بۆ تەواوکەرە فەرهەنگییەکەو [YP]یشمان لەجیاتی [NP] بۆ تەواوکەرە سینتاکسییەکە، بەکارهێناوە.

$/ VP \longleftarrow {}^{\bar{V}}[\ {}^{\bar{V}}[\ {}^{\bar{V}}[V^0 + PP] + PP] + DP/ AP]$ (٢٤)


$VP \longleftarrow {}^{\bar{V}}[\ {}^{\bar{V}}[\ {}^{\bar{V}}[PP + V^0] + PP] + DP/ AP]$

$D^0 + NP/ DP/ AP$ (٢٥)

$A^0 + NP/ DP/ PP$ (٢٦)

$DP/ AP + P^0$ (٢٧)

ئەو زانیاریو ڕوونکردنەوانەی، کە لەم وەچەپارەدا پێشکەشکران، دەستەبەری ئەوە دەکەن، کە لە نێوانی فەرهەنگو سینتاکسدا قۆناغێکی نادیارو ئەبستراکت هەیە، کە ئەویش قۆناغی بارگەخستنو کەرەستە هەڵبژاردنە. لەم قۆناغەدا توخمە بەدەسەڵاتەکان، لە چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیدا، بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی سینتاکسیی فرێز، تەواوکەرەکەیان/ تەواوکەرەکانیان لەڕووی ژمارەو جۆرەوە دەستنیشاندەکەن. بڕوانە هێڵکاریی (٧-ا)و (٧-ب).




هێڵکاریی (٧-ا)

هێڵکاریی (٧-ب)

## ٢-٣/١) پرۆژە سینتاکسییەکان پەیوەست بە تیۆری (X-bar)ەوە

لە (١-٣/١)دا گەنگەشەی قۆناغی یەکەم‌و هەنگاوی بەراییی بونیاتنانی دروستە سینتاکسییەکان کرا، کە ئەویش خۆی لە نواندنی دیوی ناوەوەی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییە بەدەسەڵاتەکان، بەپێی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن، دەبینییەوە. قۆناغی دووەم‌و هەنگاوی دواتر، وەک ئەوەی لێرەدا قسەی لەسەر دەکرێت، نواندنی دیوی دەرەوەی زانیارییەکانە، کە ئەمەیان لە ڕێگەی تیۆری (X-bar)ەوە دەبێت.

(X-bar) یەکێکە لە تیۆرەکانی مۆدێلی سینتاکسیی حوکمکردن‌و بەستنەوە/ بنەماو پارامێتەرەکان*، بەڵام گرنگیدانی زۆری چۆمسکی بە سینتاکس‌و دروستە سینتاکسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش تیۆری (X-bar)و هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەم بەرهەمیدا، کە دەکاتە دەستپێکی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، گرنگیدانەکە دەبینرێت. ناونیشانی یەکەم بەرهەمی/ کتێبی چۆمسکی، کە "دروستە سینتاکسییەکان Syntactic Structures"ە، دەرخەری ڕاستی ئەم قسەیەیە. چۆمسکی لەو بەرهەمەداو لە چوارچێوەی ڕێزمانی دروستەی فرێز (Phrase-structure grammar)دا، باسی لە یاساکانی دروستەی فرێز (Phrase-structure rules) کردووە**. ڕێزمانی دروستەی فرێز ڕێزمانێکە، کە دروستەی جۆرە جیاوازەکانی ڕستە لە زمانێکدا شیدەکاتەوە. ئەم ڕێزمانە لە یاساکانی دروستەی فرێز پێکدێت، کە بازنەی/ سنووری کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان دەستنیشاندەکەن. بۆ نموونە یەکێک لە یاساکانی دروستەی فرێز ئاماژە بەوە دەدات، کە فرێزێکی ناوی دەکرێت لە ڕێگەی دیارخەرێک، یان ئاوەڵناوێکەوە فراوانبکرێت. بڕوانە: (Richards, J. & Schmidt, R., 2010: 437).


---

* ئەگەرچی (X-bar) یەکێکە لەو حەوت تیۆرەی، کە چوارچێوەی تیۆرە گشتییەکەی (GB/P&P) پێکدەهێنن‌و ئەویش (GB/P&P) بە بڵاوبوونەوەی کتێبی وانەکانی حوکمکردن‌و بەستنەوە "Lectures on Government and Binding (The Pisa Lectures)"ی چۆمسکی لە ساڵی (١٩٨١)دا دەستپێدەکات، بەڵام هەندێک سەرچاوە پێیانوایە، کە تیۆری (X-bar) پێش (GB) لەلایەن (Chomsky)و (Jackendoff)ەوە لە ساڵی (١٩٧٠)و (Bresnan)ەوە لە ساڵی (١٩٧٣)دا خراوەتەڕوو. دواتر بە درێژاییی قۆناغەکانی (GB) گەشەیسەندووە. زیاتر لەوەش، هەندێک سەرچاوەی دیکە سەرەتای سەرهەڵدانی (X-bar) دەگەڕێننەوە بۆ بەرهەمە سەرەتاییەکانی (Zellig Harris) لە ساڵانی (١٩٥٠)کاندا. بڕوانە: (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٩: ١٥٠)، (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١٠٣)، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی، کە ئەوان ئاماژەیان پێداون.

** یاساکانی دروستەی فرێز (Phrase-structure rules) یەکەمجار چۆمسکی لە بەرهەمی "دروستە سینتاکسییەکان"دا خستیانییەڕوو، بەڵام هەتا هاتنەئارای تیۆری (X-bar)، لە مۆدێلە جیاوازەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا ئامادەیییان هەبوو.

ئەو ڕستانەی، کە بەپێی یاساکانی دروستەی فرێز شیدەکرێنەوە، دەکرێت بە چەند ڕێگەو شێوازێک بنوێنرێن، کە دیارترینیان ڕێگەی هێڵکاریی درەختی (Tree Diagram)یە. بەم ڕێگەیە دەتوانرێت پەیوەندییە دروستەیییەکانی نێوان وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستە دەستنیشانبکرێت. بڕوانە نموونەی (٢٨)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٨)دا.

(٢٨) پیاوەکە بە پەلە ڕۆیشت.





هێڵکاریی (٨)

هەروەک لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت، لە یاساکانی دروستەی فرێزدا، یاسای یەکەم ڕستە بۆ فرێزی ناوی‌و فرێزی کرداری دابەشدەکات. دواتر یاساکانی ئەو فرێزو کەتیگۆرییانە دێن، کە لەو دوو چەشنە فرێزەوە (فرێزی ناوی‌و فرێزی کرداری) دەکەونەوە. نواندنەکە بەرەو خوار بەردەوامدەبێت، تاوەکو دەگاتە ئەو یەکە زمانییانەی، کە لەوە بچووکتر ناکرێنەوە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی یاساکانی دروستەی فرێزو کەموکوڕییەکانی، بڕوانە: (Amin, W., 1979: 37-41)، (Horrocks, G., 1993: 30-36)، (قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩: ١٧–٢٩).

چۆمسکی لە (GB/ P&P)دا مۆدێلێکی نوێی بۆ دروستەی فرێز خستەڕوو، کە ئەویش تیۆری (X-bar) بوو. (X-bar) لە ئەنجامی ئەو ڕەخنەو تێبینییانەوە هاتەئاراوە، کە لەسەر یاساکانی دروستەی

فرێز هەبوون. زۆری ژمارەی یاساکان یەکێک بوو لە دیارترین ئەو ڕەخنانەی، کە لە یاساکانی دروستەی فرێز دەگیران. یاساکانی دروستەی فرێز لە ژمارەیەکی بەرچاو لە یاسا پێکهاتبوون، بە جۆرێک بۆ هەر چەشنێکی فرێز یاسایەک، یان چەند یاسایەک بەردەستبوو/ بەردەستبوون. ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی، کە فێربوون‌و بەکارهێنانی یاساکان ئاسان نەبێت. ئەمە لە کاتێکدایە، تیۆری (X-bar) هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، کە بە پێدانی هەمان دروستە بە تێکڕای چەشنە جیاوازەکانی فرێز، لایەنی لێکچووی نێوان کەتیگۆریی جیاوازی فرێزەکان دیاریبکات، نەک ئەوەی پڕۆژە سینتاکسییەکانی فرێز یاسای دروستەیی جیاوازیان هەبێت. بڕوانە: (Black, Ch., 1998: 5). بەپێی تیۆری (X-bar) "هەموو کەتیگۆرییە ئاڵۆزە سینتاکسییەکان لە هەموو زمانە سروشتییەکاندا (NP, VP, PP, etc.) بەپێی بنەما دروستەییە جیهانییەکان پێکدەهێنرێن". (Trauth, G. & Kazzazi, K., 2006: 1296). بڕوانە یاسای (٢٩)و هێڵکاریی (٩)*.

$$XP/X^{=} \longrightarrow \ldots X^{-} \ldots \quad (٢٩)$$
$$X^{-} \longrightarrow \ldots X^{0} \ldots$$




هێڵکاریی (٩)

* یاساکە لە (Cook, V. & Newson, M., 1997: 140)و هێڵکارییەکەیش لە (Haegeman, L., 1998: 104)ەوە وەرگیراون.


یاسای (٢٩)و هێڵکاریی (٩) دروستەو هێڵکاریی گشتیی فرێز بەپێی تیۆری (X-bar) لە زمانەکانی مرۆڤدا دەخەنەڕوو. وەک لە یاساو هێڵکارییەکەدا هاتووە، کەتیگۆریی لوتکەکە دوو باڕی هەیە ($X^{=}$)، کە بە (XP)یش دەنوێنرێت. کەتیگۆریی جووتباڕ پڕۆژە مەزنەکەیە، کە ئاستی گەورەتری دروستە، تیایدا ڕێگەپێدراو نییە. ئەم کەتیگۆرییە (کەتیگۆریی جووتباڕ) کەتیگۆرییەکی تاکباڕ/ یەکباڕ ($X^{-}$) لەخۆدەگرێت، کە لە دروستەی فرێزدا پڕۆژەی ناوەندییە. هەر کەتیگۆرییەکی تاکباڕیش کەتیگۆرییەکی سفرباڕ/ بێباڕ ($X^{0}$)ی تێدایە، کە دەکرێت بەبێ ژمارە سفریش، واتە بەم شێوەیە (X) بنووسرێت. کەتیگۆریی سفرباڕ سەری ڕێزمانیی پڕۆژەی فرێزە، واتە توخمی پڕۆژەسازدەرە، بۆیە نوێنەرایەتیی هەر کەتیگۆرییەک دەکات، کە وەک سەری ڕێزمانی، پڕۆژەی سینتاکسیی فرێز بونیاتبنێت. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 1997: 139-140).

وەک ئاشکرایە، لە یاسای (٢٩)و هێڵکاریی (٩)دا لای ڕاستو لای چەپی پڕۆژە ناوەندییەکەو توخمە پڕۆژە سازدەرەکە، بە بەتاڵی/ بۆشی بەجێهێڵراون. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە ($X^{-}$) ئاستێکە دەکرێت دیاریکەرێک (Specifier/ Spec.) لە لای ڕاستەوە، یان لە لای چەپەوە وەربگرێت. ($X^{0}$)ەکەش تەواوکەرێک (Complement/ Comp.) داوادەکات، کە بە هەمانشێوە دەشێت بکەوێتە لای ڕاستییەوە، یان لای چەپییەوە. کەواتە هۆکاری بە بەتاڵی جێهێشتنی ئەو جێکەوتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەپێی زمانە جیاوازەکان، دەکرێت پێشبینی لای ڕاست گرتن، یان لای چەپ گرتنی دیاریکەرەکە بۆ ($X^{-}$)ەکەو تەواوکەرەکەش بۆ ($X^{0}$)ەکە بکرێت. سەرو تەواوکەرو دیاریکەر، کە بەپێی تیۆری (X-bar) توخمە پێکهێنەرەکانی پڕۆژەی فرێزن، بۆ هەر زمانێک، پاش لێدانی پارامیتەر، چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونیان دەردەکەوێت. لەم ڕووەشەوە جێکەوتەی سەری ڕێزمانی، بەوەی، کە دەکەوێتە سەرەتا، یان کۆتاییی پڕۆژەکەوە، دەبێتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی زمانێک بە سەرسەرەتا، یان سەرکۆتا. ئەگەر لێرەدا لەگەڵ ئەو بۆچوونە باوەدا بڕۆین، کە پێیوایە زمانی کوردی سەرکۆتایە*، ئەوا بە دیاریکردنی جێکەوتەی (Spec.)ی ($X^{-}$)ەکەو (Comp.)ی ($X^{0}$)ەکە، دەبێت یاسای (٢٩) لە یاسای (٣٠)و هێڵکاریی (٩)یش لە هێڵکاریی (١٠)دا دابڕێژینەوە.

$$XP/X^{=} \longrightarrow X^{-} + Spec. \quad (٣٠)$$

$$X^{-} \longrightarrow X^{0} + Comp.$$


* لە بەشی دووەمدا بە وردی گەنگەشەی پارامیتەری سەر لە چەشنو جۆرەکانی فرێزدا دەکەینو بە نموونەو هێڵکارییەوە ئەوە دەسەلمێنین، کە ئاخۆ زمانی کوردی بە تەواوەتی زمانێکی سەرکۆتایە، یاخود زیاتر زمانێکی جووت_ پارامیتەرییە.




هێڵکاریی (١٠)

ئەگەر بۆ زمانێکی سەرسەرەتای وەک ئینگلیزیش، کە ڕێنووسەکەی بە پێچەوانەی زمانی کوردییەوە، لە چەپەوە بۆ ڕاستە، یاساو هێڵکاریی (٢٩)و (٩) هەمواربکەینەوە، ئەوا شێوەو بیچمی (٣١)و (١١) وەردەگرن. بڕوانە: (Black, Ch., 1998: 5).

$$XP/\,X^{=} \longrightarrow Spec. + X^{-} \quad (٣١)$$
$$X^{-} \longrightarrow X^{0} + Comp.$$




هێڵکاریی (١١)

بەپێی تیۆری (X-bar) هەموو چەشنەکانی فرێز پێویستیان بە دوو ئاستی ناوەکیی دروستە هەیە. هەموو فرێزەکان لە هەموو زمانەکاندا، لە دروستەیەکی سادە، کە بۆ هەر فرێزێک دوو ئاست

لەخۆدەگرێت، هاوبەشن. یەکەم، (XP)، کە پڕۆژە گەورەکەیە، لە ($\bar{X}$)و (Spec.)ێک پێکدێت. دووەم، ($\bar{X}$)، کە پڕۆژە ناوەندییەکەیە، ($X^0$)و (Comp.)ێک دەگرێتەوە. بەمپێیە (Spec.)ەکە دەبێتە خوشکی ($\bar{X}$)ەکەو (Comp.)ەکەیش دەبێتە خوشکی ($X^0$)ەکە. سەرنج لە هێڵکاریی (١٠)و (١١) بدە. بڕوانە: (Haegeman, L. & Guéron, J., 1999: 78-79)، (Muhedeen, B., 2008: 24).

ئەگەرچی هەبوونی دوو ئاستی دروستە بۆ پڕۆژەی سینتاکسیی فرێز بەپێی تیۆری (X-bar) لە هەموو زمانەکانی مرۆڤدا (وەک ئەوەی لە سەرەوە باسکرا)، ئەسکەلە (Schema)ی تیۆرەکەی لەسەر بونیاتنراوە، بەڵام پەیوەست بە جێکەوتەی تەواوکەرەوە لە قۆناغی پێش_سینتاکس لە لایەکو لە سینتاکسیشدا لە لایەکی دیکەوە، دەکرێت هەڵوێستەیەک لەسەر سکێمای تیۆرەکە بکەین، لەبەرئەوەی کاتێک گواستنەوە ڕوودەداتو تەواوکەر لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاستی سەری ڕێزمانی دەگوازرێتەوە، دەچێتە جێکەوتەی (Spec.)[*]ەوە، چونکە "جوڵەو گواستنەوە بەبێ بوونی جێکەوتەیەکی بەتاڵ، کە ئیلیمێنتە جوڵاوەکە بتوانێت بچێتەناوییەوە، ڕوونادات". (Cook, V. & Newson, M., 1997: 194). بەم

---

[*] لێکۆڵەرانی کورد دەربارەی جێکەوتەی (Spec.) لە دروستەی فرێزی زمانی کوردیدا، دیدو تێڕوانینی جیاوازیان هەیە. دەکرێت بۆچوونەکانیان لەو بارەیەوە، لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو.


**ا.** بەشێک لە لێکۆڵەران، زیاتر پەیوەست بە فرێزی ناوییەوە باسی (Spec.)یان کردووەو پێیانوایە (Spec.)ی (NP) جێکەوتەی کەرەستەکانی وەک تاکبەندەکان (Distributives)، وشەکانی نیشانە (Demonstratives)، ڕادەکان (Quantifiers)، ژمارەکان (Numerals)، . . . ەـ، کە ئەمانەیش کەرەستەی دۆخدار نین. بڕوانە: ( Fattah, M., 1997: 199-202)، (حاجی، ڤیان سلێمان، ٢٠٠٩: ٥٩–٦٠)، (قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩: ٥٠–٥١)، . . . .

**ب.** (مەحویی، محەمەد، ا–٢٠٠١: ٣٩–٤٣)و (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٩: ١٢٩) باوەڕیانوایە، کە (Spec.) لە دروستەی فرێزی زمانی کوردیدا نییە. هاوکات (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ٣٤–٣٥) لەگەڵئەوەی هەبوونی (Spec.) ڕەتناکەنەوە، بەڵام وایدادەنێن ئەو جێکەوتەیە بەکارناهێنرێتو بە هیچ کەرەستەیەک پڕناکرێتەوە، چونکە زمانی کوردی، پرۆسەکانی گواستنەوەی نییە. لێرەشەوە (مەحویی، محەمەد، ا–٢٠٠١: ٤١)و (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ٣٤) وەهای بۆ دەچن، کە دروستەی فرێزەکانی زمانی کوردی لە چەشنی ($\bar{X}$) بن، نەک (XP).

**پ.** (قادر، کاروان عومەر، ٢٠٠٨: ٧٧) پێیوایە (Spec.) جێکەوتەیەکی دۆخدارە، واتە خاوەنی دۆخی ڕێزمانییەو هەر پێکهاتەیەک بچێتە ئەو جێکەوتەیەوە، ئەوا دۆخی جێکەوتەکەی تیادا خاڵیدەکرێتەوە.

**ت.** (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١٠٧) بۆچوونی وایە، کە "Spec جێکەوتەی کەرەستەیەکی دۆخدارە". پێش ئەویش (قادر، ئاوات سالّح، ٢٠١٥: ٤٢) هەمان تێڕوانینی هەبووەو گوتویەتی: "تەواوکەرەکان لە نواندنی سینتاکسیی فرێزەکاندا، بۆ ڕێککەوتن و دۆخ وەرگرتن، بۆ سپەیسەکان (spec) دەگوێزرێنەوە". جێی سەرنجە لێرەدا پێکهاتەی/ کەتیگۆریی جێکەوتەی (Spec.) بە دۆخدار دانراوە، بەڵام بەپێی خاڵی (پ)، خودی جێکەوتەکە دۆخدارە.

گواستنەوەیە، کە دەبێتەهۆی گۆڕینی جێکەوتەی تەواوکەر*، ئاستی ($X^-$) لە تیۆرەکەدا، پەیکاڵی ئاستی (XP) دەبێت. کەواتە ئەو هێڵکارییەی (هێڵکاریی ١٠)، کە پەیوەند بە گریمانەی سەرکۆتاوە، بە گشتی پڕۆژەی فریزی زمانی کوردیی دەنواند، دەبێت دەستکارییبکرێتەوەو بەو جۆرەی لێبکرێت، کە لە هێڵکاریی (١٢)دا خراوەتەڕوو.




هێڵکاریی (١٢)


بونیاتنانی دروستە سینتاکسییەکان بەپێی تیۆری (X-bar) لە ڕێگەی دوو بنەماوە بەڕێوەدەچێت، کە ئەوانیش "بنەمای هەبوونی سەرو بنەمای دووپەلکی"ن. ئەمانەیش ئەو بنەمایانەن، کە ڕێسای پڕۆژەسازدان وەک نەخشەڕێگای سازکردنی دروستە سینتاکسییەکان بەکاریاندەهێنێت. کەواتە بۆ بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکان، ڕێسای پڕۆژەسازدانو تیۆری (X-bar) پشت بە هەمان دوو بنەما دەبەستن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ڕێسای پڕۆژەسازدانو تیۆری (X-bar)دا هەیەو تەواوکەری یەکترن. دروستتر بڵێین تیۆری (X-bar) بە تەواوەتی بە ڕێسای پڕۆژەسازدانەوە پەیوەستە.

بەپێی بنەمای یەکەم (بنەمای هەبوونی سەر)، فریزەکان سەریان هەیە، یاخود "فریزەکان پڕۆژەی سەرەکانن". (Lasnik, H. & Depiante, M. & Stepanov, A., 2000: 129). پڕۆژەی سینتاکسیی فریز دوو

* (سازان زاهیر سەعید) پێشبینی ئەوە دەکات، کە پاش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی ($X^0$)ەکان، لەناو دروستەی فریزدا، گواستنەوەی تەواوکەرەکان (جگە لە تەواوکەری پێشناوەکان) لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکان، جۆرێک بێت لە ترۆپکی گشتی، کە بۆ پاراستنی پارامێتەری سەرکۆتاییی زمانی کوردی، بەخورتی ڕوودەدات. بۆ زانیاری دەربارەی ترۆپکی گشتیو قۆناغەکانی لە دیدی لێکۆڵەری ناوبراوەوە، بڕوانە: (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٩٣–٢٩٨).

توخمی سەرەکی (سەرێکی ڕێزمانیو تەواوکەرێک) لەخۆدەگرێت، کە سەرە ڕێزمانییەکە توخمە پڕۆژەسازدەرەکەیانەو ئەو داوای تەواوکەرەکە دەکات. بۆ نموونە لە یاسای (٣٢)و هێڵکاریی (١٣)دا، ($V^0$)، کە سەرێکی ڕێزمانیی فەرهەنگییە، تەواوکەرێکی لە جۆری (DP) وەرگرتووەو پڕۆژەی ناوەندیی ($V^{-}$)ی بەرهەمهێناوە.

$V^{-} \longleftarrow V^0 + DP$ (٣٢)




هێڵکاریی (١٣)

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تیۆری (X-bar)دا تەنها کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان ($N^0, V^0, A^0, P^0$) بە سەری ڕێزمانی دادەنران، بەڵام دواتر بەشێک لە کەتیگۆرییە ئەرکییەکانیش وەک سەری ڕێزمانی پەسنکران. لە ڕاستیدا دیارترین گەشەسەندنی (X-bar) ئەوە بوو، تیۆرەکە بە جۆرێک فراوانکرا، کە کەتیگۆرییە ئەرکییەکانی وەک (واژەگۆکەرەکان Complementizers، شکانەوەکان Inflections، دیارخەرەکان Determiners)یش بگرێتەوە. لێرەوە گرنگی کەتیگۆرییە ئەرکییەکانو ڕۆڵیان لە سینتاکسدا زیادیکرد. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 2007: 119)، (Bresnan, J. & et al, 2016: 101-102). کامانەن ئەو کەتیگۆرییە ئەرکییانەی، کە دەتوانن وەک سەری ڕێزمانی گۆبکەن؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە بەپێی پەرەسەندنەکانی تیۆری (GB/ P&P) لە ساڵانی هەشتاکاندا، وەڵامەکەی دەگۆڕێت، چونکە تا کۆتاییی هەشتاکان، کاتو کەس (INFL)و واژەگۆکەرەکان ($C^0$)و دیارخەرەکان ($D^0$) بە سەری ڕێزمانیی ئەرکی هەژمارکرابوون، بەڵام لەو کاتە بە دواوە، ڕاڤەو لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ کاتو کەس کراو وەها دانرا، کە ئەو سەرە ڕێزمانییە ئەرکییە، لە دوو سەری ڕێزمانیی ئەرکیی جیا جیا پێکهاتبێت، کە ئەوانیش تاف ($T^0$)و ڕێککەوتن ($Agr^0$)ن. بەپێی ئەم بۆچوونە، هەریەک لە تافو ڕێککەوتن بونیاتی پڕۆژەی تایبەت بە خۆیان دەنێن. ($T^0$) پڕۆژەی فرێزی تاف (TP)و ($Agr^0$)یش پڕۆژەی فرێزی ڕێککەوتن (AgrP) بەرهەمدەهێنن. لەم ڕووەوە زانیاریی زیاتر لە (Cook, V. & Newson, M., 2007: 100-112)دا دەستدەخرێت.

بنەمای دووەم (بنەمای دووپەلکی)، کە "بریتییە لە بەیەکگەیشتنی دوو لق لە نۆدێکدا"، (Haegeman, L. & Guéron, J., 1999: 52)، ئەوە دەگەیەنێت، کە پڕۆژەی سینتاکسیی فرێز لە ئەنجامی یەکگرتنی دووپەلکییانەی سەرو تەواوکەرەوە بونیاتدەنرێت. ئەوە ڕاستە بەپێی تیۆری (X-bar) دروستەی فرێز لە سێ توخم (سەر، تەواوکەر، دیاریکەر) پێکدێت، بەڵام پەیوەندیی نێوان ئەو سێ توخمە، بە شێوەیەکی هەرەمیو دووانەیی داڕێژراوە.

ماوەتەوە بڵێین، (X-bar) سەرەتا وەک تیۆرێکی تایبەت بە پڕۆژەی سینتاکسیی فرێز هاتەئاراوە، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکاریو چاکسازییانەی، کە بە درێژاییی ساڵانی هەشتاکان لە (GB/ P&P)دا ئەنجامدرا، بوو بە تیۆرێکی سەرتاپایی بۆ هەموو دروستە سینتاکسییەکان. بەمپێیە لە چێوەی بنەمای پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا، پڕۆژەی سینتاکسیی ڕستەیش بە هەمانشێوەی پڕۆژەی فرێز، بە پابەندبوون بە بنەمای هەبوونی سەرو بنەمای دووپەلکییەوە، لە ڕێگەی تیۆری (X-bar)ەوە بەرهەمدەهێنرێت. شایەنی گوتنە پێواژۆی بەرهەمهێنانی پڕۆژەی سینتاکسیی ڕستە، وەک پێواژۆی تەواوکاریی بەرهەمهێنانی پڕۆژەی سینتاکسیی فرێز بەڕێوەدەچێت، چونکە بونیاتنانی پڕۆژە سینتاکسییەکان بە گشتی، پەیوەست بە بنەمای پڕۆژەسازدانو پڕۆژەسازدانی فراوانکراوەوە، هەنگاو بە هەنگاو بەو جۆرە جێبەجێدەبێت، کە لە سنووری بنەمای پڕۆژەسازداندا، کردارێکی فەرهەنگی ($V^0$) لەگەڵ تەواوکەرێکدا، فرێزێکی کرداری (VP) پێکدەهێنن*و ئەویش (فرێزە کردارییەکە) دەبێت بە تەواوکەری سینتاکسیی تاف ($T^0$)و پڕۆژەی فرێزی تاف (TP) دروستدەبێت. ئینجا فرێزە تافەکە لە پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا، بە بکەرەوە لەناو فرێزی ڕێککەوتن (AgrP)دا، کە پەیکاڵی پڕۆژەی ڕستەیە، دەشکێتەوە. بڕوانە یاسای (٣٣)و هێڵکاریی (١٤). ڕوونکردنەوەکان ئەوە دەردەخەن، کە دەستپێکی هەنگاوەکانی بونیاتنانی پڕۆژە سینتاکسییەکان ($V^0$)ە، بەڵام لە پاش دروستبوونی فۆڕمێکی سینتاکسی لە جۆری ($\bar{V}$)، پڕۆژەکان دەکەونەدەست سەرە ئەرکییەکانی وەک تافو ڕێککەوتن. بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١١٦).


(٣٣) $VP \longleftarrow \bar{V} \longleftarrow V^0 / V^0 + DP/AP/PP$

$TP \longleftarrow \bar{T} \longleftarrow T^0 + VP$

$AGRP \longleftarrow \overline{AGR} \longleftarrow AGR^0 + [TP + DP\ (Sub.)]$

---

* وەک لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی چەشنە جیاوازەکانی کرداردا باسکرا، کردارە تێنەپەڕەکان بە تەنها خۆیانو بەبێ هیچ تەواوکەرێک، فرێزی کرداری دروستدەکەن.




هێلکاریی (١٤)

بەپێی ئەو شرۆڤەو لێکدانەوانەی، کە لە (١/٣-١)و (١/٣-٢)دا پێشکەشکران، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەمان بۆ سەلما، کە نواندنە سینتاکسییەکان پرۆژەو لێکەوتەی فەرهەنگن‌و بونیاتنانی دروستە سینتاکسییەکان لە هەر زمانێکدا بێت، لە فەرهەنگەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت. لەم ڕوانگەیەوە لە (١/٣-١)دا ئەو ($X^0$)انە دەستنیشانکران، کە وەک سەری ڕێزمانی‌و توخمی پرۆژەسازدەری فەرهەنگی، لە ڕێگەی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە تەواوکەر هەڵاوێردەکەن‌و دەبنە بەرهەمهێنی پرۆژە سینتاکسییەکان. هاوکات چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونی سەرو تەواوکەرەکان لە قۆناغی پاش_فەرهەنگ/ پێش_سینتاکس‌و لە سینتاکسیشدا پێشنیازکران، کە پەیکاڵو چوونیەک نەبوون. دواتر لە (١/٣-٢)دا توخمە پێکهێنەرەکانی فرێز بەپێی تیۆری (X-bar)، کە لە هێڵکارییەکی گشتیدا دەنوێنرێن، دیاریکران‌و

ئەو بنەمایانە خرانەڕوو، کە تیۆرەکە بۆ دروستکردنی پرۆژە سینتاکسییەکان پشتیانپێدەبەستێت. لێرەوە هەنگاو بەرەو بەشی دووەم دەنێین، کە لەوێدا پەیوەست بە پارامێتەری سەرو چەشنە جیاوازەکانی فرێزەوە، تاقیکردنەوەکانمان لەبارەی دەستنیشانکردنی جێکەوتەی سەرە ڕێزمانییەکان لەنێو پرۆژەکانی فرێزدا دەستپێدەکەینو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئاخۆ لە زمانی کوردیدا تەنها پارامێتەری سەرکۆتا جێبەجێدەکرێت (وەک ئەوەی زۆربەی لێکۆڵەران پێیانوایە)، یاخود زمانی کوردی جووت_پارامێتەرەو پەیڕەوی لە هەردوو جۆرەکەی پارامێتەری سەر (سەرسەرەتاو سەرکۆتا) دەکات.

# بەشی دووەم

# پارامێتەرو پڕۆژە سینتاکسییە فرێزییەکان

## ١/٢) پارامێتەری سەرو پرۆژە سینتاکسییە فرێزییەکان

### ١-١/٢) پارامێتەری سەر، پەسنکردنو لێکدانەوە

پارامێتەری سەر* (Head Parameter) پارامێتەرێکە، کە جێکەوتەی سەری ڕێزمانی لەنێو پرۆژەی فرێزدا دیاریدەکات. بڕوانە: (Crystal, D., 2008: 349)، (Richards, J. & Schmidt, R., 2010: 420). لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە، "پارامێتەری سەر ئەو پارامێتەرەیە، کە لە چوارچێوەی دروستەی فرێزدا پەسنی جێکەوتەی سەری ڕێزمانی لە پەیوەندیی لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا دەکات". (Kwokwo, O., 2017: 22). سەری ڕێزمانی یان دەکەوێتە سەرەتای پرۆژەی فرێزەوە، یاخود کۆتاییی پرۆژەکەوە دەگرێت.

لەو ڕوانگەیەوە، کە "زانیاریی فەرهەنگی، سینتاکسییانە دەنوێنرێت"، (Haegeman, L., 1998: 55)، یان "نواندنە سینتاکسییەکان پرۆژەی فەرهەنگن"، (Borsley, R., 2003: 72)، دروستە سینتاکسییەکان لە هەر ئاستێکدا بن، واتە پرۆژەی پێش_فرێز (دەستەواژیلە)**، یان فرێز (دەستەواژە)، یاخود ڕستە بن، لە فەرهەنگەوە سەرچاوەدەگرن، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا پەیوەست بە پارامێتەری سەرەوە دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین، تەنها پرۆژەی سینتاکسیی فرێزە، نەک هەموو پرۆژە سینتاکسییەکان. پێشتر ئاماژە بەوە درا، ئەو توخمە فەرهەنگییانەی، کە پرۆژەی فرێز بونیاتدەنێن، مۆرفیمە سینتاکسییەکان/ مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانو وشەکانن. زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو ئەو توخمانە لە دوو دیوی ناوەکیو دەرەکیدا دەنوێنرێن. لە نواندنە ناوەکییەکەدا، لە ڕێگەی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە ویستی سەرە ڕێزمانییەکان (مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانو وشەکان) لە وەرگرتنی کەتیگۆریی جیاواز وەک تەواوکەر دیاریدەکرێت. نواندنی دیوی دەرەکیی زانیارییەکانیش بەهۆی تیۆری (X-bar)ەوە دەبێت. (X-bar) توخمە پێکهێنەرەکانی فرێز لە زمانە سروشتییەکان (زمانەکانی مرۆڤ)دا، کە بریتین لە سەری ڕێزمانی (Head)، تەواوکەر (Complement)، دیاریکەر (Specifier)، دەستنیشاندەکات. بەمپێیە هەموو فرێزێک سەرێکی ڕێزمانیی هەیە، کە دەبێتە هەڵگری ناوی فرێزەکە، چونکە ئەو (سەرە


---

* شایەنی گوتنە پارامێتەری سەر یەکەمجار لەلایەن (Stowell, 1981)ەوە پێشنیازکراوەو خراوەتەڕوو. دواتر هەریەک لە (Huang, 1982)، (Koopman, 1984)، (Travis, 1984) گەشەیان بە بیرۆکەی پارامێتەرەکە داوە. بڕوانە: (Huang, C.-T. J. & Roberts, I., 2017: 311).

** پرۆژەی پێش_فرێز (دەستەواژیلە) دروستەیەکە لە نێوان مۆرفۆلۆژیو سینتاکسدایە، واتە لە وشە گەورەترەو لە فرێزیش بچووکترە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دەستەواژیلەو جۆرەکانی، بڕوانە: (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠١٠: ٢٥-٢٧)، (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٦٧-٧٣).

ڕێزمانییەکە) دروستکەری پڕۆژەی فریزەکەیە. بۆ نموونە کردار سەری ڕێزمانیی فریزی کردارییە، ئاوەڵناو سەری ڕێزمانیی فریزی ئاوەڵناوییەو . . . تاد. بڕوانە: (Culicover, P., 1997: 134-135)، (Kwokwo, O., 2017: 22-23).


سەرە ڕێزمانییەکان لە فەرهەنگدا زانیاریی سینتاکسییان پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی جۆری کەتیگۆریی جیاوازەوە، بۆ بونیاتنانی پڕۆژەی فریز تیادا هەڵگیراوە، بەڵام ئەوەیان تیادا تۆمارنەکراوە، کە ئاخۆ لە زمانێکدا جێکەوتەی سەرەتا، یان کۆتاییی پڕۆژەکە دەگرن. بە واتایەکی دیکە ($X^0$)ەکان لە فەرهەنگدا پارامێتەرێکی ئازاد (Free Parameter) لە ناواخنیاندا هەیە، کە بەهاکەی هێشتا دیارینەکراوە. لەم قۆناغەدا هەردوو ئەگەری لای ڕاست گرتن‌و لای چەپ گرتن بۆ سەرە ڕێزمانییەکان پێشبینیکراوە. بڕوانە هێڵکاریی (١)، کە پێش دەستنیشانکردنی بەهای پارامێتەری سەر پیشاندەدات.





هێڵکاریی (١)

دەستنیشانکردنی جێکەوتەی سەری ڕێزمانی لە پڕۆژەی فریزی زمانێکدا، لە ڕێگەی نواندنی سینتاکسییانەی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکانەوە (سەرە ڕێزمانییەکانەوە) دەبێت. سەری ڕێزمانی لە پڕۆژەی فریزی زمانێکدا، یان پێش تەواوکەرەکەی دەکەوێت (بڕوانە هێڵکاریی ٢)، یاخود دەچێتە دوایەوە (بڕوانە هێڵکاریی ٣)[*]. لەو زمانانەی، کە سەری ڕێزمانی سەرەتای پڕۆژەی فریز دەگرێت، وەک زمانی ئینگلیزی‌و عەرەبی، پێیاندەگوترێت زمانە سەرسەرەتاکان (Head-first languages). لەو زمانانەیش، کە سەری ڕێزمانی دەکەوێتە کۆتاییی پڕۆژەکەوە، وەک زمانی تورکی‌و ژاپۆنی، بە زمانە سەرکۆتاکان (Head-last languages) ناودەبرێن.

[*] هێڵکاریی (٢)و (٣) لەسەر بنەمای ڕێنووسی لای ڕاست، واتە ئەو زمانانەی، کە ڕێنووسەکەیان لەلای ڕاستەوە دەستپێدەکات، پارامێتەری سەرسەرەتاو پارامێتەری سەرکۆتا دەنوێنن. بۆ ئەو زمانانەی، کە ڕێنووسەکەیان لەلای چەپەوەیە، هێڵکارییەکان واتای پێچەوانەیان دەبێت.




هێڵکاریی (٢)




هێڵکاریی (٣)

ئەم دابەشکارییەی پارامیتەری سەر، کە بۆ زمانەکان لەڕووی سەرسەرەتاو سەرکۆتاوە دەکرێت، بەوەی زمانێک دەبێت یان سەرسەرەتا بێت، یان سەرکۆتا، بۆ هەموو زمانەکان ڕاست نییە، لەبەرئەوەی لە هەندێک زماندا ڕیزبوونی سەرو تەواوکەر لە جۆرێکی فرێزەوە بۆ جۆرێکی دیکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانیدا فرێزی کرداری (VP) سەرکۆتایە، بەڵام جۆرەکانی دیکەی فرێز سەرسەرەتان. بڕوانە: (Barwari, M., 2004: 48). کەواتە دەکرێت زمانێک هەبێت دوو پارامیتەری/ جووت_پارامیتەر (Free Head/Split Parameter) بێت. لە ڕاستیدا زمانەکان پەیوەست بە پێشناوەوە وەک یەک ڕەفتاردەکەن، ئەویش بەوپێیەی لە فرێزی پێشناویدا هەموو زمانەکان سەرسەرەتان، هەربۆیە پێشناو وەک سەرێکی ڕێزمانی، جیاوازیی پارامیتەری پیشاننادات. بڕوانە:(مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا–٢٠٢٠: ١٠).


### ٢-١/٢) پارامیتەری سەر لە چەشنو جۆرەکانی فرێزدا

لەگەڵئەوەی لێکۆڵەران لە دەستنیشانکردنی ژمارەو چەشنو جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردیدا، بۆچوونیان جیاوازە، بەڵام زۆرینەیان پێیانوایە، کە زمانی کوردی زمانێکی سەرکۆتایەو لە دروستەی فرێزدا سەرە ڕێزمانییەکان (جگە لە پێشناوەکان) لای چەپی تەواوکەرەکانیان دەگرنو پارامیتەری سەرکۆتا جێبەجێدەکەن. ئێمە لێرەدا بە لامانەوە گرنگە بپرسین: ئایا سەرکۆتاییی زمانی کوردی تەنها بۆچوونێکی باوو ڕۆیشتووە، یاخود ڕاستییەکی بە تاقیکردنەوە سەلمێنراوە؟ ئایا بەدەر لە فرێزی پێشناوی، کە تیایدا پێشناوەکان وەک بنەمایەکی گشتیو جیهانی پەیڕەوی لە پارامیتەری سەرسەرەتا دەکەن، هیچ چەشنێکی دیکەی فرێز لە زمانی کوردیدا نییە، کە هاوشێوەی پێشناوەکان سەرە ڕێزمانییەکانیان یاسای سەرسەرەتا جێبەجێبکەن؟ ئەگەر هەیە/ هەن، کامەیە/ کامانەن؟ لە ئەگەری هەبوونی زیاتر لە یەک چەشنی فرێز (فرێزی پێشناوی)، کە سەرسەرەتا بن، ئایا دەکرێت لەبری ئەوەی زمانی کوردی بە زمانێکی سەرکۆتا دابنرێت، بگوترێت زمانێکی جووت_پارامیتەرییە؟ لە

وەچەپارەکانی (١/٢-٢-١)و (١/٢-٢-٢)دا، کە بۆ لێکدانەوەو گەنگەشەکردنی پارامێتەری سەر لە پڕۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکان‌و فرێزە ئەرکییەکاندا تەرخانکراون، هەوڵدەدەین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

### ١/٢-٢-١) پارامێتەری سەرو پڕۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکان

لە تیۆری (X-bar)دا بەپێی سروشت‌و تایبەتمەندیی سەرە ڕێزمانییەکان، دوو چەشنی جیاوازی فرێز لە یەکتر جیاکراونەتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە فرێزی فەرهەنگی‌و فرێزی ئەرکی*. بڕوانە هێڵکاریی (٤).




هێڵکاریی (٤)

فرێزە فەرهەنگییەکان پڕۆژەی توخمە فەرهەنگییە بەدەسەڵاتەکانن، کە لە قۆناغی "نێو فەرهەنگی _سینتاکسی"دا تەواوکەرێک، کە ئەویش کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییە، هەڵاوێردەکەن‌و بونیاتی دروستەی فرێزێکی فەرهەنگی دەنێن. بەمەش یەکەم هەنگاوی سازکردنی پڕۆژە سینتاکسییەکان دەستپێدەکات. ئەو توخمانەی، کە وەک سەری ڕێزمانی گۆدەکەن‌و پڕۆژەی فرێزی فەرهەنگی بەرهەمدەهێنن، بەپێی زۆربەی سەرچاوە زمانەوانییەکان، بریتین لە ناوەکان ($N^0$)و ئاوەڵناوەکان ($A^0$)و پێشناوەکان ($P^0$)و کردارەکان ($V^0$). لە هەندێک سەرچاوەدا** دیارخەرەکان ($D^0$)یش بە یەکێک لەو توخمە بەدەسەڵاتانە هەژمارکراوە، کە دروستکەری فرێزی فەرهەنگین. لە ڕاستیدا دیارخەرەکان ئەدگاری سەرە پڕۆژەسازدەرە فەرهەنگییەکان‌و هی ئەرکییەکانیش لەخۆدەگرن. بۆ نموونە مۆرفیمی ناسراوی (یەکێکە لە جۆرەکانی دیارخەر) لەو ڕووەوە، کە توخمێکی فەرهەنگییەو لە فەرهەنگەوە نەخشە بۆ

* بشڕوانە: ١/٢-٢-٣) پارامێتەری سەرو پڕۆژەی فرێزە هەڵواسراوەکان

** بڕوانە: (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١١٢).

بەرهەمهێنانی پڕۆژەی سینتاکسیی فرێز دەکێشێت، لە سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکان دەچێت، بەڵام لەو ڕووەوە، کە دۆخدەر نییەو تەنها حوکمکەرە، لە سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکان جیادەبێتەوەو لە سەرە ڕێزمانییە ئەرکییەکان دەچێت. ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە مۆرفیمی ناسراوی بۆ بونیاتنانی پڕۆژەی (DP)، دەتوانێت هەم تەواوکەری فەرهەنگیو هەم تەواوکەری سینتاکسییش وەربگرێت. بڕوانە (١)و (٢).

(١) [منداڵـــــەکە]
تەواوکەری مۆرفیمی ناسراوی
فەرهەنگی (دیارخەر)

(٢) [باوکی منداڵـــــەکە]
تەواوکەری مۆرفیمی ناسراوی
سینتاکسی (دیارخەر)

هۆو پاساوەکانی سەرەوە وایکردووە، ئێمە لەو هێڵکارییەی، کە بۆ چەشنە جیاوازەکانی فرێز خستوومانەتەڕوو، فرێزی دیارخەری لە فرێزە فەرهەنگیو فرێزە ئەرکییەکان جیابکەینەوەو لە نێوانی هەردووکیاندا دایبنێین، بەڵام بەوپێیەی فرێزی دیارخەری بەرهەمی گۆڕانی تێڕوانینەکانە دەربارەی فرێزی ناوی، بۆیە هەر لەژێر سەرناوی "پارامێتەری سەرو پڕۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکان"، دوای باسکردنی "پارامێتەری سەر لە فرێزی ناویدا"، لەبارەی "پارامێتەری سەر لە فرێزی دیارخەریدا" دواوین.

### ١/٢-٢-١-١) پارامێتەری سەر لە فرێزی ناویدا

لە پێشتردا ئاماژە بەوە درا، کە فرێزەکان بە ناوی سەرە ڕێزمانییەکانەوە ناودەنرێن، بەمپێیە فرێزە ناوییەکان دەبێت پڕۆژەی ناوەکان بن، بەڵام ئایا هەموو ($N^0$)ەکان توخمی پڕۆژەسازدەرن؟ یاخود جیاوازی لە نێوانیاندا هەیەو هەندێکیان وەک (X)و هەندێکی دیکەشیان وەک (Y) لە بونیاتنانی پڕۆژەی سینتاکسیی فرێزدا بەشداردەبن. ئەی چی دەربارەی ئەو گریمانەیەی، کە پێیوایە ناوەکان بە گشتی، سەری ڕێزمانی نینو تەنها وەک تەواوکەر مۆڵەتی گۆکردنو ڕوودانیان لە پڕۆژەی فرێزدا بۆ دەستەبەردەکرێت. چەندوچوونەکانی پەیوەست بە ناوەکان لەڕووی ڕۆڵبینینو بەشداریکردنیان لە بەرهەمهێنانی پڕۆژەی فرێزدا، لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا/ ئەگەرێکدا دەخەینەڕوو. پاشان لە ڕوانگەی ئەو بنەمایانەی، کە تیۆری (X-bar) لە سازکردنی پڕۆژە سینتاکسییەکاندا، ڕەچاوکردنیان دەکاتە مەرج، قسە لەسەر هەر یەک لەو خاڵانە/ ئەگەرانە دەکەین.

١. هەموو ناوەکان توخمی پڕۆژەسازدەرن

٢. بەشێک لە ناوەکان توخمی پڕۆژەسازدەرن

٣. ناوەکان بە گشتی، توخمی پڕۆژەسازدەر نین

بەپێی خاڵی یەکەم، کە دەچێتە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینە نەریتییەی دەربارەی فرێزی ناوی هەیە، هەموو جۆرەکانی ناو (ناوی تایبەتیی کەس، جێناوی سەربەخۆ، ناوی گشتی، . . . ) دەتوانن وەک سەری ڕێزمانیو بەرهەمهێنی پڕۆژەی (NP) گۆبکەن. زۆربەی ئەو لێکۆڵەرانەی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی، یان لاوەکی لەبارەی فرێزی ناوییەوە لە زمانی کوردیدا دواون، لەسەر ئەم بۆچوونە ڕۆیشتوونو بەشێکیشیان دوو جۆر فرێزی ناوییان لە یەکتر جیاکردووەتەوە، کە ئەوانیش فرێزی ناوی سادەو فرێزی ناوی ناسادە/ فراوانکراو/ ئاڵۆزن. فرێزی ناوی سادەیان وەها ناساندووە، کە تەنها لە ناوێک (زیاتر ناوی تایبەتیی کەسە)، یان جێناوێک پێکدێت، کە سەری فرێزەکەیە. وەک نموونەکانی (٣). هاوکات دەشێت ئەو ناوە بە مەرجی قورساییخستنەسەرو جێکەوتە، ناوی گشتی بێت. وەک نموونەکانی (٤).

(٣) ا- سیروان نەمامەکەی چاند.

ب- ئەو نەمامەکەی چاند.

(٤) ا- دایک نیشتیمانە.

ب- زەوی خڕە.

هەرچی فرێزی ناوی ناسادەیە، وەک فرێزێکی ناوی سادەی فراوانکراو قسەیان لەبارەیەوە کردووە. فرێزی ناوی سادە، کە بە بۆچوونی ئەوان تەنها لە سەرێکی ڕێزمانی پێکدێت، پێیانوایە دەشێت لە ڕێگەی کەرەستەی دیکەوە فراوانبکرێت. ئەو کەرەستانەی، کە فرێزی ناوی سادە فراواندەکەن، وایادەنێن دوو جۆرن، جۆرێکیان وەک: وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە، . . . تاد لە پێش سەرە ڕێزمانییەکەوە دێنو بە دەستنیشانکەر/ دیاریکەر/ دیاریکار، یان دەرخەری پێش سەر ناویان بردووە. بڕوانە نموونەکانی (٥). جۆرەکەی دیکەیان، کە مۆرفیمەکانی ناسراویو نەناسراویو کۆ، ئاوەڵناو، ناو/ جێناو، . . . تاد دەگرێتەوە، دەکەونە پاش سەرە ڕێزمانییەکەوەو دەرخەر، یان دەرخەری پاش سەریان پێوتوون. بڕوانە (٦).

(٥) ا- ئەم کوڕە برامە.

ب- دوو پیاو لە بازاڕەکە کوژران.


پ- هەموو یاریزانەکان ئامادەن.

(٦) ا- منداڵەکە خەوت.


ب- کچێکی جوان لێرەوە تێپەڕی.

پ- ماڵی سیروان/ ئەو لە هەولێرە.

ئێستا ئەگەر لە ڕوانگەی بنەماکانی تیۆری (X-bar)ەوە دروستەی هێڵ_بەژێرداهاتووی نموونەکانی سەرەوە ڕاڤەبکەین، کە بەپێی بۆچوونە نەریتییەکە فرێزی ناوین، ئەوا نموونەکانی (٣)و (٤) بە ئاشکرا پێشێلی یەکێک لە بنەماکانی تیۆرەکەیان کردووە، کە ئەویش بنەمای دووپەلکییە. لە (٣-ا)و (٣-ب)دا ناوی تایبەتیی /سیروان/و جێناوی سەربەخۆی /ئەو/، لە (٤-ا)و (٤-ب)یشدا ناوە گشتییەکانی /دایک/و /زەوی/ لەو ڕووەوە بە فرێزی ناوی دانراون، کە تەنها لە سەرێکی ڕێزمانی پێکهاتوون. بەمەش دەبێت هێڵکارییەکی لە چەشنی (٥)و (٦)یان هەبێت.




هێڵکاریی (٥)





هێڵکاریی (٦)

ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی بنەمای دووپەلکیی تیۆری (X-bar) پرۆژەی فرێز لە هەر زمانێکدا بێت، بە لایەنی کەمەوە دەبێت لە سەرێکی ڕێزمانیو تەواوکەرێک پێکهاتبێت. کەواتە ئەگەر نموونەکانی (٣)و (٤) بە فرێزی ناوی دابنرێن، ئەوا ئەو بنەمایە بریندار دەبێت، هەربۆیە بۆ جێبەجێکردنی بنەمای دووپەلکیو لانەدان لێی، شیکردنەوەیەکی دروستەیی نوێ بۆ ئەو پرۆژانە کرا، کە وەک نموونەکانی (٣)و (٤) تەنها لە ناوێک پێکهاتوونو وەها لێکدرایەوە، کە ئەو ناوانە دیارخەرێکی دەرنەبڕاو ( Null

(Null Determiner/ $D^0$)یان هەیە، کە دەبێت بە سەری ڕێزمانیی پرۆژەکە. بەمەش ناوەکە دەبێتە تەواوکەری دیارخەرە دەرنەبڕراوەکەو پرۆژە بەرهەمهاتووەکەیش فرێزێکی دیارخەری (DP) دەبێت، نەک فرێزێکی ناوی (NP). بڕوانە: (Carnie, A., 2011: 128-130).

ناوە تایبەتییەکان لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی زگماکی ناسراوو تاکن (گشتی نین)، لە هەندێک باری دیاریکراودا نەبێت، دیارخەریان (لێرەدا مەبەست لە دیارخەری مۆرفێمی ناسراوییە) لەگەڵدا نایەت. بڕوانە: (Roberts, N., 2022: 139). بە هەمانشێوەی ناوە تایبەتییەکان، جێناوە سەربەخۆکانیش بە سروشتی خۆیان ناسراونو تەنانەت لە هیچ بارێکیشدا دیارخەری مۆرفێمی ناسراوی وەرناگرن. هەبوونی نیشانەی واتاییی [+ ناسراوی] لە ناواخنی ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکان، کە پەیکاڵی دیارخەرێکی دەرنەبڕراوە[*]، مەرجی دووپەلکیی (X-bar) بۆ بونیاتنانی پرۆژە سینتاکسییەکان قایلدەکاتو دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو توخمانە وەک پرۆژەی (DP) ڕێگەپێدانیان بۆ دەستەبەربکرێت. بڕوانە نواندنی نموونەکانی (٣) لە هێڵکاریی (٧)دا.





هێڵکاریی (٧)

شایەنی گوتنە فرێزێکی دیارخەری، کە دیارخەرێکی دەربڕراوو ئاشکرای هەبێت، دەتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو فرێزە دیارخەرییانەی، کە وەک نموونەکانی (٣) تەنها لە ناوێکی تایبەتیی کەس، یان

[*] ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین، کە دیارخەری دەرنەبڕراوی ناواخنی ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکان لە فەرهەنگدا ئەکتیڤ نەبێت، هەربۆیە ئەو توخمانە لە فەرهەنگدا بە کەرەستەی خاوی ناوو جێناو تۆماردەکرێن، بەڵام کاتێک دیارخەرەکە لە سینتاکسدا چالاک دەبێت، ئەوا وەک سەر گۆدەکاتو ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکانیش وەک تەواوکەری ڕوودەدەن.

جێناوێکی سەربەخۆ پێکهاتوون. ئەمەش ئەو بۆچوونە پشتڕاستدەکاتەوە، کە ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکان دیارخەرێکی دەرنەبڕراویان هەیە*. بڕوانە نموونەی (٨)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٨)دا. پاشان بە نموونەکانی (٣)و هێڵکاریی (٧) بەراوردیان بکە.

(٨) پیاوەکە نەمامەکەی چاند.




هێڵکاریی (٨)

بەڵگەیەکی دیکەی هەبوونی دیارخەری دەرنەبڕراو لە ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکاندا ئەوەیە، کە وەک پێشتریش ئاماژەی پێدرا، دیارخەری مۆرفیمی ناسراوی لە هیچ بارێکدا ناچێتەسەر جێناوە سەربەخۆکانو پێکەوە ڕوونادەن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "دیارخەرەکان بەشێکن لە (DP)یەک، بەڵام جێناوەکان نوێنەرایەتیی تەواوی (DP)یەکە دەکەن". (Gelderen, E., 2017: 107). بڕوانە نموونەی (٩).

(٩) * ئەوەکە نەمامەکەی چاند


---

* (حاجی، ڤیان سلێمان، ٢٠٠٩: ٦٦) لە ناوی تایبەتیی کەسدا، جێکەوتەی پێشەوەی ناوەکە بۆ دیارخەری دەرنەبڕراو دیاریدەکاتو پرۆژەکەش بە سەرسەرەتا دادەنێت. پێدەچێت لێکۆڵەر لەژێر کاریگەریی زمانی ئینگلیزیدا ئەو بۆچوونەی هەبووبێت، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا دیارخەری مۆرفیمی ناسراوی فۆرمێکی سەربەخۆی هەیەو لە پێش ناوەوە دێت (بڕوانە ٧-ا)، بەڵام لە زمانی کوردیدا فۆڕمی مۆرفیمەکە ناسەربەخۆیەو لە دواوەوە بە ناوەوە دەلکێت (بڕوانە ٧-ب). ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە دەبێت لە ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکاندا، جێکەوتەی دیارخەرە دەرنەبڕراوەکە دواوەی ناوەکە بێت، نەک پێشەوەی. بەمەش فرێزەکە سەرکۆتا دەبێت، نەک سەرسەرەتا.

(٧) ا- [The boy]

ب- [کوڕەکە]

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە لەبارەی دیارخەری دەرنەبڕراوەوە بۆ ئەو پرۆژانەی فریز بوون، کە لە ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکان پێکهاتبوون، بەڵام بەدەر لەو توخمانە، ناوە گشتییەکانیش لە نموونەکانی وەک (٤)دا، لەو ڕوانگەیەوە بنەمای دووپەلکیی تیۆری (X-bar) ڕازیدەکەن، کە وەک پرۆژەی دیارخەری دەرنەبڕراو، کە لێرەدا قورساییخستنەسەرە، نەک نیشانەی واتاییی [+ ناسراوی]، لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. لە ڕاستیدا ناوە گشتییەکان بەبێ قورساییخستنەسەر ناتوانن گۆکردنی سینتاکسیی فرێزیان هەبێت. قورساییخستنەسەر، کە نیشانەی واتاییی [+ دیاریکردنو جیاکردنەوە] بە ناوە گشتییەکان دەدات، دەبێتە جێگرەوەی فۆنۆلۆژییانەی دیارخەرو وەک سەری ڕێزمانیی ئەو پرۆژانەی، کە لە ناوە گشتییەکانەوە بەرهەمدێن، ڕۆڵدەبینێت. بڕوانە: (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفاو قادر، کاروان عومەر، ٢٠١١: ٤٠٤-٤٠٥)، (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١١٦-١١٩). بەمپێیە نموونەکانی (٤) نواندنەکەیان بەو جۆرە دەبێت، کە لە هێڵکاریی (٩)دا خراوەتەڕوو.




هێڵکاریی (٩)

ئەوەی پەیوەندیی بە نموونەکانی (٥)و (٦)ەوە هەبێت، کە بە فرێزی ناوی ناسادە دانراون، جگە لە نموونەی (٦-پ)، کە بەپێی یەکێک لە خاڵەکان/ ئەگەرەکان فرێزێکی خستنەپاڵی ناوییە، نموونەکانی دیکە فرێزی ناوی نینو ناوەکان تیایاندا وەک سەری ڕێزمانی گۆناکەن. لە دروستەی هێڵ_بەژێرداهاتووی نموونەکانی (٥-ا)و (٥-ب)و (٥-پ)و (٦-ا)دا، دیارخەرەکان (وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە، مۆرفێمی ناسراوی) بەرهەمهێنی پرۆژەکانن، هەربۆیە ئەو دروستانە بە (DP) هەژماردەکرێن، نەک (NP). هەرچی دروستە خستنەپاڵییەکانی (٦-ب)و (٦-پ)یشە، پرۆژەی ناوە گشتییەکان نین، وەک ئەوەی بۆچوونە نەریتییەکە پێیوایە، بەڵکو لە (٦-ب)دا ئاوەڵناوەکەو لە (٦-پ)یشدا ناوە تایبەتییەکە/

جێناوە سەربەخۆکە* سەری ڕێزمانیی پرۆژەکانن‌و ناوە گشتییەکانیش لە چێوەی فرێزی دیارخەریدا وەک تەواوکەر هەڵاوێرکراون**.

تا ئێرە قسەکردنمان لەبارەی پرۆژەی فرێزی ناوییەوە لە بۆتەی خاڵی یەکەمی ئەو ئەگەرانەدا بوو، کە سەبارەت بە ڕۆڵی ناوەکان لە بونیاتنانی پرۆژەی سینتاکسیی فرێزدا دامانابوون. بەپێی ئەو ئەگەرە (ئەگەری خاڵی یەکەم) هەموو ناوەکان سەری پرۆژەسازدەر بوون، بەڵام هێنانەوەی نموونەکان‌و شیکردنەوەیان بەپێی بنەماکانی تیۆری (X-bar)، ئەو بۆچوونەی پشتڕاستنەکردەوە، کە (NP)یەکان پرۆژەی ($N^0$)ەکان بن بە گشتی، هەربۆیە لێرەوە بەرەو خاڵی دووەمی ئەگەرەکان دەچین، کە بەپێی ئەمەیان تەنها بەشێک لە ناوەکان دەتوانن وەک (X) گۆبکەن، نەک هەموویان. خاڵی دووەمی ئەگەرەکان وایدادەنێت، کە ناوە گشتییەکان سەری ڕێزمانی نین، بەڵکو لەناو (DP)دا وەک تەواوکەر لەلایەن دیارخەرەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، بەڵام ناوە تایبەتییەکان (ناوی تایبەتیی کەس، ناوی تایبەتیی شوێن)و جێناوە سەربەخۆکان لە دروستەی خستنەپاڵدا، کاتێک کۆتاییی دروستەکە دەگرن، وەک سەری ڕێزمانی ڕوودەدەن‌و فرێزی خستنەپاڵی ناوی دروستدەکەن. بڕوانە هێڵ_بەژێرداهاتووی نموونەکانی (١٠)و هێڵکاریی (١٠).

(١٠) ا- <u>دایکی هێمن</u> مامۆستایە.


ب- <u>چاوی تۆ</u> سەوزێکی کاڵە.

پ- نالی لە <u>گوندی خاکوخۆڵ</u> لەدایکبووە.

---

* هەڵبەت بەپێی خاڵی دووەمی ئەو ئەگەرانەی، کە لە لاپەڕە (٥٠)دا خرانەڕوو، ناوە تایبەتییەکان‌و جێناوە سەربەخۆکان (X)ن، بەڵام بشڕوانە خاڵی سێیەمی ئەگەرەکان لە لاپەڕە (٥٨-٥٩)دا.

** دانانی ناوی گشتی بە "سەر Head" لە نموونەکانی وەک (٦)دا، وای لە هەندێک لێکۆڵەر کردووە، کە دەربارەی پارامێتەری سەر لە زمانی کوردیدا لە لایەکو دیاریکردنی سەری ڕێزمانی لە پرۆژەی فرێزدا لە لایەکی دیکەوە، بۆچوونی دژبەیەک لە تێزەکانیاندا ببینرێت. بۆ نموونە (Fattah, M., 1997: 214)و (قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩: ٤١)و (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٩: ١٣٦) زمانی کوردییان بە زمانێکی سەرکۆتا داناوە، بەڵام لە بەشێک لەو نموونانەی، کە پەیوەست بە فرێزی ناوییەوە هێناویانەتەوە، ئەو ناوە گشتییانەیان بە سەری ڕێزمانی زانیوە، کە سەرەتای فرێزەکەیان گرتووە. (Fattah, M., 1997: 202-203) لە دروستەکانی {<u>کوڕ</u>ێکی زیرەک}، {<u>کوڕ</u>ی براکەم}، {<u>کوڕ</u>ە ئازاکە}، {<u>کچ</u>ە گەورەکەم}، {<u>پیاو</u>ی بەرز}و (قادر، سەباح ڕەشید، ٢٠٠٩: ٤٩) لە نموونەی {<u>ماڵ</u>ی پیاوەکە}و (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٩: ١١٥)یش لە نموونەکانی {<u>نامە</u>کە}، {<u>کوڕ</u>ێکی زیرەک}، {<u>پیاو</u>ە بەجەرگەکە}، {<u>چیرۆک</u>ێکی بەسوود}دا، ناوە گشتییە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانیان بە سەری ڕێزمانیی فرێزەکان هەژمارکردووە.




هێڵکاریی (١٠)

لە ئەگەرەکانی خاڵی یەکەمو دووەمەوە ئەوە هەڵدەهێنجێنرێت، کە لە دروستەی سادەدا، نە ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکان، نە ناوە گشتییەکانیش ناتوانن توخمی پرۆژەسازدەر بن، بەڵام لە دروستەی خستنەپاڵدا ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکان، کە دەکەونە لای چەپی دروستەکەوە، ئەوا وەک سەری ڕێزمانیو دروستکەری پرۆژەی فرێزی ناوی گۆدەکەن. هەرچی ناوە گشتییەکانە، لە جێکەوتەی لای ڕاستی دروستەی خستنەپاڵدا، هاوشێوەی ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکان وەک تەواوکەر ڕوودەدەن، بەڵام کاتێک دەچنە لای چەپی دروستەکەوە، ئەوا وەک ئەوان فرێزی خستنەپاڵی ناوی بەرهەمناهێنن، بەڵکو بەشێکیان (بە تایبەت ئەوانەیان، کە ناوی خاوەنپیشەن) لەبەرئەوەی لە ناوی گشتییەوە دەبنە ناوی ئاوەڵناوی، ئەو پرۆژەیەی، کە سازیدەکەن (AP) دەبێت، نەک (NP). کاتێک ناوێکی گشتیی خاوەنپیشە لای ڕاستی دروستەیەکی خستنەپاڵی گرتبێت، بە پەیوەندیی جێنشینی، ناوێکی گشتیی دیکە دەبێتە ئەلتەرناتیڤی (بڕوانە نموونەکانی ١١)، بەڵام هەر ئەو ناوە ئەگەر کەوتبێتە لای چەپی دروستەکەوە، ئەوا ئاوەڵناوێک دەتوانێت جێگەی بگرێتەوە. بڕوانە نموونەکانی (١٢)و نواندنەکەیان لە هێڵکاریی (١١)دا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە بە گۆڕینی جێکەوتەکەی، ناوەکە لە ناوێکی گشتییەوە دەبێت بە ناوێکی ئاوەڵناوی. هاوکات بەڵگەیە لەسەر گرنگیی ڕۆڵی جێکەوتەی سینتاکسی (Syntactic position) لە بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا، چونکە ئەوە جێکەوتەکەیە وایکردووە، کە لە (١١-ا)دا /ئاسنگەر/ وەک تەواوکەرو لە (١٢-ا)یشدا وەک سەری ڕێزمانی، لە بونیاتنانی پرۆژەی فرێزەکەدا بەشداربێت. بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە "تەنها


پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی و مۆرفیمەکانی پۆلەڕەگەز ناگۆڕن، بەڵکوم گۆکردنی سینتاکسییش لە جێکەوتەکاندا دەشێت کەمەکیی یان هەمەکەیی لە پۆلەڕەگەزی وشەکان بگۆڕن". (مەحویی، محەمەد، ٢٠٢١: ٤٣٩).

(١١) ا- [ئاسنگەری لێهاتوو]

ب- [پیاوی لێهاتوو]

(١٢) ا- [کاوەی ئاسنگەر]

ب- [کاوەی کۆڵنەدەر]





هێڵکاریی (١١)

ناوە گشتییەکانی دیکە لە جێکەوتەی لای چەپی دروستەی خستنەپاڵدا ناتوانن وەک سەری ڕێزمانی گۆبکەن، چونکە ئەو دروستەیەی، کە پێکیدەهێنن، پرۆژەی فریزێکی تەواوو بێکەموکوڕی نابێت، بەڵکو پرۆژەیەکی پێش_فریزی (دەستەواژیلە) دەبێت، کە سەربەخۆیی بەکارهێنانی نییە، تا ئەو کاتەی لە ڕێگەی دیارخەرێکەوە، یان بە قورساییخستنەسەر ڕێگەپێدانی سینتاکسیی بۆ دەستەبەردەکرێت. بەمەش دیارخەرێکی ئاشکرا، یان قورساییخستنەر، کە ئەلتەرناتیڤی دیارخەرێکی دەرنەبڕاون، پرۆژە پێش_فریزییەکە وەک تەواوکەرێکی سینتاکسی هەڵاوێردەکەنو دەبنە سەری ڕێزمانیی فریزەکە. بڕوانە (١٣).

(١٣) ا- برای ژن ⟵ برای ژنەکە دەستگیرکرا.

ب- کوڕی پیاو ⟵ کوڕی پیاو لێرەیە.

دەربارەی پرۆژە سینتاکسییەکانی ناو ئەوەی ماوەتەوە قسەی لەسەر بکەین، خاڵی سێیەمی ئەگەرەکانە، کە بەپێی ئەم خاڵە/ ئەگەرە نەک هەموو ناوەکان، یان بەشێکیان، بەڵکو هیچ کام لە چەشنە جیاوازەکانی ناو (ناوی تایبەتیی کەس/ جێناوی سەربەخۆ، ناوی تایبەتیی شوێن، ناوی گشتی) توخمی پرۆژەسازدەر نین. پێشتر پەیوەست بە شرۆڤەو لێکدانەوەی ئەگەرەکانی خاڵی یەکەمو دووەمەوە ئەوە خرایەڕوو، کە لە دروستەی سادەدا ناوەکان ناتوانن وەک (X) ڕووبدەن، چونکە لە دروستەی سادەدا ناوە تایبەتییەکانی کەسو جێناوە سەربەخۆکانو ناوە گشتییەکان لە ڕێگەی سەرێکی دیارخەریی ئاشکرا، یان دەرنەبڕراوەوە گۆکردنی سینتاکسیی فریزیان دەبێت، بەڵام لەو دروستە خستنەپاڵییانەدا، کە وەک نموونەکانی (١٠)ن، ناوە تایبەتییەکانی کەسو شوێنو جێناوە سەربەخۆکان دەبنە سەری ڕێزمانیو پرۆژەی (NP) بەرهەمدەهێنن. شیکردنەوەکانی ئەگەری خاڵی سێیەم بەو جۆرەن، کە "لەناو ئەو پرۆژانەدا، کە دروستەکانیان خستنەپاڵیین، DPیەک سەری پرۆژەکان پێکدەهێنێت". (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١٠٠). کەواتە بەپێی خاڵی سێیەم دروستە خستنەپاڵییەکانی (١٠)یش پرۆژەی ناو نینو بە (NP) دانانرێن، بەڵکو پرۆژەی دیارخەرنو بە (DP) هەژماردەکرێن. بەمپێیە نواندنی نموونەکانی (١٠) بەو شێوەیە دەبێت، کە لە هێڵکاریی (١٢)دا پیشاندراوە.




هێڵکاریی (١٢)

هۆو پاساوی سینتاکسیی ئەوەی، کە ڕاڤەکردنێکی لەو شێوەیەی سەرەوە بۆ دروستە هێڵـ بەژێرداهاتووەکانی (١٠) بکرێت، واتە بە فرێزی خستنەپاڵی دیارخەری دابنرێن، نەک فرێزی خستنەپاڵی ناوی، بە بوونی دیارخەرێکی دەرنەبڕراو لە ناواخنی ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکانەوە بەندە. بەپێی ئەگەری خاڵی سێیەم ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکان لە دروستەی سادەدا بن، یاخود دروستەی خستنەپاڵ، لەبەرئەوەی بە سروشتیو زگماکی خۆیان ناسراون، واتە خاوەنی نیشانەی [+ ناسراوی]ن، کە هەمبەر بە دیارخەرێکی دەرنەبڕراوە، بۆیە ئەو پڕۆژەیەی، کە بەهۆیانەوە بەرهەمدێت، (DP) دەبێت، نەک (NP). بەمەش لە دروستە خستنەپاڵییەکاندا، وەک لە هێڵکاریی (١٢)وە دەردەکەوێت، پڕۆژەکە شکاندنەوەی (DP)یەک لەناو (DP)یەکی دیکەدا دەگەیەنێت.

دوای پێشکەشکردنی زانیاریو ڕوونکردنەوەی پێویست دەربارەی هەریەک لەو خاڵانەی/ ئەگەرانەی، کە لە سەرەتای ئەم وەچەپارەدا سەبارەت بە ڕۆڵی ناوەکان لە بونیاتنانی پڕۆژەی سینتاکسیی فرێزدا خرانەڕوو، هاوکات هێنانەوەی نموونەکانو لێکدانەوەیان لە ڕوانگەی بنەماکانی تیۆری (X-bar)ەوە، ڕایدەگەیەنین ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆچوونی خاڵی سێیەم، کە ئەویش بریتیبوو لەوەی، کە "ناوەکان بە گشتی، توخمی پڕۆژەسازدەر نین" بە دروست دەزانینو پەسەندیدەکەین، چونکە لە ئەگەرەکانی خاڵی یەکەمو دووەمدا، ڕەچاوی بنەمای دووپەلکیی تیۆری (X-bar)و بیرۆکەی دیارخەری دەرنەبڕراو لە ناوە تایبەتییەکانو جێناوە سەربەخۆکاندا نەدەکرا، بەڵام لە ئەگەری خاڵی سێیەمدا، بەرهەمهێنانی پڕۆژەکان بە تەواوی بەپێی ئەو دوو بنەمایە (بنەمای هەبوونی سەرو بنەمای دووپەلکی) بەڕێوەدەچوون، کە تیۆری (X-bar) پابەندبوون پێیانەوە بە پێویست دەزانێت. هەموو ئەمانەیش ئەو ئەنجامە دەستەبەردەکەن، کە ناوەکان بە گشتی، لەبەرئەوەی (X) نینو (Y)ن، نابنە دەستنیشانکەری پارامێتەری سەر.

**٢-١-٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی دیارخەریدا**

لە قۆناغە بەراییەکانی (X-bar)دا ئەو پڕۆژانەی فرێز، کە ناوەکان بەشدارییان لە بونیاتنانیاندا دەکرد، بە فرێزی ناوی هەژماردەکرانو وادادەنرا، کە ناوەکان سەری پڕۆژەکان بن. کەرەستەکانی دیکە، کە لەگەڵ ناوەکاندا دەهاتن، وەک دیارخەرەکانو ئاوەڵناوەکان، ئیلیمێنتی سەرپشکی بوونو جێکەوتەی دیاریکەریان لەناو فرێزی ناویدا پڕدەکردەوە. ئەم تێڕوانینە سەرەتا لەلایەن ( Brame, 1981)و (Brame, 1982)ەوە، دواتریش لەلایەن (Szabolcsi, 1983)و (Abney, 1986)ەوە گومانی

خرایەسەر. ئەم زمانەوانانە بانگەشەی ئەوەیان کرد، کە سەری فرێزی ناوی دەکرێت دیارخەرێک بێت، نەک ناوێک. ئەم بۆچوونە لەژێر ناوی گریمانەی (DP)دا لەلایەن (Abney, 1987)ەوە بە تەواوەتی گەشەپێدراو فراوانکرا. بڕوانە: [*](Tahir, R., 2018: 94).

زۆربەی سەرچاوەکان (Abney, 1987) بە خاوەنی بیرۆکەو گریمانەی (DP) دادەنێن، چونکە پێیانوایە یەکەم کەس بووە، کە بە دووروودرێژی لەبارەی فرێزی دیارخەرییەوە دواوە. بڕوانە: (Carnie, A., 2013: 209)، (Gelderen, E., 2017: 107). بەپێی گریمانەی (DP) دیارخەرێک دەبێتە سەری ڕێزمانیی فرێزێکی ناوی، واتە "دیارخەرەکە پڕۆژەی ناوەکە وەک تەواوکەری خۆی دیاریدەکات". (Alexiadou, A. & Haegeman, L. & Stavrou, M., 2007: 53). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لە ڕوانگەی گریمانەی (DP)یەوە ئەو دروستانەی، کە بەپێی تێڕوانینە نەریتییەکە فرێزی ناوی بوونو ناوێک سەری فرێزەکەی پێکدەهێنا، وەک فرێزی دیارخەری لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. گریمانەکە بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە (NP)یەکان گۆکردنی سینتاکسیی سەربەخۆیان نییەو تەنها بە شکاندنەوەیان لەناو پڕۆژەی (DP)یەکاندا ڕێگەپێدانیان بۆ دەستەبەردەکرێت.

فرێزی دیارخەری پڕۆژەی دیارخەرەکانە، واتە ئەو فرێزەیە، کە "سەرێکی دیارخەریی ئاشکرا، یان دەرنەبڕاوی هەیە". (Radford, A., 2009: 114). لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتەئاراوە، ئەویش ئەوەیە: ئەو کەرەستە زمانییانە کامانەن، کە بە دیارخەر هەژماردەکرێن؟ دیارخەر زاراوەیەکی گشتییەو کۆمەڵێک پۆلەڕەگەزی جیاواز دەگرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا پۆلێنێکی دیاریکراو بۆ دیارخەرەکان نییەو دەربارەی جۆرو ژمارەیان بۆچوونی جیاواز لەئارادایە. لە سەرچاوەو لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا (ئەوانەیان، کە لەبارەی دیارخەرو فرێزی دیارخەرییەوە دواون)، زیاتر هەر "مۆرفێمی ناسراویو نەناسراویو کۆ، وشەی نیشانە، مۆرفێمی خستنەپاڵ" بە دیارخەر دانراون، بەڵام لە ژێدەرە ئینگلیزییەکاندا بەدەر لەو توخمانە، دیارخەر چەند کەتیگۆرییەکی دیکەی وەک: ڕادە، ژمارە، وشەی پرس (هەندێکیان، نەک هەموویان)، . . . تاد دەگرێتەوە. بڕوانە: (Greenbaum, S. & Quirk, R., 1990: 72-77)، (Swan, M., 2002: 147-150)، (Alexander, L., 2003: 55)، (Leech, G. & Svartvik, J., 2013: )، (Gelderen, E., 2017: 22)، [https://eslgrammar.org/determiner/](https://eslgrammar.org/determiner/). ئێمە بە سوودوەرگرتن لەو سەرچاوانەی، کە ئاماژەیانپێدرا، لە خشتەی (١)دا چەشنە جیاوازەکانی دیارخەر لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕوو. پاشان وەک بەرهەمهێنی پڕۆژەی فرێزی دیارخەریی جیاواز، پەیوەست بە پارامێتەری سەرەوە، لەبارەیانەوە دەدوێین.

---

[*] بشڕوانە: (Bruening, B., 2009: 27)، کە لەوێدا بە شێوەیەکی کەمێک جیاوازتر باس لە پێشنیازە سەرەتاییەکانی گریمانەی (DP) کراوە.

| نموونەی هەر چەشنێک | چەشنەکانی دیارخەر |
|---|---|
| وەک: /ـەکە/، /ـێک/، /ـەکان/، /ـان/ | - مۆرفێمی ناسراوی‌و نەناسراوی‌و کۆ |
| وەک: /ئەم....ـە/، /ئەو....ـە/، /ئەم....انە/، /ئەو....انە/ | - وشەی نیشانە |
| وەک: /ـی/، /ـە/ | - مۆرفێمی خستنەپاڵ |
| وەک: /هەموو/، /هەندێک/، /کەمێک/، . . . تاد. | - ڕادە |
| وەک: /دوو/، /سێ/، /چوار/، . . . تاد. | - ژمارە |
| وەک: /چەند/، /چ/، /کامە/، . . . تاد. | - وشەی پرس |

خشتەی (١)

ئەگەرچی وادانراوە، کە هەمیشە پڕۆژەی فرێزێکی ناوی ببێتە تەواوکەری فەرهەنگیی دیارخەرەکان، تەنانەت گریمانەی (DP)یش جەختی لەسەر ئەمە دەکردەوە، بەڵام ئەوەی لە زمانی کوردیدا دەبینرێت، ئەوەیە، کە جگە لە پڕۆژەی فرێز/ دەستەواژە (فرێزی ناوی)، پڕۆژە پێش ـ فرێزییەکانیش/ دەستەواژیلەکانیش (دەستەواژیلەی ناوی‌و دەستەواژیلەی ئاوەڵناوی) وەک تەواوکەری سینتاکسیی دیارخەرەکان (بە تایبەت دیارخەری مۆرفێمی ناسراوی‌و وشەی نیشانە) گۆدەکەن. بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە.

(١٤) ا- خوێندکارەکە بە یەکەم دەرچوو.

ب- کچە خوێندکارەکە بە یەکەم دەرچوو.


پ- خوێندکارە زیرەکەکە بە یەکەم دەرچوو.

(١٥) ا- ئەو خوێندکارە بە یەکەم دەرچوو.


ب- ئەو کچە خوێندکارە بە یەکەم دەرچوو.

پ- ئەو خوێندکارە زیرەکە بە یەکەم دەرچوو.


وەک لە نموونەکانەوە دەردەکەوێت، دیارخەری مۆرفێمی ناسراویی /_ەکە/ لە (١٤–ا)دا پڕۆژەی فرێزی ناویی /خوێندکار/و لە (١٤–ب)دا پڕۆژەی پێش_فرێزی ناویی /کچە خوێندکار/و لە (١٤–پ)یشدا پڕۆژەی پێش_فرێزی ئاوەڵناویی /کچە زیرەک/ی وەک تەواوکەر هەڵاوێرکردووە. بڕوانە نواندنەکەیان لە هێڵکاریی (١٣)و (١٤)دا. پڕۆژە فرێزیو پێش_فرێزییەکانی (١٤)، لە نموونەکانی (١٥)دا وەک تەواوکەری دیارخەری وشەی نیشانەی /ئەو.....ە/ ڕوویانداوە. بڕوانە نواندنەکەیان لە هێڵکاریی (١٥)و (١٦)دا.





هێڵکاریی (١٣)




هێڵکاریی (١٤)




هێڵکاریی (١٥)





هێڵکاریی (١٦)

نموونەو هێڵكارییەكان ئەوە دەردەخەن، كە لە زمانی كوردیدا دیارخەری مۆرفیمی ناسراوی دەكەوێتە لای چەپی تەواوكەرەكەیەوەو پەیڕەوی لە پارامێتەری سەركۆتا دەكات. هەرچی دیارخەری وشەی نیشانەیە دەبێتە دوو بەشەوە، بەشێكیان سەرەتای دروستەی فرێزەكەو بەشەكەی دیكەشیان كۆتایی دروستەكە دەگرێت، تەواوكەرەكەیش دەكەوێتە نێوانیانەوە. بەوپێیەی بەشێكی وشەی نیشانە دەچێتە كۆتایی پرۆژەی فرێزەكەوە، بۆیە دەكرێت بڵێین وشەی نیشانەیش پارامێتەری سەركۆتا جێبەجێدەكات.


مۆرفیمی خستنەپاڵی /ـی/و /ـە/ وەك چەشنێكی دیكەی دیارخەر، ئەمانیش سەری ڕێزمانیی سەركۆتان، بەڵام ئەوەی ئەم جۆرەی دیارخەر لە جۆرەكانی تر جیادەكاتەوە، ئەوەیە، كە ئەو فرێزە دیارخەرییەی مۆرفیمەكانی خستنەپاڵ بەرهەمیدەهێنن، گۆكردنی سینتاكسیو واتایی سەربەخۆی نییەو تەنها بە شكاندنەوەی لەناو پرۆژەی دیكەی فرێزدا، ڕێگەپێدانی بۆ فەراهەمدەكرێت. با بڕوانینە نموونەكانی (١٦)و نواندنەكەیان لە هێڵكاریی (١٧)و (١٨)دا.

(١٦) ا- خوێندكارێكی زیرەك بە یەكەم دەرچوو.

ب- خوێندكارە زیرەكەكە بە یەكەم دەرچوو.




هێڵكاریی (١٧)





هێڵكاریی (١٨)

ئەوەی پەیوەندیی بە ڕادەو ژمارەو وشەی پرسەوە هەبێت، ئەمان بە پێچەوانەی دیارخەرەكانی دیكەوە ناچنە دوای تەواوكەرەكانیانەوە، بەڵكو پێشیان دەكەونو پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرسەرەتا دەكەن. بڕوانە (١٧)و هێڵكاریی (١٩).

(١٧) ا- هەندێک خوێندکار نەهاتوون.

ب- چوار خوێندکار نەهاتوون.

پ- چەند خوێندکار نەهاتوون؟




هێڵکاریی (١٩)

جێی باسە دەشێت لە دروستەیەکی خستنەپاڵدا ژمارەیەکی پلەیی، یان وشەیەکی پرس بکەوێتە کۆتاییی دروستەکەوە، بەڵام ئێمە پێمانوایە لەو شوێنەدا ژمارە پلەییەکە/ وشە پرسەکە وەک دیارخەر ڕوونادات و پرۆژەی (DP) بەرهەمناهێنێت، چونکە ئەو شوێنە لە بنەڕەتدا جێکەوتەی سینتاکسیی ناوو ئاوەڵناوە، هەربۆیە ئەو توخمانە لەوێدا وەک ناوئاسا، یان ئاوەڵناوئاسا گۆدەکەن. بڕوانە نموونەکانی (١٨-ا)و (١٩-ا)و بەوانەی (١٨-ب)و (١٩-ب) بەراوردیان بکە.

(١٨) ا- وانەی پێنجەم ناخوێنین.

ب- وانەی بیرکاری ناخوێنین.

(١٩) ا- گوڵی چۆنت دەوێت؟

ب- گوڵی سوورت دەوێت؟


شیکردنەوەکانی ئەم وەچەپارە ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە لە زمانی کوردیدا سەرە ڕێزمانییە دیارخەرییەکان پەیڕەوی لە یەک جۆری پارامێتەری سەر ناکەن، بەڵکو هەندێکیان پارامێتەری سەرکۆتاو هەندێکی دیکەشیان پارامێتەری سەرسەرەتا جێبەجێدەکەن.

### ٣-١-٢-١/٢) پارامیتەری سەر لە فریزی ئاوەڵناویدا


سەری ڕێزمانیی فرێزی ئاوەڵناوی، ئاوەڵناوێکە. بڕوانە: (Aarts, B. & Haegeman, L., 2006: 118)، (Baker, A. & Hengeveld, K., 2012: 136). لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو تەواوکەرێک هەڵاوێردەکات، کە لە سینتاکسدا فۆڕمەکەی (DP) دەبێت. (DP)یەکە پرۆژەی مۆرفیمی خستنەپاڵی جیاوازە. ئەمەش دەبێتەهۆی جیاوازی لە دروستەی ئەو پرۆژانەی، کە ئاوەڵناوەکان دەبنە سەری ڕێزمانییان. ئەگەر سەری ڕێزمانیی فرێزە دیارخەرییەکە مۆرفیمی خستنەپاڵی /ـی/ بێت، ئەوا پرۆژە گەورەکە (ئەو پرۆژەیەی، کە تیایدا DPیەکە وەک تەواوکەری $A^0$یەکە گۆدەکات)، فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی دەبێت (بڕوانە "٢٠-ا"و نواندنەکەی لە هێڵکاریی "٢٠"دا)، بەڵام ئەگەر سەری ڕێزمانیی فرێزە دیارخەرییەکە مۆرفیمی خستنەپاڵی /ـە/ بێت، ئەوا پرۆژەکە دەستەواژیلەیەکی ئاوەڵناوی دەبێت، نەک فرێزێکی ئاوەڵناوی. دەستەواژیلەی ئاوەڵناوی لەبەرئەوەی ئازادیی بەکارهێنانی نییە، بۆیە دەبێتە تەواوکەری سینتاکسیی سەرێکی دیارخەریو لەناو (DP)یەکدا دەشکێتەوە. بڕوانە (٢٠-ب)و هێڵکاریی (٢١).

(٢٠) ا- بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنە.

ب- بەردە گەورەکە بهێنە.




هێڵکاریی (٢١)





هێڵکاریی (٢٠)

نموونەو هێڵکارییەکان ئەوە دەردەخەن، کە لە هەردوو پڕۆژە ئاوەڵناوییەکەدا (پڕۆژە فریزییەکەو پڕۆژە پێش_فریزییەکە)، ئاوەڵناوەکە لای چەپی تەواوکەرەکەی دەگرێتو پارامێتەری سەرکۆتا جێبەجێدەکات.


ئەوەی خرایەڕوو بۆ ئاوەڵناوی فەرهەنگی بوو، "ئاوەڵناویی شکاوە (Inflected) بۆ پلەی بەراوردو بالا پەیوەست بە جۆری تەواوکەر و جێکەوتەی سەری ڕێزمانیی هەڵسوکەوتی جیادەکات"[*]. (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١٣). ئاوەڵناوی پلەی بەراورد (PP)یەک وەک تەواوکەر هەڵدەبژێرێت، کە دەشێت بکەوێتە لای ڕاست، یان لای چەپییەوە. بەمەش ئاوەڵناو لە پلەی بەراورددا پارامێتەرێکی ئازاد پەیڕەودەکات. بڕوانە (٢١)و هێڵکارییەکانی (٢٢)و (٢٣).

(٢١) ا- [لە من باشتر]، [لە تۆ جوانتر]، [لە ئەو ئازاتر]، . . . تاد

ب- [باشتر لە من]، [جوانتر لە تۆ]، [ئازاتر لە ئەو]، . . . تاد




هێڵکاریی (٢٢)





هێڵکاریی (٢٣)

* (عەبوزەید، سانیا جەبار، ٢٠١٩: ١٢٩-١٣٢) پێیوایە مۆرفیمەکانی /_تر/و /_ترین/ سەری ڕێزمانینو پڕۆژەی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، وەک لەوەی فۆڕمی شکاوەی ئاوەڵناو سازبکەن. بە بۆچوونی ناوبراو ئەو مۆرفیمانە توخمی بەدەسەلاتو پڕۆژەسازدەرن، فریزێکی ئاوەڵناوی وەک تەواوکەر هەلاوێردەکەنو فریزی ئەرکیی پلەی بەراوردو بالا بەرهەمدەهێنن.

هەرچی ئاوەڵناوی پلەی باڵایە پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرسەرەتا دەکات، چونکە دەکەوێتە لای ڕاستی ئەو (NP)یەوە، کە وەک تەواوکەر وەریدەگرێت. بڕوانە (٢٢)و هێڵکاریی (٢٤).

(٢٢) [باشترین مامۆستا]، [جوانترین کچ]، [ئازاترین پیاو]، . . . تاد





هێڵکاریی (٢٤)

### ٤-١-٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی پێشناویدا


هەروەک چۆن فرێزە دیارخەرییەکانو فرێزە ئاوەڵناوییەکان پرۆژەی دیارخەرەکانو ئاوەڵناوەکان بوون، فرێزە پێشناوییەکانیش پرۆژەی پێشناوەکانن، واتە پێشناوەکان سەری ڕێزمانیی فرێزە پێشناوییەکانن. بڕوانە: (Saint-Dizier, P., 2006: 2)، (Hayes, B., 2021: 84). لە زمانی کوردیدا پێشناوەکانی /بە، بۆ، لە، . . ./ توخمی بەدەسەڵاتنو بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێزی پێشناوی تەواوکەرێک وەردەگرن، کە فۆرمە سینتاکسییەکەی دەشێت (DP)، یان (AP) بێت. با لە نموونەی (٢٣)و هێڵکارییەکانی (٢٥)و (٢٦) بڕوانین.

(٢٣) ا- دانەکەی بۆ کۆترەکە ڕۆکرد.

ب- خانووەکەم بە پارەیەکی باش کڕی.




هێڵکاریی (٢٥)




هێڵکاریی (٢٦)

بە سەرنجدان لە نموونەو هێڵکارییەکان ئەوە دەردەکەوێت، کە "پێشناوەکان، وەک لە هەر زمانێکی دییکەدا دەبیینرێنەوە، لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ حوکمی دۆخی ڕێزمانیی تەواوکەرەکانیان دەکەن و کەوتوونەتە سەرەتاوە". (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ٣٨). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پێشناوەکان جیاواز لە ($X^0$)ـە فەرهەنگییەکانی تر، نە سەرکۆتانو نە جووت_پارامێتەرین، بەڵکو تەنها پارامێتەری سەرسەرەتا جێبەجێدەکەن*.

پێشناوەکانی /بە، بۆ، لە، . . . / ئەگەرچی سەری ڕێزمانیی فەرهەنگینو هاوشێوەی سەرە ڕێزمانییە فەرهەنگییەکانی دیکە، لە قۆناغی "نێو فەرهەنگی_سینتاکسی"دا تواناو ویستیان پەیوەست بە وەرگرتنی تەواوکەرەوە دیاریدەکرێت، بەڵام لە هەندێک سەرچاوەدا** بە پێشناوی سینتاکسی ناوبراون. ئەمەش

---

* بشڕوانە (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١٦)، کە پێیوایە لەگەڵئەوەی سەرسەرەتاییی ($P^0$)یەکان جیهانییەو لە هەموو زمانەکاندا پێشناوەکان پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرسەرەتا دەکەن، بەڵام دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت، کە لە دروستەی ئەو فرێزە پێشناوییانەی، کە لە چەشنی نموونەکانی خوارەوەن، بۆ پاراستنی پارامێتەری سەرکۆتاییی زمانی کوردی، پاشگرە سینتاکسییەکانی وەک /_دا/، /_ەوە/، کە کەرتێکی پێشناوەکانن، کۆتاییی دروستەکەیان گرتبێت. بەمەش پاشگرە سینتاکسییەکان بەشێک دەبن لە کۆتاپارێزیی زمانی کوردی.

(٢٤) ا- من بە هەولێر<u>دا</u> هاتمەوە.

ب- من بە تۆ<u>وە</u> دڵخۆشە.

پ- لە خەو<u>دا</u> تۆم بینی.

** بڕوانە: (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ١٠٤-١١٣)، (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٠٩: ١١-١٤)، (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١٧٠-١٧٥)، (مەحویی، محەمەد، ٢٠٢١: ١٧٧).

بە مەبەستی جیاکردنەوەیانە لە مۆرفیمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/، کە هەر لەو سەرچاوانەدا ئەمان پێشناوی فەرهەنگی، یان مۆرفۆسینتاکسییان پێوتراوە[*]. ناوبردنی مۆرفیمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ بە پێشناوی فەرهەنگیو جیاکردنەوەیان لە پێشناوەکانی دیکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو مۆرفیمانە "سەربەخۆ لەناو فەرهەنگدا تۆمارنەکراون و نەنووسرانەتەوە، بەڵکو وەک بەشێکی بنجیی کردار بە فۆڕمێکی فۆنۆلۆژیی و فەرهەنگییەوە لەفەرهەنگدا تۆمارکراون"، (مەحویی، محەمەد، ا-٢٠٠١: ٥٦)، بەڵام لە سینتاکسدا فۆڕمی پێشناوەکانی/بە، لە، ە/ وەردەگرنو وەک سەری ڕێزمانیو بەرهەمهێنەری پڕۆژەی فریزی پێشناوی (PP) گۆدەکەن. بڕوانە نموونەکانی (٢٥).

(٢٥) ا- منداڵەکە کەوت. (کەوتن) ——◄ کەشوهەوای ئێرە بە من ناکەوێت. (پێکەوتن)

ب- چۆلەکەکەی گرت. (گرتن) ——◄ بەردێکی لە چۆلەکەکە گرت./ (تێگرتن)

بەردێکی گرتە چۆلەکەکە.

پ- تۆ دێیت؟ (هاتن) ——◄ ئەم کراسەیان زیاتر لە تۆ دێت. (لێهاتن)

مۆرفیمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ کاتێک دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی کردارێکی داڕێژراو، ئەوا دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکە (کردارە یەک لێکسیمەکە/ ڕەگەکە) دەگۆڕنو کردارێکی نوێی زانیاریی جیاواز بەرهەمدەهێنن[**]. بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ٦٢-٦٦). لە نموونەکانی (٢٥)دا مۆرفیمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ سەرباری گۆڕینی واتا، زانیاریی سینتاکسیی کردارەکانیان لەڕووی وەرگرتنی تەواوکەرێکەوە/ تەواوکەرێکی دیکەوە لە فۆڕمی (PP)دا فراوانکردووە. (PP)ی نموونەکانی (٢٥) "ئارگۆمێنت_داواکراوی ناوەکیی کردارەکەن، بۆیە هەبوونیان لەناو دروستەی فریزە کردارییەکەدا خورتییە"، (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١٧٣)، بەڵام ئەو فریزە پێشناوییانەی، کە گۆکردنی

---

[*] هەروەک لە بەشی سێیەمو پەیوەست بە پارامێتەرو نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە دەردەکەوێت، مۆرفیمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا بەهای تایبەتیی خۆیانیان هەیەو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، هەربۆیە هەمبەر بە پێشناوی فەرهەنگی، پێشناوی مۆرفۆسینتاکسیشیان پێدەگوترێت.

[**] ئەگەرچی مۆرفیمەکانی /پێ_، لێ_/ دەروازەی فەرهەنگیی چەند کردارێکی دیاریکراوی وەک /پێزان، لێکۆڵ_ەوە/ لەڕووی جۆری تەواوکەرەوە دەگۆڕن، بەڵام لەڕووی ژمارەی تەواوکەرەوە فراوانی ناکەن، چونکە ئەو کردارانە لە فۆڕمی بنەڕەتیدا تەنها تەواوکەرێک وەردەگرن، کە دروستەکەی (DP/ AP) دەبێت، لە فۆڕمی داڕێژراویشدا دیسان هەر یەک تەواوکەر هەڵاوێردەکەن، بەڵام ئەمیان (PP) دەبێت. بڕوانە (٢٦).

(٢٦) ئەو وەڵامی پرسیارەکەی زانی. (زانین) ——◄ ئەو بە هاتنی منی زانی. (پێزانین)

ئاوەڵکرداریان هەیەو تەواوکەر نین، وەک پرۆژەیەکی هەڵواسراو سەرپشکییانە لە چوارچێوەی (VP)، یان (TP)دا ڕوودەدەن*.

شایەنی گوتنە مۆرفیمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ کاتێک دەبنە بەشێک لە دروستەی مۆرفۆلۆژیی کردارێکی لێکدراو، بە هەمانشێوەی کردارە داڕێژراوەکان، دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکان بۆ دەروازەیەکی نوێ دەگۆڕنو تواناو ناواخنی سینتاکسییان بە جۆرێک فراواندەکەن، کە (PP)یەکیش وەک تەواوکەر وەربگرن. بڕوانە نموونەکانی (٢٧).

(٢٧) ا- ئیتر من باوەڕ <u>بە ئەو</u> ناکەم. (باوەڕپێکردن)

ب- بەرپرسەکە تەگەرەی <u>لە ئیشەکە</u> خست. (تەگەرەتێخستن)

پ- بەڕێوەبەرەکە ڕێزی <u>لە فەرمانبەرێک</u> نا. (ڕێزلێنان)

### ٥-١-٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی کرداریدا

لەو ڕوانگەیەوە، کە وەک بنەماو یاسایەکی جیهانی، فرێزەکان بە ناوی سەرەکانیانەوە ناودەنرێن، نەک تەواوکەرەکانیان، سەری ڕێزمانیو بەرهەمهێنی پرۆژەی فرێزی کرداری (VP)، کردارێکە، بڕوانە: (Givón, T., 2001: 113)، (Dalrymple, M. & Lowe, J. & Mycock, L., 2019: 168)، بەڵام لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا فۆڕمی فەرهەنگیی کردار ($V^0$)و فۆڕمی سینتاکسیی کردار ($\bar{V}$) لە یەکتر جیاوازن، بۆیە لە زمانەکەدا "ڕەگی کردار** وەک سەری ڕێزمانی فرێزی کرداریی گۆدەکات". (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفاو قادر، کاروان عومەر، ٢٠١١: ٤١٩).

لە (٣/١-١)دا کردەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن بۆ کردارەکانی زمانی کوردی ئەنجامدراو بەپێی زانیارییە سینتاکسییە گەنجکراوەکانی ناواخنیان، چەند چەشنێکی جیاوازی کردار لە میانەی چەند یاسایەکدا، جیاکرانەوە. لێرەدا نموونە بۆ هەریەک لەو چەشنانەی کردار دەهێنینەوەو بە هێڵکاریش نموونەکان دەنوێنین، تاوەکو بزانین، کە ئاخۆ چەشنە جیاوازەکانی کردار، کە توخمی بەدەسەڵاتو سەری پرۆژەسازدەری فرێزی کردارین، پەیڕەوی لە هەمان پارامێتەری سەر دەکەن، یاخود پارامێتەری جیاواز جێبەجێدەکەن.

---


* بڕوانە: ٣-٢-١/٢) پارامێتەری سەرو پرۆژەی فرێزە هەڵواسراوەکان

** وەک پێشتریش ئاماژەیپێدرا، ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕەگی کردار بە کرداری فەرهەنگی (Lexical Verb) دادەنێت، نەک فۆڕمە ناوییەکەی کردار _ناوی کرداری_ (Verbal Noun).


(٢٨) ا- نەخۆشەکە مرد.

ب- کەوەکەم فڕی.

هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (٢٨) نموونەی ئەو کردارانەی زمانی کوردین، کە یاسای $[\ldots] + V^0$ دەیانگرێتەوە. ئەم کردارانەو ئەوانەیش، کە وەک ئەمان وان، بۆ بونیاتنانی پرۆژەی فرێزی کرداری تەواوکەر وەرناگرنو بە تەنها خۆیان پرۆژەکە بەرهەمدەهێنن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەستنیشانکردنی پارامێتەری سەر بۆ ئەم چەشنەی کردار، هیچ بەهایەکی نییە، چونکە لە بنەڕەتدا تەواوکەرێکیان نییە، تاوەکو بەپێی جێکەوتەکەیان لە لای ڕاست، یان لای چەپی تەواوکەرەکە، بە سەرسەرەتا، یان سەرکۆتا هەژماربکرێن. لە نواندنی نموونەکانی (٢٨) لە هێڵکاریی (٢٧)و (٢٨)دا ئەم ڕاستییە زیاتر ڕووندەبێتەوە.




هێڵکاریی (٢٧)





هێڵکاریی (٢٨)


ئەو کردارانەی، کە پەیڕەوی لە یاسای $[Y] + V^0$ دەکەن، بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی فرێزی کرداری پێویستیان بە تەواوکەرێک هەیە، بەڵام بەپێی فۆرمی سینتاکسیی تەواوکەرەکە، دەبن بە دوو پۆلی جیاوازەوە. پۆلێکیان تەواوکەرێک هەڵاوێردەکەن، کە لە سینتاکسدا فۆرمی (DP/ AP)ی دەبێت. بڕوانە نموونەکانی (٢٩)و نواندنەکەیان لە هێڵکارییەکانی (٢٩)و (٣٠)دا. هەرچی کردارەکانی پۆلەکەی دیکەیە، کە بەهۆی مۆرفیمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە هەڵگوێزراون، تەواوکەرێکی سینتاکسی لە جۆری (PP) داوادەکەن. بڕوانە (٣٠)و هێڵکاریی (٣١).

(٢٩) ا- کتێبەکەم چاپکرد.

ب- پەشێو شیعرێکی نوێی نووسی.




هێڵکاریی (٢٩)





هێڵکاریی (٣٠)

(٣٠) ا- کاوە بە خۆشەویستەکەی گەیشت. (پێگەیشتن)

ب- شەوان لە ئاسمان ڕادەمێنم. (تێڕامان)

پ- شیلان کتومت لە دایکی دەچێت. (لێچوون)





هێڵکاریی (٣١)

نموونەکانی (٢٩)و (٣٠) ئەوە دەردەخەن، کە کردارەکانی هەردوو پۆلەکە لە سنووری (VP)دا لای چەپی تەواوکەرەکانیان دەگرن‌و پارامێتەری سەرکۆتا جێبەجێدەکەن، بەڵام بشرِوانە نموونەکانی (٣١)و هێڵکاریی (٣٢).

(٣١) ا- منداڵەکە کەوتە چاڵەکەوە. (تێکەوتن)

ب- مێرووەکە چووە کونەکەوە. (تێچوون)




هێڵکاریی (٣٢)

هەروەک لە نموونەکانی (٣١)و هێڵکارییەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، هەندێک لە کردارەکانی پۆلی دووەمی یاسای $[Y] + V^0$، بە تایبەت ئەوانەیان، کە مۆرفێمی /تێ_/ بەشێکە لە پێکهاتە فەرهەنگییەکەیان، جیاواز لە کردارەکانی دیکەی یاساکە، دەکەونە پێش تەواوکەرەکانیانەوەو پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرسەرەتا دەکەن.


دروستکردنی پرۆژەی (VP) بۆ بەشێکی دیکەی کردارەکانی زمانی کوردی، یاسای فەرهەنگیی $[ [Y] + V^0] + [Y]$ بەخۆوەدەبینێت. ئەو کردارانەی، کە دەچنە چوارچێوەی ئەم یاسایەوە، دروستە مۆرفۆلۆژییەکەیان لە کردارەکانی پۆلی دووەمی یاسای $[Y] + V^0$ دەچێت، چونکە ئەمانیش مۆرفێمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ بەشداری لە پێکهاتنیاندا دەکات، بەڵام تواناو ناواخنی سینتاکسیی ئەم کردارانە، لە کردارەکانی یاساکەی پێشوو جیاوازەو ویستە فەرهەنگییەکەیان بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێزی کرداری، تەنها بە هەبوونی تەواوکەرێک (فرێزێکی پێشناوی) تێرنابێت، بەڵکو دوو تەواوکەر لە

فۆڕمی دوو فریزی دروستە_جیاواز هەڵاوێردەکەن. وەرگرتنی دوو تەواوکەرەکە لە پرۆسەیەکی نوێنراوی تەختدا نابێت، بەڵکو هەڕەمییانەو لەسەر بنەمای دووپەلکی جێبەجێدەبێت. تەواوکەری یەکەم، کە (PP) دەبێت، کردارە فەرهەنگییەکە داوایدەکاتو تەواوکەری دووەمیش، کە فۆڕمەکەی (DP/ AP) دەبێت، کردارە سینتاکسییەکە (کردارە فەرهەنگییەکەو تەواوکەرەکەی) هەڵیدەبژێرێت. لەڕووی سەرەوڕیزبوونی سینتاکسیی سەرو تەواوکەرەکانەوە، هەم ($V^0$)ەکەو هەم ($V^-$)ەکەش دەکەونە لای چەپی تەواوکەرەکانیانەوەو پارامیتەری سەرکۆتا پەیڕەودەکەن. با بڕوانینە نموونەکانی (٣٢)و هێڵکاریی (٣٣).

(٣٢) ا- خودا کچێکی بە ئێمە بەخشی. (پێبەخشین)

ب- بە باشی بابەتەکەی لە من گەیاند. (تێگەیاندن)

پ- پارەکەم لە پیاوەکە وەرگرت. (لێوەرگرتن)




هێڵکاریی (٣٣)

پێویسته ئاماژه بەوه بدەین، که چەند کردارێکی دیاریکراوی یاسا فەرهەنگییەکەی [$V^0$ + [Y] ] + [Y] لەڕووی جێبەجێکردنی پارامێتەری سەر، یان هەڵاوێرکردنی جۆری تەواوکەرەوه، جیاواز له کردارەکانی دیکەی یاساکه دەردەکەون. بڕوانه (٣٣)و (٣٤).


(٣٣) ا- جزدانەکەی خسته گیرفانییەوه.   (تێخستن)

ب- ئاوەکەم کرده پەرداخەکەوه.   (تێکردن)

(٣٤) ا- ئەو منی فێری مەله/ مەلەیەکی باش کرد.

ب- خوشکەکەم فێری شۆفێری/ شۆفێرییەکی باش دەکەم.

له فرێزه کردارییەکانی (٣٣)دا کرداره فەرهەنگییەکان جیاواز له ($V^0$)ی نموونەکانی (٣٢)، لای ڕاستی تەواوکەرەکانیان گرتووەو بوونه به سەرسەرەتا. ئەمەش ئەوه دەگەیەنێت، که له چوارچێوەی (VP)یەکانی (٣٣)دا دوو ئاڕاستەی جیاوازی هەڵبژاردنی تەواوکەر (ئاڕاستەیەک به لای چەپدا لەلایەن $V^0$ەوەو ئاڕاستەیەکیش به لای ڕاستدا لەلایەن $\bar{V}$ەوه) بوونی هەیه. به واتایەکی دیکه، هەریەک له کرداره فەرهەنگییەکەو کرداره سینتاکسییەکه پەیڕەوی له دوو پارامێتەری جیاواز دەکەن. بڕوانه هێڵکاریی (٣٤).




هێڵکاریی (٣٤)

دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین، کە لە هەندێک ناوچەی دیاریکراو، یان لە هەندێک بارودۆخدا، ڕستەکانی (٣٣) گۆکردنی (٣٥)یشیان هەبێت. بەمەش کردارە فەرهەنگییەکە دەبێتەوە بە سەرکۆتا. ئەگەر پێشبینییەکەمان ڕاست بێت، ئەوا کەواتە لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژە (VP)یانەی، کە کردارەکانی /تێخس، تێکر/ بونیاتیاندەنێن، ($V^0$)ەکان پارامێتەرێکی ئازاد جێبەجێدەکەن.

(٣٥) ا- جزدانەکەی لە گیرفانی خست.

ب- ئاوەکەم لە پەرداخەکە کرد.


ئەوەی پەیوەندیی بە نموونەکانی (٣٤)ەوە هەبێت، لە میانەیاندا بەرهەمهێنانی پڕۆژەی فرێزی کرداری بە هەمان شێوازو میکانیزمی نموونەکانی (٣٢) بەڕێوەدەچێت. تەنها جیاوازییان لەوەدایە، کە وەک لە (٣٤-ا)و (٣٤-ب)وە دەردەکەوێت، تەواوکەری کرداری فەرهەنگیی /فێرکر، فێرکە/ فۆرمەکەی (PP) نابێت، بەڵکو (DP/AP) دەبێت.

جۆرێکی دیکەی کردار لە زمانی کوردیدا ئەوانەن، کە یاسایەکی فەرهەنگیی وەک [ [Y] + $V^0$] [ [Y] + [ [Y] ] + [Y]یان هەیە. ئەو پڕۆژە فرێزییەی، کە ئەم کردارانە بەرهەمیدەهێنن، سێ تەواوکەر لەخۆدەگرێت، چونکە لە پڕۆژەکەدا سێ سەری ڕێزمانی ($V^0$، $V^-$ی یەکەم، $V^-$ی دووەم) بوونی دەبێت. تەواوکەری یەکەم، کە دروستەکەی (PP) دەبێت، ($V^0$)ەکە داوایدەکات. ئەم تەواوکەرە دەشێت لە پڕۆژەیەکی (VP)دا لای ڕاستی سەرەکەی بگرێتو لە پڕۆژەیەکی دیکەدا بکەوێتە لای چەپییەوە. تەواوکەری دووەم، کە ئەمیشیان هەر (PP) دەبێت، ($V^-$)ی یەکەم ($V^0$ەکەو تەواوکەرەکەی) لە لای ڕاستەوە وەریدەگرێت. هەرچی تەواوکەری سێیەمە، کە فۆرمە سینتاکسییەکەی (DP/ AP) دەبێت، ($V^-$)ی دووەم ($V^-$ی یەکەمو تەواوکەرەکەی) هەڵاوێریدەکات. جێکەوتەی ئەم تەواوکەرە (تەواوکەری سێیەم) بە هەمانشێوەی جێکەوتەی تەواوکەری دووەم، لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکەی دەبێت. بەمەش هەریەک لە سەرەکانی ($V^-$)ی یەکەمو ($V^-$)ی دووەم پارامێتەری سەرکۆتا جێبەجێدەکەن. بڕوانە نموونەکانی (٣٦)و نواندنەکانیان لە هێڵکارییەکانی (٣٥)و (٣٦)دا.


(٣٦) ا- پەڵەکانت بە فاس لە جلەکان کردەوە؟ (پێلێکردنەوە)

ب- بارەکەم بە کرێکارەکان خستە لۆرییەکەوە. (پێتێخستن)

پ- کەلوپەلەکانی بە ئێمە کردە کۆگاکەوە. (پێتێکردن)




هێڵکاریی (٣٦)




هێڵکاریی (٣٥)

### ٢-٢-١/٢) پارامێتەری سەرو پرۆژەی فرێزە ئەرکییەکان

"کەتیگۆرییە ئەرکییەکان بە هەمانشێوەی هاوتا فەرهەنگییەکانیان دروستەیان هەیە، کە بە تەواوەتی لەگەڵ ئەسکەلەی (X-bar)دا یەکدەگرێتەوە". (Poole, G., 2011: 66). لە پێشتردا ئاماژە بەوە درا، کە لە قۆناغە بەراییەکانی تیۆری (X-bar)دا تەنها کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان بە توخمی پرۆژەسازدەر هەژماردەکران، بەڵام لە (Chomsky, 1986a)یەوە تیۆرەکە بە جۆرێک فراوانکرا، کە کەتیگۆرییە ئەرکییەکانیش بگرێتەوە. سەرەتا تەنها ($I^0$)و ($C^0$) بە سەری ڕێزمانیی ئەرکی دانران. پاشان لە دەساڵی دواتردا، ژمارەیەکی زیاتری کەتیگۆریی ئەرکی وەک سەر پەسنکران. بڕوانە: (Culicover, P. & Jackendoff, R., 2005: 49). لە ڕاستیدا تا ئێستایش دەربارەی ژمارەو جۆری ئەو کەتیگۆرییە ئەرکییانەی، کە وەک سەری ڕێزمانی گۆدەکەن، بۆچوونی جیاواز لەئارادایە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کەتیگۆرییەکانی "تاف ($T^0$)، ڕێککەوتن ($Agr^0$)، واژەگۆکەر ($C^0$)" وەک سەری ڕێزمانیی پرۆژە

ئەرکییەکانی "(TP)، (AGRP)، (CP)"ی زمانی کوردی دیاریدەکەین‌و پەیوەست بە پارامێتەری سەرەوە لەبارەیانەوە دەدوێین.

### ۱/۲-۲-۲-۱) پارامێتەری سەر لە فریزی تافدا

"تاف کاتەگۆرییەکی ڕێزمانییە، کە پەیوەست بە چرکەکاتی قسەکردنێکی ڕاستەقینەوە یان وەهادانراوەوە، ئەو بارە کاتیەی کردەیەک یان مەوقیفێک پەسندەکات/دەدات، کە ڕستەکە نیشانیدەدات". (مەحویی، محەمەد، ۲۰۲۱: ٦۹۳). پڕۆژەی کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکان/ ئەرکییەکان لە دوای جێبەجێبوونی پڕۆژەی توخمە فەرهەنگییەکانەوە دەستپێدەکات. لەم ڕووەوە بونیاتنانی فریزی تاف (TP) دەکەوێتە دوای بەرهەمهێنانی فریزی کردارییەوە. بە واتایەکی دیکە بۆ ڕوودانی پڕۆژەی (TP)، دروستکردنی پڕۆژەی (VP) مەرجی پێشوەختە دەبێت، چونکە (TP)یەکە، کە بەرهەمی سەری ڕێزمانی_ئەرکیی ($T^0$)ە، (VP)یەک وەک تەواوکەر لەخۆدەگرێت. بڕوانە: (Adger, D., 2003: 155)، (Stowell, T., 2007: 9)، (Carnie, A., 2013: 219). کەواتە "پڕۆژەکانی (TP) سەرە ڕێزمانییەکانیان پریدیکاتی ($T^0$)ەکانە" (Guéron, J. & Lecarme, J., 2004: 235)و تەواوکەرەکانیشیان (VP)یە سینتاکسییەکانە.


تاف لەسەر بنەمای دووپەلکی بۆ ڕابوردوو و ڕانەبوردوو دابەشدەبێت. ڕانەبوردوو ئێستاو داهاتوو دەگرێتەوە. لێکۆڵەران لە دەستنیشانکردنی مۆرفێمەکانی تافی ڕابوردووی زمانی کوردی، کە بریتین لە: /_ا، _د، _ت، _وو، _ی/، تاڕادەیەکی زۆر کۆکو هاوڕان*. "جێکەوتەی تافی ڕابردوو لە زمانی کوردیدا لە کۆتایی (TP)کە دایە". (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفاو قادر، کاروان عومەر، ۲۰۱۱: ٤۳۱). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فۆرمەکانی تافی ڕابوردووی زمانەکەمان، وەک سەری پڕۆژەسازدەرو دروستکەری فریزی تاف، لای چەپی تەواوکەرەکەیان دەگرن‌و پارامێتەری سەرکۆتا جێبەجێدەکەن. با لە نموونەکانی (۳۷)و هێڵکاریی (۳۷) بڕوانین.

(۳۷) ا- [کێڵگەکە کێڵا]

ب- [منداڵەکە برد]

پ- [ئێوە بینی]

* بشڕوانە: (Kareem, R., 2016: 74)، کە پێیوایە لە زمانی کوردیدا مۆرفێمێکی دیاریکراوی تاف نییە، کە ئاماژە بێت بۆ سەری ڕێزمانیی تاف، بەڵکو مۆرفێمەکانی ڕێژە (Mood Morphemes)، کە لە فۆرمی پێشگردان‌و دەچنەسەر قەد/ بناغە (Stem)ی کردار، وەک سەری تاف گۆدەکەن!




هێڵکاریی (٣٧)

ئەوەی پەیوەندیی بە تافی ڕانەبوردووەوە هەبێت، بە پێچەوانەی تافی ڕابوردووەوە لێکۆڵەرانی کورد بۆچوونی جیاوازیان لەبارەیەوە خستووەتەڕوو. ئێمە لەو ڕوانگەیەوە، کە پێمانوایە جێکەوتەی بنەڕەتیی تاف دیاریکراوەو ڕاستەوخۆ لە دوای ڕەگی کردارەوەیە، وەهای دادەنێین، کە لە زمانی کوردیدا تافی ڕانەبوردوو فۆڕمێکی فۆنەتیکیی دەربڕراوو بەرجەستەی نەبێت، بەڵکو (Null Tense) بێت[*]. بەمەش هاوشێوەی تافی ڕابوردوو، تافی ڕانەبوردووی زمانەکەشمان سەرکۆتا دەبێت. بڕوانە

[*] ا- هەمبەر بە بۆچوونی (Null Tense)ی تافی ڕانەبوردووی زمانی کوردی، (ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن، ١٩٩٥: ٥٩)و (ڕەئوف، بەهزاد موحسین، ٢٠٠٨: ٣٠) پێیانوایە لە تافی ڕانەبوردوودا، ئێستاو داهاتوو مۆرفێمی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، /ـە، ـØ/یان وەک مۆرفێمی تافی ئێستاو /ـێ، ـØ/شیان وەک مۆرفێمی تافی داهاتوو دیاریکردووە. هاوکات (فتح الله، محمود، ٢٠١٧: ١١٣)و (مەحویی، محەمەد، ٢٠٢١: ٦٦٦) لەو باوەڕەدان، کە مۆرفێمی /دە_/ی پێش ڕەگی کردار، فۆڕمی تافی ڕانەبوردوو بێت.


ب- (Carnie, A., 2013: 220-221) پەیوەست بە زمانی ئینگلیزییەوە، وەک گریمانەیەک ئاماژەی بە (Null Tense)ی تافی ڕابوردوو $Ø_{[PAST]}$ و (Null Tense)ی تافی ڕانەبوردوو $Ø_{[PRESENT]}$ داوە.

نموونەکانی (٣٨)و هێڵکاریی (٣٨)، کە تافی ڕانەبوردووی ئەو نموونانە پیشاندەدەن، کە پێشتر بۆ تافی ڕابوردوو هێنرابوونەوە.

(٣٨) ا- [کێڵگەکە دەکێڵ]

ب- [منداڵەکە دەبە]

پ- [ئێوە دەبین]




هێڵکاریی (٣٨)

وەک لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت، تافی ڕانەبوردوو مارکەلێنەدراوە، چونکە مۆرفۆلۆژییانە نییە، بەڵام لە ڕێگەی مۆرفیمی /دە_/وە مارکەی لێدەدرێت. مۆرفیمی /دە_/ نیشانەی هەبوونی تافەو بەهۆیەوە بوار بە دەرنەبڕینی مۆرفیمی تاف لە دروستەی (TP)یەکەدا دەدرێت. بڕوانە: (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفاو قادر، کاروان عومەر، ٢٠١١: ٤٣١-٤٣٢)، (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ٩٠). هەروەها

بشڕوانە (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢١٤-٢١٥)، کە بەڵگەکانی ڕەتکردنەوەی دانانی /دە_/ بە مۆرفێمی تافی ڕانەبوردوو، دەخاتەڕوو.

شایەنی باسە لە هەندێک سەرچاوەدا* ئاوەڵکرداری کات بە ئەلتەرناتیڤی ئەو مۆرفێمە ڕێزمانییانە دانراوە، کە تاف دەنوێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئاوەڵکرداری کات جێگرەوەی مۆرفێمەکانی تاف نییە، بەڵکو مارکەلێدەری تافە. مۆرفێمەکانی تاف لەبەرئەوەی پەیوەست بە ڕابوردوو و ڕانەبوردووەوە بە شێوەیەکی گشتی کات دەردەبڕن‌و بە پڕاوپڕی دەستنیشانی کاتی ڕوودانی کردەیەک/ نیشاندانی بارێک ناکەن، بۆیە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئاوەڵکردارەکانی کاتەوە تافەکان نیشانەبکرێن‌و سنوورەکانیان لەڕووی ماوەی خایاندنەوە دیاریبکرێت. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە.

(٣٩) ا- ئیمەیڵەکەم بۆ ناردی.

ب- دوێنێ ئیمەیڵەکەم بۆ ناردی.

پ- دوێنێ شەو ئیمەیڵەکەم بۆ ناردی.

لە (٣٩-ا)دا مۆرفێمی /_د/ تەنها زانیاریمان دەربارەی کردەی ناردنی ئیمەیڵەکە لە تافی ڕابوردوودا پێدەدات، بەبێ ئەوەی دەستنیشانی کاتی ناردنەکە بکات، بەڵام لە (٣٩-ب)و (٣٩-پ)دا ئاوەڵکردارە کاتییەکان مۆرفێمی /_د/یان لەڕووی کاتی ئەنجامدانی کردەکەوە نیشانەکردووە. "نیشانەکردنی مۆرفێمی تاف لە زمانی کوردییدا لەلایەن ئاوەڵکردارەکانەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپە، بەڵام لە هەنگاوی دووەمدا لە چەپەوە بۆ ڕاست ئاوەڵکردارەکان لەلایەن ئاوەڵکرداریی ترەوە نیشانەدەکرێن". (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ٩٧). بەمپێیە لە (٣٩-ب)دا ئاوەڵکرداری /دوێنێ/ مۆرفێمی تافەکەی مارکەکردووە، بەڵام لە (٣٩-پ)دا سەرەتا ئاوەڵکرداری /شەو/ مارکەی لە /دوێنێ/ داوەو دواتریش /دوێنێ شەو/ پێکەوە، تافەکەیان نیشانەکردووە.

### ٢-٢-٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی ڕێککەوتندا

پەسنکردنی فرێزی ڕێککەوتن (AgrP) وەک یەکێک لە چەشنەکانی فرێزە ئەرکییەکان، لەو کاتەوە دەستیپێکرد، کە گریمانەی شەقبوونی (IP) لەلایەن (Pollock, 1989)وە لە قۆناغەکانی کۆتایی تیۆری (P&P)دا هاتەئاراوە. لە کەتیگۆرییە ئەرکییەکاندا سەرەتا تەنها هەردوو ئێلیمێنتی ($I^0$)و ($C^0$) وەک سەری ڕێزمانی‌و توخمی پرۆژەسازدەر دیاریکرابوون (پێشتریش ئاماژە بەمە درا)، بەڵام دواتر

* بڕوانە: (ڕەئوف، بەهزاد موحسین، ٢٠٠٨: ٢٥-٣٥).

له کارەکانی (Pollock, 1989)و (Belletti, 1990)و (Chomsky, 1991)دا کەتیگۆریی ($I^0$) بۆ دوو سەری ڕێزمانی_ئەرکیی جیاواز، کە ($T^0$)و ($Agr^0$) بوون، جیاکرایەوە. (Pollock, 1989) لەسەر بنەمای جیاوازیی نێوان (Finite Verb)و (Infinite Verb) لە زمانی فەڕەنسیدا، بەو ئەنجامە گەیشت، کە پێویستە فرێزی (IP) بە لایەنی کەمەوە بۆ دوو پرۆژەی سەربەخۆ (TP، AgrP)، دابەشبکرێت. بڕوانە: (Fuß, E., 2005: 34)، (Alexiadou, A. & Haegeman, L. & Stavrou, M., 2007: 35). لە ڕاستیدا گرنگترین ئامانجی (Pollock) لە بەرهەمەکەیدا ( Verb Movement, Universal Grammar, and the Structure of IP, 1989) ئەوە بوو، کە بەڵگە لەسەر هەبوونی (AgrP) پێشکەشبکات. بڕوانە: (Iatridou, S., 1990: 551).

شەقبوونی (IP)و جیاکردنەوەی بۆ هەردوو پرۆژەی (TP)و (AgrP)، ئەو پرسیارەی بە دوای خۆیدا هێنا، کە ئاخۆ (TP)یەکە لەناو (AgrP)یەکەدا دەشکێتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە. ( Pollock, 1989) پێیوایە پرۆژەی (TP)یەکە بەسەر (AgrP)یەکەدا زاڵدەبێت، بەڵام (Chomsky, 1991) وایدادەنێت، کە (AgrP)یەکە لە سەروی (TP)یەکەوە بێت. هەمبەر بەم دوو بۆچوونە ( Ouhalla, 1991) وەک هەمەچەشنیی پارامێتەر لەم بابەتە دەڕوانێتو باوەڕیوایە لە زمانە (VSO)یەکاندا، وەک زمانی (Berber)، پرۆژەی ڕێککەوتن لەناو پرۆژەی تافدا دەبێت، بەڵام لە زمانی فەڕەنسیدا ڕێککەوتن دەرەوەی تاف دەگرێتو پرۆژەی تافەکە لەناو پرۆژەی ڕێککەوتنەکەدا دەشکێتەوە. خستنەڕووی بۆچوونی جیاواز لەبارەی ئەوەی، کە ئەو دوو پرۆژەیە کامیان لەژێر دەسەڵاتو ڕکێفی ئەوەی دیکەیاندا دەبن، بەردەوامبوو، تاوەکو (Chomsky, 1995a) پێشنیازی ئەوەی کرد، کە دوو فرێزی ڕێککەوتن هەبێت، یەکێکیان (فرێزی ڕێککەوتنی بکەر AgrS) دەکەوێتە سەروی پرۆژەی تافەکەوەو ئەوەی دیکەشیان (فرێزی ڕێککەوتنی بەرکار AgrO) لە خوارەوەی (TP)یەکەوە دێت. بڕوانە: ( Cook, V. & Newson, M., 1997: 181)، (Cook, V. & Newson, M., 2007: 112). هاوکات بشڕوانە هەنگاوەکانی دواتری ئەم لێکۆڵینەوەیە.

لە زمانی کوردیدا فرێزی تاف سەربەخۆیی بەکارهێنانی نییە، واتە دروستەیەکی تێرو پڕاوپڕ نییە (بڕوانە ئەو فۆڕمانەی، کە دروستەی TPیان هەیە، لە نموونەکانی _٣٧_ و _٣٨_دا)، هەربۆیە لەناو فرێزی ڕێککەوتندا دەشکێتەوە. بەمپێیە "پرۆژەی (TP) دەبێتە تەواوکەری ($Agr^0$)و بکەریش جێکەوتەی (Spec.)ی (AgrP) پڕدەکاتەوە". (Belletti, A., 2001: 487). فرێزی ڕێککەوتن لە چوارچێوەی بنەمای پرۆژەسازدانی فراوانکراودا، لە قۆناغی پاش بەرهەمهێنانی فرێزی تافو گواستنەوەی بکەر، بەهۆی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنەوە دروستدەبێت. بڕوانە: (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٣٢).

پرۆسەی بونیاتنانی فریزی ڕێککەوتن لە زمانی کوردیدا، کە پەیکاڵی دروستەی ڕستەی سادەیە*، بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێت، کە (TP)یەکە لە پرۆژەسازدانی فراوانکراودا داوای بکەرێک دەکات. بکەرەکە لەسەر بنەمای ئەو ڕیزبوونە جیهانییەی، کە لە پێکهاتەی واتاییدا بۆ کەرەستەی هەموو زمانە سروشتییەکان هەیەو وەکیەکە، لای چەپی فریزی تافەکە دەگرێت. پاشان پەیوەست بە نواندنی سینتاکسیی زمانی کوردییەوە، بۆ پاراستنی پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستەو پێدانی دۆخو پاراستنی ئاڕاستەی پێدانی دۆخەوە، بۆ لای ڕاستی فریزی تافەکە دەگوازرێتەوە (گواستنەوەکە بۆ _.Spec_ی _TP_ دەبێت، بەڵام دواتر لەوێوە بۆ _.Spec_ی _AgrP_ بەرزدەکرێتەوە). ئەوەی ڕێگەپێدانی گواستنەوەکە دەستەبەردەکات، ڕێککەوتنە، چونکە لە شوێنی بکەرە گواستراوەکە، مۆرفیمێکی ڕێککەوتن بە هەمان کەس‌و ژمارەی بکەرەکەوە کۆپیدەکرێت‌و دادەنرێت. ئەوەی جێی باسە ئەوەیە، کە بۆ ڕستەی کردار تێپەڕ لە تافی ڕابوردوودا، ئەو گواستنەوەیە دوانواندنی ڕستەی زمانی کوردی بەرهەمناهێنێت، واتە ڕستەی کردار تێپەڕی زمانی کوردی لە تافی ڕابوردوودا، تەنها بەو گواستنەوەیە نابێت بە ڕستەیەکی بێکەموکوڕی‌و ڕێگەپێدراو، بەڵکو دروستەکە گواستنەوەیەکی دیکە، کە ئەویش گواستنەوەی مۆرفیمی ڕێککەوتنەکەیە لەسەر کردارەکەوە بۆ سەر بەرکارەکە، بەخۆوەدەبینێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو چەشنەی ڕستە (ڕستەی کردار تێپەڕ لە تافی ڕابوردوو) لە زمانی کوردیدا، لە قۆناغی دوای پێکهاتەی واتایی (Semantic Component)، پێش ئەوەی بە قۆناغی ڕستەیی (Sentence) بگات، قۆناغێکی پێش_ڕستەیی (Pre_sentence)ی هەیە، کە تەنها لە زمانپژانی منداڵدا دەبینرێت. بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١٨). لە نموونەکانی (٤٠)و (٤١)دا هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی پرۆژەی فریزی ڕێککەوتن (دروستەی ڕستەی سادە) بۆ کرداری تێپەڕی /بین/ لە تافی ڕانەبوردوو و ڕابوردوودا، لە قۆناغی پێکهاتەی واتاییەوە بۆ قۆناغی ڕستەیی پیشاندراون. هاوکات لە هێڵکارییەکانی (٣٩)و (٤٠)دا دوا قۆناغ (قۆناغی ڕستەیی)ی هەریەک لە نموونەکان نوێنراون.


(٤٠) ا- [ئێوە دەبین]$^{TP}$ من (پێکهاتەی واتایی)

↓

ب- [من ئێوە دەبینم.]$^{AgrP}$ (ڕستە)

---

* ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا فریزی ڕێککەوتن پەیکاڵی ڕستەیەکی سادەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا پەیوەست بە پارامێتەری سەرەوە، وەک پرۆژەیەکی فریزی مامەڵە لەگەڵ (AgrP)دا دەکەین، نەک وەک ڕستەیەک. ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆیە درا، چونکە ناونیشانی بەشەکە (بەشی دووەم) پارامێتەرو پرۆژە سینتاکسییە فریزییەکانە.





هێڵکاریی (٣٩)

(٤١) ا- [ئێوە بینی]TP من (پێکهاتەی واتایی)

ب- من ئێوە بینیم (قۆناغی پێش_ڕستەیی)

پ- [من ئێوەم بینی.]AgrP (ڕستە)




هێڵکاریی (٤٠)

نموونەو هێڵکارییەکانی سەرەوە بەڵگەن بۆ ئەو شیکردنەوانەی، کە پێشکەشکران‌و ئەزموونبەندانە ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنن، کە "ڕێکەوتن پرۆژەی ڕستەی زمانی کوردیی دروستدەکات"، (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفاو قادر، کاروان عومەر، ٢٠١١: ٤٢٧)، بەڵام هەنگاوەکانی بونیاتنانی پرۆژەکە لە ($V^0$)ەوە دەستپێدەکات. ($V^0$)، کە سەرێکی فەرهەنگییە، بەپێی بنەمای پرۆژەسازدان (VP) بەرهەمدەهێنێت. (VP)یەکە وەک تەواوکەرێکی سینتاکسی لە پێکهێنانی دروستەیەکی لە خۆی گەورەتر، کە (TP)یە، بەشداردەبێت، (TP)یەکەش لە پرۆژەسازدانی فراوانکراودا بە بکەرەوە لەناو (AgrP)دا، کە هەمبەر بە

پرۆژەی ڕستەیە، دەشکێتەوە. کەواتە سازکردنی پڕۆژەی ڕستە لە زمانی کوردیدا هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێدەبێت، بە جۆرێک پڕۆژەکە لە (VP)یەوە بۆ (TP) دەچێتو بە (AgrP) تێردەبێت.* بڕوانە هێڵکاریی (٤١).

---

* بشروانە بۆچوونی ئەم لێکۆڵەرانەی لای خوارەوە، کە سەبارەت بە پڕۆژەی ڕستەی زمانی کوردی، پەیوەست بە تیۆری (X-Bar)ەوە، دیدو تێڕوانینێکی جیاوازیان لەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە خستووەتەڕوو. ئارگۆمێنتو لێکدانەوەکانی ئەوان، لەگەڵ بەڵگەو شیکردنەوەکانی ئێمە بەراوردبکە.


– **(مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤)** لەو ڕوانگەیەوە، کە پێیانوایە لە زمانی کوردیدا (ا) فریز لەڕووی دروستەوە بە سەرو تەواوکەر تێردەبێت، (ب) کاتو کەس (INFL) بەشێکن لە کردارو نۆدێکی سەربەخۆ پێکناهێنن، ڕستەی زمانی کوردی بە پرۆژەی ($\bar{V}$) دادەنێن. لەم بارەیەوە دەڵێن: "پڕۆژەکانی زاری سلێمانیی لە چەشنی $\bar{X}$ ی کراوەن و کە ڕستەی کوردیی دەستەواژەی کرداریی $\bar{V}$ ەو کە کاتەگۆرییەکانی $\bar{V}$ لە چەشنی V ن: لەگەڵ ئەوەیشدا، کە جێکەوتەی Spec یان هەیە، بۆیە ئەو جێکەوتەیە بەکارنەهێنراوەو بە هیچ کەرەستەیەک پڕنەکراوەتەوە، چونکە پرۆسەکانی گواستنەوە لە ڕێزمانەکەیدا نییە". (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ٣٤). شایەنی باسە هەمان بۆچوون دەربارەی پڕۆژەی ڕستەی زمانی کوردی، لە (مەحویی، محەمەد، ا-٢٠٠١)دا دەبینرێتەوە.

– **(محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٩: ١٦٥)** باوەڕیوایە "رستەی کوردیی پرۆژەیەکی گەردانیی (کات و کەس)ە". لەو بارەیەوە دەڵێت: "فریزی کرداریی پرۆژەیەکی فەرهەنگیی کردارە و فۆرمە فەرهەنگییەکەی کرداریش، فۆرمێکی گەردان نەکراوە، چاوگە. چاوگیش لە ڕێی یاساکانی لقکردنی کاتیگۆرییانەوە تەواوکەرێکی ناوەکیی (بەرکارێک)ی بۆ دیاریدەکرێت و لە ڕێگای پرۆژەسازدانی فراوانکراویشەوە تەواوکەرە دەرەکییەکەی (بکەرەکەی) بۆ دیاریدەکرێت. بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کەلەکاتی دیاریکردنی تەواوکەرە دەرەکییەکەدا، فۆرمە فەرهەنگییەکەی کردار لە فۆرمێکی گەردان نەکراوەوە دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی گەردانکراو. واتە بۆ فۆرمێک کە کات و کەسی تێدایە و لەو باوەڕەداین کە ئەو (کات و کەس)ە دەبێتە سەرەی رستە، واتە رستە لەکوردییدا بەهۆی کات و کەسەوە دروست دەبێت".

– **(قادر، تارا موحسین، ٢٠١١: ١٢٠)** وایدادەنێت، کە لە زمانی کوردیدا ڕستە پڕۆژەی تاف ($T^0$) بێت، نەک ڕێککەوتن ($Agr^0$). لێکۆڵەر بۆ پاساودانی بۆچوونەکەی نموونەکانی (٤٢)ی هێناوەتەوەو بەم جۆرە لەبارەیانەوە دواوە: "لە (٤٢-ا)دا کرداری ڕستەکە لە (ڕەگ + Infle) پێکهاتووە. وەچەپێکهاتەی (Infle)یش لە (AGR + T) پێکدێت، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە T (تاف) هەیەتی، کاتیگۆری AGR نییەتی، چونکە هیچ کردارێک بێ تاف دروستنابێت، بەڵام ئەگەر مۆرفیمی ڕێککەوتن واتە AGR نەبێت لە دروستەی ڕستەدا، واتای ڕستەکە ناگۆڕێت. لەبەرئەوەی فریزی بکەر لە ڕستەدا هەیە، کەس و ژمارەی بکەر دەزانرێت، کەواتە AGR زانیاری تازە نادات بە دەستەوە لە ڕاڤەکردنی ڕستەکەدا. لە (٤٢-ب)دا لەگەڵ ئەوەی ئەلەمێنتی AGR لابراوە، بەڵام دەزانرێت، کە بکەر کەسی یەکەمی تاکە".

(٤٢) ا- من ڕۆیشتم.

ب- من ڕۆیشت.*




هێڵکاریی (٤١)

لەڕووی جێبەجێکردنی پارامێتەری سەرەوە، (AgrP)یش هاوشێوەی (TP) پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرکۆتا دەکات. ئەگەرچی وەک لە ڕاڤەو لێکدانەوەکاندا ئاماژەپێیدرا، ڕێککەوتنەکە لە ڕستەی کردار تێپەڕی تافی ڕابوردوودا بۆ سەر بەرکارەکە دەگوازرێتەوە، بەڵام بەوپێیەی ئەم گواستنەوەیە لە دروستەی ڕووکەشدا جێبەجێدەبێت، دەشێت زیاتر گواستنەوەیەکی واتایی بێتو "بۆ دەرخستنو نیشاندانی پەیوەندیی خاوەنێتیی لەنێوان بکەرو بەرکاری ڕستەدا، لەڕێی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنەوە ڕوودەدات". (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٣٠-٢٣١).

### ٣-٢-٢-١/٢) پارامێتەری سەر لە فرێزی تەواوکەری ڕستەییدا

فرێزی تەواوکەری ڕستەیی (CP) لە شێوەی واژەگۆکەرێکو ڕستەیەکدا دەنووسرێتەوە. بڕوانە: (Yule, G., 2010: 105). واژەگۆکەرەکە سەری ڕێزمانیو بەرهەمهێنی پرۆژەکەیە، ڕستەکەیش وەک تەواوکەری سینتاکسیی واژەگۆکەرەکە ڕوودەدات.

پرۆژەی (CP)، کە لە زمانی کوردیدا پەیکاڵی ڕستەیەکی شوێنکەوتووە/ ڕستیلەیەکە[*]، دروستەیەکی نائازادەو سەربەخۆیی بەکارهێنانی نییە، بەڵکو بە شکاندنەوەی لەناو پرۆژەی دیکەدا، ڕێگەپێدانی بۆ

[*] جۆری ڕستە شوێنکەوتووەکە/ ڕستیلەکە واژەگۆکەرەکە دیاریدەکات. (Haegeman, L., 1998: 116). بۆ نموونە لەم ڕستانەی خوارەوەدا، واژەگۆکەری <ئەگەر> بۆ ڕستەی مەرجیو واژەگۆکەری <کە>یش بۆ ڕستەی ئاسایی-ڕوونکەرەوە تەرخانکراون. بڕوانە: (مەحویی، محەمەد، ا-٢٠٠١: ٩٥).


(٤٣) ا- ئێمە دەڕۆین، ئەگەر ئەوان بێن.

ب- ئارام دەزانێت، کە ئێمە هاتووین.

فەراهەمدەکرێت. بە واتایەکی دیکە، لە دروستەی ڕستەی ئاڵۆزدا (CP) ڕستەیەکی شوێنکەوتووە، کە لەڕووی سینتاکسیو واتاییەوە وابەستەی ڕستە سەرەکییەکەیەو لەناویدا دەشکێتەوە.


جێی باسە لە ڕستەی ئاڵۆزدا (CP) ڕۆڵی جیاواز دەبینێت. دەشێت وەک تەواوکەرێکی دەرەکی ببێتە ئەلتەرناتیڤی تەواوکەری ناوەکیی ($V^0$)و لە بونیاتنانی پرۆژەی (VP)دا بەشداربێت. بڕوانە نموونەی (٤٤)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٤٢)دا.

(٤٤) ئێمە بیستمان، [کە تۆ مردوویت]!




هێڵکاریی (٤٢)


ئەگەر دروستەی (CP)یەکەیش بە تەنها بنوێنین، ئەوا هێڵکارییەکی لەم شێوەیەی خوارەوەی دەبێت.




هێڵكاریی (٤٣)

هەروەها دەشێت (CP) کەرەستەیەکی سەربار بێتو بوونێکی ئارەزوومەندانەی لە ڕستەی ئاڵۆزدا هەبێت. لەم بارەدا بە پێچەوانەی نموونەی (٤٤)ەوە، کە ڕستەیەکی ئاڵۆزیی خورتییە، ڕستەیەکی ئاڵۆزیی سەرپشکی بەرهەمدێت. لە ڕستەی ئاڵۆزی سەرپشکیدا، (CP) دەبێتە پڕۆژەیەکی هەڵواسراوو بەپێی ئەو گۆکردنەی، کە لە ڕستە ئاڵۆزەکەدا دەیبێت، بە یەکێک لە نۆدەکانی پڕۆژە گەورەکەدا هەڵدەواسرێت. با بڕوانینە (٤٥)و هێڵكاریی (٤٤).

(٤٥) [كه يارييەكە دەستيپێكرد]، من وانەكانم دەخوێند.




هێڵكاريی (٤٤)

لەبەرئەوەی واژەگۆكەری "/كە/ نیشانەی ئاوەڵكرداریی بە ڕستەكە دەدات" (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٠٩: ١٠٥)و سیمانتیكییانە (CP)یەكە پەیكاڵی ئاوەڵكرداری كاتی دەبێت، بۆیە لە هێڵكاریی (٤٤)دا (CP)یە سەربارەكە، كە دروستەی ناو كەوانە شكاوەكەی (٤٥) دەگرێتەوە، بە پرۆژەی (TP)دا هەڵواسراوە.

واژەگۆکەرەکان پڕۆژەسازدەری (CP)ی تەواوکەر بن، یاخود سەربار، پارامیتەری سەرسەرەتا جێبەجێدەکەن (بڕوانە نموونەو هێڵکارییەکان)، بەڵام لەو ڕستە ئاڵۆزانەدا، کە (CP)یەکانیان سەربارن، دەکرێت ئارەزوومەندانە: **(ا)** لە چێوەی ڕستە شوێنکەوتووەکاندا تەواوکەرەکان بۆ پێش ($C^0$)یەکان (هەندێکیان، نەک هەموویان) بگوازرێنەوە (بڕوانە ٤٦-ا، ٤٦-ب)، **(ب)** ڕستە شوێنکەوتووەکەو ڕستە سەرەکییەکە* ئاڵوگۆڕ لە جێکەوتەکانیاندا بکەن (بڕوانە ٤٧-ا، ٤٧-ب).

(٤٦) ا- بخوێنە، [ئەگینا دەرناچیت].

ب- بخوێنە، [دەرناچیت ئەگینا].

(٤٧) ا- [ئەگەر زۆر بخۆیت]، قەڵەودەبیت.

ب- قەڵەودەبیت، [ئەگەر زۆر بخۆیت].

پ- زۆر بخۆیت، قەڵەودەبیت.

ماوەتەوە بڵێین، ئەگەرچی واژەگۆکەرەکان دروستکەری پڕۆژە (CP)یەکانن، بەڵام "هەندێک لە ڕستەکان واژەگۆکەری دەرنەبڕراو (Null Complementizer)یان هەیە". (Carnie, A., 2013: 216). لە هەندێک باری دیاریکراودا، کە جۆری ڕستە شوێنکەوتووەکەو جۆری واژەگۆکەرەکەیش ڕۆڵی تێدا دەبینن، دەکرێت سەری ڕێزمانیی (CP) بوونێکی فۆنەتیکیی نەبێتو ببێت بە ئیلیمێنتێکی ئەبستراکت. لەڕووی بەخورتیی دەربڕینو ئەگەری دەرنەبڕینی/ بە سەرپشکیی دەربڕینی ($C^0$)یەکانەوە، نموونەی (٤٦_ا) بە نموونەکانی (٤٧-ا)و (٤٧-پ) بەراوردبکە.

---

* پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە مەرج نییە دروستەی ڕستەی ئاڵۆز هەمیشە لە ڕستەیەکی سەرەکی (AgrPیەک)و ڕستەیەکی شوێنکەوتوو (CPیەک) پێکهاتبێت، بەڵکو دەشێت دروستەکە بە جۆرێک بێت، کە دوو پڕۆژەی (CP)، یان (TPیەک)و (CPیەک)، یاخود . . . بەرهەمیانهێنابێت. بڕوانە نموونەی (٤٨)و (٤٩). هاوکات بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠٠٩: ٩٢-١١٧)، (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١٢٠-١٢٣). ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە جێی گرنگیو بایەخپێدان بێت، ئەوەیە، کە لەم چەشنانەی ڕستەی ئاڵۆزیشدا (ئەوانەی، کە دروستەیەکی هاوشێوەی _٤٨_ و _٤٩_یان هەیە)، لە سنووری (CP)دا واژەگۆکەرەکان لای ڕاستی تەواوکەرەکانیان دەگرنو پەیڕەوی لە پارامیتەری سەرسەرەتا دەکەن.

(٤٨) [بۆیە دواکەوتم]$^{CP}$، [چونکە پاسەکە بەجێیهێشتم]$^{CP}$.

(٤٩) [دیارە]$^{TP}$، [کە کاروان تۆی خۆشدەوێت]$^{CP}$.

شیکردنەوەی داتاکانو هێنانەوەی بەڵگەکان لەبارەی پارامێتەری سەری فرێزە فەرهەنگیو فرێزە ئەرکییەکانی زمانی کوردی، ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە سەرە ڕێزمانییەکان لە بەشێک (بەشێکی بەرچاو) لە پرۆژە سینتاکسییەکانی فرێزدا پارامێتەری سەرکۆتا جێبەجێدەکەنو لە بەشێکی دیکە (بەشێکی کەمتر)ی پرۆژەکانیشدا پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرسەرەتا دەکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لەبری ئەوەی زمانی کوردی بە زمانێکی سەرکۆتا دابنێین، گونجاوترە پێمانوابێت زمانێکی جووت_پارامێتەرییە.

### ٣-٢-١/٢) پارامێتەری سەرو پرۆژەی فرێزە هەڵواسراوەکان

لە (١/٢-٢-١)دا پرۆژەی فرێزەکان بەپێی ئەدگاری سەرە ڕێزمانییەکانیان دابەشی سەر دوو پۆل "فرێزە فەرهەنگییەکانو فرێزە ئەرکییەکان" کران، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو ئەرکو ڕۆڵەی، کە لە ڕستەدا دەیبینن/ ئەو جێکەوتەیەی، کە لە ڕستەدا پڕیدەکەنەوە، فرێزەکان لە یەکتر جیابکەینەوە، ئەوا دەتوانین وەک جۆرێکی جیاواز لە فرێزە فەرهەنگیو ئەرکییە خورتییەکان، فرێزە هەڵواسراوەکان دیاریبکەینو پەیوەست بە پارامێتەری سەریشەوە لەبارەیانەوە بدوێین. فرێزە هەڵواسراوەکان، کە هێمای (ZP)یان بۆ دانراوە، ئەو وەچەپێکهاتانەی ڕستەن، کە جێکەوتەی ئارگۆمێنتی پریدیکات پڕناکەنەوەو لەلایەن ($X^0$)ەکانەوە داواناکرێن، واتە نابن بە بەشێک لە کردەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە بەدەسەڵاتەکانو بۆ بونیاتنانی دروستەی فرێز، سەرە پرۆژەسازدەرەکان هەڵاوێریاننناکەن، بەڵکو "زانیارییەک دەگەیەنن، کە بەشێکی زگماکیی واتای ئەو کردەیە نییە، کە کردارێک دەریدەبڕێت". (Pickering, M. & Branigan, H., 1999: 137)، بڕوانە: (Dalrymple, M., 2006: 85)، (Baker, A. & Hengeveld, K., 2012: 146).

فرێزە هەڵواسراوەکان، کە دەکرێت لەڕووی دروستەوە لە فۆڕمی (AdvP)، یان (PP)، یاخود (CP)دا دەربکەون[*]، بڕوانە: (Trask, R. & Stockwell, P., 2007: 24)، (Cook, V. & Newson, M., 1997: 145)، لەبەرئەوەی کەرەستەی سەربارنو بۆ پەسنکردنو دەرخستنی لایەنێکی کردار (کات، شوێن، چۆنیەتی،...)، سەرپشکییانە لە چوارچێوەی (VP, TP)دا ڕوودەدەن، بۆیە جێکەوتەی نۆدێکی بنەڕەتی لە ئەسکەلەی (X-bar)دا ناگرن، بەڵکو بە یەکێک لە پرۆژەکانی بەشەکردار (Predicate)دا

[*] ئەگەرچی فرێزە هەڵواسراوەکان فۆڕمو دروستەی جیاوازیان هەیە (AdvP, PP, CP)، بەڵام لەبەرئەوەی: (ا) هەڵگری واتای ئاوەڵکردارن، (ب) جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکردار پڕدەکەنەوە، بۆیە لە ڕستەدا ئەرکی ئاوەڵکردار دەبینن. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئاوەڵکردارو فرێزی ئاوەڵکرداری پەیوەست بە خاڵی (ا)و (ب)وە، بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ا-٢٠٢٠: ١٩٣-٢٢٤)، (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ١٧٥-٢٠٩).


هەڵدەواسرێن. ئەگەر (ZP)یەکە گۆکردنی ئاوەڵکرداری کاتیی هەبێت، بەهۆی ئەوەی، کە تافی ناو کردارەکە مارکەدەکات، بە (TP)دا هەڵدەواسرێت، بەڵام ئەگەر فرێزەکە ئەرکی ئاوەڵکرداری شوێنی، یان چۆنیەتی ببینێت، ئەوا بەوپێیەی، کە زانیاری دەربارەی شوێن‌و چۆنیەتیی ڕوودانی کردەی کردارەکە/ نیشاندانی باری کردارەکە دەدات، هەڵواسینەکەی بە پڕۆژەی (VP)دا دەبێت. بڕوانە (٥٠)و هێڵکاریی (٤٥).

(٥٠) ئاریا ئەمشەو بە پێ بۆ ئێرە هات.

(٥١) ا- ئاریا بە پێ هانیای بۆ ئێرە هێنا.

ب- ئاریا ئەمشەو هانیای بۆ ئێرە هێنا.

پ- ئاریا ئەمشەو بە پێ هانیای هێنا.




هێڵکاریی (٤٥)

ئەگەرچی فرێزە هەڵواسراوەکان نابنەهۆی دەستنیشانکردنی پارامیتەری سەر، چونکە بە پێچەوانەی فرێزە تەواوکەرەکانەوە (ئارگۆمێنت_داواکراوەکانەوە) ئەمان لەلایەن ($V^0$, $T^0$)یەکانەوە داواناکرێن، تاوەکو لەسەر بنەمای جێکەوتەکەیان لە لای ڕاست، یان لای چەپی کردارەکە/ مۆرفیمی تافەکە بڕیار لەسەر سەرسەرەتایی، یان سەرکۆتاییی پڕۆژەکە (VP، یان TPیەکە) بدرێت، کەچی لەگەڵئەوەشدا وەک لە نموونەو هێڵکارییەکەی (٥٠)و (٤٥)دا، هەروەها نموونەکانی (٥١)یشدا دەردەکەوێت، فرێزە هەڵواسراوەکان بە هەمانشێوەی فرێزە تەواوکەرەکان، لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکان ($V^0$, $T^0$) دەگرن، بەڵام بشڕوانە (٥٢).

(٥٢) میوانەکان گەیشتنە بەردەرگا.

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە لەبارەی جێکەوتەی فرێزە هەڵواسراوەکانەوە بەو جۆرە بوو، کە پڕۆژە (ZP)یەکان لە پێش سەرە ڕێزمانییەکانەوە دێن، بەڵام نموونەی (٥٢) ئەوە دەردەخات، کە "ئەو کارانەی چەمکی جووڵە و ئاڕاستە دەگەیەنن، فرێزی ئەدڤێربڵی شوێن، دەتوانێت لە دوایانەوە بێت". (حسێن، ئازاد ئەحمەد، ٢٠٠١: ٦٧).

فرێزە هەڵواسراوەکان، کە لە ڕستەدا گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییان دەبێت، هەرچەندە جێکەوتەو ڕیزبوونی تایبەت بە خۆیانیان هەیە*، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی دۆخی ڕێزمانی نین، لە جوڵانو جێگۆڕکێپێکردندا تا ڕادەیەکی زۆر ئازادن. بڕوانە: (مەحویی، محەمەد، ٢٠١٣: ٢٥٠). ئەمە لە کاتێکدایە، کە گۆڕینی جێکەوتەی فرێزە تەواوکەرەکان (پڕۆژە YPیەکان) لە ڕستەدا، وابەستەی پابەندبوونە بە چەند مەرجێکی سینتاکسیی دیاریکراوەوەو بەبێ جێبەجێکردنی ئەو مەرجانە، گواستنەوەی (YP)یەکان ڕێگەپێدراو نابێت. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە.

(٥٣) ا- ئێمە هێشتا کەلوپەلەکانمان نەکڕیوە.

ب- هێشتا ئێمە کەلوپەلەکانمان نەکڕیوە.

پ- <u>کەلوپەلەکان</u>، <u>ئێمە</u> هێشتا نە<u>مان</u>کڕی<u>ون</u>.
j i i j

---


* (مەحویی، محەمەد، ٢٠٢١: ٤٤٣) پێیوایە "ڕیزبوونی بنەڕەتیی ئاوەڵکردارەکان لەناو ڕستەدا "بکەر ... ئاوەڵکرداری کات ... ئاوەڵکرداری شوێن ... بەرکار .... کرداری شکاوە"یە. جێکەوتەی جۆرەکانی تری ئاوەڵکردارەکان (ئامێریی، چۆنیەتیی، ...) بەندە بەوانەی ئەو دوو چەشنە سەرەکییەوە".

(٥٣-أ) نموونەیەکە بۆ دروستەی بنەڕەتیی ڕستەی سادەی زمانی کوردی، کە تیایدا کەرەستە ئارگۆمێنتو نائارگۆمێنتەکان لە جێکەوتەی دیاریکراوی خۆیاندا هاتوون، بەڵام لە (٥٣-ب)دا فرێزە ئاوەڵکرداریی‌یەکە بەبێ ئەوەی ملکەچی هیچ قەیدو مەرجێکی سینتاکسی بێت، وازی لە جێکەوتەکەی خۆی هێناوەو لە جێکەوتەی پێش بکەرەکە/ سەرەتای ڕستەکە گیرساوەتەوە. لە بەرانبەردا گۆڕینی جێکەوتەی فرێزە تەواوکەرەکە (بەرکارەکە) لە نموونەی (٥٣-پ)دا، کە دروستەیەکی باسمەندییە، لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە، بە جێبەجێکردنی مەرجی هاونیشانەکردن پاساودراوە. ئەمەش پەیوەستە بە تیۆری کۆپییەوە (The Copy Theory)/ تیۆری کۆپیی جوڵەوە (The Copy Theory of Movement) لە لای چۆمسکی. بەپێی تیۆرەکە ئیلیمێنتێکی جوڵاو (بە مەرجێک کەرەستەیەکی سەربار نەبێت)، لە پاش گواستنەوەو جوڵەپێکردنی، دەبێت کۆپییەک/ مۆرفیمێکی ڕێککەوتن لە جێکەوتەکەیدا بەجێبهێڵێت. بڕوانە: (Lasnik, H., 2001: 72)، (Chomsky, N., 2015: 185). هاوکات بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی تیۆری کۆپی/ تیۆری کۆپیی جوڵە، بڕوانە: (Corver, N. & Nunes, J., 2007)، (Nunes, J., 2011).

لەو ڕوانگەیەوە، کە لە کاتی جوڵەو گواستنەوەی فرێزە تەواوکەرەکاندا مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن لە لایەکەوە دەبنە پارێزەری پارامێتەرو لە لایەکی دیکەشەوە هەم وەک میکانیزمی پێدانی دۆخو هەم وەک پارێزەری ئاڕاستەی پێدانی دۆخیش ڕۆڵدەبینن، بۆیە لە (٥٣-پ)دا بەرکارەکە لە دوای گواستنەوەی بۆ سەرەتای ڕستەکە، بە یاسای کۆپیکردن مۆرفیمێکی ڕێککەوتنی بە هەمان کەس‌و ژمارەوە وەک نوێنەر لە شوێنی خۆی بەجێهێشتووە، کە دواتر چووەتە سەر کردارەکەو دوای مۆرفیمە ڕێککەوتنە بکەرییەکەی گرتووە. بەمەش ڕایەڵەی ڕێککەوتن لە نێوان ڕەگی کردارەکە (سەرە ڕێزمانییەکە)و بەرکارەکە (تەواوکەرەکە) دروستبووەو پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوانیان بەهۆی ئەو ڕایەڵەیەوە جێبەجێبووە.

ماوەتەوە بڵێین، ئەگەرچی فرێزە تەواوکەرەکان لە سنووری پرۆژەکانی پریدیکاتدا جێکەوتەی دیاریکراوی خۆیانیان هەیە، بەڵام لە کاتی هێنانەپێشەوەو بەترۆپککردنیاندا بە نۆدی ($AGR^{=}$)دا هەڵدەواسرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە جوڵەو گواستنەوەی فرێزە تەواوکەرەکان لە سینتاکسدا (ئەوانەیان، کە ڕێگە بە گواستنەوەیان دەدرێت)، لە جێکەوتەیەکی سەرەکییەوە بۆ جێکەوتەیەکی هەڵواسراو دەبێت، کەچی فرێزە سەرپشکییەکان لە هەر جێکەوتەیەکدا بن، هەمیشە پرۆژەیەکی هەڵواسراون. بڕوانە (٥٤)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٤٦)دا.

(٥٤) گڵۆپەکان، بەیانی من کوژاندمنەوە.




هێڵکاریی (٤٦)

### ٢/٢) پارامێتەری هاوسێیەتی‌و پرۆژە سینتاکسییە فرێزییەکان

پارامێتەری هاوسێیەتی (Adjacency Parameter) ئەو پارامێتەرەیە، کە پەیوەندیی بە تیۆری دۆخی ڕێزمانی‌و چۆنیەتیی بەخشینی دۆخەوە هەیە، کە لەلایەن سەرە ڕێزمانییە دۆخپێدەرەکانەوە بە تەواوکەرەکانیان دەدرێت. ئەم پارامێتەرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە "پێویستە دۆخپێدەرەکان

هاوسێی فرێزە ناوییەکانیان* بن"، (Crystal, D., 2008: 349)، بەڵام لە ڕاستیدا پارامێتەری هاوسێیەتی مەرجێکە دەکرێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بگۆڕێت. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وەها پێویست دەکات، کە توخمی دۆخپێدەر هاوسێی ئەو فرێزە ناوییە بێت، کە دۆخ وەردەگرێت، کەچی هەندێک زمانی دیکە، لەوانە زمانی فەڕەنسی، بەم مەرجە/ پارامێتەرە کۆتوبەندنەکراوە. بڕوانە: (Richards, J. & Schmidt, R., 2002: 12). بە گەڕانەوە بۆ چەمکو پێناسەی پارامێتەر لە بەشی یەکەمدا، هیچ گومانێک لەوەدا نامێنێتەوە، کە دەبێت پەیوەندیی هاوسێیەتیی نێوان سەرو تەواوکەر مەرجێک بێت، کە لە هەموو زمانەکاندا کارا نەبێت، چونکە ئەگەر ئەم مەرجە لە هەموو زمانەکاندا هەبێت، ئەوکات دەبێت بە بنەمای هاوسێیەتی، نەک پارامێتەری هاوسێیەتی.

بەپێی تیۆری (X-bar) پرۆژەی فرێزی ناوەندی ( $\bar{X}$ ) لە سەرێکی ڕێزمانیو تەواوکەرێک پێکدێت. ئەم سەرو تەواوکەرە وابەستەی یەکترنو چەند جۆرێکی پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، کە یەکێکیان دۆخی ڕێزمانییە. دۆخ یەکێکە لە بنەما جیهانییەکان، واتە دۆخ لە ڕێزمانی هەموو زمانێکدا هەیە، بەڵام مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا دۆخ لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەربکەوێت. لەم ڕوانگەیەوە لە تیۆری (GB/ P&P)دا دوو جۆری دۆخ لە یەکتر جیاکراونەتەوە، کە ئەوانیش دۆخی ئەبستراکت ( Abstract Case)و دۆخی مۆرفۆلۆژی (Morphological Case)ن. لە یەکەمیاندا هیچ نیشانەیەکی دۆخ لەسەر تەواوکەرەکە دەرناکەوێت، هەربۆیە پێیدەگوترێت دۆخی ئەبستراکت، بەڵام لە دووەمیاندا بەپێی دۆخە جیاوازەکان (بکەری، بەرکاری، پێشناوی، خستنەپاڵ)، یان نیشانەی جیاوازی دۆخ لەسەر تەواوکەرەکە دەردەکەوێت، یاخود تەواوکەرەکە بۆ فۆڕمی جیاواز دەشکێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی دۆخی ئەبستراکتو دۆخی مۆرفۆلۆژییەوە، بڕوانە ئەم توێژینەوەیە: (Legate, J. A., 2008). وەک لە سەرەوە ئاماژەپێدرا، زمانی ئینگلیزی لە ڕیزی ئەو زمانانە دانراوە، کە لە پێواژۆی بەخشینی دۆخدا ڕەچاوی پارامێتەری هاوسێیەتی دەکەن، بەڵام (Culicover, P., 1997: 42-43) تێبینیو سەرنجی لەم بارەیەوە هەیەو پێیوایە چەند هۆکارێک هەن (بڕوانە خاڵەکانی خوارەوە)، کە مەرجی هاوسێیەتی لە زمانەکەدا دەخەنەژێر پرسیارەوە.

ا. مەرجی هاوسێیەتی کردەی دۆخپێدان ئاڵۆزدەکات. لە کاتێکدا دەکرێت پرۆسەکە لەسەر بنەمای حوکمکردنو بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەرجی هاوسێیەتی دابڕێژرێت.

---

* لە قۆناغە بەراییەکانی تیۆری (GB/ P&P)دا دۆخی ڕێزمانی تەنها بە تایبەتمەندییەکی فرێزە ناوییەکان دانرابوو، هەربۆیە لە چەند شوێنێکی ئەم وەچەپارەدا، کە دەقی وەرگیراوی سەرچاوەکانن (وەکخۆی، یان بە دەستکارییەوە)، پەیوەست بە دۆخ وەرگرتنەوە، تەنها ئاماژە بە [NP] دراوە، بەڵام بۆچوونی ئێمە لەبارەی ئەو [YP]یانەوە، کە دەتوانن دۆخ وەربگرن، لە بەشی یەکەمدا خراوەتەڕوو.

ب. لەگەڵ مەرجی هاوسێیەتیدا ڕوون نییە، کە چۆن دۆخ بۆ ئەو فرێزە ناوییانە تەرخاندەکرێت، کە هاوسێی کردارەکان نین. بۆ نموونە فرێزی ناویی {a present} لەم ڕستەیەی خوارەوەدا، کە کردارەکەی لەو جۆرانەیە دوو بەرکار وەردەگرن، چۆنو لەلایەن چ سەرێکی ڕێزمانییەوە دۆخی بۆ دابینکراوە؟

(55) John gave Susan a present.

پ. دەکرێت ئاوەڵکردارێک لە نێوان بکەرو (Infl)[*]دا بێت، بەبێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر پێدانی دۆخ هەبێت. بڕوانە (٥٦).

(56) John probably will call later.

ت. لە ڕستەدا ئاوەڵکردارەکان ناتوانن لە هەموو جێکەوتەیەکدا دەربکەون، بەڵکو کۆتوبەند لەسەر جێکەوتەی ڕوودانیان هەیە. ئەم کۆتوبەندکردنەیش پەیوەندیی بە کردەی بەخشینی دۆخ پەیوەست بە مەرجی هاوسێیەتییەوە نییە. بڕوانە (٥٧)و (٥٨).

(57) a. John was angry yesterday.

b. * John was yesterday angry

(58) a. John probably lives in an apartment.

b. * John lives probably in an apartment

نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا، ئاوەڵکردار ناتوانێت لە پێش فرێزی ئاوەڵناوی‌و فرێزی پێشناوییەوە بێت. هەروەک چۆن ناشتوانێت لە پێش ئەو فرێزە ناوییەوە بێت، کە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت.

ئەوەی پەیوەندیی بە زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانی)یەوە هەبێت، ڕێوشوێن‌و میکانیزمی دۆخ_بەخشین تیایدا بە جۆرێکە، کە سەری ڕێزمانی بۆئەوەی بتوانێت دۆخ بە تەواوکەرەکەی بدات، دەبێت تەواوکەرەکە ڕاستەوخۆ لە تەنیشتییەوە بێت، بڕوانە: (مەحویی،

[*] دیدو تێڕوانینی (Culicover) لەوێدا بەو شێوەیە بووە، کە دۆخی بکەری (Nominative) لەلایەن کات‌و کەسی کردار (Infl)ەوە دەبەخشرێت، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیڕەوی لەو بۆچوونە دەکات، کە وایدادەنێت دۆخی بکەری فرێزی تاف (TP) دەیدات، نەک (Infl). جێی باسە فرێزی تاف مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن وەک هۆو ئەبزاری گواستنەوەی دۆخەکە بەکاردەهێنێت.

محەمەد، ا-٢٠٠١: ١٦)، واتە دەبێت سەرو تەواوکەر هاوسێی یەکتر بن، بەڵام ئەگەر (X) هاوسێی (Y) نەبێت، یاخود هاوسێیەتیی نێوانیان تێکبچێت، ئەوا ڕێککەوتن وەک جێگرەوەی هاوسێیەتییەکە بەکاردەخرێت، چونکە "نەبوونی مەرجی هاوسێیەتی، یان تێکدانی ئەو مەرجە، بە ڕێککەوتن پاساودەدرێت"*. بڕوانە (٥٩).

(٥٩) کچەکە کراسەکەی شۆرد.

لە (٥٩)دا بەرکارەکە /کراسەکە/ دۆخی (Accusative)ی لە ڕێگەی پەیوەندیی هاوسێیەتییەوە لە ڕەگی کردارەکەوە وەرگرتووە. هەرچی بکەرەکەیە /کچەکە/، کە دۆخەکەی (Nominative)ە، لەلایەن فرێزی تافەکەوە دراوە. (TP)یەکە پێواژۆی دۆخپێدانەکەی بەهۆی مۆرفێمی ڕێککەوتنی /ـی/یەوە جێبەجێکردووە. بەمپێیە بۆ بەخشینی ئەو دوو جۆرە دۆخە، هەردوو پارامێتەرەکە (هاوسێیەتیو ڕێککەوتن) بەکارهێنراون.

لەو سەرنجو تێبینییانەی لەسەر پارامێتەری هاوسێیەتی هەن، دیارترینیان ئەوەیە، کە لە بەشێک لە زمانەکاندا، لە نێویاندا زمانی کوردی، ڕێگە بەوە دەدرێت، کە کەرەستەی سەربار بچێتە نێوان سەری ڕێزمانیی دۆخپێدەرو تەواوکەری دۆخوەرگرەوە. ئەمەش وایکردووە، ئەو بۆچوونە لەئارادابێت، کە پێویست نییە لە کردەی پێدانی دۆخدا، هاوسێیەتیی نێوان سەرو تەواوکەر بکرێت بە مەرج. با لە نموونەی (٦٠) بڕوانین.

(٦٠) کچەکە کراسەکەی بە دەست شۆرد.

لە (٦٠)دا فرێزی پێشناویی {بە دەست}، کە بوونی لە ڕستەکەدا سەرپشکییە، ڕەگی کردارەکەو بەرکارەکەی لە یەکتر جیاکردووەتەوەو چووەتە نێوانیانەوە، بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە کاریگەریی لەسەر ئەو پەیوەندییانە (حوکمکردن، وەچەئاڕاستەکردن، دۆخپێدان، . . .) نەبووە، کە لە نێوان سەرە ڕێزمانییەکەو تەواوکەرەکەیدا هەن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەرەستەی سەربار بەشداری لە پێکهێنانی دروستەی بنەڕەتیی ڕستە ناکات، بەڵکو هاتنی تەنها بۆ واتاو زانیاریی واتاییە، هەربۆیەشە لە سنووری پرۆژەی هەر فرێزێکدا بێت، پێیداهەڵدەواسرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە باوەڕمانوایە، کە بوونی کەرەستەی سەربار لە نێوان سەری ڕێزمانیو تەواوکەر لە زمانی کوردیدا، ئەگەر لە ڕووکەشیشدا وەها دەربکەوێت، کە پەیوەندیی هاوسێیەتیی (X)و (Y) تێکدەدات، بەڵام لە ڕاستیدا نابێتەهۆی پچڕانی

* بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیە، لەپاڵ ڕوونکردنەوەکانی ئێرەدا، بشڕوانە نموونەو لێکدانەوەکانی "پارامێتەری ڕێککەوتن" لە بەشی سێیەمدا.

پەیوەندیی نێوانیان، چونکە ئەگەر پەیوەندییەکە بپچڕایە، ئەوە یان دەبوو ئەلتەرناتیڤێک جێگەی پەیوەندییە هاوسێیەتییەکەی بگرتایەتەوە، وەک چۆن لە دروستەی مۆرفۆسینتاکس‌و باسمەنددا ڕێککەوتن دەبێت بە ئەلتەرناتیڤی پچڕانی پەیوەندیی هاوسێیەتیی نێوان سەری ڕێزمانی‌و تەواوکەرەکەی (بڕوانە "پارامێتەری ڕێککەوتن" لە بەشی سێیەمدا)، یاخود دەبوو ڕێگە بەوە نەدرێت، کە کەرەستەی سەربار بچێتە نێوان (X)و (Y)یەکەوە، وەک لە هەندێک زماندا دەبینرێت. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا "لەبەرئەوەی کردار پێویستە لە ڕێگەی پاڵێوەری دۆخەوە دۆخ بۆ بەرکارەکەی تەرخانبکات، بۆیە دەبێت بەرکارەکە هاوسێی کردارەکە بێت". (Chomsky, N., 1982: 9). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە زمانی ئینگلیزیدا پەیوەندیی نێوان کردارو تەواوکەرەکەی (بەرکارەکە) ئەوەندە توندوتۆڵە، کە ڕێگە بە هیچ کەرەستەیەک نادەن، بچێتە نێوانیانەوە. بڕوانە (٦١).

(61) a. she loves him very much.

b. * she loves very much him

# بەشی سێیەم

# پارامێتەرو پرۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکانو


# نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکان

## ١/٣) پارامێتەرو پرۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکان

لە بەشی یەکەمدا وەک لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە، بە تەواوەتی چەمکی پارامێتەر لە زماندا ڕوونکرایەوەو لە بەشی دووەمیشدا بە وردی گفتوگۆ لەبارەی پارامێتەرەوە لە پرۆژە سینتاکسییە فریزییەکاندا کرا. هەرچی ئەم بەشەیە (بەشی سێیەم) لە دوو پاری جیاوازدا، بۆ قسەکردن لەسەر پارامێتەر لە پرۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکانو پارامێتەر لە نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا تەرخانکراوە[*]. ڕاڤەو لێکدانەوەکانی ئەم بەشە، جگە لە نموونەو داتای زمانی کوردی، بەڵگەی دەرەکیش لەخۆدەگرن.

### ١-١/٣) پارامێتەری ڕێککەوتن

ڕێککەوتن (Agreement) زاراوەیەکە هەڵگری چەمکێکی فراوانەو بەپێی قوتابخانەو تیۆرە زمانەوانییەکان دیدو تێڕوانینی جیاوازی لەبارەوە خراوەتەڕوو. ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی لێدەکەین، ئەو بۆچوونەیە، کە وایدادەنێت ڕێککەوتن پەیوەندیی سینتاکسییانەو واتاییانەی نێوان سەرو تەواوکەرە، واتە پەیوەندیی نێوان (X)و (Y)یە. بڕوانە هێڵکاریی (١). هەروەها بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ب-٢٠٢٠: ٩١).




هێڵکاریی (١)

[*] گرنگە ئەوە بگوترێت، کە سەرچاوەکان (ئەوانەی، کە لەبارەی بنەماو پارامێتەرەوە دواون) لە دەستنیشانکردنی چەشنو جۆرەکانی پارامێتەر کۆکنینو لە هەر سەرچاوەیەکدا ئاماژە بە چەند جۆرێکی جیاوازی پارامێتەر دراوە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپێی ئاستی پرۆژەکان (پرۆژەی سینتاکسیی فریز، پرۆژەی سینتاکسیی ڕستە، پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس)، گەنگەشەی ئەو چەشنانەی پارامێتەر دەکەین، کە زیاتر سەرەکینو لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا دێنەوە.

لە زمانی کوردیدا ڕێککەوتن پارامێتەرێکە، کە لە ئاستی ڕستەوە دەردەکەوێت، چونکە وەک پێشتر ئاماژەپێدرا، فرێزی ڕێککەوتن پەیکاڵی ڕستەیەکی سادەیە، بەڵام ڕستە تاکە پڕۆژەی زمانی کوردی نییە، کە ڕێککەوتن بەرهەمیبهێنێت، بەڵکو پڕۆژەکانی وەک باسمەندو مۆرفۆسینتاکس‌و . . . تاد هەر بەهۆی ڕێککەوتنەوە دروستدەبن، واتە ئەو پڕۆژانەیش لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە دەبن بە پڕۆژەیەکی تێرو بێکەموکوڕی. بڕوانە (١).

(١) ا- منداڵەکەی تۆ یارییەکانی شکاند. (دروستەی سینتاکسی/ ڕستە)

ب- یارییەکان، منداڵەکەی تۆ شکاندنی. (دروستەی باسمەندی)
i j i j

پ- pro trace شکاندنی. (دروستەی مۆرفۆسینتاکسی)
i j j i

لە نموونەکانەوە ئەم خاڵانە تێبینی دەکرێن: **(ا)** دەربارەی (١-ا)، گواستنەوەی بکەر لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش، کە لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاستی (TP) دەبێت، بەهۆی ڕێککەوتنەوە ڕوودەدات. لەم ڕووەوە بڕوانە ئەو نموونەو ڕوونکردنەوانەی، کە لە وەچەپاری "پارامێتەری سەر لە فرێزی ڕێککەوتندا" هێنراونەتەوەو پێشکەشکراون. **(ب)** دەربارەی (١-ب)و (١-پ)، گواستنەوەو دەرنەبڕینی تەواوکەر لە دروستەی ڕووکەشدا/ لە سینتاکسدا، کە دەبێتەهۆی تێکچوونی پەیوەندیی هاوسێیەتیی نێوان (X)و (Y)، لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە چارەسەردەکرێت. بڕوانە گواستنەوەی بەرکاری دروستە باسمەندییەکەی (١-ب) بۆ جێکەوتەی پێش بکەرو دەرنەبڕینی بکەرو بەرکاری دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی *(١-پ)، کە بە ڕێککەوتن پاساودراون.

پێواژۆی ڕێککەوتن لە ڕێگەی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتنەوە ئەنجامدەدرێت، کە ئەوانیش لە زمانی کوردیدا بۆ "(م_مان)و (م_ین)" دابەشدەبن. دابەشبوونی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بۆ ئەو دوو دەستەیە، پەیوەستە بە بوونی دۆخی ڕێزمانیی جیاوازەوە. (م_مان)و (م_ین) فۆڕمی شکاوەی یەکترن‌و دروستەی باسمەندو مۆرفۆسینتاکسیش ئەم ڕاستییە زیاتر دەسەڵمێنن. ئەویش بەوپێیەی بۆ بکەرو بەرکار دوو مۆرفێمی ڕێککەوتنی جیا لە هەمان دروستەدا (باسمەند/ مۆرفۆسینتاکس) بەکاردێت. بڕوانە (١-ب)و (١-پ). هاوکات بشڕوانە: (قادر، ئاوات ساڵح، ٢٠١٥: ١٨).

---

* شایەنی گوتنە لێرەدا دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (١-پ) تەنها وەک نموونەیەکی پارامێتەری ڕێککەوتن/ پێواژۆی ڕێککەوتن هێنراوەتەوە، ئەگینا لە (٢/٣)دا، کە تایبەتە بە "پارامێتەرو نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکان"، بە وردی قسە لەسەر لایەنە جیاوازەکانی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس کراوە.

جێی باسە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن، کە لەڕووی سینتاکسو واتاوە پەیکاڵی جێناوە سەربەخۆو فرێزەکانن، بەپێی نیشانەی جێناوە سەربەخۆکان/ فرێزەکان پێواژۆی ڕێککەوتن بەئەنجامدەگەیەنن. هەرچەندە واتای مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن داینامیکیو جولاوە، چونکە بەپێی ئەو فرێزانەی لەگەڵیاندا ڕێکدەکەون، حوکمی واتایی دەکرێن، کەچی لەگەڵئەوەشدا دەکرێت نیشانە پێشبینیکراوەکانیان دەستنیشانبکرێت. هەروەک چۆن لە (٢)دا نیشانە پێشبینیکراوەکانی مۆرفیمی ڕێککەوتنی (م، مان) بەپێی جێناوە سەربەخۆکانی (من، ئێمە) خراونەتەڕوو. بڕوانە: (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ب-٢٠٢٠: ٩٢-٩٤).

(٢) ا- **من** **م**

| **من** | **م** |
|---|---|
| + کەس | + کەس |
| + ژمارە | + ژمارە |
| + توخم | + توخم |

ب- **ئێمە** **مان**

| **ئێمە** | **مان** |
|---|---|
| + کەس | + کەس |
| + ژمارە | + ژمارە |
| + توخم | + توخم |

### ٢-١/٣) پارامێتەری بکەرخراو

ئەگەرچی بەپێی بنەمای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو (The Extended Projection Principle) هەموو ڕستەیەک دەبێت بکەری هەبێت، بەڵام بەشێک لە زمانەکان ڕێگە بەوە دەدەن، کە بکەری ڕستەکانیان بە شێوەیەکی سەرپشکییانە دەرنەبڕدرێتو جێکەوتەکەی (جێکەوتەی بکەرە دەرنەبڕراوەکە) بە کەتیگۆرییەکی بەتاڵ (Empty Category) پڕبکرێتەوە، کە پێیدەگوترێت (pro)ی بچووک. ئەم کەتیگۆرییە بەتاڵە (proی بچووک) تەنها لە دروستەی قووڵی ڕستەدا بوونی هەیەو لە دروستەی ڕووکەشدا بە شێوەیەکی فۆنەتیکی دەرناکەوێت.

پارامێتەری بکەرخراو (Null Subject Parameter/ pro-drop Parameter) ئەو پارامێتەرەیە، کە باس لەوە دەکات، دەشێت بکەر بوونێکی بەرجەستەو ئاشکرای لە ڕستەدا نەبێت. بە واتایەکی دیکە پارامێتەرێکە، کە لەو بارەیەوە دەدوێت، ئاخۆ لە ڕستەکانی زمانێکدا ڕێگە بە گۆنەکردنو دەرنەبڕینی بکەر دەدرێت، یاخود نا. ئەو زمانانەی، کە ڕێگە بە گۆنەکردنی بکەری ڕستەکانیان دەدەن، بە زمانە بکەرخراوەکان (Null-subject Languages/ pro-drop Languages) ناسراون. هەرچی ئەو زمانانەیە، کە ڕێگە بە دەرنەبڕینی بکەری ڕستەکانیان نادەن، پێیاندەگوترێت زمانە بکەرنەخراوەکان (Non-null-subject Languages /Non-pro-drop Languages). زمانەکانی وەک ئیتاڵیو ئیسپانیو گریکی نموونەن بۆ زمانە بکەرخراوەکان. لە بەرانبەردا زمانەکانی وەک ئینگلیزیو فەڕەنسی لە چەشنی زمانە بکەرنەخراوەکانن. بڕوانە: (Chomsky, N., 1988: 240)، (Biberauer, Th. & et al, 2010: 4).

زمانەکانی وەک ئینگلیزیو فەڕەنسیو . . . تاد، کە بکەرخراو نین، بنەمای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو هاندەرو وروژێنەری بەدەرکەوتنی بکەرە هێزدەربڕە بۆشەکان (Expletives)ی وەک (It, There)یە بۆیان. ئەم بکەرانە داوای ڕۆڵی واتایی ناکەن، یان نییانە. بڕوانە: (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٩: ١٠٩). با لە (٣) بڕوانین.

(3) a- It's snowing.

b- There are three children playing.

لە ڕستەکانی (٣)دا، کە نموونەن بۆ زمانی ئینگلیزی، ئەرکو ڕۆڵی (It, There) تەنها ئەوەندەیە، کە لەڕووی ڕێزمانییەوە جێکەوتەی بکەریان پڕکردووەتەوە، ئەگینا لەڕووی لۆژیکییەوە بکەر نینو هیچ ڕۆڵێکی واتاییشیان بۆ تەرخاننەکراوە*.

زمانەکان لەڕووی بکەرخراوییەوە ڕەچاوی تایبەتمەندیی دووانەیی/ دوولایەنی دەکەن. مەبەست لەم تایبەتمەندییە ئەوەیە، کە زمانێک دەبێت یان ڕێگە بە ڕستەی ئاشکرای بێ بکەر بدات، یان ڕێگەی

* لەگەڵئەوەی زمانی ئینگلیزی بە زمانێکی بکەرنەخراو دادەنرێت، بەڵام دیسان ئەم زمانەیش لە ڕێژەی فەرمانیدا ڕێگە بە گۆنەکردنی بکەر دەدات. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لە ڕێژەی فەرمانیدا هەمیشە کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەم (تاک، یان کۆ) دەکات، کە کارێک ئەنجامبدات، یاخود ئەنجامی نەدات. ئەمە لە کاتێکدایە دەرنەبڕینی بکەر لە ڕێژەکانی دیکەی زمانەکەدا، ناڕێزمانیی ڕستەکەی لێدەکەوێتەوە. بڕوانە نموونەی (٤)، پاشان بە نموونەی (٥) بەراوردی بکە.

(4) pro open the door.

(5) * pro opened the door

پێنەدات. گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە هیچ زمانێک نەبێت، ڕێگە بە هەندێک کرداری کاتو کەسدار (Finite Verb) بدات، کە بکەرخراو بن‌و ڕێگە بە هەندێکی دیکەیان نەدات، کە بکەرخراو بن*. بڕوانە: (Radford, A., 2009: 13).

لە تیۆری بنەماو پارامیتەردا ژمارەیەک لێکدانەوەی جیاواز بۆ پەسنکردنی پارامیتەری بکەرخراو خراونەتەڕوو، کە یەکێک لە دیارترینیان ئەوەیانە، کە لەلایەن (Rizzi, L., 1982)ەوە پێشکەشکراوەو دواتر لە (Rizzi, L., 1986)دا گەشەپێدراوە. (Rizzi) پێیوایە دیاردەی بکەرخراوی پەیوەستە بە بوونی پێڕەوێکی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی دەوڵەمەندەوە لە زماندا. زمانە بکەرخراوەکان پێڕەوێکی شکاندنەوەی دەوڵەمەندیان هەیە، لە کاتێکدا زمانە بکەرنەخراوەکان پێڕەوی شکاندنەوەیان هەژارە. لەو زمانانەی، کە پێڕەوێکی شکاندنەوەی دەوڵەمەندیان هەیە، کردارەکان لەڕووی ڕێژەو ڕووکارو تافو کەس‌و ژمارەو . . . تاد دەشکێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە بوونی نیشانەی ڕێککەوتن لەسەر کردار، وەک یەکێک لە مۆرفیمەکانی شکاندنەوە، کە ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییەکانی بکەری ڕستە لەڕووی کەس‌و ژمارەوە (ڕەنگە توخمیش)، ڕێگەپێدانی دەرکەوتنی (pro) لە جێکەوتەی بکەرە دەرنەبڕراوەکە دەستەبەردەکات.

لە ڕاستیدا ناتوانرێت تەنها پشت بە دەوڵەمەندیی پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە ببەسترێتو بکرێت بە پێوەرێک‌و لە ڕێگەیەوە بڕیار لەسەر بکەرخراوی، یان بکەرنەخراویی زمانێک بدرێت، چونکە زمانی وا هەیە، مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی نییە، هەربۆیە هیچ نیشانەیەکی ڕێککەوتن لەسەر کردارەکانی دەرناکەوێت، کە ئاماژە بێت بۆ بکەرە دەرنەبڕراوەکە، بەڵام هێشتایش زمانێکی بکەرخراوە، وەک زمانی چینی**. بڕوانە (٦).

(6) pro Shuo. (Cook, V. & Newson, M., 1997: 286)

نموونەی (٦) ڕستەیەکی بکەرخراوی زمانی چینییە، بۆ هەر شەش کەسەکە هەر ئەو فۆڕمەی هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لە زمانی چینیدا نیشانەی ڕێککەوتنی جیاواز نییە، کە بچێتەسەر کردارەکەو

* بشڕوانە (Holmberg, A. & Nayudu, A. & Sheehan, M., 2009)، (Holmberg, A., 2010)، کە باس لەوە دەکەن، زمانە سلاڤییەکان (Slavic Languages) نیمچە بکەرخراون، واتە نە بە تەواوەتی بکەرخراون‌و نە بە تەواوەتیش بکەرنەخراون!

** زمانێکی وەک (Brazilian Portuguese)یش پێڕەوێکی شکاندنەوەی هەژاری هەیەو بکەرخراویشە. زمانەکە بەبێ ئەوەی مۆرفیمێکی ڕێککەوتنی هەبێت، کە نوێنەرایەتیی بکەرە دەرنەبڕراوەکە بکات، لە هەندێک باردا ڕێگە بە گۆنەکردنی بکەر دەدات. بڕوانە: (Modesto, M., 2000).

بەپێی کەسەکان بگۆڕێت، هەربۆیە ئەو ڕستەیەی زمانی چینی پەیکاڵی هەموو ئەو ڕستانەی زمانی کوردی دەبێت، کە لە (٧)دا پیشاندراون.

(٧) pro قسەدەکەم. pro قسەدەکەین.

pro قسەدەکەیت. pro قسەدەکەن.

pro قسەدەکات. pro قسەدەکەن.

ئەمە وایکرد، تێڕوانینی دیکەی جیاواز بۆ پارامێتەری بکەرخراو لەو تێڕوانینەی، کە بکەرخراوی تەنها بەستبووەوە بە بوونی پێڕەوێکی دەوڵەمەندی ڕێککەوتنەوە، بخرێتەڕوو. (Huang, 1984) پێشنیازی ئەوەی کرد، کە ناسینەوەی (pro) دەکەوێتەسەر بابەتی قسەلەسەرکراو. لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر لە ڕێگەی شکاندنەوەکانەوە نەتوانین، کە بزانین دەربارەی کێ قسەکراوە، سەیری بابەتی گفتوگۆکە دەکەین. بابەتی گفتوگۆ/ بابەتی قسەلەسەرکراو ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە بکەرە دەرنەبڕراوەکە کێیە. ئەم بۆچوونە پەیوەندیی نێوان بکەرخراویو شکاندنەوە لاوازدەکات، یان هەر نایهێڵێت.

(Jaeggli, O. & Safir, K., 1989) لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەڕواننە بکەرخراویی زمانەکانو پێیانوایە دیاردەی بکەرخراوی لە بەراوردکردنی ئەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە جیاوازانەی، کە کردار لە تافی ڕانەبوردوودا هەیەتی، دەردەکەوێت. لەم ڕووەوە وایدادەنێن، بکەرخراوی تەنها لەو زمانانەدا ڕێگەپێدەدرێت، کە پەرادیگمای شکاندنەوە(Inflectional Paradigm)ی هاوشێوەی مۆرفۆلۆژییانەیان هەیە. زمانێک بە هاوشێوەی مۆرفۆلۆژییانە دادەنرێت، ئەگەر فۆڕمەکانی لە تافی ڕانەبوردوودا بۆ هەر شەش کەسەکە بشکێنەوە، یاخود بۆ هیچ کامیان نەشکێنەوە. بەمپێیە زمانە بکەرخراوەکان لەڕووی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەوە هاوشێوە دەبنو زمانە بکەرنەخراوەکانیش هاوشێوە نابن.

لێرەوە پارامێتەری بکەرخراو لە ڕێگەی دوو بەهاوە (بڕوانە ا، ب) سەرلەنوێ پێناسەکرایەوە. (ا) زمانەکە بەهای (+ هاوشێوەیی) بۆ هەموو کەسەکان هەیە، واتە یان کردارەکە لە تافی ڕانەبوردوودا بۆ هەر شەش کەسەکە دەشکێتەوە، یاخود بۆ هیچ کەسێکیان ناشکێتەوە. لە ئەنجامیشدا ڕێگە بە (pro) دەدرێت، واتە ڕێگە بە بکەرخراویی زمانەکە دەدرێت. (ب) زمانەکە بەهای (– هاوشێوەیی) بۆ هەندێک لە کەسەکان هەیە، واتە کردارەکە بۆ هەندێک لە کەسەکان دەشکێتەوەو بۆ هەندێکی دیکەیان ناشکێتەوە. لە ئەنجامیشدا ڕێگە بە (pro) نادرێت، واتە ڕێگە بە بکەرخراویی زمانەکە نادرێت. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 1997: 288).

پەیوەست بەو پێناسەیەی، کە لە ڕوانگەی دوو بەهاوە بۆ پارامێتەری بکەرخراو کرا، پرسیارێک دێتەئاراوە، کە ئەویش ئەوەیە: بۆچی زمانەکانی وەک چینیو ئیسپانی، کە لە یەکەمیاندا کردارەکە بۆ هیچ کام لە شەش کەسەکە ناشکێتەوەو لە دووەمیشیاندا بۆ هەر شەش کەسەکە دەشکێتەوە، بکەرخراون، بەڵام زمانی ئەڵمانی، کە بە هەمانشێوەی زمانی ئیسپانی، شکاندنەوەی بۆ هەموو کەسەکان هەیە، زمانێکی بکەرنەخراوە؟

(Jaeggli, O. & Safir, K., 1989) لە وەڵامدا دەڵێن: دەکرێت (pro) لە زمانی ئەڵمانیدا ڕێگەپێبدرێت، بەڵام ناتوانرێت بناسرێتەوە، لەبەرئەوەی جووڵەی دووەمی کردار (Verb-second)[*] لە زمانەکەدا، تافو ڕێککەوتن بۆ دوو نۆدی جیاواز لە یەکتر جیادەکاتەوە. ڕێگەپێدانی (pro) لە زمانی ئەڵمانیدا ئەوە دەگەیەنێت، کە دەتوانرێت بکەرە هێزدەربڕە بۆشەکان لە زمانەکەدا دەرنەبڕدرێن. ئەمەش پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا گۆنەکردنی بکەرە هێزدەربڕە بۆشەکان ڕێگەپێنەدراوە.

پەیوەستکردنی دیاردەی بکەرخراویی زمانەکان بە بابەتی هاوشێوەییی مۆرفۆلۆژییانەوە، پێدەچێت چەند ڕێگەیەک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ئاڵۆزییەکانی بکەرخراویی نێوان زمانەکان، بە هەمان ئەندازەو زیاتریش گرفت بۆ دیاردەکە دروستبکات. زمانەکان تاڕادەیەک مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ بکەرخراویدا دەکەن، هەربۆیە ئاسان نییە، لە ڕێگەی هۆکارێکی دیاریکراوەوە، بکەرخراوی لە هەموو زمانەکاندا پەسنبکرێت. زانیاریو وردەکاریی زیاتر دەربارەی پارامێتەری بکەرخراوو دیاردەی بکەرخراویی زمانە جیاوازەکان، لەم سەرچاوانەدا دەبینرێت: (Jaeggli, O. & Safir, K., 1989)، (Cook, V. & Newson, M., 1997)، (Kato, M. & Negrão, E., 2000)، (Biberauer, Th. & et al, 2010).

لە پێشتردا ئاماژە بەوە درا، کە زمانەکان لەڕووی بکەرخراوییەوە پابەندی تایبەتمەندییەک دەبن، کە ئەویش ئەوەیە، زمانێک دەبێت، یان بە تەواوەتی بکەرخراو بێت، یان بە پێچەوانەوە. لەم ڕوانگەیەوە زمانەکان بەسەر دوو جۆردا (زمانە بکەرخراوەکانو زمانە بکەرنەخراوەکان) دابەشکراون. لە ڕاستیدا

---

[*] (Verb-second)، کە کورتکراوەکەی (V2)ە، یەکێکە لەو جوڵانەی/ پارامێتەرانەی، کە لە بەشێک لە زمانەکانی کۆمەڵەی جێرمەنیکدا، بە تایبەت لە زمانی ئەڵمانیو هۆڵەندیدا، هەیە. لە (V2)دا کۆتوبەندی سەرەکی لەسەر ڕیزبەندیی کەرەستەکان بەو شێوەیەیە، کە لە کڵەوزە سەرەکییەکاندا وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستە دەکرێت لە هەر ڕیزبەندییەکدا دەربکەون، بەڵام کردارەکە دەبێت بکەوێتە جێکەوتەی دووەم (Second position)ەوە لە ڕستەکەدا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Ouhalla, J., 1994: 284-290)، (Cook, V. & Newson, M., 1997: 218-222)، ( Fromkin, V. & et al, 2000: 345-346)، (Wenzlaff, M. & Clahsen, H., 2005)، (Wetta, A., 2011: 248-268)، ( Carnie, A., 2013: 320-321).

تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە لە چوارچێوەی یەک زماندا، دەشێت زارێک بکەرخراو بێتو زارێکی دیکە بکەرخراو نەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە هەندێک زماندا تایبەتمەندییەکە وەکخۆی کارا نییەو جێبەجێنابێت، چونکە لەڕووی بکەرخراوییەوە جیاوازی لە نێوان زارەکانی ئەو زمانانەدا هەیە. لەم ڕووەوە زمانی کوردی نموونەیەکی دیارو بەرچاوە، چونکە لەگەڵئەوەی زمانەکە بە زمانێکی بکەرخراو دانراوە، بەڵام کرمانجیی ژووروو، کە زارێکی زمانەکەیە، بکەرخراو نییە. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە.

(٨) ا- من سێوم خوارد.

ب- pro سێوم خوارد.

(٩) ا- من سێڤ خوار.

ب- * pro سێڤ خوار

لە زمانی کوردی (زاری کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانی)دا کاتێک بمانەوێت لێکدانەوە بۆ بکەرخراویی زمانەکە بکەین، ئەوا دەتوانین پەیوەست بە سێ لایەنەوە ئەم کارە ئەنجامبدەین، کە ئەوانیش بریتین لە:

**١- بکەرخراوی پەیوەست بە ڕێککەوتنەوە**

زمانی کوردی بە بوونی پێڕەوێکی زەنگینو دەوڵەمەند بۆ مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی کردار بەناوبانگە، هەربۆیە دەبینین "ناسینەوەیەکی مۆرفۆلۆجیی ئاشکرا لە نێوان فرێزی ناویی بکەر (فرێزی دیارخەریی بکەر_لێکۆڵەر) و مۆرفیمە گەردانییەکەی کەس (ڕێککەوتن) لە کردارە کات و کەسدارەکاندا هەیە". (محەمەد، حاتەم ولیا، ٢٠٠٩: ١٧٤). ئەمەش وایکردووە، کە لە زمانی کوردیدا بتوانرێت ئارەزوومەندانە بکەر دەرنەبڕدرێتو (pro)یەکی بچووک لە جێکەوتەکەیدا دابنرێت. (pro)یەکە لە ڕێگەی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتنەوە، بۆ زۆربەی کەسەکان دەزانرێت، کە ئاماژە بۆ کێ دەکات/ بۆ کێ دەگەڕێتەوە. بەمەش بکەرە دەرنەبڕراوەکە لەڕووی کەسو ژمارەوە دەناسرێتەوە. بڕوانە نموونەکانی (١٠)و (١١).

| | |
|---|---|
| (١٠) <u>pro</u> ڕۆیشتم. | <u>pro</u> ڕۆیشتین. |
| <u>pro</u> ڕۆیشتیت. | <u>pro</u> ڕۆیشتن. |
| <u>pro</u> ڕۆیشتØ. | <u>pro</u> ڕۆیشتن. |

(١١) pro ژوورەکەم بۆیەکرد.          pro ژوورەکەمان بۆیەکرد.

pro ژوورەکەت بۆیەکرد.          pro ژوورەکەتان بۆیەکرد.

pro ژوورەکەی بۆیەکرد.          pro ژوورەکەیان بۆیەکرد.

شایەنی گوتنە، کە پێواژۆی ڕێککەوتن کراوە بە بنەماو پێوەرێکی گشتیو بەهۆیەوە بڕیار لەسەر بکەرخراویی زمانی کوردی دراوە، بەڵام بشڕوانە خاڵی (٢)و (٣).

**٢- بکەرخراوی پەیوەست بە قورساییخستنەسەرەوە**

قورساییخستنەسەر وەک نواندنێکی ناکەرتیی فۆنۆلۆژییانە، تەرزێکی فەرهەنگیو ڕێزمانیی هەیە. بڕوانە: (مەحویی، محەمەد، ا-٢٠١٦: ١٤٣-١٤٦). لە نواندنە فەرهەنگییەکەیدا تەرزی قورساییخستنەسەر نیشانەکراوە، بەڵام لە بەڕێزمانبوون/ بەسینتاکسبوونی توخمە فەرهەنگییەکاندا، قورسایی ئازادانەو بەپێی خواستی قسەکەر دەنوێنرێت. هەرچەندە لە نواندنی سینتاکسیی زمانی کوردیدا (بە تایبەت لە ڕستەدا)، قورسایی سەرەکی (Primary Stress) بۆ بەرکارەو ئەوەیش وایکردووە، کە زمانەکە بەرکارخراو نەبێت، بەڵام گۆڕینی تاکلایەنانەی قورسایی بۆ سەر بکەر لەلایەن قسەکەرەوە، وادەکات لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە بکەرەکەیش سەرەڕای ئامادەییی مۆرفیمی ڕێککەوتن، ئەگەری خستنی جێبەجێنەبێت. بڕوانە (١٢-ب)، کە بەهۆی ئەو قورساییەی دەخرێتەسەری، بکەرەکە /هەردی/ ناتوانرێت دەرنەبڕدرێت، چونکە ڕستەکە دەبێتە وەڵام بۆ پرسیاری (١٢-ا).

(١٢) ا- کێ یارییەکەی بردەوە؟

ب- هەردی یارییەکەی بردەوە.

بە هەمانشێوەی نموونەکەی سەرەوە، ئەو ڕستانەی، کە فرێزە دیارخەرییە بکەرییەکەیان لە "ناوێکی گشتی، بە مەرجی قورساییخستنەسەر" پێکهاتووە، بکەرخراو نین. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو ناوە گشتییانەی، کە لە ڕستەدا بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە گۆکردنی فرێزی دیارخەرییان دەبێتو جێکەوتەی بکەر پڕدەکەنەوە، ناتوانرێت سەرپشکییانە دەرنەبڕدرێن، چونکە قورساییخستنەسەر وەک جێگرەوەی فۆنۆلۆژییانەی دیارخەر، نیشانەی واتاییی [+ دیاریکردنو جیاکردنەوە] بە ناوە گشتییەکان دەدات، نەک نیشانەی [+ ناسراوی]، هەربۆیە بە دەرنەبڕینی بکەر، لە ڕێگەی مۆرفیمی ڕێککەوتنەوە ئەو (pro)یە ناناسرێتەوە، کە لە جێکەوتەی بکەرەکە دادەنرێت. بەمەش ڕستەکە (ئەو ڕستەیەی، کە بکەرەکەی دەرنابڕدرێت) لەڕووی واتاوە ناڕوون دەبێت. بڕوانە (١٣)و (١٤).

(١٣) ا- كوڕ هەڵگری ڕەچەڵەکی بنەماڵەیە.

ب- ؟ pro هەڵگری ڕەچەڵەکی بنەماڵەیە

پ- ؟ کوڕەکە هەڵگری ڕەچەڵەکی بنەماڵەیە

ت- کوڕ هەڵگری ڕەچەڵەکی بنەماڵەیە، نەک کچ.

(١٤) ا- گەنج داهاتووی هەر وڵاتێکە.

ب- ؟ pro داهاتووی هەر وڵاتێکە

پ- ؟ گەنجەکە داهاتووی هەر وڵاتێکە

ت- گەنج داهاتووی هەر وڵاتێکە، نەک پیر/ کەسی بەتەمەن.

لە (١٣-ا)و (١٤-ا)دا قورساییخستنەسەر ناوی /کوڕ/و /گەنج/ی ناسراونەکردووە، بەڵکو لەڕووی توخمو تەمەنەوە جیایکردوونەتەوە، هەربۆیە (١٣-پ)و (١٤-پ)، کە لەڕووی واتاوە جێی گومانن‌و نیشانەی پرسیاریان لەسەرە، نابنە هاوواتای (١٣-ا)و (١٤-ا)، بەڵکو (١٣-ا) ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە لە (١٣-ت)دا ئاماژەپێکراوەو (١٤-ا)یش ئەو مانایەی هەیە، کە لە (١٤-ت)دا خراوەتەڕوو.

هەمبەر بە نموونەکانی (١٣، ١٤)و ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە لەبارەیانەوە پێشکەشکرا، بڕوانە ڕستەکانی (١٥)، کە فرێزە دیارخەرییە بکەرییەکەیان بەرهەمی سەری پرۆژەسازدەری /_ەکە/یە، پاشان لەڕووی بکەرخراوییەوە، بەوانەی (١٦) بەراوردیانبکە.

(١٥) ا- پیاوەکە کارەکەی ئەنجامدا.

ب- منداڵەکە ڕقی لە باوەژنیەتی.

(١٦) ا- پیاو کاری وەها ناکات.

ب- منداڵ ڕق لە دڵ ناگرێت.


### ٣- بکەرخراوی پەیوەست بە دروستەی زانیارییەوە

دروستەی زانیاری (Information Structure) "ئاستی ڕێکخستنی ڕستەیە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە قسەکەر چۆن دەربڕینەکانی لە کۆنتێکستدا پێکدەهێنێت، بە جۆرێک، کە ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری بکات". (Dalrymple, M. & Nikolaeva, I., 2011: 45). لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە، کە

دروستەی زانیاری "ئەو میکانزمەیە، کە هەوڵدەدات دروسترین فۆرم بۆ ئاخاوتن و پەیامەکان هەڵبژێرێت، مەبەستیش لە دروسترین فۆرم ئەوەیە، کە گوێگر لەهەر بارێکدا بێت بتوانێت بەڕاستی و دروستی لەپەیامی قسەکەر تێبگات". (عەبدولا، گۆنا عومەر، ٢٠١٣: ١٧).

دروستەی زانیاری لە دوو بەش پێکدێت، کە ئەوانیش بریتین لە: (ا) زانیاریی زانراو (سەرتۆپ Topic): ئەو بەشەی زانیارییە، کە لە ئاوەزی قسەکەردا پێشبینیلێکراوو زانراوە، ئەگەر وەها نەبێت، ئەوا دەبێتە بەربەست لە بەردەم سوودمەندبوون لە زانیاریی دواتر، (ب) زانیاریی نوێ (کۆمێنت Comment): ئەو بەشەی زانیارییە، کە لەبارەی سەرتۆپەوە دەدوێت، یاخود یەکەیەکی ڕوونکەرەوەیە بۆ زانیاریی زانراو، کە توخمی تیشکۆ (Focus)[*] لەخۆدەگرێت. بڕوانە: (قادر، کاروان عومەر، ٢٠٠٨: ١٢٥–١٢٧)، (مەعروف، عەبدولجەبار مستەفاو قادر، کاروان عومەر، ٢٠١١: ٤٠٤).

لە زمانی کوردیدا بونیاتنانی پرۆژەی ڕستە لەڕووی دروستەی سینتاکسییەوە لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەبێت، بە جۆرێک پرۆژەکە لە (VP)یەوە بۆ (TP)و لەویشەوە بۆ (AgrP) دەچێت (پێشتر بە وردی باسی ئەمە کراوە)، بەڵام لەڕووی دروستەی زانیارییەوە پرۆسەکە بە پێچەوانەوەیە (لە لای ڕاستەوە بۆ لای چەپە)، چونکە بەپێی دروستەی زانیاری، ڕستە لە سەرتۆپەوە دەستپێدەکات، جێکەوتەی سەرتۆپیش لە ڕستەی ئاساییدا(ڕستەیەکی هەواڵی، کە ئاوازێکی ئاسایی هەبێت) سەرەتای ڕستەکەیە. بڕوانە هێڵکاریی (٢).




هێڵکاریی (٢)

[*] لە دروستەی زانیاریدا دەشێت چەمکی تیشکۆو چەمکی کۆمێنت پەیکاڵی یەکتر بن. هاوکات دەشێت تیشکۆ ئەو وەچەپێکهاتەیەی ناو کۆمێنت بێت، کە زەقکراوەتەوەو جەختیخراوەتەسەر. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی تیشکۆو بابەتو بوارەکانی پەیوەست بە تیشکۆوە، بڕوانە: (قادر، کاروان عومەر، ٢٠٠٨: ١٢٨–١٥٧)، (عەبدولا، گۆنا عومەر، ٢٠١٣)، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی، کە ئەوان ئاماژەیانپێداون.

ئەوەی تا ئێرە دەربارەی دروستەی زانیاری گوتراو پەیوەست بە پارامێتەری بکەرخراوییەوە بۆ ئێمە جێگەی بایەخە، ئەوەیە، کە: (ا) سەرتۆپ زانیارییەکی زانراوو پێشبینیلێکراوە، (ب) سەرتۆپ لە ڕستەی ئاساییدا لە جێکەوتەی بکەردایە. ئێستا لە ڕوانگەی خاڵی (ا)و (ب)وە گرنگە بپرسین: ئایا پەیوەند بە دروستەی زانیارییەوە دەرنەبڕینی سەرتۆپ لە ڕستەدا ڕێگەپێدراوە؟ بەوپێیەی، کە کۆمێنت زانیارییەکی نوێیەو بەهۆی سەرتۆپەوە، کە زانیارییەکی زانراوە، دەبێتە زانیارییەکی سوودبەخش بۆ گوێگر، ئامادەیی سەرتۆپ لە ڕستەدا پێویستە، بەڵام هەبوونی مۆرفێمی ڕێککەوتن وەک نوێنەری سەرتۆپەکە لەنێو بەشی کۆمێنتدا، وای لە هەندێک لێکۆڵەر کردووە، کە باوەڕیانوابێت دەکرێت سەرتۆپ لە ڕستەدا دەرنەبڕدرێت، چونکە زانیاریی زانراو دەتوانرێت بە مۆرفێمی ڕێککەوتن ئاماژەی بۆ بکرێت. بڕوانە: (عەبدوڵا، گونا عومەر، ٢٠١٣: ٦٨). لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە ئەگەر بۆ ئەو ڕستانەیش ڕاست بێت، کە کردارەکانیان تەنها واتایەکی پێکهاتەییان هەیە، ئەوا بۆ ئەو ڕستانە ڕاست نییە، کە کردارەکانیان سەرباری واتا پێکهاتەییەکە، دەتوانن بە واتایەکی ناپێکهاتەییشەوە بەکاربێن. با لە (١٧)و (١٨) بڕوانین.

(١٧) ا- [ژنەکە] [پیاوەکەی خواردووە].
کۆمێنت سەرتۆپ

ب- pro پیاوەکەی خواردووە.

(١٨) ا- [پاتری کۆنترۆڵەکە] [تۆپیوØە].
کۆمێنت سەرتۆپ

ب- pro تۆپیوە.

نموونەکانی (١٧-ب)و (١٨-ب) لەڕووی سینتاکسییەوە دروستەی ڕێگەپێدراون، بەڵام لەڕووی دروستەی زانیارییەوە کەموکوڕییان هەیە، چونکە دەرنەبڕینی سەرتۆپ لە هەریەک لەو دوو ڕستەیەدا، وایکردووە، کە کۆمێنتەکە بە تەنها خۆی نەتوانێت دروستەیەکی زانیاریی تەواوو پڕاوپڕ پێکبهێنێت، بەڵکو دروستە بەرهەمهاتووەکان واتایەکی ناڕوونیان هەیەو بە سانایی تێگەیشتن ناهێننەئاراوە.

لە نموونەکانی سەرەوەدا سەرتۆپ لە جێکەوتەی بکەردا هاتووە، بەڵام مەرج نییە، هەمیشە ئەو جێکەوتەیە لەلایەن سەرتۆپەوە پڕبکرێتەوە، بەڵکو دەشێت کەتیگۆریی تیشکۆیش لەو جێکەوتەیەدا بێت. دەرکەوتنی تیشکۆ لە جێکەوتەی بکەر ئەوە دەگەیەنێت، کە بکەرەکە دەبێت بە هەڵگری زانیاریی

نوێو ئەو توخمە دەبێت، کە لە ڕستەدا قسەکەر جەختی لەسەر دەکاتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، کە بەپێی دروستەی زانیاری، زانیاریی نوێ لە هیچ بارێکدا ناکرێت بە مۆرفیمی ڕێککەوتن دەربېڕدرێت، بۆیە هەر وەچەپێکهاتەیەکی ڕستە، کە زانیاریی نوێ بگەیەنێت، بوونی لە ڕستەکەدا بەخورتییە. بەمپێیە ئەگەر بکەر تیشکۆی لەسەر بێت، ئەوا لەڕووی دروستەی زانیارییەوە ناتوانرێت دەرنەبڕدرێت، جا ئەگەر دەرنەبڕینی لەڕووی سینتاکسییەوە ڕێگەپێدراو بێت، یاخود نا. بڕوانە نموونەکانی (١٩)و (٢٠)و لە هەردوو لایەنی دروستەی سینتاکسیو دروستەی زانیارییەوە لێیانوردببەرەوە.

(١٩) ا- [**خێرخوازان**] [مزگەوتەکەیان دروستکرد].

تیشکۆ سەرتۆپ

ب- pro مزگەوتەکەیان دروستکرد.

(٢٠) ا- [**من**] [پارمەتیم دایت، نەک ئەو]!

تیشکۆ سەرتۆپ

ب- ؟ pro پارمەتیم دایت، نەک ئەو

### ٣-١/٣) پارامێتەری فرێزی پرس

پارامێتەری فرێزی پرس (Wh-parameter) ئەو پارامێتەرەیە، کە باس لەوە دەکات، ئاخۆ زمانێک ڕێگە بەوە دەدات، کە لە دروستەیەکی پرسیاریدا فرێزە پرسەکان بۆ سەرەتای دروستەکە بجوڵێنرێن، یاخود نا. بڕوانە: (Radford, A., 2009: 14)، (Kwokwo, O., 2017: 22). ئەم پارامێتەرە، کە یەکەمجار لەلایەن (Huang, 1982)ەوە پێشنیازکراوە، بژاردەی هێنانەپێشەوەی فرێزە پرسەکان، یاخود هێشتنەوەیان لە جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیاندا (جێکەوتەی ئەو فرێزەی، کە پرسیاری لەبارەوە دەکرێت)، گەنگەشەدەکات. زمانی ئینگلیزی نموونەیەکی دیارو بەرچاوە بۆ ئەو زمانانەی، کە جوڵەی فرێزی پرسیان تێدا بەدیدەکرێت. بڕوانە (21-a). لە بەرانبەردا زمانەکانی وەک چینیو ژاپۆنی نموونەی ئەو زمانانەن، کە ئەو جوڵەیەیان نییەو فرێزە پرسەکانیان بۆ سەرەتای ڕستە ناگوێزرێنەوە. بڕوانە (21-b)و (21-c).

(21) a. What did John eat $t_{what}$?

b. Hufei chi-le sheme (ne)

Hufei eat-asp what Qwh

'What did Hufei eat?'

c. John-ga dare-o butta-ka?

John-NOM who-ACC hit-Q

'Who did John hit?' (Huang, C.-T. J. & Roberts, I., 2017: 314) بڕوانە:

لە (21-a)دا، کە دروستەیەکی پرسیاریی زمانی ئینگلیزییە، فرێزە پرسەکە بۆ جێکەوتەی پێش بکەر/ سەرەتای ڕستەکە گواستراوەتەوە، بەڵام لە (21-b)و (21-c)دا فرێزە پرسەکانی زمانی چینیو زمانی ژاپۆنی لە جێکەوتەی دیاریکراوی خۆیاندا ماونەتەوەو هیچ گواستنەوەیەکیان بەسەردا جێبەجێنەکراوە. نموونەکانی (21-b)و (21-c) ستانداردی سەرەوڕیزبوونی وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستە لە زمانی چینی (کە _SVO_یە)و لە زمانی ژاپۆنی (کە _SOV_یە)، پیشاندەدەن.

دەربارەی ئەو دروستە پرسیارییانەی، کە زیاتر لە فرێزێکی پرسیان تێدایە، زمانەکان (ئەو زمانانەی، کە جوڵەی فرێزی پرسیان هەیە)[*] مامەڵەی جیاواز دەکەن. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕێگە بە هێنانەپێشەوەی یەک فرێزی پرس دەدرێت، کەچی لە هەندێک زمانی دیکەدا (وەک زمانە _Slavonic_ەکان)، کردەی گواستنەوەو جوڵاندن هەموو فرێزە پرسەکان دەگرێتەوە. بڕوانە (22)، کە نموونەیەکی زمانی بولگارییە.

(22) Koj kogo e vidjal?

who whom aux saw-3s

'Who saw whom?' (Huang, C.-T. J. & Roberts, I., 2017: 314-315) بڕوانە:

لە زمانی کوردیدا پارامێتەری فرێزی پرس پارامێتەرێکی کارا نییە، چونکە جوڵەو گواستنەوەی فرێزی پرس لە زمانەکەدا بەدیناکرێت. بڕوانە: (مەحویی، محەمەد، ا-٢٠٠١: ١٩٢-١٩٧). لە کاتی سازکردنی دروستەیەکی پرسیاریدا، وشە پرسەکانی زمانی کوردی لە جێگەی ئەو فرێزانە دێن، کە پرسیاریان لەبارەوە دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فرێزە پرسەکانی زمانی کوردی بۆ سەرەتای ڕستە

[*] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جوڵەی فرێزی پرس (Wh-movement) لەو زمانانەی، کە ئەو جوڵەیە لە دروستە پرسیارییەکانیاندا ڕوودەدات (بە تایبەت زمانی ئینگلیزی)و بەراوردکردنیان بەو زمانانەی، کە جوڵەی فرێزی پرسیان نییە، بڕوانە: (Cheng, L., 1991)، (Ouhalla, J., 1994: 65-78)، (Cook, V. & Newson, M., 1997: 199-206)، (Culicover, P., 1997: 179-227)، (Haegeman, L., 1998: 369-429)، (Radford, A., 2009: 153-183)، (Carnie, A., 2013: 357-390).

ناگوێزرێنەوەو لە جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیان (جێکەوتەی فرێزە پرسیارلێکراوەکە)دا دەمێننەوە[*].
بڕوانە (٢٣).

(٢٣) ا- سارا چیی ونکردووە؟

ب- * چی، سارا ونیکردووە

پ- * چییەکە، سارا ونیکردووە

(٢٣-ا) دروستەیەکی پرسیاریی تەواوو بێکەموکوڕیی زمانی کوردییە، کە تیایدا فرێزی پرسی /چی/ لە جێکەوتەی دیاریکراوی خۆیدا هاتووەو بۆ پێش بکەرەکە جوڵەپێنەکراوە. گواستنەوەو جوڵاندنی فرێزە پرسەکە بۆ سەرەتای ڕستەکە، وەک لە (٢٣-ب)دا تاقیکراوەتەوە، ناڕێزمانیی ڕستەکەی لێکەوتووەتەوە.

ڕوونەدانی گواستنەوەی فرێزی پرس لە زمانی کوردیدا پاساوی سینتاکسیی خۆی هەیە، کە پەیوەست بە نموونەکانی سەرەوە ئەوەیە، لە (٢٣-ا)دا /چی/ جێکەوتەیەکی دۆخداری گرتووە، کە جێکەوتەی بەرکاری ڕاستەوخۆیە، جێکەوتەی دۆخداریش تایبەتە بە فرێز، چونکە وەک ڕوونە دۆخ بە فرێز دەدرێت، نەک بە وشە. بەمپێیە لە (٢٣-ا)دا /چی/ بە جێکەوتەکەی گۆکردنی فرێزی هەیە، بەڵام لە

[*] شایەنی گوتنە (مەحویی، محەمەد، ا-٢٠٠١: ٢٨٥-٣١٢) پێیوایە نەک هەر لە ئاستی دروستەی ڕووکەشدا، بەڵکو لە ئاستی فۆڕمی لۆژیکیشدا گواستنەوەی فرێزی پرس لە زمانی کوردیدا نییە. هەمبەر بەم بۆچوونە، (کاروان عومەر قادر) لە (٢٠٠٨: ١٤٨-١٤٩)و (٢٠١٢: ٨١-٨٥)دا، لەو ڕوانگەیەوە، کە وایدەبینێت ئەو وەچەپێکهاتانەی ڕستە، کە هێزیان دەخرێتەسەر/ جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، لە ئاستی فۆڕمی لۆژیکیدا بۆ سەرەتای ڕستەکە دەگوازرێنەوە، باوەڕیوایە، کە لە زمانی کوردیدا لەگەڵئەوەی فرێزی پرس لە ئاستی دروستەی ڕووکەش لە هەمان جێکەوتەی خۆیدا دەمێنێتەوەو سینتاکسییانە ناگوازرێتەوە، بەڵام ئەبستراکتییانەو بە شێوەیەکی داپۆشراو (شاراوە) لە ئاستی لۆژیکیدا، پەیوەست بە یاسای (تیشکۆ/ فۆکەس)ەوە گواستنەوەکە ڕوودەدات. لێکۆڵەری ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: "ڕستەی پرسیار لە زمانی کوردیدا لە ئاستی (د. ق)دا بەرهەمدێت و هیچ گواستنەوەیەکی خورتیی تیا نییە، بەڵکو سەرجەم ڕستە پرسیارییەکانی زمانەکەمان لۆژیکیانە گواستنەوەی سەرپشکین و لە ڕێگەی (جەختکردنەوە/ فۆکەس Foucs)و خراونەتە ژێر کاریگەری پڕۆسەی باسمەندییەوە (وەک یاسایەکی گواستنەوەی باسمەندی)". (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٢: ١٢٥-١٢٦). جێی باسە هەمان دیدو تێڕوانینی (کاروان عومەر قادر) لە (Muhedeen, B., 2008: 94-96)دا دەبینرێتەوە. هەر دەربارەی جوڵەی فرێزی پرس، (Ahmed, S. I., 2020) وشە پرسەکانی زمانی کوردی بەسەر چوار گروپدا دابەشدەکاتو وایدادەنێت گروپێکیان، کە تەنها لە وشەی پرسی /بۆچی/ پێکدێت، بەخورتی بۆ جێکەوتەی پێش بکەر، یان پاش بکەر دەگوازرێتەوە. هەرچی گروپەکانی دیکەیە، ئەو وشە پرسانە لەخۆدەگرن، کە یان لە جێکەوتەی خۆیاندا دەمێننەوە، یاخود گواستنەوەیان سەرپشکییە.

(٢٣-ب)دا /چی/ بۆ پێش بکەر، کە جێکەوتەیەکی هەڵواسراوو بێدۆخە، گواستراوەتەوە، گواستنەوەو هێنانەپێشەوەی ئەو توخمانەیش، کە لە جێکەوتەیەکی دۆخداردان/ لە شوێنی بەرکاری ڕاستەوخۆدان، بە دوو مەرجەوە پەیوەستە، کە ئەوانیش بریتین لە: (ا) دەبێت توخمەکان نیشانەی [+ ناسراوی]یان هەبێت، تاوەکو بتوانن وەک فرێز گۆبکەن، (ب) دەبێت توخمەکان نیشانەیەکی دۆخ لە جێی خۆیان کۆپیبکەن، تاوەکو لەگەڵیدا هاونیشانەبن‌و بەهۆیەوە دۆخی ڕێزمانییان بۆ بگوازرێتەوە. کەچی وشە پرسەکان لەبەرئەوەی کەتیگۆرییەک نین، کە لە لایەکەوە بەهۆی دیارخەری /_ەکە/وە ناسراو بکرێن (بڕوانە نادروستی نموونەی ٢٣-پ)، لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی لەبەرگیراوی دۆخیان هەبێت، بۆیە جوڵاندنیان بۆ سەرەتای ڕستە، ڕێگەپێدراو نابێت.

شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە کۆسپ‌و لەمپەری بەردەم گواستنەوەی فرێزە پرسەکانی زمانی کوردی، بەزاندنی مەرجی گۆکردنی فرێز/ گۆکردن لە جێکەوتەی فرێزو لەدەستدانی دۆخە، هەربۆیە دەبینین ئەو پۆلەڕەگەزانەی (ناوە گشتییەکان بە نموونە)، کە لە ڕێگەی نیشانەی [+ ناسراوی]یەوە/ لە ڕێگەی دیارخەری /_ەکە/وە مەرجی گۆکردنی فرێز دەستەبەردەکەن‌و لە ڕێگەی مۆرفێمی ڕێککەوتنیشەوە دۆخی ڕێزمانی بەدەستدەهێنن، ڕێگە بە گواستنەوەو جوڵاندنیان دەدرێت. بڕوانە (٢٤).

(٢٤) ا- سارا کلیلی ونکردووە.

ب- * کلیل، سارا ونیکردووە

پ- <u>کلیلەکە</u>، سارا ونیکردوو<u>Ø</u>ە.
j j

ئەوەی، کە دەبێت بە بەڵگەیەکی دیکە بۆ پاڵپشتیکردنی لێکدانەوەکانمان‌و زیاتر ئەو بۆچوونە پشتڕاستدەکاتەوە، کە لە زمانی کوردیدا "جێکەوتەو دۆخی ڕێزمانی" هۆی سینتاکسیی ڕێگەپێنەدانی جوڵەی فرێزی پرسن، ئەوەیە، کاتێک وشە پرسەکان لە جێکەوتەیەکی نائارگۆمێنت (Ā_Position)دا دێن، واتە ڕۆڵی کەرەستەیەکی سەربار لە ڕستەدا دەبینن، دەتوانرێت سەرپشکییانە بجوڵێنرێن، بەبێ ئەوەی جوڵاندنیان ببێتەهۆی ناڕێزمانیبوونی ڕستەکە. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە کەرەستە سەربارەکان دۆخی ڕێزمانییان نییە، بەڵکو تەنها حوکمدەکرێن، هەربۆیە بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی دۆخ لە جێی خۆیان کۆپیبکەن، گواستنەوەیان لە جێکەوتەیەکەوە بۆ جێکەوتەیەکی تر ڕێگەپێدراوە. بڕوانە (٢٥)و (٢٦).

(٢٥) ا- تۆ کەی لەدایکبوویت؟

ب- کەی تۆ لەدایکبوویت؟

(٢٦) ا- ئێوە چۆن گەڕانەوە؟

ب- چۆن ئێوە گەڕانەوە؟

### ٤-١/٣) پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە

لەسەر بنەمای جێکەوتەی کەرەستە خورتییەکان لە دروستەی ڕووکەشدا، قاڵبی ڕستەی زمانەکان دیاریکراون. بە سەرنجدان لە دروستەی ڕستەی زمانەکانو چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان تیایاندا، جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان زمانەکاندا بەدیدەکرێت. لە کاتێکدا وەچەپێکهێنەرەکانی وەک بکەرو بەرکارو کردار لە ڕستەی هەموو زمانەکاندا هەن، بەڵام ڕیزبەندییان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت. لە مۆدێلی بنەماو پارامێتەردا جیاوازی لە بەدواییەکداهاتنو ڕیزبەندیی بکەرو بەرکارو کردار، بە پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە[*] (Word Order Parameter) ئاماژەی بۆ کراوە. بڕوانە (Fuertes, R., 2001: 18). کەواتە پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە ئەو پارامێتەرەیە، کە لە جۆراوجۆریی سەرەوڕیزبوونی وشەکانی دروستەی ڕستەی زمانە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە. ڕستە لە ڕیزێک وشەی ڕەمەکی پێکنایەت، بەڵکو ئەو وشانەی، کە قاڵبی ڕستەی زمانێک پێکدەهێنن، پەیوەندییەکی سینتاکسیو واتاییی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە. هەر گۆڕانکارییەک لە جێکەوتەو سەرەوڕیزبوونی وشەکان (کە لە ڕستەدا وەک فریز گۆدەکەن) بکرێت، ئەوا ئەرکی سینتاکسییانو واتای ڕستەکەیش دەگۆڕێت[**]. بڕوانە (٢٧).

(٢٧) ا- ژنەکەم ئاڵتوونەکانی فرۆشت.
بکەر  بەرکار  کردار

ب- ئاڵتوونەکانی ژنەکەم فرۆشت.
بەرکار  بکەر  کردار

---

[*] ئەو پێشنیازەی، کە سەرەوڕیزبوونی وشە بە پارامێتەر دادەنێت، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (Travis, 1984). بڕوانە: (Carnie, A., 2013: 188).

[**] بشڕوانە (Jackendoff, R., 2002: 261)، کە باس لەوە دەکات، هەندێک لە زمانە ئوستوراڵییەکان، وەک (Warlpiri, Jiwarli, Wambaya) تا ئەندازەیەکی زۆر سەرەوڕیزبوونی وشە تیایاندا ئازادە!

لەبارەی سەرەوڕیزبوونی کەرەستە خورتییەکانی ڕستەوە، (Greenberg, J., 1963) پێیوایە لە ڕستەی ئاساییی هەموو زمانەکانی جیهاندا، بکەر هەمیشە پێش بەرکار دەکەوێت. بەمەش زمانەکانی جیهان لەڕووی چۆنیەتیی ڕیزبوونی بکەرو بەرکارو کردار لەناو دروستەی ڕستەکانیاندا، بوونە بە سێ جۆرەوە*، بەم شێوەیە:

ا- جۆری (VSO)، وەک زمانەکانی (Berber)، (Nandi)، (Arabic)، . . . .

ب- جۆری (SVO)، وەک زمانەکانی (English)، (Albanian)، (Modern Greek)، . . . .

پ- جۆری (SOV)، وەک زمانەکانی (Persian)، (Amharic)، (Hindi)، . . . . بڕوانە: (Amin, W., 1979: 30)، (ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤: ٢٣٨).

هەمبەر بەو بۆچوونەی سەرەوە، (Millar, R., 2015: 137-138) شەش جۆر سەرەوڕیزبوونی وشە/ قاڵبی ڕستە دیاریدەکات، کە ئەوانیش بریتین لە: (SOV)، (SVO)، (VSO)، (VOS)، (OVS)، (OSV). لەنێو ئەو شەش جۆرە، (SOV) لە زمانەکانی جیهاندا لە هەموویان زیاتر دووبارەبووەتەوە، واتە (SOV) دیارترین قاڵبە بۆ سەرەوڕیزبوونی کەرەستە خورتییەکانی ڕستەی زمانە جیاوازەکان. زمانەکانی وەک تورکیو ژاپۆنیو باسکیو . . . تاد نموونەن بۆ زمانە (SOV)یەکان. دووەم باوترین جۆری سەرەوڕیزبوون، (SVO)ی زمانی ئینگلیزی** و زۆربەی زمانە ئەورووپییەکانی دیکەیە. هەروەها

---

* (Greenberg, J., 1963) بۆ هەریەک لەو جۆرانەی زمان چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکردووە. بۆ زانیاری دەربارەی تایبەتمەندییەکانی زمانە (SOV)یەکانو گونجان، یان نەگونجانیان لەگەڵ زمانی کوردیدا، بڕوانە: (Amin, W., 1979: 30-36).

** ا- (Hoeksema, J., 1990: 123) ئاماژەی بەوە داوە، کە سەرەوڕیزبوونی وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستە لە زمانی ئینگلیزیی کۆندا (Old English) لە شێوەی (SOV)دا بووە، بەڵام لە ئینگلیزیی ناوەندا (Middle English) بۆ (SVO) گۆڕاوە. کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، دەکرێت بە تێپەڕبوونی کاتو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، سەرەوڕیزبوونی کەرەستە خورتییەکانی دروستەی ڕستەی زمانێک، لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە بگۆڕێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جیاوازییە سینتاکسییەکانی زمانی ئینگلیزی لە (Old English)و (Middle English)دا، بڕوانە: (Fischer, O. & et al, 2004).

ب- بەپێی گریمانەی ڕیزبوونی لێکچوو (The Linear Correspondence Axiom/ LCA)، کە لەلایەن (کاین)ەوە پێشنیازکراوە، لە بنەڕەتدا سەرەوڕیزبوونی وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستە لە هەموو زمانەکاندا لە شێوەی (SVO/ VO)دا بووە، بەڵام لە ئەنجامی جوڵەو گواستنەوەی کەرەستەکانەوە، قاڵبی ڕستەی زمانەکان تەرزی دروستەییی جیاوازیان وەرگرتووە. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (Kayne, R., 1994: 48)، (قادر، تارا موحسین، ٢٠١١: ١٢٥-١٢٦)، (عەبوزەید، سانیا جەبار، ٢٠١٩: ٩٠-٩١).

لە زۆرێک لە زمانە ئەفریقییەکانیشدا ئەم سەرەوڕیزبوونە بەدیدەکرێت. جۆری (VSO) بەپێی ڕێژەی ئەو زمانانەی پەیڕەویدەکەن، لە پلەی سێیەمدایە. زمانەکانی وەک وێلزی‌و ئێرلەندی، هەروەها ژمارەیەک لە زمانەکانی خێزانی (Pacific)، لەگەڵ زمانی عەرەبی‌و عیبریی کۆن، لەو زمانانەن، کە بۆ ڕیزبەندیی کەرەستەکانیان (VSO) بەکاردەهێنن. هەرچی سێ جۆرەکەی دیکەیە، زمانی کەم هەن، کە ببنە نموونە بۆیان. جێی باسە پێش ئەوەی نموونە بۆ (VOS, OVS, OSV) بدۆزرێتەوە، ئەو بۆچوونە لەئارادابوو، کە هیچ زمانێک نەبێت، کەرەستەکانی بەپێی یەکێک لەو قاڵبانە ڕیزبکات، بەڵام ئەوەبوو توانرا نموونە بۆ هەریەک لەوانیش دەستبخرێت. زمانی (Malagasy) لە (Madagascar)، زمانی (Hixkaryana) لە ئەمەزۆن، زمانی (Apurinã) لە ئەمەزۆنیا، نموونەن بۆ قاڵبەکانی (VOS)و (OVS)و (OSV).*

ئەوەی تا ئێرە لەبارەیەوە دواین، چەمکی پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشەو شەش جۆری جیاوازی سەرەوڕیزبوونی وشە بوو، کە قاڵبی ڕستەی زمانەکانی جیهان پێکدەهێنن. ئێستا پێویستە باس لەو جۆرانەی سەرەوڕیزبوونی وشە/ قاڵبانەی ڕستە بکەین، کە لە زمانی کوردیدا بەردەستن‌و فۆڕمی ڕستەکانی زمانەکە دەنوێنن. لێکۆڵەرانی کورد کاتێک لەبارەی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەوە دواون، زمانی کوردییان لە ڕیزی ئەو زمانانە داناوە، کە پەیڕەوی لە سەرەوڕیزبوونی (SOV) دەکەن، واتە لە ڕێکخستن‌و بەدواییەکداهاتنی وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستەدا، بکەر لە پێش بەرکارەوە دێن‌و کرداریش دەخەنە دوای بەرکارەکەوە، بەڵام بەوپێیەی لە زمانی کوردیدا بەپێی سروشت‌و جۆری کردار، پرۆژەی فرێزی کرداریی جیاواز بەرهەمدێت، ئەمە وایکردووە، کە بشێت ژمارەی ئارگۆمێنتی خورتیی ڕستەکانی زمانەکەو چۆنیەتیی ڕیزبوونیان وەکیەک نەبێت‌و لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی دیکە بگۆڕێت.

ئاشکرایە، کە کردارە تێنەپەڕەکان لە هەر زمانێکدا بن، هیچ تەواوکەرێک بۆ جێکەوتەی بەرکار وەرناگرن، هەربۆیە دروستەی ئەو ڕستانەی زمانی کوردی، کە کردارەکانیان تێنەپەڕن، تەنها لە بکەرو کردار پێکدێن، واتە قاڵبی (SV)یان دەبێت. ئەوەی پەیوەندیی بە کردارە تێپەڕەکانەوە هەبێت، هەندێکیان، کە لە ژمارەدا بەشێکی دیارو بەرچاوی کردارە تێپەڕەکانی زمانی کوردین، بۆ بونیاتنانی

---

* (Tomlin, 1986) ڕێژەی لە سەدای هەریەک لە قاڵبەکانی/سەرەوڕیزبوونەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکردووە. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., 1997: 216).

| (OSV) | (OVS) | (VOS) | (VSO) | (SVO) | (SOV) |
|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە ١ % | کەمتر لە ١ % | ٣ % | ٩ % | ٤٢ % | ٤٥ % |

پرۆژەی فرێزی کرداری، تەنها هەڵاوێری یەک تەواوکەر لە لای ڕاستەوە دەکەن. هەر لەسەر بنەمای ئەم جۆرەی کرداری تێپەڕیشە، کە زمانی کوردی بە زمانێکی (SOV) دانراوە. هەرچی کردارە تێپەڕەکانی دیکەیە، لەڕووی وەرگرتنی ژمارەی تەواوکەرو جێکەوتەی ڕوودانیانەوە، جیاواز لەو کردارە تێپەڕانە دەردەکەون، کە دەبنەهۆی بەرهەمهێنانی ڕستەیەک بە قاڵبی (SOV)یەوە. بڕوانە ئەو نموونانەی، کە پەیوەست بە پرۆژە جیاوازەکانی فرێزی کردارییەوە، لە بەشی دووەمو لە وەچەپاری "پارامێتەری سەر لە فرێزی کرداریدا" هێنراونەتەوە. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین، ئەگەر وەهایش دابنرێت، کە (SOV) سەرەوڕیزبوونی بنەڕەتییە بۆ ڕستە سادەکانی زمانی کوردی، ئەوا لەپاڵ ئەو چەشنە سەرەوڕیزبوونەدا، وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستەی سادەی زمانەکە، پەیڕەوی لە جۆری دیکەی سەرەوڕیزبوونیش دەکەن.

وەک ڕوونە قاڵبی ڕستەی زمانەکان لەسەر بنەمای ڕیزبەندیی بکەرو بەرکارو کردار لە دروستەی ڕستەی سادەدا دەستنیشاندەکرێت، بەڵام ئەگەر بۆ زمانی کوردی چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونی ئەو توخمانە (بکەر، بەرکار، کردار) لە دروستەی باسمەندو دروستەی ڕستەی ئاڵۆزیشدا دیاریبکەین*، ئەوا دەبینین ئەوانیش سەرەوڕیزبوونی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، کە پەیکاڵی (SOV) نییە، چونکە هاوشێوەی ڕستەی سادە، لە دروستەی باسمەندو ڕستەی ئاڵۆزدا بەرکار ناچێتە نێوان بکەرو کردارەوە، بەڵکو لە باسمەنددا بەرکار پێش بکەر دەکەوێتو لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا دەکەوێتە دوای کردارەوە. بەمەش بکەرو بەرکارو کردار لە دروستەی باسمەنددا قاڵبی (OSV)و لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا قاڵبی (SVO)یان دەبێت. بڕوانە (٢٨).

(٢٨) ا- عەدنان گۆرانیی گوت. (ڕستەی سادە)

ب- گۆرانییەکە، عەدنان گوتی. (دروستەی باسمەند)

پ- عەدنان گوتی، من دەنگم خۆشە. (ڕستەی ئاڵۆز)

لە کۆتاییی لێکدانەوەکانی ئەم وەچەپارەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە ئەگەرچی کەتیگۆرییە خورتییەکانی ڕستە سێ دانەن (بکەر، بەرکار، کردار)، بەڵام بەرهەمهێنانی پرۆژەی ڕستە بە چەند هەنگاوێک جێبەجێدەبێت، کە لە هەر هەنگاوێکیاندا پابەندبوون بە بنەمای دووپەلکییەوە لەئارادایەو مەرجێکی سەرەکییە.

* دەربارەی سەرەوڕیزبوونی توخمە پێکهێنەرەکانی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس، بڕوانە: پارامێتەری سەرەوڕیزبوون لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا

## ٢/٣) پارامێتەرو نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکان

### ٢/٣-١) مۆرفۆسینتاکس لە مۆدێلی ڕێزماندا

مۆدێل وێنەگرتنو خستنەڕووی ڕێزمانە بە دیاریکردنی پێکهاتەکانیو جیاکردنەوەیان لە یەکتریو بەستنەوەی پەیوەندییەکانیان پێکەوە. بڕوانە: (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤: ٩). ڕێزمانی بەرهەمهێنان وەک ئەرکو ئامانجێکی سەرەکیی خۆی، دەیەوێت لە ڕێگەی دروستکردنی مۆدێلەوە ڕێزمان پەسنبکاتو ڕوونیبکاتەوە. ئەگەرچی پێکهاتەکانی ڕێزمان پێکهێنەری مۆدێلی ڕێزمانن، بەڵام بەوپێیەی لە لایەکەوە زمان تۆڕێکی پەیوەندییە لە نێوان فەرهەنگو ڕێزمانداو لە لایەکی دیکەشەوە گەنجینەی هەموو زانیارییە زمانییەکان (زانیارییەکانی ناو هەر توخمێکی فەرهەنگی/ زانیارییەکانی ناو توخمی هەر پێکهاتەیەکی ڕێزمان) فەرهەنگە، بۆیە بەبێ دیاریکردنی جێگەو جێکەوتەی فەرهەنگ لە مۆدێلەکەدا، ئەوەی بونیاتدەنرێت مۆدێلێکی تەواوو پڕاوپڕ نابێت. بەمپێیە مۆدێلی بنەڕەتیی زمان/ ڕێزمان لە فەرهەنگو پێکهاتەکانی ڕێزمان (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس) پێکدێت. بڕوانە هێڵکاریی (٣).





هێڵکاریی (٣)

لە مۆدێلە پێشنیازکراوەکەی سەرەوەدا فەرهەنگ لە پێکهاتەکانی دیکە جیاوازە، چونکە زیاتر لە یەک جۆری زانیاری لەخۆدەگرێت. بڕوانە: (Croft, W., 2007: 464). هەرچی پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسە (سیمانتیکیش لە هەموو پێکهاتەکاندا ئامادەییی هەیە)، لەگەڵئەوەی هەریەکەیان پێکهاتەیەکی سەربەخۆنو بە جیا لێیاندەکۆڵرێتەوە، بەڵام پێکەوە کاردەکەنو کارتێکردنیشیان لەسەر یەکتر هەیە.

به سەرنجدان لە هێڵکاریی (٣) ئەوە دەردەکەوێت، کە لە مۆدێلە پێشنیازکراوەکەدا هیچ جێگەیەک بۆ مۆرفۆسینتاکس تەرخاننەکراوە! هەربۆیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر بمانەوێت دەستنیشانی جێکەوتەی مۆرفۆسینتاکس بکەین، ئایا لە کوێی ئەو مۆدێلەدا جێگەی دەبێتەوە؟ وەڵامی دیاریکراوی پرسیارەکە لە هەنگاوەکانی دواتری لێکۆڵینەوەکەدا دەستدەخرێت، بەڵام لێرەدا وەک وەڵامێکی بەرایی دەڵێین: مۆرفۆسینتاکس زاراوەیەکە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا بە زیاتر لە واتاو چەمکێک بەکارهێنراوە. بەپێی ئەو واتاو چەمکەی، کە دەدرێتەپاڵی، جێکەوتەی مۆرفۆسینتاکس لە مۆدێلەکەدا دەگۆڕێت. ئەمە وا لە ئێمە دەکات، کە پاڵپشت بە شرۆڤەو لێکدانەوە، چەند جێکەوتەیەک بۆ مۆرفۆسینتاکس تاقیبکەینەوە، تاوەکو ئەزموونبەندانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێت، کە جێکەوتەی بنەڕەتیی مۆرفۆسینتاکس لە مۆدێلەکەدا، چ شوێنێکە. بۆ ئەم مەبەستە لە خوارەوە لە چەند وەچەپارێکدا، کە دیدو تێڕوانینی جیاواز لەبارەی مۆرفۆسینتاکسەوە دەخەنەڕوو، گەنگەشەی چەمکی مۆرفۆسینتاکس دەکەین.


### ٣/٢-١-١) مۆرفۆسینتاکس وەک ڕووبەری بەیەکگەیشتنی نێوان مۆرفۆلۆژیو سینتاکس

لێکدانەوەکانی ئەم وەچەپارە لەبارەی مۆرفۆسینتاکسەوە، لە میانەی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیو سینتاکسو بەیەکداچوونیانەوەیە. لەنێو مۆدێلی ڕێزماندا پێکهاتەکان سەرباری جیاکردنەوەیانو دیاریکردنی جۆرێک لە چوارچێوە بۆ هەر یەکێکیان (بڕوانە هێڵکاریی ٣)، بەڵام یەکتری دەبڕنو دەکەونەسەر یەک، هەربۆیە ناتوانرێت بە ساناییو بە تەواوی سنووری نێوانیان دەستنیشانبکرێت. پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکس وابەستەی یەکترنو دەرکردەی هەر پێکهاتەیەکیان دەبێتە تێکردە بۆ پێکهاتەکەی دوای خۆی. ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەبێت، بە جۆرێک ئەگەر بۆ مەبەستی ئاسانکاریی پەسنکردنو ڕاڤەکردنی لایەنە جیاوازەکانی زمان نەبێت، (کە کارێکی ئەستەمو دژوارە وەک یەک پاکێج لە زمان بکۆڵرێتەوە)، ئەو پێکهاتانە لە یەکتری دانابڕدرێن. تێکەڵبوونی پێکهاتەکانی ڕێزمان لە ئەنجامی پەیوەندیی بەهێزی نێوانیانەوە، سەرهەڵدانی وەچەپێکهاتەی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا لێکەوتووەتەوە. لەم ڕووەوە کارلێکو تێکچرژانی نێوان پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیو سینتاکس، وەچەپێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسی هێناوەتەئاراوە. کەواتە "مۆرفۆسینتاکس ڕووبەری بەیەکگەیشتنی/ بەریەککەوتنی نێوان مۆرفۆلۆژیو سینتاکسە". (Trask, R., 1993: 176)، (Richards, J. & Schmidt, R., 2010: 579). ئێستا ئەگەر بەرمەبنای ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە، جێکەوتەی مۆرفۆسینتاکس لەنێو مۆدێلەکەی هێڵکاریی (٣)دا دیارییبکەین، ئەوا دەبێت هێڵکارییەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دابڕێژینەوە.




هێڵکاریی (٤)

وەچەپێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس لە هێڵکارییەکەی سەرەوەدا، پەیکاڵ دەبێت لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە لەو پۆلێنەی، کە لە سەرچاوەکاندا* بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی کراوە. بڕوانە هێڵکاریی (٥).




هێڵکاریی (٥)

مەبەست لە مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە گۆکردنی سینتاکسییان هەیە. ئەمەش هەمان ئەو واتاو چەمکەیە، کە لێرەدا مۆرفۆسینتاکس لە ڕوانگەی پەیوەندیو وابەستەگێتیی نێوان مۆرفۆلۆژیو سینتاکسەوە دەیگەیەنێت. "مۆرفۆسینتاکس هەموو ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژیانە

* بۆ نموونە ئەم سەرچاوانە: (Bauer, L., 2002: 34)، (Plag, I., 2003: 17)، ( Haspelmath, M. & Sims, A., 2010: 19)، (ئەحمەد، نەرمین عومەر، ٢٠١٠: ٣٣).

دەگرێتەوە کە ئەرکی سینتاکتیکیان هەیە و چەمکەکانی ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە-تاک و کۆ، ڕەگەز، دۆخ، کەس و دەمکات . . . تد دەگرێتەوە و مۆرفیمە ڕێزمانییە وشەگۆڕەکان ( Inflectional morphemes) دەیان نوێنن". (قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣: ٢٨).

لە ڕاستیدا تێڕوانینەکانی ئەم وەچەپارە لەبارەی مۆرفۆسینتاکسەوە، لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێمەدا یەکناگرنەوە، چونکە هەنگاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە (١/١)ی بەشی یەکەمەوە بەو جۆرە نراون، کە تەنها مۆرفێمەکانی دارشتن هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژینو دەبنە تێکردە بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی. لە بەرانبەردا مۆرفێمە ڕێزمانییەکان لە فەرهەنگدا زانیاریی سینتاکسییان تیادا تۆمارکراوە، نەک زانیاریی مۆرفۆلۆژی، هەربۆیە نابنە بەشێک لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی، بەڵکو لە پێکهاتەی سینتاکسدا فۆڕمە جیاوازەکانی لێکسیمێک دەنوێننو وەک سەری ڕێزمانیو توخمی پرۆژەسازدەریش (بەشێکیان، نەک هەموویان) بونیاتی دروستەی فرێز دەنێن.

### ٢/٣-١-٢) مۆرفۆسینتاکس وەک پێڕەوێکی سەربەخۆ

جیاواز لەو ڕاڤەو لێکدانەوانەی، کە لە (٢/٣-١-١)دا دەربارەی مۆرفۆسینتاکس پێشکەشکران، بەپێی شیکردنەوەکانی ئێرە: (ا) مۆرفۆسینتاکس دروستەی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە بە مۆرفێم دەنوێنرێن، (ب) مۆرفۆسینتاکس پێڕەوێکی سەربەخۆو جیایە لە سینتاکس. بڕوانە (٢٩).

(٢٩) ا- کۆتاییی فیلمەکە ئەوانی گریاند. سینتاکس (ڕستە)


ب- گریاندنی. مۆرفۆسینتاکس

(محەمەدی مەحویی)و ئەو لێکۆڵەرانەی، کە لەبارەی مۆرفۆسینتاکسەوە پەیڕەوییان لە بۆچوونەکانی ناوبراو کردووە*، لەو ڕوانگەیەوە، کە وایادەنێن لە جێگۆڕکێی سەرپشکی زیاتر، گواستنەوەی بەخورتی لە سینتاکسی ڕێزمانی کوردیدا نییە، پێیانوایە، کە هەریەک لە سینتاکس (ڕستە)و مۆرفۆسینتاکس قاڵبیان بە جێکەوتەی چەسپاوەوە بۆ کەرەستەکانیان (فرێز بۆ جێکەوتەکانی قاڵبی ڕستەو مۆرفێمیش بۆ جێکەوتەکانی قاڵبی مۆرفۆسینتاکس) هەیە، کە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێنو دەخرێنەناو جێکەوتەکانەوە. بەمپێیە دروستەی ڕستەو دروستەی مۆرفۆسینتاکس لە ڕێگەی پڕکردنەوەی جێکەوتە چەسپاوەکانی قاڵبی ڕستەو مۆرفۆسینتاکسەوە بەرهەمدەهێنرێن. بڕوانە: (مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر، ٢٠٠٤)، (عەزیز، ئاریان سدیق، ٢٠٢٠). بەکارهێنانی زاراوەی مۆرفۆسینتاکس بەم واتاو چەمکە ئەوە دەگەیەنێت، کە مۆرفۆسینتاکس پێکهاتەیەکی سەربەخۆیەو لە

---


* ئەوان لەبری مۆرفۆسینتاکس زاراوەی کرداری ئاڵۆزیان بەکارهێناوە.

مۆدێلی ڕێزمانەکەیشدا، وەک لە هێڵکاریی (٦)دا پیشاندراوە، هاوشێوەی سینتاکس جێکەوتەیەکی سەرەکیو دیاریکراوی هەیە.




هێڵکاریی (٦)

هەر لە چوارچێوەی تێڕوانینەکانی سەرەوە، (مەحویی، محەمەد، ا-٢٠١٦: ٤٤-٥٠) لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە: "ڕێسای دووپەلکی لە هەموو شوێنێکی پێڕەوی زمانی کوردیدا، تەحەکوم بە دروستەی زمانەکەوە دەکات"، باوەڕیوایە هەردوو پێڕەوی سینتاکسو مۆرفۆسینتاکس هاوتەریبی یەک بەڕێوەدەچن. بڕوانە هێڵکاریی (٧).




هێڵکاریی (٧)

ئەگەرچی لە تەواوی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کار بەو بۆچوونە کراوە/ دەکرێت، کە پڕۆژە سینتاکسییەکان لە هەر ئاستێکدا بن، لە فەرهەنگەوە نەخشەیان بۆ دەکێشرێت، بەڵام ئاڕاستەی کارکردنەکە بەو جۆرە نییە، کە بەبێ ڕوودانی گواستنەوە، توخمەکان لە فەرهەنگەوە بهێنرێنەناو جێکەوتەکانی قاڵبی ڕستەو مۆرفۆسینتاکسەوە (وەک ئەوەی لەم وەچەپارەدا ئاماژەیپێدرا)، بەڵکو بەپێی شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە پشتبەستووە بە هێنانەوەی بەڵگەی پێویستو نموونەو نواندنیان لە ڕێگەی هێڵکارییەوە، پێواژۆی بونیاتنانی پڕۆژە سینتاکسیو مۆرفۆسینتاکسییەکان بە چەند هەنگاوێک جێبەجێدەبێت، کە لە پراکتیزەکردنیاندا گواستنەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. کەواتە دانانی مۆرفۆسینتاکس بە پێڕەوێکی سەربەخۆ لەو گۆشەنیگایەوە، کە قاڵبێکی دیاریکراوی هەبێتو جێکەوتەکانی ئەو قاڵبە ڕاستەوخۆ بە کەتیگۆریی فەرهەنگی پڕبکرێنەوە، لەگەڵ دیدو تێڕوانینەکانی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دژو پێچەوانە دەوەستێتەوە.

دوای ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە لەبارەی گریمانەی سەربەخۆیی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکسەوە پێشکەشکران، ئێستا گرنگە بپرسرێت، کە ئاخۆ دەکرێت لە ڕوانگەی بۆچوونە زانستییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، مۆرفۆسینتاکس بە پێڕەوێکی جیاواز لە سینتاکس هەژماربکرێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە بەڵێ، مانای ئەوەیە، کە دەبێت پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس هاوشێوەی پڕۆژەی ڕستە، لە ڕێگەی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنو تیۆری (X-bar)ەوە، پەیوەست بە بنەمای پڕۆژەسازدانو دواتریش پڕۆژەسازدانی فراوانکراوەوە، بە شێوەیەکی زنجیرەییو هەنگاو بە هەنگاو دروستبکرێت. کەواتە هەروەک چۆن هەنگاوی یەکەمی بونیاتنانی پڕۆژەی ڕستە لە کردەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی کردارێکی فەرهەنگییەوە دەستپێدەکات، دەبێت بۆ مۆرفۆسینتاکسیش هەمان چشت بێت. بەمپێیە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا دەبێت ($V^0$) بەپێی بنەمای پڕۆژەسازدانو بە ڕەچاوکردنی بنەمای دووپەلکی، لە قۆناغی "نێو فەرهەنگی_سینتاکسی"دا تەواوکەرێک، کە دەکاتە بەرکاری دروستەکە، هەڵاوێربکاتو پڕۆژەی (VP) بەرهەمبهێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا پێواژۆی سازکردنی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس بەو جۆرە بەڕێوەناچێت، چونکە لە دروستەکەدا "کرداری تافدار (TP)، جێکەوتەی بەتاڵی بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتن (نیشانەکانی ڕێککەوتنی بکەرو بەرکار_لێکۆڵەر) هەیە، نەک ڕەگ". (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٨٠). بڕوانە (٣٠).

(٣٠) ا- <u>هێنا</u><u>مان</u><u>ـــیت</u>.
TP ن. ڕ. ن. ڕ.
بکەر بەرکار

ب- <u>هێنا</u><u>مان</u><u>ـــی</u>.
TP ن. ڕ. ن. ڕ.
بەرکار بکەر

له لایەکی دیکەوە مۆرفۆسینتاکس بەراورد بە ڕستە، پڕۆژەیەکە لەڕووی سیمانتیکییەوە پڕو تێروتەسەل نییە، بەڵکو دروستەیەکی واتا_ناڕوونو کەم_زانیارییە. بڕی زانیارییەکانی ناو دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی، زۆر کەمترە لە ئەندازەی ئەو زانیارییانەی، کە لە دروستەی ڕستەیەکدا هەیە. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە.

(٣١) ناسیمنەوە.

(٣٢) ا- من ئێوەم ناسییەوە.

ب- من ئەوانم ناسییەوە.

(٣٣) سڕییەوە.

(٣٤) ا- ئەو تەختەکەی/ بۆردەکەی سڕییەوە.

ب- ئەو سەرمێزەکەی سڕییەوە.

پ- ئەو وێنەکەی سڕییەوە.


دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی (٣١)و (٣٣) بە ئاسانی تێگەیشتن ناهێننەئاراوە، چونکە هەریەکەیان زیاتر لە واتایەک دەگەیەنن، هەربۆیە بەبێ بەستنەوەیان بە دروستەیەکی سینتاکسیی دیاریکراوەوە، پێشبینی لێکدانەوەیەکی واتایی دروستیان بۆ ناکرێت. لە (٣١)دا ناتوانرێت بزانرێت ئەو کەسانەی، کە ناسراونەتەوە /ئێوە/ن، یان /ئەوان/ن، مەگەر دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە بەو دروستە سینتاکسییەوە گرێبدرێتەوە، کە لێوەیبەرهەمهاتووە (٣٢-ا، یان ٣٢-ب). هەرچی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (٣٣)یە، واتاکەی بە تەواوی تەمومژەو دەکرێت چەندین ڕاڤەی واتایی بۆ بکرێت (بڕوانە: ٣٤-ا، ٣٤-ب، ٣٤-پ)، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەو دروستە سینتاکسییەی، کە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی لێکەوتووەتەوە، واتای (٣٣) یەکلادەبێتەوە.

شیکردنەوەکان ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە هەردوو پڕۆژەی ڕستەو مۆرفۆسینتاکس بەرهەمو لێکەوتەی هەمان کرداری فەرهەنگین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا کردەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن بۆ کردار ئەنجامنادرێت، چونکە "کردار لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا هەڵاوێرکردنی سینتاکسیی و واتایی نییە، بەڵکو پێشتر هەڵاوێرکردنەکەی لە دروستە سینتاکسییەکەدا کردووە". (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ب-٢٠٢٠: ٩٤).

هەموو ئەوانەی، کە خرانەڕوو، پاساوی بەهێزن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەگەرو گریمانەی دانانی مۆرفۆسینتاکس بە پێڕەوێکی سەربەخۆ، لە بەرانبەردا بەڵگەن بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو لێکدانەوانەی، کە لە وەچەپاری داهاتوودا پێشکەشدەکرێن.

### ٣-١-٢/٣) مۆرفۆسینتاکس وەک پڕۆژەیەکی پاش_ڕستەیی

لێرەدا مۆرفۆسینتاکس وەها پێناسە دەکرێت، کە نواندنی سینتاکس/ ڕستە بێت بە مۆرفیم. "دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان بچوککردنەوەی فۆنەتیکیی و شکڵیی دروستەکانی ڕستەن". (قادر، ئاوات ساڵح، ٢٠١٥: ٥٤-٥٥). وەک ئاشکرایە ئەمە هەمان ئەو مانایەیە، کە مۆرفۆسینتاکس لە وەچەپاری پێشوودا دەیگەیاند، بەڵام ئەوەی شیکردنەوەکانی ئێرە لەوانەی ئەوێ جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە لەم وەچەپارەدا لەبری ئەوەی مۆرفۆسینتاکس بە پێڕەوێکی سەربەخۆ هەژماربکرێت/ گریمانەی ئەوە بکرێت، کە پێڕەوێکی سەربەخۆیە، بە پڕۆژەیەکی پاش_ڕستەیی دادەنرێت. کەواتە بەپێی لێکدانەوەکانی ئێرە مۆرفۆسینتاکس پڕۆژەیەکە، کە لە سینتاکسەوە وەردەگیرێت، (بڕوانە هێڵکاریی ٨)، "هەربۆیە هەنگاوەکانی پێکهاتەیەکی سینتاکسیی نابڕێت، بەڵکو لە پێواژۆکانی پاش سینتاکس/ ڕستەوە بەرهەمدێت، بەجۆرێک بەرهەمی سەرە ئەرکییەکانەو لە چێوەی ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕۆدەنرێت". (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٥٦).




هێڵکاریی (٨)


پێواژۆی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس وەک پرۆژەیەکی پاش_ڕستەیی بەو شێوەیە دەبێت، کە ئارگۆمێنتە خورتییەکانی ئەو دروستە سینتاکسییەی، کە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی لێوەوەردەگیرێت (جگە لە کردار)، دەرنابڕدرێن‌و بە کۆپییەکی ئارگۆمێنتەکان، کە مۆرفێمەکانی ڕێککەوتنن، جێگەیان دەگیرێتەوە. "مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بەتەواویی لە ڕووی سینتاکس و واتاوە پەیکاڵی جێناوە سەربەخۆو فرێزەکانن، بۆیە ئەوە وادەکات، سەربەخۆکان دەرنەبڕدرێن و بکرێنە دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی". (مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا، ب-٢٠٢٠: ٩٤). بەمپێیە "لە کردەی مۆرفۆسینتاکسیدا، کەرەستە لادەبرێت (دەکرتێنرێت) و فۆرمە کۆپیکراوەکەی، ئەرکەکە دەبینێت". (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٤٢). ئەگەرچی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا نوێنەرو جێگرەوەی ئارگۆمێنتەکانن، بەڵام لەبەرئەوەی مۆرفێمی بەندن‌و بە تەنها ئازادیی دەرکەوتنیان نییە، بۆیە ناتوانن لە هەمان جێکەوتەی ئەواندا (کەتیگۆرییەکانی دروستە سینتاکسییەکە) بمێننەوە، بەڵکو بۆ جێکەوتەکانی دوای کردارە تافدارەکە/ فرێزی تافەکە دەگوازرێنەوە، لەوێشەوە لەگەڵ جێکەوتەی ئارگۆمێنتە دەرنەبڕراوەکاندا هەمان نیشانە وەردەگرن/ هاونیشانە دەبن. جوڵاندنی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بۆ لای چەپی پرۆژەی (TP)یەکە دەبێتەهۆی ئەوەی، کە دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی تەواوو بێکەموکوڕی دروستبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن وەک سەری پرۆژەسازدەرو بەرهەمهێنی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس گۆدەکەن. کەواتە "هاوشێوەی ڕستەی سینتاکسیی، مۆرفۆسینتاکسیش پرۆژەی ڕێککەوتنەو ڕێککەوتن حوکمیدەکات‌و سەرەوەی پرۆژەکە دەگرێت". (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٥٩). نموونەکانی (٣٥)و هێڵکاریی (٩) بەڵگەی پاڵپشتن بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە پێشکەشکران.

(٣٥) ا- <u>من</u> <u>ئەوم</u> بەخشی. ⟵ سینتاکس: دیاریکردنی جێکەوتەی بکەرو بەرکار، کە دەکەونە لای ڕاستی پرۆژەی (TP)یەکەوە.
بکەر بەرکار

ب- <u>بەخشیم</u> <u>Ø</u>. ⟵ مۆرفۆسینتاکس: دیاریکردنی جێکەوتەی مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەری‌و بەرکاری، کە دەکەونە لای چەپی پرۆژەی (TP)یەکەوە.

کۆپیی بکەر/ مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەری
کۆپیی بەرکار/ مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکاری

پ- $\underline{pro}_i$ $\underline{trace}_j$ بە$\underline{خشیم}_i$ $\underline{Ø}_j$ . ⟵ مۆرفۆسینتاکس: خستنەڕووی هاونیشانەیی نێوان مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن‌و جێکەوتەی کەتیگۆرییە دەرنەبڕراوەکان.




هێڵکاریی (٩)


دوای خستنەڕووی دیدو تێڕوانینی جیاواز لەبارەی مۆرفۆسینتاکسەوەو دیاریکردنی جێکەوتەکەی لەنێو مۆدێلی گشتیی ڕێزماندا بەپێی لێکدانەوەکانی هەر وەچەپارێک، هاوکات هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانو شرۆڤەکردنیان لە ڕوانگەی پرنسیپەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، کە خۆیان لە بنەماکانی تیۆری (X-Bar)و پرۆژەسازداندا دەبیننەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو بۆچوونە زانستییە لەگەڵ ئاڕاستەی کارکردنی ئێمەدا یەکدەگرێتەوە، کە مۆرفۆسینتاکس بە پرۆژەیەکی پاش_ڕستەیی دادەنێت، هەربۆیە هەنگاوەکانی دواتری لێکۆڵینەوەکە، کە تایبەت دەبن بە پەسنکردنو دەستنیشانکردنی پارامێتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، لەو ڕوانگەیەوە(مۆرفۆسینتاکس پرۆژەیەکی پاش_ڕستەییە) دەنرێن.


### ٢-٢/٣) مۆرفۆسینتاکسو سەگمێنتەکانی

پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆو چەندوچوونەکانی پارامێتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا بکەین، پێویستە ئەو سەگمێنتو ئیلیمێنتانە جیابکەینەوە، کە وەک توخمی پرۆژەسازدەر لەناو دروستەکەدا ڕوودەدەن، چونکە لە دەستنیشانکردنی بەهای بەشێک لە پارامێتەرەکان، سەرە ڕێزمانییەکان ڕۆڵی یەکلاییکەرەوە دەبینن. لە بەشی یەکەمدا پەیوەست بە فەرهەنگو زانیاریی فەرهەنگییەوە ئەو توخمانە دیاریکران، کە دەبن بە تێکردەی هەریەک لە پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکس، بڕوانە (١/١). لێرەدا گرنگە ئەو ($X^0$)انە دیاریبکەین، کە لە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسدا وەک سەری ڕێزمانی گۆدەکەن.

لە وەچەپارەکانی پێشترو زیاتریش لە (٢/٣-١-٣)دا، لە ڕێگەی شیکردنەوەی وردو هێنانەوەی بەڵگەو نموونەوە، ئەوە سەلمێنرا، کە مۆرفۆسینتاکس پێکهاتەو پێڕەوێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی پاش_ڕستەییەو لە سینتاکسەوە وەردەگیرێت. ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەگەیەنێت، کە لە فەرهەنگدا توخمو ئیلیمێنتێکی دیاریکراومان نییە، کە تایبەت بێت بە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسو لە ناواخنیدا زانیاریی مۆرفۆسینتاکسی هەڵگیرابێت. هاوکات ئەو مانایەی هەیە، کە سەرە پرۆژەسازدەرەکانی ناو دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی، هەمان ئەوانەی ناو ئەو پرۆژە سینتاکسییە ڕستەییەن، کە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی لێوەبەرهەمهاتووە. بەمپێیە هەروەک چۆن دروستەی ناوەوەی ڕستەیەکی تەواوو بێکەموکوڕی، سەرە ڕێزمانییەکانی ($V^0$، $T^0$، $Agr^0$) لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان دروستکەری پرۆژەی فرێزێکی جیاوازەو پێکیشەوە لە چەند هەنگاوێکی یەکلەدواییەکدا، پرۆژە گەورەکەی ڕستە بونیاتدەنێن، بە هەمانشێوە لە دروستەی ناوەوەی پرۆژەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی تێروتەسەلدا، ئەو سەرە ڕێزمانییانە ئامادەییان هەیەو دەردەکەونەوە. پەیکاڵیو وەکیەکیی هەردوو پرۆژەی سینتاکسیی ڕستەو پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسی لەڕووی توخمی بەدەسەڵاتو پرۆژەسازدەرەوە لەناو دروستەکانیاندا، لە نموونەو هێڵکاریی (٣٦)و (١٠) هەمبەر بە (٣٧)و (١١) پیشاندراوە.


(٣٦) ئێوە خوێندکارەکانـــتان خســـتتان.







هێڵکاری (١٠)

(٣٧) trace pro خســتــتانــن.








هێڵکاریی (١١)

(٣٦) نموونەیەکە بۆ ئەو ڕستانەی زمانی کوردی، کە لە پرۆژەی فرێزە کرداریییەکەیاندا تەنها یەک سەری ڕێزمانی (تەنها $V^0$ێک) بوونی هەیە، کە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا بە هەمان فۆرمەوە دەبینرێتەوە، بڕوانە (٣٧)و هێڵکاریی (١١). لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتەئاراوە، کە ئەویش ئەوەیە: ئایا لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی ئەو ڕستانەی، کە (VP)یەکەیان دوو سەری پرۆژەسازدەر ($V^0$ێکو $V^-$ێک)و دوو تەواوکەر لەخۆدەگرێت، هەردوو سەرەکە ڕوودەدەنەوەو هەردوو تەواوکەرەکەیش بە مۆرفیمی ڕێککەوتن جێگەیاندەگیرێتەوە؟

دەستخستنی وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە، پێویستی بە هێنانەوەی نموونەو نواندنیان لە ڕێگەی هێڵکارییەوە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە لە نموونەو هێڵکاریی (٣٨)و (١٢) بڕوانەو بەوانەی (٣٩)و (١٣)یش بەراوردیانبکە.


(٣٨) من ئەوانم بە تۆ سپاردم.




هێڵكاريى (١٢)

(٣٩) pro trace trace پێتمسپاردن.




هێڵکاریی (١٣)

پێشترو له باسی "پارامێتەری سەر له فرێزی کرداریدا" ئاماژه بەوه درا، بەشێک لەو کرداره تێپەڕانەی، که مۆرفێمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ بەشداری له پێکهاتنیاندا دەکەن، بۆ دروستکردنی پرۆژەی (VP)، هەڕەمییانەو لەسەر بنەمای دووپەلکی، دوو تەواوکەر وەردەگرن. تەواوکەرێکیان، که دروستەکەی (PP) دەبێت، کرداره فەرهەنگییەکه داوایدەکاتو ئەوەی دیکەشیان، که له فۆرمی (DP/ AP)دا دەردەکەوێت، کرداره سینتاکسییەکه هەڵاوێریدەکات. نموونەی (٣٨)، که له هێڵکاریی (١٢)دا نوێنراوه، نوێنەرایەتیی ئەو ڕستانه دەکات، که بونیاتی فرێزه کردارییەکەیان بەو شێوەیەیه.

پێواژۆی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی لە ڕستەی (٣٨)و ئەو ڕستانەیش، کە وەک ئەو وان، هاوشێوەی سازکردنی مۆرفۆسینتاکس لە ڕستەی (٣٦) پێڕەوبەندانەو بێ گرفت بەڕێوەناچێت، چونکە لە لایەکەوە پەیوەست بە سەرە ڕێزمانییەکانەوە، لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا (ئەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەی، کە لە ڕستەی _٣٨_وە وەردەگیرێت)، ($V^0$)و ($V^-$)ەکە بە هەمان ئەو فۆرمەوە دەرناکەونەوە، کە لە دروستە سینتاکسییەکەدا هەیانە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی، کە (ا) پێشناوی /بە/ لە پۆلەڕەگەزی پێشناوی دەکەوێتو دەبێتەوە بە بەشێکی بنجیی کردارەکە، (ب) کۆپیی ئارگۆمێنتە دەرنەبڕراوەکان/ مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن، دووانیان دەئاخنرێنە ناو کردارەکەوە، (پ) تەواوکەری کردارە فەرهەنگییەکە، کە پارچەیەکی ($V^-$)ەکەیە، دەرنابڕدرێت، بۆیە ($X^0$)ەکانی ناو پرۆژەی ($VP$)ی دروستە سینتاکسییەکەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە ($V^0$و $V^-$ەکە)، هاوفۆرمو چوونیەک نابن. بڕوانە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (٣٩)و نواندنەکەی لە هێڵکارییە پێشنیازکراوەکەی (١٣)دا. لە لایەکی دیکەوە پەیوەست بە تەواوکەرەکانەوە، کۆپیکردنی هەردوو تەواوکەرەکە ($PP$یەکەو $DP$یەکە)و جێکردنەوەیان لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا، وادەکات، کە نەتوانرێت بە سانایی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن (مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەر، مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکاری یەکەم، مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکاری دووەم/ تەواوکەری پێشناوەکە) بە ئارگۆمێنتە دەرنەبڕراوەکانەوە ببەسترێنەوە. بەمەش زۆرجار قسەکەر ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەوان دروستەکە بەکاربهێنێتو گوێگریش وزەو فۆکەسێکی زۆری بۆ تێگەیشتن لێی، پێویست دەبێت. بۆ نموونە ڕستەکانی (٤٠)و (٤١) "بە ئاسانی ناکرێن بە مۆرفۆسینتاکس و جۆرە زبرییەک لە دەربڕین و تێگەیشتنیاندا دروست دەبێت"، (مەحموود، ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٤: ٢٣)، هەربۆیە "جێگیرکردنی هەردوو بەرکار پێکەوە بەڕاناوی لکاو زۆر کەمە لە قسەکردنا". (ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤: ١٠١).

(٤٠) ا- من نامەکانم بە ئەواندا نارد. ⟵ پێیانداناردمن.

ب- ئەو نامەکانی بە ئێمەدا نارد. ⟵ پێمانداناردنی.

(٤١) ا- من ئەوانم لە ئێوە کرد. ⟵ لێتانمکردن.

ب- ئەو تۆی لە من کرد. ⟵ لێمیکردیت.

لێکدانەوەکانی سەرەوە ئەو ئەنجامە دەستەبەردەکەن، کە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (٣٩)و دەرکردەی نموونەکانی (٤٠)و (٤١)دا، سەری ڕێزمانیی دۆخدەرو کۆپیی ئارگۆمێنتەکان هاوشێوەی

سەرو تەواوکەری دروستە سینتاکسییەکانی (٣٨)و (٤٠)و (٤١) هاوتاو پەیکاڵی یەک نین، چونکە لە دروستە سینتاکسییەکاندا سەرە حوکمکەرە دۆخدەرەکانی ($V^0$، $V^-$، TP) لەئارادان، کە دۆخ بە (PP)یەکەو (DP)یە بەرکارییەکەو (DP)یە بکەرییەکە دەدەن، بەڵام لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا لەگەڵئەوەی تەواوکەری پێشناوەکەو دوو فرێزە دیارخەرییەکەیش بەمۆرفێمکراون، کەچی تەنها دوو لە سەرە دۆخدەرەکان، کە ($V^0$)و (TP)یەکەن، هەنو ڕوویانداوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە، کە بەپێی مەرجی پاڵێوەری دۆخ لە تیۆری دۆخی ڕێزمانیدا، پێویستە هەمبەر بە هەر دۆخوەرگرێک، کەتیگۆرییەکی دۆخدەر بوونی هەبێت*.

هەموو ئەو ڕوونکردنەوانەی دەربارەی مۆرفۆسینتاکسی ئەو ڕستانەی، کە کردارەکانیان تێپەڕنو بەهۆی مۆرفێمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە هەڵگوێزراون، پێشکەشکران، ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (٣٩)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١٣)دا (هەر نموونەیەکی تریش، کە دروستەو هێڵکارییەکی هاوشێوەی هەبێت)، دروستەو هێڵکارییەکی تەواوو بێکەموکوڕی نین، هەربۆیە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ بونیاتنانی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس لەو ڕستانەی، کە فرێزە کردارییەکەیان لە دوو سەری ڕێزمانیو دوو تەواوکەر پێکدێت**، وەک ئەلتەرناتیڤی ئەو شێوازو میکانیزمەی، کە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (٣٩)ی پێبەرهەمهێنرا، دوو ڕێگای دیکە پێشنیازدەکەین، کە ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم:** لەو دوو تەواوکەرەی، کە لە چوارچێوەی (VP)یەکەدا هەن، (DP)یەکەیان هیچ نیشانەیەکی ڕێککەوتنی لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا نەبێت، واتە لە پێواژۆی کۆپیکردنی ئارگۆمێنتە خورتییەکانی دروستە سینتاکسییەکەدا، تەنها بکەرو تەواوکەری پێشناوەکە بەمۆرفێمبکرێن. بڕوانە دەرکردەی نموونەی (٤٣)و هێڵکارییەکەی لە (١٤)دا.

---

* دەربارەی دۆخ لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، بشڕوانە: (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٨١-٢٨٧).


** ئەگەر بتوانرێت پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس لەو ڕستانەی، کە فرێزە کردارییەکەیان دوو تەواوکەر لەخۆبگرێتو کۆپیی هەردوو تەواوکەرەکەیش لە پرۆژەکەدا هەبن، بە چەند گرفتو کەموکوڕییەکەوە بەرهەمبهێنرێت، ئەوا سازکردنی مۆرفۆسینتاکس لەو دروستە سینتاکسییانەی، کە (VP)یەکەیان سێ تەواوکەری تێدایە (وەک نموونەکانی خوارەوە)، بە جۆرێک هەرسێ تەواوکەرەکە بەمۆرفێمبکرێن، تاڕادەیەکی زۆر ئەستەمە.

(٤٢) ا- پەڵەکانت بە فاس لە جلەکان کردەوە؟

ب- بارەکەم بە کرێکارەکان خستە لۆرییەکەوە.

پ- کەلوپەلەکانی بە ئێمە کردە کۆگاکەوە.


(٤٣) من ئەوانم بە تۆ سپارد. ⟵ trace pro پێمسپاردیت.




هێڵکاریی (١٤)

**دووەم:** لەو دوو تەواوکەرەی، کە لە چوارچێوەی (VP)یەکەدا هەن، (DP)یەکەیان نیشانەی ڕێککەوتنی لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا هەبێتو (PP)یەکەشیان بە هەمان فۆڕمە پڕەکەیەوە دابنرێتەوە، واتە لە پێواژۆی کۆپیکردنی ئارگۆمێنتە خورتییەکانی دروستە سینتاکسییەکەدا، بکەرو فرێزە دیارخەرییە بەرکارییەکە بەمۆرفیمبکرێنو فرێزە پێشناوییەکەیش وەکخۆی بهێڵرێتەوە. بڕوانە دەرکردەی (٤٤)و هێڵکاریی (١٥).

(٤٤) من ئەوانم بە تۆ سپارد. ⟵ trace pro بە تۆم سپاردن.




هێڵکاریی (١٥)

ئەگەرچی لە دەرکردەی نموونەکانی (٤٣)و (٤٤)دا ئەو گرفتو ناتەواوییانەی، کە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی وەک (٣٩)دا هەبوون، کە خۆیاندەبینییەوە لە: (ا) ناهاوسەنگیو پەیکاڵنەبوونی چەندێتیی ژمارەی سەرو تەواوکەر لە دروستەکاندا، کە ئەمەش مەرجی پاڵێوەری دۆخی لە تیۆری دۆخی ڕێزمانیدا بریندااردەکرد، (ب) نارەحەتیو ئاساننەبوونی گۆکردنی دروستەکانو تێگەیشتن لێیان لەلایەن قسەکەرو گوێگرەوە، چارەسەردەکرێن، بەڵام لە دەرکردەی نموونەی (٤٣)دا، لەبەرئەوەی

(DP)یە بەرکارییەکە هیچ فۆڕمێکی لەبەرگیراوی لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا نابێت، بۆیە ناتوانرێت لەڕووی کەسو ژمارەوە بناسرێتەوە. بەمەش دوو ڕستەی وەک (٤٥-ا)و (٤٥-ب)، هەمان دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (٤٥-پ)و دوو ڕستەی وەک (٤٦-ا)و (٤٦-ب)یش، هەمان دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (٤٦-پ)یان دەبێت.

(٤٥) ا- کاروان ئێمەی بە تۆ ناساند.

ب- کاروان ئەوانی بە تۆ ناساند.

پ- trace pro پێیناساندیت.

(٤٦) ا- ئاسۆ کتێبەکەی لە من وەرگرت.

ب- ئاسۆ کتێبەکانی لە من وەرگرت.

پ- trace pro لێیوەرگرتم.

ئەوەی پەیوەندیی بە دەرکردەی نموونەی (٤٤)ەوە هەبێت، ئەگەر بەکراوەیی_هێشتنەوەو بەمۆرفیمنەکردنی بەشێکی ڕستەکە (PPیەکە) وەک نەنگی نەبینرێت، ئەوا دروستەکە ئەو کێشەو کەموکوڕییانەی نییە، کە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی دیکەدا هەبوون.

### ٣-٢/٣) پارامێتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا


لە هەنگاوەکانی پێشوودا پەیوەست بە پێکهاتەی سینتاکسەوە، گەنگەشەی چەشنە جیاوازەکانی پارامێتەرمان (پارامێتەری سەر، پارامێتەری هاوسێیەتی، پارامێتەری ڕێککەوتن، پارامێتەری بکەرخراو، پارامێتەری فرێزی پرس، پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە) کردو بەهای هەر چەشنێکیانمان لە پرۆژە سینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا (پرۆژەی سینتاکسیی فرێزو پرۆژەی سینتاکسیی ڕستە)، دەستنیشانکرد. ئێستا دەمانەوێت هەمان چشت بۆ پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس بکەین، واتە بەهای پارامێتەرەکان لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دیاریدەکەین، بەڵام پێش ئەوەی دەست بە وەها کارێک بکەین، چەند پرسیارێک دەخەینەڕوو، کە وەڵامەکانیان لە کۆتاییی لێکدانەوەکانی وەچەپارەکەدا دەستدەخرێن. پرسیارەکانیش بریتین لە: ئایا هەموو ئەو پارامێتەرانەی، کە بۆ پرۆژە سینتاکسییەکان ئاماژەیانپێدرا، لە مۆرفۆسینتاکسیشدا هەن‌و دەردەکەونەوە؟ ئایا مۆرفۆسینتاکس هیچ پارامێتەرێکی

تایبەت بە خۆی هەیە، کە پرۆژە سینتاکسییەکان نەیانبێت؟ کامانەن ئەو جیاوازییانەی، کە لە پەسنکردنی جۆرەکانی پارامێتەر لە پرۆژە مۆرفۆسینتاکسییەکان، هەمبەر بە پرۆژە سینتاکسییەکان، بەدیدەکرێن؟

### ٢/٣-٣-١) پارامێتەری سەر

وەک پێشتر لەبارەیەوە دواین، بونیاتنانی پرۆژە سینتاکسییەکان بەپێی تیۆری (X-bar) لە ڕێگەی دوو بنەماوە جێبەجێدەبێت، کە ئەوانیش بنەمای هەبوونی سەرو بنەمای دووپەلکین. ئەم دوو بنەمایە ڕاستەوخۆ بە پارامێتەری سەرەوە وابەستەن، چونکە پارامێتەری سەر ئەو پارامێتەرەیە، کە جێکەوتەی سەرە ڕێزمانییەکان پەیوەست بەو پەیوەندییە دووپەلکییەی، کە بە تەواوکەرەکانیانەوە هەیانە، دیاریدەکات، کە یان لای ڕاست، یان لای چەپی تەواوکەرەکان دەبێت. پارامێتەری سەر لەگەڵئەوەی دیارترین پارامێتەری پرۆژە سینتاکسییەکانە، کەچی لە مۆرفۆسینتاکسدا ڕۆڵو گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێت، چونکە مۆرفۆسینتاکس وەک پرۆژەی سینتاکسیی فرێزو ڕستە، بەهۆی یەکگرتنی دووپەلکییانەی سەرو تەواوکەرەوە دروستنابێت، بەڵکو بەرهەمو لێکەوتەی دەرنەبڕینی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانو جێگرتنەوەیانە بە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن. بە دەربڕینێکی دیکە مۆرفۆسینتاکس پرۆژەیەکە، کە تەنها لە کرداری فەرهەنگیو تافو مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن پێکدێت. مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن لە مۆرفۆسینتاکسدا، هەرچەندە نوێنەرو جێگرەوەی ئارگۆمێنتە دەرنەبڕراوەکانو نیشانەی دۆخیشن، بەڵام لە هەمانکاتدا وەک سەری ڕێزمانیو دروستکەری پرۆژەکەیش گۆدەکەن، هەربۆیە کاتێک دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی لە ڕێگەی هێڵکارییەوە دەنوێنرێت، وەها دەردەکەوێت، کە دروستەکە هیچ (Y)یەکی لەخۆنەگرتبێتو تەنها لە ($X^0$)ەکانی ($V^0$، $T^0$، $Agr^0$) پێکهاتبێت. بڕوانە هێڵکاریی (١٦)، کە نواندنی دەرکردەی نموونەی (٤٧)ە. بەمپێیە ئەگەرچی هاوشێوەی پرۆژەی ڕستە، لە مۆرفۆسینتاکسیشدا مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن، کە بەرهەمهێنی هەردوو پرۆژەکەن، کۆتایی دروستەکە دەگرنو پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرکۆتا دەکەن، بەڵام بە پێچەوانەی پرۆژەی سینتاکسیی ڕستەوە، دەستنیشانکردنی پارامێتەری سەر بۆ پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس، کەمبەهاو ناپێویستە، چونکە لە مۆرفۆسینتاکسدا مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن تەواوکەرێکی بەرجەستەی دیاریکراویان نییە، تاوەکو بەپێی جێکەوتەکەیان لە لای ڕاست، یان لای چەپی تەواوکەرەکە، بە سەرسەرەتا، یان سەرکۆتا دابنرێن.

(٤٧) ئێمە خانووەکەمان فرۆشت. ←—— فرۆشتمان.




هێڵکاریی (١٦)

### ٢-٣-٢/٣) پارامێتەری هاوسێیەتی

پارامێتەری هاوسێیەتی، کە پارامێتەرێکە پەیوەست بە پێواژۆی بەخشینی دۆخەوە باس لەوە دەکات، کە پێویستە سەرە ڕێزمانییە دۆخدەرەکانو تەواوکەرە دۆخوەرگرەکانیان بە تەنیشت یەکەوە بن، لە مۆرفۆسینتاکسدا پێشێلدەکرێت، چونکە لە سینتاکسدا بەرکار، کە دەکاتە تەواوکەری کردارە فەرهەنگییەکە، بە پارامێتەری هاوسێیەتی دۆخ لە ($V^0$)ەکە وەردەگرێت، کە لە چوارچێوەی پرۆژەی (VP)یەکەدا دەکەوێتە لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکەوە (بڕوانە ٤٨)، بەڵام لە مۆرفۆسینتاکسدا کۆپیی بەرکارەکە لە هەمان جێکەوتەدا (جێکەوتەی بەرکاری دروستە سینتاکسییەکە) ڕوونادات‌ەوە، بەڵکو بۆ

جێکەوتەیەکی دوای کردارە تافدارەکە دەگوازرێتەوە. بەمەش پەیوەندیی هاوسێیەتیی نێوان کردارە فەرهەنگییەکەو نوێنەری تەواوکەرەکەی دەپچڕێت، بەڵام پچڕانی ئەو پەیوەندییە نابێتەهۆی بێدۆخ_ مانەوەی کۆپیی بەرکارەکە، چونکە پارامێتەری ڕێککەوتن دەبێتە جێگرەوەی پارامێتەری هاوسێیەتیو لە ڕێگەی هاونیشانەکردنەوە چارەسەری تێکچوونی پەیوەندییە هاوسێیەتییەکە دەکات. بەمپێیە لە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسدا مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن دەبنە میکانیزمی پێدانی دۆخو وەک نیشانەی دۆخ بۆ کەتیگۆریی دۆخوەرگری دەرنەبڕراو، کە لێرەدا مەبەست لە تەواوکەری ($V^0$)ەکەیە، گۆدەکەن. بڕوانە (٤٩).

(٤٨) من کولیچەکانم خوارد.
$V^0$ بەرکار

(٤٩) pro trace خواردمـن.
j $V^0$ j / کۆپیی بەرکار

### ٣-٣-٢/٣) پارامێتەری ڕێککەوتن

لەو ڕوانگەیەوە، کە لە زمانی کوردیدا ڕستە پرۆژەی ڕێککەوتنەو مۆرفۆسینتاکسیش لێکەوتەی ڕستەیەو لەوەوە وەردەگیرێت، پێشبینیدەکرێت، کە ئەمیش (مۆرفۆسینتاکس) ڕێککەوتن بەرهەمیبهێنێت. بە گەڕانەوە بۆ ئەو نموونەو هێڵکارییانەی، کە لە پێشوودا بۆ دروستەی مۆرفۆسینتاکس هێنرانەوە، دەردەکەوێت، کە ئەوەی گوترا تەنها پێشبینییەک نییە، بەڵکو ڕاستییەکی پاڵپشت بە داتاو بەڵگەیە. لە بەشی دووەمو لە باسی "پارامێتەری سەر لە فرێزی ڕێککەوتندا" بە وردی قسە لەسەر ئەوە کرا، کە ڕستە لە چێوەی بنەمای پرۆژەسازدانی فراوانکراودا، لە قۆناغی دوای بەرهەمهێنانی فرێزی تافـو گواستنەوەی بکەر، بەهۆی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتنەوە دروستدەبێت. لەم بەشەو لە وەچەپاری "مۆرفۆسینتاکس وەک پرۆژەیەکی پاش_ڕستەیی"شدا ئاماژە بەوە درا، کە مۆرفۆسینتاکس لە هەمان ئاستی پرۆژەسازدانی فراوانکراودا، لە ڕێگەی بەمۆرفێمکردنی ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکانی بکەرو بەرکارو دواتر جوڵاندنیان بۆ کۆتاییی دروستەکە، سازدەبێت. کەواتە "مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن هاوسەنگیی نێوان سینتاکسو مۆرفۆسینتاکس پەیوەست بە پارامێتەرو دۆخو دروستەی ئارگۆمێنتەوە ڕادەگرنو واشدەکەن، هەردوو پرۆژەکە بەرهەمبێنو بەوەش سەرەوەی پرۆژەکە دەگرن". (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٢٥٧).

لە ڕاستیدا نەک هەر ئەوەی، کە مۆرفۆسینتاکس هاوشێوەی سینتاکس/ ڕستە لەلایەن ڕێککەوتنەوە ڕۆدەنرێت، بەڵکو پێڕەوی ڕێککەوتن لە مۆرفۆسینتاکسدا توندوتۆڵتریشە وەک لە سینتاکس، چونکە لە سینتاکسدا ئەگەر تافی کرداری ڕستەکە ڕابوردوو بێت، ئەوا ڕێککەوتنەکە لەسەر کردارەکەوە بۆ سەر بەرکارەکە دەگوازرێتەوە، بەڵام لە مۆرفۆسینتاکسدا کردارەکە هەر تافو فۆڕمێکی هەبێت، ئەوا بە لایەنی کەمەوە یەکێک لە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنی بکەر، یان بەرکار، لە کۆتاییی دروستەکەدا دەبن*. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە.

(٥٠) من تۆم گرت. ⟵ گرتمـیت.
م. ڕ. — م. ڕ. م. ڕ.
بکەر — بکەر بەرکار

(٥١) من کتێبەکانم هەڵگرت. ⟵ هەڵمگرتن.
م. ڕ. — م. ڕ. م. ڕ.
بکەر — بکەر بەرکار

(٥٢) من کتێبەکان هەڵدەگرم. ⟵ هەڵیاندەگرم.
م. ڕ. — م. ڕ. م. ڕ.
بکەر — بەرکار بکەر

ڕێککەوتن، کە پارامیتەرێکە گوزارشت لە پەیوەندیی نێوان سەرە ڕێزمانییەکانو تەواوکەرەکانیان دەکات، لە سینتاکسدا لە ئاستی ڕستەوە مۆرفۆلۆژییانە دەنوێنرێت، چونکە (TP)و (YP)یە بکەرییەکە لەڕووی بەیەکگەیشتنی دوو لقەوە لە نۆدێکدا (بنەمای دووپەلکی)، هاوسێی یەکتر نین، بەڵام لە پڕۆژە سینتاکسییەکانی خوارەوەی ڕستەدا (پڕۆژە سینتاکسییە فرێزییەکان)، لەبەرئەوەی پەیوەندیی هاوسێیەتی لە نێوان (X)و (Y)یەکاندا هەیە، بۆیە ڕێککەوتنی نێوان سەرو تەواوکەرەکان ئەبستراکت دەبێتو بە مۆرفیم ڕوونادات. (پێشتر پەیوەست بە پارامیتەری هاوسێیەتیو پارامیتەری ڕێککەوتنەوە لە سینتاکسدا، نموونە بۆ هەردوو چەشنەکەی ڕێککەوتن هێنراوەتەوە). پەیکاڵ لەگەڵ پڕۆژەی سینتاکسیی ڕستەدا، پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکسیش ڕێککەوتنەکەی مۆرفۆلۆژییانە دەبێت، چونکە وەک لە وەچەپاری پێشوودا بە نموونەوە ڕوونکرایەوە، ئەو پەیوەندییە هاوسێیەتییەی، کە لە سینتاکسدا لە نێوان کردارە فەرهەنگییەکەو تەواوکەرەکەیدا هەیە، لە مۆرفۆسینتاکسدا تێکدەچێت. هەموو ئەمانە ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە هەردوو پارامیتەری هاوسێیەتیو ڕێککەوتن (ڕێککەوتنی مۆرفۆلۆژییانە) لە

* بڕوانە: ٢/٣-٣-٦-١) پارامیتەری سەرەوڕیزبوونو فۆڕمە ستانداردەکانی مۆرفۆسینتاکس، کە لەوێدا بە ڕاڤەو نموونەوە، بەپێی تافو فۆڕمی کرداری دروستەکان، باس لە چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنی بکەرو بەرکار لە پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکسدا (فۆڕمە ستانداردەکان) کراوە.

دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، چونکە ڕێککەوتن کاتێک بە مۆرفیم دەنوێنرێت، کە (ا) پەیوەندیی نێوان سەرو تەواوکەر هاوسێیەتی نەبێت، (ب) پەیوەندیی هاوسێیەتیی نێوان سەرو تەواوکەر بپچڕێت/ تێکبچێت. بشڕوانە: (سەعید، سازان زاهیر، ٢٠٢٠: ٣١٦-٣١٩).

### ٤-٣-٢/٣) پارامێتەری بکەرو بەرکارخراو

لەڕووی ئەگەری (ا) خستنی بکەر، (ب) خستنی بەرکار، (پ) خستنی بکەرو بەرکار پێکەوە، لە دروستە سینتاکسیو مۆرفۆسینتاکسییەکاندا، جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا دەبینرێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە پەیوەست بە دەرنەبڕینو لابردنی ئەو کەتیگۆرییە سینتاکسییانەوە، چەند چەشنێکی پارامێتەر دروستبێت، کە ئەوانیش بریتین لە: پارامێتەری بکەرخراو، پارامێتەری بەرکارخرا، پارامێتەری بکەرو بەرکارخراو. پێشترو پەیوەند بە پێکهاتەی سینتاکسەوە، بە وردی لەبارەی پارامێتەری بکەرخراوەوە دواینو ئەو لێکدانەوە جیاوازانەمان خستەڕوو، کە بۆ پەسنکردنی پارامێتەرەکە لە زماندا بە گشتی پێشکەشکراون. هاوکات لە ڕوانگەی سێ لایەنی جیاوازەوە، ڕاڤەو شیکردنەوەمان بۆ بکەرخراویی زمانی کوردی کرد. ئەوەی پەیوەندیی بە بەرکارخراوییەوە هەبێت، بەوپێیەی لە ژمارەیەکی دیاریکراوی زمانەکاندا دەتوانرێت بەرکار لە ڕستەدا گۆنەکرێت، بۆیە لەو سەرچاوە زمانەوانییانەی، کە باسی بەرکارخراوییان کردووە، کەمتر وەک چەشنێکی پارامێتەر ئاماژەیانپێداوە، بەڵام لەو ڕووەوە، کە ئەم دیاردە زمانییەیش هاوشێوەی ئەو دیاردە زمانییانەی دیکە، کە جیاوازیی نێوان زمانەکان دەردەخەنو بە پارامێتەر دادەنرێن، ئێمە هەمبەر بە پارامێتەری بکەرخراو، بەرکارخراویشمان بە پارامێتەر ناوبردووە. "زاراوەی بەرکارخراو (Null object) وەک ئارگۆمێنتێکی ناوەکیی نائاشکرای هەر کردارێک پێناسەکراوە، کە دەشێت ئارگۆمێنتێکی ناوەکیی جێناویی ئاشکرا بە هەمان ڕۆڵی سیمانتیکییەوە وەربگرێت (هەرچەندە لەوانەیە هەمان لێکدانەوەی سیمانتیکییان نەبێت)و بۆ ئەمەیش بەڵگەی سینتاکسی، یان ئاخاوتنی لەسەر هەبوونی هەیە". (Huang, 1989) لەبارەی جۆرەکانی بەرکارخراوییەوە، http://educ.jmu.edu/~cotesa/chapter3.pdf. دوو جۆری جیاوازی بەرکارخراویی لە یەکتر جیاکردووەتەوە، کە ئەوانیش (variables)و (pros)ن[*].

---

[*] بشڕوانە: (Cummins, S. & Roberge, Y., 2004: 136)، کە پەیوەست بە زمانی ئینگلیزیو فەڕەنسییەوە سێ جۆری بەرکارخراوی دیاریدەکەن، کە بریتین لە:

1. Bound: a bound variable or a null constant

2. Discourse-linked: a null pronominal

3. Internally licensed: null cognate objects (predicted by the TR), a bare N

(Huang) پێیوایە، کە جۆری (pros) لەو زمانانەدا بەدیدەکرێت، کە مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکاریی دەوڵەمەندیان هەیە، وەک زمانی (Pashto). هەرچی ئەو زمانانەیە، کە مۆرفیمی ڕێککەوتنیان نییە، بەرکارخراوییەکەیان لە جۆری (variables)ە، کە پەیوەستە بە بابەتی گفتوگۆو قسەلەسەرکراوەوە. بەرکارخراویی زمانی کۆری نموونەی ئەم جۆرەیە، کە لە ئاستی پراگماتیکدا دەردەکەوێتو ڕێگەیپێدەدرێت. بڕوانە: (Park, H., 2004: 23).

زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانی)* لەگەڵئەوەی زمانێکی بکەرخراوە، بەڵام بەرکارخراو نییەو بە بوونی بکەر لە ڕستەدا، ڕێگە بە لابردنی بەرکار نادات. بڕوانە نموونەکانی (٥٦).

(٥٦) ا- دزەکە منداڵەکەی ڕفاند.

ب- pro منداڵەکەی ڕفاند. ⟵ بکەرخراو

پ- * دزەکە trace ڕفاندی ⟵ بەرکارخراو

ت- کێ منداڵەکەی ڕفاند؟

(٥٦-ب) بکەرخراویی زمانی کوردی پیشاندەدات، بەڵام (٥٦-پ) ڕستەیەکی بەرکارخراوی ناڕێزمانییە. تەنها لە بارێکدا نموونەی (٥٦-پ) پەسەندو ڕێگەپێدراوە، کە وەڵامی پرسیاری (٥٦-ت) بێت.

---

* لەبارەی ئەگەری خستنی بەرکار لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، (حاجی، ڤیان سلێمان، ٢٠٠٩: ١٥٥) دەڵێت: "لە شێوەزاری (ک. س)دا تەنیا بۆ کەسی سێیەم دەشێ وا دابنرێت کە بەرکارەکە لا دراوە، وەک:

(٥٣) ئەم ئازادی دبینین. ⟵ ئەم . . . دبینین.

(٥٤) ئەز تە دبینم. ⟵ * ئەز . . . دبینم".

(مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ٢٠١٠: ١٣٢)یش گوتویەتی: "ڕێکەوتنی نێوان کەرەسە پەیوەندیدارەکانی ئەودیالێکتە، بەتایبەتی لە ڕستەیەکدا، کە کردارەکەی ڕابردووی تێپەڕبێت، ڕێکەوتنی بەرکار و کردار وایکردووە، کە بەرکار لە دروستەی سینتاکسییدا دەرنەبڕدرێت، سەبارەت بە بکەری ئەم جۆرە ڕستانەیش، لەبەرئەوەی هەمیشە ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و کرداردا نییە، دەربڕینی بکەر خورتییە (بڕوانە ٥٥).

(٥٥) من <u>سێڤ</u>ج <u>خوارن</u>ج. ⟵ من <u>(pro)</u>ج <u>خوارن</u>ج. (من سێوەکانم خوارد.)"

جێی باسه سەربارى بەرکارنەخراویی زمانی کوردی، کەچی دەشێت بەرکاری چەند کردارێکی تێپەڕی وەک /خوار_ەوە، خوێن_ەوە، . . . /، له دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێن*. بڕوانه ڕستەکانی (٥٨).

(٥٨) ا- پیاوەکه دەخواتەوە.

ب- ئەوان ناخوێننەوە.

(عەول، محەمەد عومەر، ٢٠٠٨: ٥٨) وایدادەنێت، که هۆکاری لابردنی بەرکاری ئەو ڕستانه، ناسراوی‌و ئاشنایەتیی چەمکی بەرکاره لەگەڵ ئەو کردارانەدا، بەڵام ئەگەر بمانەوێت جۆری بەرکارەکه دیاریبکەین، ئەوا دەبێت له ڕستەکەدا گۆبکرێت. بڕوانه (٥٩).

(٥٩) ا- پیاوەکه ئارەق دەخواتەوە. (نەک بیره)

ب- ئەوان ڕۆژنامه ناخوێننەوە. (نەک کتێب)

ڕوونکردنەوەکان لەسەر زمانی کوردی ئەو ڕاستییه دەردەخەن، که له سینتاکسدا ڕێگه به دەرنەبڕینی بکەر دەدرێت (له زۆر باردا)و بەرکاریش دەبێت بەخورتی گۆبکرێت (لەگەڵ چەند کردارێکی دیاریکراو نەبێت)، بەڵام له مۆرفۆسینتاکسدا، که پێواژۆی لابردنی کەتیگۆرییه سینتاکسییەکانی ڕسته (جگه له کردار)و جێگرتنەوەیانه به مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن، کردەی خستنی بکەرو بەرکار پێکەوه ڕوودەدات**. بڕوانه (٦٠).

---

* له زمانی ئینگلیزیشدا هەندێک له کردارەکان ڕێگه به (Null object) دەدەن، بەڵام کردارەکانی دیکه بەخورتی بەرکار وەردەگرن. بڕوانه ئەم نموونانەی خوارەوە. (Park, H., 2004: 25).

(57) a. John already ate.

b. * John devoured

c. They ran away and we followed (them).

d. They ran away and we chased *(them)

** زمانی (Navajo) ئەگەرچی مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکاریی هەیه، بەڵام هاوشێوەی زمانی کوردی، تەنها کاتێک له زمانەکەدا ڕێگه به (Null object) دەدرێت، که بکەرەکەیش (Null) بێت. ئەمەش دەریدەخات، که مەرج نییه هەموو کات بوونی پێرەوێکی ڕێککەوتنی بەرکاریی دەوڵەمەند، دەستەبەری بەرکارخراویی زمانێک بکات. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی (Null object) له زمانی (Navajo)دا، بڕوانه ئەم توێژینەوەیە: (Speas, M., 1996).

(٦٠) ا- من ئەوانم گەیاند.

ب- pro ئەوانم گەیاند. ← سینتاکس: بکەرخراو

پ- * من trace گەیاندم ← سینتاکس: بەرکارخراو

ت- trace pro گەیاندمن. ← مۆرفۆسینتاکس: بکەرو بەرکارخراو

### ٥-٣-٢/٣) پارامێتەری فرێزی پرس

ئەم پارامێتەرە، کە باس لە جوڵەو گواستنەوەی فرێزە پرسەکان بۆ سەرەتای ڕستە دەکات، تەنها لە سینتاکسدا هەیەو لە مۆرفۆسینتاکسدا بوونی نامێنێت، چونکە ئەو ڕستە پرسیارییانەی، کە بەهۆی وشەی پرسەوە بەرهەمدەهێنرێن، وەک نموونەکانی (٦١)، دروستەی مۆرفۆسینتاکسییان نییەو تەنها بە سینتاکس دەردەبڕدرێن. وەک ئاشکرایە، مۆرفۆسینتاکس پرۆسەی لەبەرگرتنەوەی کەتیگۆرییە خورتییەکانی ڕستەیە، بەڵام وشەی پرس/ فرێزی پرس کەتیگۆرییەک نییە، کە ئەگەری لەبەرگرتنەوەی هەبێتو بتوانرێت هاوشێوەی فرێزە دیارخەرییەکانی بکەرو بەرکار، بە مۆرفیمی ڕێککەوتن جێگەی بگیرێتەوە. لەبارەی ئەو پۆلەڕەگەزانەوە، کە دەتوانرێت بەمۆرفیمبکرێن، (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٤٤) دەڵێت: "لە ڕەگەزەکانی ڕستەدا، (دەرخەر، بەرکار، ئەدڤێربڵە کەسییەکان)، دەشێت کۆپی بکرێن"، بەڵام لە ڕاستیدا بکەریش کەرەستەیەکی دیکەی ڕستەیە، کە فۆڕمی لەبەرگیراوی هەیە*. هەڵبەت ئێمە لێرەدا قسەمان لەسەر فرێزی پرسە، کە لە هیچ بارێکدا ئەگەری کۆپیکردنی جێبەجێنابێت. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە لە مۆرفۆسینتاکسدا فرێزە دیارخەرییەکانی بکەرو بەرکار دەرنابڕدرێنو فۆڕمە کۆپیکراوەکەیان، دەبێتە نوێنەرو جێگرەوەیان.

(٦١) ا- کێ پیاوەکەی کوشت؟

ب- پیاوەکە کێی کوشت؟

---

* دەربارەی فۆڕمی لەبەرگیراوی بکەر، (حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٤٤) بۆچوونی وایە، کە "فرێزی ناویی بکەر کۆپی ناکرێت، چونکە نیشانەکەی، کە جێناوێکی کەسیی لکاوە، لە دروستەی کرداردا هەیە و ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەرێتی"، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە پێشتر پەیوەست بە هەنگاوەکانی بونیاتنانی پڕۆژەی ڕستەوە خرانەڕوو، کاتێک فرێزی دیارخەریی بکەر لە قۆناغی پێکهاتەی واتاییەوە بۆ قۆناغی ڕستەیی، لە لای چەپی فرێزی تافەوە بۆ لای ڕاستی فرێزەکە دەگوازرێتەوە، کۆپییەک لە شوێنی خۆی بەجێدەهێڵێت. بەمپێیە کۆپیی بکەر لە ئەنجامی جوڵەو گواستنەوەی فرێزی دیارخەریی بکەرەوە دێتەئاراوە، نەک ئەوەی هەر خۆی ڕەگەزێکی سەرەکیی پێکهاتەی کردار بێت.

### ٢/٣-٣-٦) پارامێتەری سەرەوڕیزبوون

ناوی تەواوی ئەم پارامێتەرە، پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشەیە (هەروەک پەیوەند بە پێکهاتەی سینتاکسەوە بەو ناوەوە لەبارەیەوە دواین)، بەڵام بەوپێیەی مۆرفۆسینتاکس نواندنی ڕستەیە بە مۆرفیمو وشەکان/ ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکان لە مۆرفۆسینتاکسدا بوونێکی بەرجەستەیان نییە، بۆیە لێرەدا بە پێویست زانرا، کە لە ناوی پارامێتەرەکەدا لێکسیمی /وشە/ لاببرێتو لەبری پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە، تەنها بە پارامێتەری سەرەوڕیزبوون ناوببرێت. ئەم پارامێتەرە، کە لە جۆراوجۆریی قاڵبی ڕستەی زمانەکان لەڕووی چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونی بکەرو بەرکارو کردار لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە، لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی سینتاکس لە مۆرفۆسینتاکسیشدا پارامێتەرێکی هەبووەو دەردەکەوێتەوە، بەڵام بە جیاوازییەوە. جیاوازیی پارامێتەری سەرەوڕیزبوون لە هەردوو پرۆژەی سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسی کوردی لەوەدایە، کە لە ڕێگەی ئەم پارامێتەرەوە، لە سینتاکسدا بە سانایی جۆری سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان، کە (SOV) سەرەکیترینیان بوو، دیاریدەکرا، بەڵام لە مۆرفۆسینتاکسدا، لەبەرئەوەی لە هەندێک لە پرۆژەکاندا (هەندێک لە پرۆژە مۆرفۆسینتاکسییەکان) مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن دەئاخنرێنە ناو دروستەی ناوەوەی کردارەکەوە/ کردارە تافدارەکەوە، بۆیە لەو پرۆژانەدا ناتوانرێت بە ئاسانی ڕیزبەندیی مۆرفیمەکان (کۆپیی بکەرو بەرکار) لەگەڵ کردارەکە دەستنیشانبکرێت. چەندوچوونەکانی پارامێتەری سەرەوڕیزبوون پەیوەست بە فۆڕمە ستانداردەکانی مۆرفۆسینتاکسو فۆڕمە ئەلتەرناتیڤەکانی مۆرفۆسینتاکسەوە، لە خوارەوە لە دوو وەچەپاری جیاوازدا گەنگەشەدەکەین.

### ٢/٣-٣-٦-١) پارامێتەری سەرەوڕیزبوونو فۆڕمە ستانداردەکانی مۆرفۆسینتاکس

پێشتر لە "٤-١/٣) پارامێتەری سەرەوڕیزبوونی وشە"دا لەو بارەیەوە دواین، کە لە زمانی کوردیدا لەبەرئەوەی بەپێی سروشتو جۆری کردار، پرۆژەی فرێزی کرداریی جیاواز بەرهەمدێت، بۆیە ژمارەو جێکەوتەی ئارگۆمێنتە خورتییەکانی ڕستە سادەکانی زمانەکە، جێگیرو دیاریکراو نین (ئەگەرچی زیاتر قاڵبی _SOV_یان هەیە). ئەوەی لەوێدا ئاماژەپێنەدرا، ئەوەیە، کە لە دروستەی سینتاکسیدا تافو فۆڕمی کرداری ڕستەکان کاریگەریی لەسەر بەدواییەکداهاتنو ڕیزبەندی بکەرو بەرکارو کردار نییە، کەچی لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیدا، جێکەوتەی ڕوودانی کەتیگۆرییە بەمۆرفیمکراوەکانو چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونیان، تافو فۆڕمی کرداری دروستەکە دیاریدەکات. با لەم نموونانەی خوارەوە بڕوانین.

(٦٢) ا- تۆ نامەکانت نووسی؟ ←—— نووسیتـــن؟
j i          j i

ب- من وانەکانم خوێند. ←—— خوێندمـــن.
j i          j i

(٦٣) ا- ئەو نامەکانی نووسی. ←—— نووسینـــی.
i j          j i

ب- من وانەکانم دەخوێند. ←—— دەمخوێندن.
j i          j i

(٦٤) ا- ژنەکە فەرشەکانی ڕاخست. ←—— ڕایخستن.
j i          j i

ب- ئەوان ئێمەیان ڕزگارکرد. ←—— ڕزگاریانکردین.
j i          j i

نموونەکانی (٦٢) ئەوە دەردەخەن، کە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، ئەگەر کردار لە تافی ڕابوردوودا بێتو لەڕووی فۆڕمیشەوە لە یەک لێکسیم پێکهاتبێت (کرداری بنەڕەتی بێت)، ئەوا سەرەوڕیزبوونی توخمە پێکهێنەرەکانی دروستەکە بەو شێوەیە دەبێت، کە مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەر بە کردارە تافدارەکەوەو مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکاریش بە مۆرفێمە ڕێککەوتنە بکەرییەکەوە دەنووسێن، بەڵام (ا) ئەگەر بکەر کەسی سێیەمی تاک بێت، ئەوا مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکار پێش مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەر دەکەوێت (بڕوانە ٦٣-ا)، (ب) ئەگەر کردار ڕابوردووی بەردەوام بێت، ئەوا مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەر جێکەوتەکەی خۆی لە دوای کردارە تافدارەکەوە بەجێدەهێڵێتو بە ڕووکاری /دە_/ی بەردەوامییەوە دەلکێت (بڕوانە ٦٣-ب). ئەوەی پەیوەندیی بەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییانەوە هەبێت، کە کردارەکەیان ڕابوردووی فۆڕم داڕێژراو (بەهۆی پێشگرەوە، نەک پاشگر)، یان لێکدراوە، ئەوا جێکەوتەی گیرسانەوەی مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەر تیایاندا، دوای پێشگرەکە/ کەرتی یەکەمی کردارەکە دەبێتو مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکاریش کۆتاییی دروستەکە دەگرێت. (بڕوانە ٦٤).

نموونەکانی سەرەوە بۆ ئەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییە فۆڕم جیاوازانە هێنرانەوە، کە لە تافی ڕابوردوودا بوون، بەڵام ئەگەر هەر ئەو نموونانە تافەکەیان بۆ ڕانەبوردوو بگۆڕدرێت، ئەوا لەگەڵ گۆڕینی تافەکەدا، جێکەوتەی مۆرفێمەکانی بکەرو بەرکاریش لەنێو دروستەکەدا دەگۆڕێن. بڕوانە (٦٥)و (٦٦)و (٦٧).

(٦٥) ا- تۆ نامەکان دەنووسیت؟ ——◄ دەیاننووسیت؟
j i          i j

ب- من وانەکان دەخوێنم. ——◄ دەیانخوێنم.
j i          i j

(٦٦) ئەو نامەکان دەنووسێت. ——◄ دەیاننووسێت.
j i          i j

(٦٧) ا- ژنەکە فەرشەکان ڕادەخات. ——◄ ڕایاندەخات.
j i          i j

ب- ئەوان ئێمە ڕزگاردەکەن. ——◄ ڕزگارماندەکەن.
j i          i j

وەک لە نموونەکانەوە دەردەکەوێت، لە تافی ڕانەبوردوودا، مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەر هەمیشە دەکەوێتە کۆتاییی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە، بەڵام مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکار بەپێی فۆڕمی کرداری دروستەکە، جێکەوتەکەی دەگۆڕێت. ئەگەر کردارەکە لە فۆڕمی بنەڕەتیدا بێت، ئەوا کۆپیی بەرکارەکە دەچێتە دوای نیشانەی تافی ڕانەبوردووی /دە_/وە*، (بڕوانە ٦٥و ٦٦)، بەڵام ئەگەر فۆڕمی کردارەکە داڕێژراو (بەهۆی پێشگرەوە، نەک پاشگر)، یان لێکدراو بێت، ئەوا کۆپیی بەرکارەکە جێکەوتەی نێوان پێشگرەکە/ کەرتی یەکەمی کردارەکەو نیشانەی تافەکە، دەکاتە شوێنی مانەوەو جێگیربوونی. (بڕوانە ٦٧).

لە هێنانەوەی نموونەکانو پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوە لەبارەیانەوە، ئەو ئەنجامە دەستدەخرێت، کە (ا) ئەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییانەی، کە کردارەکەیان ڕابوردووە (بە مەرجێک ڕابوردووی بەردەوام نەبێت)و لە یەک لێکسیم پێکهاتووە، دەتوانرێت سەرەوڕیزبوونی توخمە پێکهێنەرەکانیان دەستنیشانبکرێت، کە ئەویش یان لە شێوەی (٦٩)دا دەبێت، یاخود قاڵبی (٧٠) وەردەگرێت. بشڕوانە: (ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٤: ١٠١).

---

* جیاواز لە تەواوی کردارە ڕانەبوردووەکانی دیکەی زمانی کوردی، کرداری /وێ/ دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی ناوازەو لە یاسابەدەری هەیە، چونکە لە دروستەکەدا مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکار دەکەوێتە کۆتاییەوە، نەک مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەر. بڕوانە (٦٨).

(٦٨) من تۆم دەوێت. ——◄ دەمەوێیت.
j i          j i

**(٦٩) کرداری تافدار + مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەر + مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکار**

**(٧٠) کرداری تافدار + مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکار + مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەر**

(ب) ئەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییانەی، کە کردارەکەیان ڕابوردووی فۆرم داڕێژراو/ لێکدراو، یاخود ڕانەبوردووە (هەر فۆڕمێکی هەبێت)، ناتوانرێت بە تەواوی/ بە ڕوونی بەدواییەکداهاتنو ڕیزبەندیی سەگمێنتەکانیان دیاریبکرێت، چونکە یەکێک لە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنی بکەر، یان بەرکار تێکەڵ بە پێکهاتەی کردارەکە دەبێت.

## ٢/٣-٣-٦-٢) پارامێتەری سەرەوڕیزبوونو فۆڕمە ئەلتەرناتیڤەکانی مۆرفۆسینتاکس

لە وەچەپاری پێشوودا جێکەوتەی توخمە پێکهێنەرەکانی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس (مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەر، مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکار، کرداری تافدار) لە فۆڕمە ستانداردەکاندا (دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی شێوەزاری سلێمانی) دەستنیشانکرا. لێرەدا وەک نموونەی فۆڕمی ئەلتەرناتیڤ، چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونی ئەو توخمانە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی شێوەزاری گەرمیاندا، دیاریدەکرێت. لە شێوەزاری گەرمیاندا، بە هەمانشێوەی ستانداردەکە، بەپێی تافو فۆڕمی کرداری دروستەکان، جێکەوتەو ڕیزبوونی سەگمێنتەکانی مۆرفۆسینتاکس دەگۆڕێن. بڕوانە ئەم نموونانەی لای خوارەوە.

(٧١) ا- <u>من</u> <u>ئەوان</u>م برد. ⟵ برد<u>یان</u>ـــ<u>م</u>.
i j → i j

ب- <u>من</u> <u>ئەو</u>م برد. ⟵ برد <u>Ø</u> <u>م</u>.
i j → i j

پ- <u>من</u> <u>ئەوان</u>م دەبرد. ⟵ دە<u>یان</u>ـــ<u>م</u>برد.
i j → i j

(٧٢) ا- <u>ئێوە</u> <u>پارەکان</u>تان داگرت؟ ⟵ دا<u>یان</u>ـــ<u>تان</u>گرت؟
i j → i j

ب- <u>ئەوان</u> <u>ئێمە</u>یان ڕازیکرد. ⟵ ڕازی<u>مان</u>ـــ<u>یان</u>کرد.
i j → i j

(٧٣) ا- من ئەوان دەبەم. ⟵ دەیانبەم.
i j j i

ب- من ئەو دەبەم. ⟵ دەیبەم.
i j j i

(٧٤) ا- ئێوە بارەکان دادەگرن؟⟵ دایاندەگرن؟
i j j i

ب- ئەوان ئێمە ڕازیدەکەن. ⟵ ڕازیماندەکەن.
i j j i

له شێوەزاری گەرمیاندا بەدواییەکداهاتنی توخمەکانی ئەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییانەی، کە کردارەکەیان ڕابوردووی یەک لێکسیمە، وەک نموونەی (٧١-ا)، بەو جۆرە دەبێت، کە مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکار ڕاستەوخۆ لە دوای کردارە تافدارەکەوە دێتو مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەریش بە مۆرفێمە ڕێککەوتنە بەرکارییەکەوە دەلکێت، بەڵام (ا) ئەگەر بەرکاری دروستە سینتاکسییەکە کەسی سێیەمی تاک بێت، ئەوا لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا دەرکەوتنی فۆنەتیکیی نابێتو دەبێت بە سفر (بڕوانە ٧١-ب)، (ب) ئەگەر کرداری دروستە سینتاکسییەکە ڕابوردووی بەردەوام بێت، ئەوا مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکارو مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەر بە دوای یەکدا بە ڕووکاری /دە_/ی بەردەوامییەوە دەنووسێن (بڕوانە ٧١-پ). هەرچی ئەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییانەیە، کە کردارەکەیان ڕابوردووی فۆرم داڕێژراو (بەهۆی پێشگرەوە، نەک پاشگر)، یان لێکدراوە، ئەوا بە ڕەچاوکردنی ڕیزبەندیی (بەرکار + بکەر) هەردوو مۆرفێمە ڕێککەوتنەکە، جێکەوتەی دوای پێشگرەکە/ کەرتی یەکەمی کردارەکە دەگرن. (بڕوانە ٧٢).

ئەوەی پەیوەندیی بەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییانەوە هەبێت، کە لەڕووی تافەوە ڕانەبوردوون، وەک نموونەکانی (٧٣)و (٧٤)، جێکەوتەی مۆرفێمی ڕێککەوتنی بکەر تیایاندا، هەمیشە کۆتاییی دروستەکان دەبێت، بەڵام مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکار جێگەیەکی دیاریکراوی لەو دروستانەدا نابێتو بەپێی فۆرمی کرداری دروستەکە شوێنەکەی دەگۆڕێت. ئەگەر فۆرمی کردارەکە بنەڕەتی بێت، ئەوا مۆرفێمی ڕێککەوتنی بەرکار دەکەوێتە دوای نیشانەی تافی ڕانەبوردووی /دە_/وە، (بڕوانە ٧٣)، بەڵام ئەگەر کردارەکە لە فۆرمی داڕێژراو (بەهۆی پێشگرەوە، نەک پاشگر)، یان لێکدراودا بێت، ئەوا جێکەوتەی گیرسانەوەی مۆرفێمە ڕێککەوتنە بەرکارییەکە، پێش نیشانەی تافەکەو پاش پێشگرەکە/ کەرتی یەکەمی کردارەکە دەبێت. (بڕوانە ٧٤).

دوای ئەوەی پەیوەند بە پارامێتەری سەرەوڕیزبوونەوە، لە وەچەپاری (٣/٢-٣-٦-١)دا دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ستانداردەکەو لە (٣/٢-٣-٦-٢)یشدا ئەوانەی شێوەزاری گەرمیان خرانەڕوو، ئێستا بە پێویست دەزانرێت، کە لەڕووی جۆری مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنو جێکەوتەی ڕوودانیانەوە لەناو دروستەکاندا، پرۆژە مۆرفۆسینتاکسییەکانی هەردوولایان (ستانداردەکەو شێوەزاری گەرمیان) بەراوردبکرێن.

## یەکەم: بەپێی تافی ڕابوردووی دروستەکان

١. لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ستانداردەکەدا دوو دەستە مۆرفیمی ڕێککەوتنی جیاواز، کە بریتین لە (م_مان)و (م_ین)، دەبنە نوێنەرو جێگرەوەی بکەرو بەرکاری دروستە سینتاکسییەکان، بەڵام لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی شێوەزاری گەرمیاندا، هەردوو ڕۆڵەکە (بکەرو بەرکار) تەنها دەستە مۆرفیمی ڕێککەوتنی (م_مان) دەیبینن.

٢. ئەگەر کردار لە یەک لێکسیم پێکهاتبێت: (ا) کردارەکە ڕابوردووی بەردەوام نەبێت: لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ستانداردەکەدا، مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەر یەکسەر لە دوای کردارە تافدارەکەوە دێتو مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکاریش دەچێتە سەر مۆرفیمە ڕێککەوتنە بکەرییەکە (تەنها ئەگەر بکەر کەسی سێیەمی تاک بێت، بەو شێوەیە نابێت)، بەڵام لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی شێوەزاری گەرمیاندا، چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنی بکەرو بەرکار بە پێچەوانەوەیە. (ب) کردارەکە ڕابوردووی بەردەوام بێت: لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ستانداردەکەدا، مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەر بە ڕووکاری /دە_/ی بەردەوامییەوە دەلکێتو مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکاریش دەکەوێتە کۆتاییەوە، بەڵام لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی شێوەزاری گەرمیاندا، سەرەتا مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکارو دواتریش مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەر، لە دوای ڕووکاری /دە_/ی بەردەوامییەوە دێن.

٣. ئەگەر کردار داڕێژراو (بەهۆی پێشگرەوە، نەک پاشگر)، یان لێکدراو بێت: جێکەوتەی مانەوەو جێگیربوونی مۆرفیمی ڕێککەوتنی بکەر لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ستانداردەکەدا، دوای پێشگرەکە/ کەرتی یەکەمی کردارەکە دەبێتو مۆرفیمی ڕێککەوتنی بەرکاریش دەچێتە کۆتاییی دروستەکانەوە، بەڵام لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی شێوەزاری گەرمیاندا، هەردوو مۆرفیمە ڕێککەوتنەکە، کە ڕیزبەندییان لە شێوەی (بەرکار + بکەر)دا دەبێت، جێکەوتەی پاش پێشگرەکە/ کەرتی یەکەمی کردارەکە دەگرن.

**دووەم: بەپێی تافی ڕانەبوردووی دروستەکان**

لە تافی ڕانەبوردوودا پەیوەست بە جۆرو جێکەوتەی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنی بکەرو بەرکارەوە، دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە ستانداردەکەو شێوەزاری گەرمیاندا هاوشێوەن‌و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا بەدیناکرێت.

## ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە لێکۆڵینەوەکە پێیانگەیشتووە، بریتین لە:

١- پارامێتەر لە بنەڕەتدا زانیارییەکی دیاریکراوی پێکهاتەی سینتاکسە، بەڵام بەکارهێنانی بۆ پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژییش وایکردووە، کە لە زانیارییەکی زمانیی دیاریکراوەوە، ببێتە زانیارییەکی زمانیی هاوبەش لە نێوان توخمە فەرهەنگییەکاندا، واتە لە زانیارییەکی سینتاکسییەوە، ببێتە زانیارییەکی ڕێزمانی.

٢- سەرە ڕێزمانییەکان لە فەرهەنگدا پارامێتەرێکی ئازاد لە ناواخنیاندا هەیە، کە بەهاکەی لە سینتاکسدا دەستنیشاندەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ($X^0$)ەکان لە فەرهەنگدا ئەوەیان تێدا گەنجنەکراوە، کە ئاخۆ لە پڕۆژەی فرێزی زمانێکدا جێکەوتەی سەرەتا، یان کۆتاییی پڕۆژەکە دەگرن/ دەکەونە لای ڕاست، یان لای چەپی تەواوکەرەکانەوە، بەڵکو ئەمە لە سینتاکسدا دەردەکەوێت. بەمپێیە پڕۆژەی فرێز لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا، نەک نواندنە فەرهەنگییەکەی، پارامێتەری سەرەکەی دیاریدەکرێت.

٣- زمانی کوردی زیاتر لەوەی زمانێکی سەرکۆتا بێت، زمانێکی جووت_پارامێتەرییە، چونکە بەدەر لە پێشناوو واژەگۆکەرەکان، کە کەتیگۆریی سەرسەرەتانو لە سنووری (PP)و (CP)دا لای ڕاستی تەواوکەرەکانیان دەگرن، بەشێک لە دیارخەرەکان لە (DP)داو هەندێک لە کردارەکانیش لە (VP)دا، پەیڕەوی لە پارامێتەری سەرسەرەتا دەکەن. هاوکات ئەگەرچی بەهای پارامێتەری سەر لەسەر بنەمای جێکەوتەی فۆڕمی فەرهەنگیی توخمە پڕۆژەسازدەرەکان دیاریدەکرێت، بەڵام ئەگەر دەستنیشانی پارامێتەری سەری فۆڕمی شکاوەی ($X^0$)ەکانیش بکەین، ئەوا ئاوەڵناوی شکاوەی پلەی باڵایش پارامێتەری سەرسەرەتا جێبەجێدەکاتو ئاوەڵناوی شکاوەی پلەی بەراوردیش، دەکرێت سەرپشکییانە لە لای چەپەوە تەواوکەرەکەی هەڵاوێربکاتو بە هەمانشێوەی ئاوەڵناوی پلەی باڵا، ببێت بە سەرێکی سەرسەرەتا.

٤- لە دەستنیشانکردنی بەهای پارامێتەری سەردا فرێزە هەڵواسراوەکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە، چونکە بە پێچەوانەی فرێزە تەواوکەرەکانەوە (ئارگۆمێنت_داواکراوەکانەوە)، ئەمان جێکەوتەی ئارگۆمێنتی پریدیکات پڕناکەنەوەو لەلایەن ($T^0$, $V^0$)یەکانەوە داواناکرێن، تاوەکو لەسەر بنەمای جێکەوتەکەیان لە لای ڕاست، یان لای چەپی کردارەکە/ مۆرفێمی تافەکە بڕیار لەسەر سەرسەرەتایی، یان سەرکۆتاییی پڕۆژەکە (VP، یان TPیەکە) بدرێت.

٥- پارامێتەری ڕێککەوتن تەواوکەری پارامێتەری هاوسێیەتییە، چونکە ئەگەر (X) هاوسێی (Y) نەبێت، یاخود هاوسێیەتیی نێوانیان تێکبچێت، ئەوا ڕێککەوتن وەک جێگرەوەی هاوسێیەتییەکە بەکاردەخرێت.

٦- ناتوانرێت بکەرخراویی زمانەکان (ئەو زمانانەی، کە بکەریان تیادا دەخرێت) ببەسترێتەوە بە هۆکارێکی دیاریکراوەوە، هەربۆیە چەند لێکدانەوەیەکی جیاواز بۆ پەسنکردنی پارامێتەری بکەرخراو خراونەتەڕوو، کە دیارترینیان پەیوەستکردنی پارامێتەرەکەیە بە بوونی پێرەوێکی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی دەوڵەمەندەوە لە زماندا. ئەوەی پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە هەبێت، دەتوانرێت پەیوەست بە سێ لایەنی جیاوازەوە، شیکردنەوە بۆ بکەرخراویی زمانەکە بکرێت، کە ئەوانیش بریتین لە: (ا) بکەرخراوی پەیوەست بە ڕێککەوتنەوە، (ب) بکەرخراوی پەیوەست بە قورساییخستنەسەرەوە، (پ) بکەرخراوی پەیوەست بە دروستەی زانیارییەوە.

٧- وشە پرسەکان لەبەرئەوەی کەتیگۆرییەک نین، کە لە لایەکەوە بەهۆی دیارخەری /ـەکە/وە ناسراو بکرێنو لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی دۆخ لە جێی خۆیان کۆپیبکەن، بۆیە بە جوڵاندنیان بۆ سەرەتای ڕستە، مەرجی ڕوودان لە جێکەوتەی فرێز دەبەزێنو دۆخەکەشیان لەدەستدەدەن. ئەمەش هۆو پاساوی سینتاکسیی نەبوونی گواستنەوەی فرێزی پرسە/ چالاکنەبوونی پارامێتەری فرێزی پرسە لە زمانی کوردیدا.

٨- لە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسدا پارامێتەری سەر ئەو ڕۆڵو گرنگییەی نامێنێت، کە لە پرۆژە سینتاکسییەکاندا هەیەتی، چونکە کاتێک دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی لە ڕێگەی هێڵکارییەوە دەنوێنرێت، وەها دەردەکەوێت، کە دروستەکە تەنها لە سەری ڕێزمانی پێکهاتبێتو هیچ تەواوکەرێکی لەخۆنەگرتبێت. بەمەش دەستنیشانکردنی پارامێتەری سەر بۆ پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس، کەمبەهاو ناپێویست دەبێت.

٩- لە زمانی کوردیدا تەنها کاتێک ڕێگە بە خستنی بەرکار دەدرێت، کە لەگەڵیدا بکەرەکەیش بخرێت. ئەمەش وایکردووە، پەیوەست بە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسەوە، کە پێواژۆی دەرنەبڕینی بکەرو بەرکارو جێگرتنەوەیانە بە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن، پارامێتەرێک بە ناوی "پارامێتەری بکەرو بەرکارخراو" دروستبێت.

١٠- لە ڕێگەی پارامێتەری سەرەوڕیزبوونەوە، دەتوانرێت لە سینتاکسدا بە ئاسانی جۆری سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان دیارییبکرێت (ئەگەرچی ژمارەو جێکەوتەی ئارگۆمێنتی خورتیی ڕستە

سادەکانی زمانی کوردی، جێگیرو دیاریکراو نین)، بەڵام لە مۆرفۆسینتاکسدا ئەو دروستانەی، کە کردارەکەیان ڕابوردووی فۆرم داڕێژراو/ لێکدراو، یاخود ڕانەبوردووە (هەر فۆرمێکی هەبێت)، ناتوانرێت بە سانایی/ بە تەواوەتی بەدواییەکداهاتنو ڕیزبەندیی سەگمێنتەکانیان دەستنیشانبکرێت، چونکە لەو دروستانەدا یەکێک لە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنی بکەر، یان بەرکار، تێکەڵ بە پێکهاتەی کردارەکە دەبێت.

# سەرچاوەکان

- **بە زمانی کوردی:**


- **ئەحمەد، نەرمین عومەر** (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **ئەمین، وریا عومەر** (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- **باتنی، محەمەد ڕەزا** (٢٠١٥)، دەربارەی زمان، و: ئاکۆ عەبدوڵڵا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
- **حاجی، ڤیان سلێمان** (٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (شێوەزاری کرمانجی سەروو)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- **حسێن، ئازاد ئەحمەد** (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **حسەین، ئازاد ئەحمەد** (٢٠١٢)، یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا- شێوەزاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٢).
- **حسەین، شیلان عومەر** (٢٠١٢)، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- **ڕەئوف، بەهزاد موحسین** (٢٠٠٨)، تێنس لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستانداردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
- **ڕەسول، عەبدوڵڵا حوسێن** (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.
- **سەعید، سازان زاهیر** (٢٠٢٠)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- **عەبدولا، گۆنا عومەر** (٢٠١٣)، دروستەی زانیاریی لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست)، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- **عەبوزەید، سانیا جەبار** (٢٠١٩)، جهگهۆرینا کەرستان د رستێدا (گۆڤەرا بەهدینی)، چاپا ئێکێ، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی.
- **عەزیز، ئاریان سدیق** (٢٠٢٠)، ناوی کردارییی، کرداری شکاوە و کرداری ئاڵۆز، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **عەول، محەمەد عومەر** (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خوارووودا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **فتح الله، محمود** (٢٠١٧)، لایەنی جیاوازی و لێکچۆ کاتەگۆری تێنس، ئەسپێکت و موود لە کوردی و زمانەکانیتری وەک ئینگلیزی و یابانیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١٣).
- **قادر، ئاوات سالّح** (٢٠١٥)، ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **قادر، ئەبوبەکر عومەر** (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **قادر، تارا موحسین** (٢٠١١)، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، تێزی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **قادر، سەباح ڕەشید** (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵاتو بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- **قادر، کاروان عومەر** (٢٠٠٨)، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- **قادر، کاروان عومەر** (٢٠١٢)، فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- **محەمەد، بژوێن یەحیا** (٢٠١٦)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **محەمەد، حاتەم ولیا** (٢٠٠٩)، پەیوەندییە رۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- **مەحموود، ئاڤێستا کەمال** (٢٠١٤)، ئاوەزداری و درککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٤٥).

- **مەحویی، محەمەد** (ا-٢٠٠١)، رستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- **مەحویی، محەمەد** (ب-٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- **مەحویی، محەمەدو ئەحمەد، نەرمیین عومەر** (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
- **مەحویی، محەمەد** (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆک_وابەستە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- **مەحویی، محەمەد** (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- **مەحویی، محەمەد** (٢٠١٣)، ئاوەڵکردار، ئاوەڵکرداریی و ناوی کات، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٤٢).
- **مەحویی، محەمەد** (ا-٢٠١٦)، مەنامە (بەستانداردکردنی زمانی کوردیی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- **مەحویی، محەمەد** (ب-٢٠١٦)، فەرهەنگ و ڕێزمان لە لێکۆڵینەوەی وێژەوانییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٥٠).
- **مەحویی، محەمەد** (٢٠٢١)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردیی)، بەرگی یەکەم و دوەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانیی.
- **مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا** (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- **مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا** (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
- **مەعروف، عەبدولجەبار مستەفاو قادر، کاروان عومەر** (٢٠١١)، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری الأستاذ، ژمارە (١٨٦).
- **مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا** (ا-٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

- **مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا** (ب-٢٠٢٠)، ڕێککەوتن و بەستنەوە لە شیکردنەوەی واتای دەقدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی (٧)، ژمارە (٣).

- **بە زمانی فارسی:**

- **مقدم، محمد دبیر** (١٣٩٣)، زبانشناسی نظری (پیدایش و تکوین دستور زایشی)، ویراست دوم، چاپ هفتم، سمت، تهران.

- **بە زمانی ئینگلیزی:**

- **Aarts, B.** (2001), English Syntax and Argumentation, Second edition, Palgrave Macmillan.

- **Aarts, B. & Haegeman, L.** (2006), English Word Classes and Phrases**,** In: B. Aarts & A. McMahon (Eds.), *The Handbook of English Linguistics*, Blackwell Publishing Ltd, 117-145.

- **Abney, S. P.** (1987), The English noun phrase in its sentential aspect, PhD dissertation, Massachusetts Institute of Technology.

- **Ackema, P. & Neeleman, A.** (2007), Morphology ≠ syntax, In: G. Ramchand & Ch. Reiss (Eds.), *The Oxford handbook of linguistic interfaces*, Oxford: Oxford University Press, 325-352.

- **Adger, D.** (2003), Core Syntax: A Minimalist Approach, Oxford: Oxford University press.

- **Ahmed, S. I.** (2020), On Wh-Elements in Central Kurdish: A Minimalist Approach, Zanco Journal of Humanity Sciences, Vol: 24, No: 4, 273-284.

- **Aitchison, J.** (1990), Words in the Mind: An Introduction to the Mental Lexicon, Basil Blackwell, Cambridge.

- **Aitchison, J.** (1999), Linguistics, Fifth edition, London: Hodder Headline Plc.

- **Alexander, L. G.** (2003), Longman English Grammar, Twentieth impression, New York: Longman.

- **Alexiadou, A. & Haegeman, L. & Stavrou, M.** (2007), Noun Phrase in the Generative Perspective, Berlin: Walter de Gruyter.

- **Amin, W. O.** (1979), Aspects of The Verbal Construction in Kurdish**,** PhD dissertation, University of London.

- **Amin, W. O.** (2012), Models of Generative Grammar**,** Alustath Journal for Human & Social Sciences, Issue: 203.

- **Baker, A. & Hengeveld, K.** (2012), Linguistics, first published, Blackwell Publishing Ltd.

- **Barwari, M. A.** (2004), Topics in Government and Binding Theory, with Reference to English and Kurdish, PhD dissertation, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil.

- **Bauer, L.** (2002), English Word-Formation, Cambridge University Press.

- **Belletti, A.** (2001), Agreement projections, In: M. Baltin & Ch. Collins (Eds.), *The Handbook of Contemporary Syntactic Theory*, Blackwell Publishers Ltd, 483-510.

- **Biberauer, Th. & et al** (2010), Parametric Variation: Null Subjects in Minimalist Theory, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Black, Ch.** (1998), A step-by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax, SIL- Mexico Branch and University of North Dakota.

- **Borsley, R. D.** (2003), Syntactic Theory: A Unified Approach, Second Edition, London: Arnold, a member of the Hodder Headline Group.

- **Bresnan, J. & et al** (2016), Lexical-Functional Syntax, Second Edition, Blackwell Publishers.

- **Bruening, B.** (2009), Selectional Asymmetries between CP and DP Suggest that the DP Hypothesis is Wrong, Proceedings of the 32nd Annual Penn Linguistics Colloquium, Volume: 15, Issue: 1.

- **Carnie, A.** (2011), Modern Syntax: A coursebook, First Edition, United States of America, Cambridge University Press.

- **Carnie, A.** (2013), Syntax: A Generative Introduction, Third Edition, Blackwell Publishing.

- **Cheng, L. L.** (1991), On the typology of wh-questions, PhD. dissertation, Massachusetts Institute of Technology.

- **Chomsky, N.** (1965), Aspects of the Theory of Syntax, Cambridge: MIT Press.

- **Chomsky, N.** (1981), Lectures on Government and Binding (The Pisa Lectures), First edition, Dordrecht: Foris.

- **Chomsky, N.** (1982), Some Concepts and Consequences of the Theory of Government and Binding, Cambridge: MIT Press.

- **Chomsky, N.** (1986a), Knowledge of Language: Its Nature, Origin and Use, New York: Praeger.

- **Chomsky, N.** (1988), Lectures on Government and Binding (The Pisa Lectures), Fifth edition, Foris Publications Holland.

- **Chomsky, N.** (2015), The Minimalist Program, 20th Anniversary Edition, Cambridge, MIT Press.

**- Cook, V. & Newson, M.** (1997), Chomsky's Universal Grammar, Second edition, Blackwell Publishers.

- **Cook, V. & Newson, M.** (2007), Chomsky's Universal Grammar, Third edition, Blackwell Publishing.

- **Corver, N. & Nunes, J.** (2007), The Copy Theory of Movement, Amsterdam/ Philadelphia: John Benjamins Publishing Company.

- **Croft, W.** (2007), Construction Grammar**,** In: D. Geeraerts & H. Cuycknes (Eds.), *The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics*, Oxford University Press, 463-508.

- **Crystal, D.** (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth edition, Oxford: Blackwell Publishing.

- **Culicover, P. W.** (1997), Principles and Parameters: An Introduction to Syntactic Theory, Oxford: Oxford University press.

- **Culicover, P. & Jackendoff, R.** (2005), Simpler Syntax, First published, Oxford University Press.

- **Cummins, S. & Roberge, Y.** (2004), Null objects in French and English, In: J. Auger & J. Clements & B. Vance (Eds.), *Contemporary approaches to Romance linguistics*, John Benjamins Publishing Company, 121-138.

- **Dalrymple, M.** (2006), Lexical Functional Grammar, In: Keith Brown (Editor-in-Chief), *Encyclopedia of Language & Linguistics*, Second Edition, Volume: 7, PP: 82-94, Oxford: Elsevier.

- **Dalrymple, M. & Nikolaeva, I.** (2011), Objects and Information Structure, Cambridge University Press.

- **Dalrymple, M. & Lowe, J. & Mycock, L.** (2019), The Oxford Reference Guide to Lexical Functional Grammar, First Edition, Oxford University Press.

- **Ekmekci, F. & Can, C.** (2000), Head Parameter Setting in the Acquisition of Turkish as a First Language, Çukurova University, Adana.

- **Emmorey, K. & Fromkin, V.** (1989), The mental lexicon, In: Frederick J. Newmeyer (Editor-in-Chief), *Linguistics: The Cambridge Survey*, Volume: 3, PP: 124-149, Cambridge University Press.

- **Estivalet, G. L.** (2016), Mental Lexicon Architecture and Morphological Processing of French Verbs, Université de Lyon.

- **Fattah, M. M.** (1997), A Generative Grammar Of Kurdish**,** PhD dissertation, University of Amsterdam.

- **Fischer, O. & et al** (2004), The Syntax of Early English, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Fromkin, V. & et al** (2000), Linguistics: An Introduction to Linguistic Theory, Oxford: Blackwell Publishers.

- **Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams, N.** (2011), An Introduction to Language, Ninth Edition, Wadsworth, Cengage Learning.

- **Fuß, E.** (2005), The Rise of Agreement: A formal approach to the syntax and grammaticalization of verbal inflection, John Benjamins Publishing Company.

- **Fuertes, R. F.** (2001), English/ Spanish syntactic contrasts: minimalism and optimality, University of Valladolid.

- **Gelderen, E. V.** (2017), Syntax: An Introduction to Minimalism, John Benjamins Publishing Company.

- **Givón, T.** (2001), Syntax: An Introduction, Volume: I, John Benjamins Publishing Company.

- **Greenbaum, S. & Quirk, R.** (1990), A Student's Grammar of the English Language, Harlow: Longman.

- **Guéron, J. & Lecarme, J.** (2004), The Syntax of Time, Cambridge: The MIT Press.

- **Haegeman, L.** (1998), Introduction to Government and Binding Theory, Second edition, Oxford: Blackwell.

- **Haegeman, L. & Guéron, J.** (1999), English Grammar: A Generative Perspective, Oxford: Blackwell.

- **Haspelmath, M. & Sims, A.** (2010), Understanding Morphology, Second edition, Hodder Education, an Hachette UK Company.

- **Hayes, B. P.** (2021), Introductory Linguistics, University of California, Los Angeles.

- **Hoeksema, J.** (1990), The Head Parameter in Morphology and Syntax, presented at the Dutch Morphology Day in Utrecht, and at the Max Planck Institute for Psycholinguistics in Nijmegen.

- **Holmberg, A. & Nayudu, A. & Sheehan, M.** (2009). 'Three partial null-subject languages: A comparison of Brazilian Portuguese, Finnish and Marathi, Studia Linguistica, Vol: 63, Special issue: Partial pro-drop, edited by A. Holmberg.

- **Holmberg, A.** (2010), Null Subject Parameters, In: Theresa Biberauer, Anders Holmberg, Ian Roberts, and Michelle Sheehan, *Parametric variation: Null subjects in Minimalist theory*, Cambridge: Cambridge University Press, 88-124.

- **Horrocks, G.** (1993), Generative Grammar, Fifth impression, London: Longman Group.

- **Huang, C.-T. J.** (1984), On the distribution and reference of empty pronouns, Linguistic Inquiry, Vol: 15, 531-574.

- **Huang, C.-T. J. & Roberts, I.** (2017), Principles and Parameters of Universal Grammar, In: I. Roberts (Eds.), *The Oxford Handbook of Universal Grammar*, Oxford University Press, 307-354.

- **Iatridou, S.** (1990), About Agr(P), Linguistic Inquiry, Vol: 21, No: 4, 551-577.

- **Jackendoff, R.** (2002), Foundations of Language, Oxford: Oxford University Press.

- **Jaeggli, O. & Safir, K.** (1989), The null subject parameter, Dordrecht: Kluwer Academic Publishers.

- **Kareem, R.** (2016), The Syntax of Verbal Inflection In Central Kurdish, PhD dissertation, School of English Literature, Language and Linguistics, Newcastle University.

- **Katamba, F.** (1993), Morphology, New York: St. Martin's Press.

- **Kato, M. & Negrão, E.** (2000), Brazilian Portuguese and the null subject parameter, Frankfurt: Vervuert.

- **Kayne, R. S.** (1994), The Antisymmetry of Syntax, Cambridge, Mass, The MIT Press.

- **Kemenade, A. & Vincent, N.** (1997), Parameters and morphosyntactic change, In: Kemenade, A. & Vincent, N. (Eds.), *Parameters of morphosyntactic change*, Cambridge: Cambridge University Press, 1–25.

- **Kwokwo, O.** (2017), The Universal Syntactic Head and Parametric Variations in English and Izon Language, Journal of English Language and Communication Studies, Vol: 3, No: 1.

- **Lasnik, H. & Depiante, M. & Stepanov, A.** (2000), Syntactic Structures Revisited: Contemporary Lectures on Classic Transformational Theory, Cambridge, Massachusetts: MIT press.

- **Lasnik, H.** (2001), Derivation and Representation in Modern Transformational Syntax, In: M. Baltin & Ch. Collins, *The Handbook of Contemporary Syntactic Theory*, Oxford: Blackwell, 62-88.

- **Lasnik, H. & Lohndal, T.** (2009), Government–binding/ principles and parameters theory, Wiley Interdisciplinary Reviews: Cognitive Science, Vol: 1, Issue: 1.

- **Leech, G. & Svartvik, J.** (2013), A Communicative Grammar of English, Third Edition, New York: Routledge.

- **Legate, J. A.** (2008), Morphological and Abstract Case, Linguistic Inquiry, Vol: 39, No: 1, 55–101.

- **Millar, R. M.** (2015), Trasks̉ Historical Linguistics, Third edition, Routledge.

- **Mitchell, R. & Myles, F. & Marsden, E.** (2013), Second Language Learning Theories, Third edition, London: Routledge.

- **Modesto, M.** (2000), Null Subjects without 'Rich' Agreement, In: M. Kato & E. Negrão (Eds.), *Brazilian Portuguese and the null subject parameter*, Frankfurt: Vervuert, 147–174.

- **Muhedeen, B. L.** (2008), A study of Parametric Variations in English and Kurdish, Thesis of Master, College of Language, University of Sulaimani.

- **Nunes, J.** (2011), The copy theory, In: Cedric Boeckx (Eds.), *The Oxford Handbook of Linguistic Minimalism*, Oxford: Oxford University Press, 143-172.

- **O'Grady, W.** (2005), Syntactic Carpentry: An Emergentist Approach to Syntax, Lawrence Erlbaum Associates, Publishers Mahwah, New Jersey.

- **Ouhalla, J.** (1991), Functional Categories and Parametric Variation, London: Routledge.

- **Ouhalla, J.** (1994), Introducing Transformational Grammar: From Rules to Principles and Parameters, London: Edward Arnold.

- **Park, H.** (2004), A minimalist approach to null subjects and objects in second language acquisition, Second Language Research 20; 1, 1-32.

- **Pickering, M. J. & Branigan, H. P.** (1999), Syntactic priming in language production, Trends in cognitive sciences, Vol: 3, Issue: 4, 136-141.

- **Plag, I.** (2003), Word-Formation in English, Cambridge University Press.

- **Pollock, J.-Y.** (1989), Verb movement, universal grammar, and the structure of IP, Linguistic Inquiry 20, 365-424.

- **Poole, G.** (2011), Syntactic Theory, Second Edition, Palgrave Macmillan.

- **Radford, A.** (1998), Syntax: A minimalist Introduction, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Radford, A.** (2004), Minimalist Syntax: Exploring the Structure of English, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Radford, A.** (2009), English Syntax: An Introduction, Sixth printing, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Radford, A. & et al** (2009), Linguistics: An Introduction, Second edition, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Richards, J. & Schmidt, R.** (2002), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Third edition, Pearson Education Limited.

- **Richards, J. & Schmidt, R.** (2010), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Fourth edition, London: Pearson Education.

- **Ritter, N. A.** (2006), Government Phonology, In: Keith Brown (Editor-in-Chief), *Encyclopedia of Language & Linguistics*, Second Edition, Vol: 5, PP: 106-113, Oxford: Elsevier.

- **Rizzi, L.** (1982), Issues in Italian Syntax, Dordrecht: Foris.

- **Rizzi, L.** (1986), Null objects in Italian and the theory of pro, Linguistic Inquiry, Vol: 17, pp: 501-557.

- **Roberts, N. B.** (2022), Analysing Sentences: An Introduction to English Syntax, Fifth Edition, London and New York: Routledge.

- **Saint-Dizier, P.** (2006), Syntax and Semantics of Prepositions, Published by Springer.

- **Scalise, S.** (1986), Generative Morphology, Second edition, U.S.A.: Foris Publications Holland.

- **Smith, N.** (2004), Chomsky Ideas and Ideals, Second edition, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Speas, M.** (1996), Null objects in functional projections, In: J. Rooryck & L. Zaring (Eds.), *Phrase structure and the lexicon*, Dordrecht: Kluwer Academic, 187-211.

- **Sripada, P. N.** (2008), Mental Lexicon, Journal of the Indian Academy of Applied Psychology, Vol: 34, No: 1, PP: 181-186.

- **Stowell, T.** (2007), The Syntactic Expression of Tense, Los Angeles, CA 90095-1543, USA.

- **Swan, M.** (2002), Practical English Usage, International Student's Edition, Eighth impression, New York: Oxford University Press.

- **Tahir, R. Sh.** (2018), The Structure of DP In Central Kurdish, PhD dissertation, Faculty of Humanities, Arts and Social Sciences, Newcastle University.

- **Trask, R. L.** (1993), A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, London: Routledge.

- **Trask, R. & Stockwell, P.** (2007), Language and Linguistics: The Key Concepts, Second edition, Routledge.

- **Trauth, G. & Kazzazi, K.** (2006), Dictionary of language and linguistics, London and New York: Taylor & Francis e-Library.

- **Van Valin, R. D.** (2004), An Introduction to Syntax, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Webelhuth, G.** (1992), Principles and Parameters of Syntactic Saturation, Oxford: Oxford University Press.

- **Wenzlaff, M. & Clahsen, H.** (2005), Finiteness and Verb-Second in German Agrammatism, Published in: Brain & Language 92: 33-44.

- **Wetta, A. C.** (2011), A Construction-based Cross-linguistic Analysis of V2 Word Order, In: Müller, Stefan (Eds.), *Proceedings of the 18th International Conference on Head-Driven Phrase Structure Grammar*, University of Washington, Stanford, CA: CSLI Publications, 248–268.

- **White, L.** (2003), Second Language Acquisition and Universal Grammar, Cambridge: Cambridge University Press.

- **Yule, G.** (2010), The Study of Language, Fourth edition, Cambridge: Cambridge University Press.

- **پێگەی ئەلیکترۆنی:**

- http://educ.jmu.edu/~cotesa/chapter3.pdf
- https://eslgrammar.org/determiner/

# الملخص

إن اللغة هي أساساً عبارة عن مبادئ وباراميترات، وتشمل المبادئ جانبها البايولوجي فضلاً عن الجوانب النحوية/ القواعدية المشتركة بين اللغات. أما الباراميترات، فأنها تشمل الخصائص النحوية/ القواعدية التي تختلف باختلاف اللغات. فإن هذه الأطروحة، تخصصت لدراسة البارامیتر في النحو والصرفي-النحوي للغة الكوردية، وطالما يصعب إستيعاب مفهوم البارامیتر دون دراسة مسبقة عن مفهوم المبادئ، فأنها تبين مفهوم هذه الأخيرة قبل التطرق للأول. وتتناول هذه الأطروحة، أنواع البارامیترات حسب مستوى المشاريع (المشروع النحوي للعبارة، المشروع النحوي للجملة، والمشروع الصرفي-النحوي). فإنها تدرس بارامیتر الرأس والبارامیتر المجاور في إطار المشروع النحوي للعبارة، وفيما يخص بارامیتر الرأس، فتم تحديد قيمة هذا البارامیتر في الأنواع المختلفة من العبارات. وبالإستناد إلى الأدلة ذات الصلة، تحاول هذه الأطروحة أن تحسم أمر كون اللغة الكوردية لغة ذات رأس-نهائي بشكل مطلق (كما يعتقد معظم الباحثين)؟ أم أنها لغة ذات بارامتير مزدوج؟ أما بخصوص المشروع النحوي للجملة، فقد تم دراسة "بارامیتر الاتفاق، بارامیتر اسقاط الفاعل، بارامیتر العبارة الإستفهامية، وبارامیتر ترتيب الكلمة"، ومن خلالها استنتجت مايلي: (أ) يعد بارامیتر الاتفاق مكمل/ بديل للبارامیتر المجاور، بما أن الاتفاق يعالج غياب العلاقة المجاورة واختلالها، (ب) ليس لإسقاط الفاعل سبب محدد، وعليه، اختلف التفسير في وصف بارامیتره، (ج) يعد تجاوز شرط تحقق مكان العبارة وفقدان الحال، العائق أمام انتقال العبارة الإستفهامية في اللغة الكوردية. أما فيما يتعلق بالبارامیتر في المشروع الصرفي-النحوي، فأن هذه الأطروحة توصلت إلى أن في الصرفي-النحوي (أ) لا يبقى لبارامیتر الرأس الدور والأهمية ذاتها كما في المشاريع النحوية، لأنه يتبين من خلال المخطط أن البنية الصرفية-النحوية مكونة فقط من الرأس دون توابع تكميلية، (ب) إن عملية إسقاط الفاعل والمفعول به تحصل في آن واحد، وتؤدي ذلك إلى نشوء بارامیتر آخر باسم "بارامیتر اسقاط الفاعل والمفعول به"، (ج) يصعب تحديد ترتيب عناصر البنية التي يكون فعلها ماض مصاغ أو مركب، أو يكون فعلها مضارع (بصرف النظر عن شكله) لأن أحدى المورفيمات الاتفاقية للفاعل أو المفعول به في تلك البنية تختلط مع تركيبة الفعل.

# Abstract

Language basically is principles and parameters. Principles involve the biological aspect of language along with the grammatical aspects/ syntax common to all languages. While parameters include the grammatical/ syntactical characteristics that vary between the languages. This dissertation is devoted to ‘parameters in syntax and morphosyntax of Kurdish language’, however, since we cannot understand the concept of parameters fully in the absence of prior information about the concept of Principles, the concept of principles is being explained before studying the concept of parameters. In this dissertation, the types of parameters have been discussed according to the projection levels (phrase syntactical projection, sentence syntactical projection and morphosyntax projection). Within phrase syntactical projection, head parameter as well as adjacency parameter have been dealt with. Regarding head parameter, its value in the various phrase types has been determined. In this regard, we have attempted to, through showing evidences, answer the question: Is Kurdish language a head-last language entirely (as most of the scholars assume)? Or it is a free head/ split head parametric language. Concerning sentence syntactical projection, “agreement parameter, null subject parameter, Wh-parameter and word order parameter” have been explained and through that these consequences are obtained: (a) Agreement parameter is a complement/ substitute for adjacency parameter, as the absence of adjacency relation or destroying that relation is being solved through agreement. (b) The null-subjectivity of languages is not attributed to a specific reason. Therefore, different thoughts regarding the description of null subject parameter have been presented. (c) The barrier of moving the Wh-phrases in Kurdish is transgressing the occurrence term in phrase position and case dropping. Concerning parameters in the morphosyntax projection, this dissertation has come to the conclusion that within morphosyntax: (a) Head parameter will not have the significance and role which it has in the syntactical projections, because in the illustrations it occurs the morphosyntactical structure to be consisted solely of a head without containing any complements. (b) Dropping the subjects and the objects Co-occurs together and this has led to the formation of a parameter named ‘null subject and object parameter’. (c) The structures that have past tense complex/ compound formed verbs, or any present tense forms, their segment orders cannot be determined easily, because in those structures one of the subject or object agreement morphemes intermixes with the verb constituent.